# قوباد تاڵەبانی تا ئێستا بڕیاری نەداوە خۆی لە کۆنگرەی داهاتووی یەکێتیدا هەڵبژێرێ



**رووداو-واشنتن**

پێشبینی دەکرێ قوباد تاڵەبانی، لە کۆنگرەی یەکێتی دا کە بڕیارە ئەمساڵ ببەسترێ خۆی بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێرێ و لەبارەی بوونی نیازێکی وا تاڵەبانی بە (رووداو)ی راگەیاند کە " تا ئێستا هیچ بریارێکم نەداوە، بەڵام ئامادەم هەموو هەوڵێک بدەم لە پێناو بەرژەوەندی میللەت و حیزبەکەم" .

**لاپەڕە 9**

# دوو پەرلەمانتاری هۆڵەندی داوا لە حکومەتەکەیان دەکەن ببێتە پێشڕەوی ئەوروپا لە بە جینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژیەکانی کورد

**لاپەڕە 17**



# "ئەوانەی لاوانی کورد بەرەو موزیکی تورکی و عەرەبی هاندەدەن خیانەتکارن"



**تایبەت بە رووداو**

هونەرمەند (دیار) لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) بە توندی رەخنە لەوانە دەگرێ کە لاوانی کورد بەرەو موزیکی عەرەبی و تورکی و فارسی هاندەدەن و بە (خیانەتکار) وەسفیان دەکات..

**لاپەڕەی هونەر**


ژمارە (1)

دووشەممە 2008/4/7

18 نەورۆزی 2708

Rûdaw

رووداو

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

www.rudaw.net


# تاوانبارانی تەقینەوەکەی وەزارەتی ناوخۆ و مەخموور دەستگیرکران

**تایبەت بە رووداو:** پێنج کەس لە تاوانبارانی ئەنجامدانی تەقینەوەکەی مەخموور و، چەند کەسێکی دیکەی تاوانبار بە دەستهەبوون لە تەقینەوەکەی بەردەم وەزارەتی ناوخۆ لە هەولێر دەستگیرکران.

ساڵی رابردوو دوو تەقینەوەی خۆکوژیی، مەرگەساتی خوێناوی لە هەولێر و مەخموور دروستکرد. لە تەقینەوەکەی بەردەم وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆو بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێردا، کە رۆژی 2007/5/9 لەلایەن گەنجێکی عەرەبی تەمەن 22 ساڵ بە قەلابەیەکی سپی کە ئاڵای کوردستانی لە جامی پێشەوەی دابوو، ئەنجامدرا، 14 کەس گیانیان لەدەستدا و 120ی دیکەش برینداربوون. هەروەها لە ئەنجامی تەقینەوە خۆکوژییەکەی رۆژی 2007/5/13دا لە بەردەم بارەگای لقی 23ی پارتی و قایمقامیەتی مەخموور 37کوژراو و 123 برینداری لێکەوتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی راگەیاند ئەو هەردوو خۆکوژەی تەقینەوەکەیان ئەنجامدا، عەرەب بوونە و سەر بە ویلایەتی شیمالی رێکخراوی قاعیدە بوونە "بەڵام لەلایەن چەند کوردێکەوە هاوکاریی کراون". سەرچاوەکە لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی "لە ئەنجامی بەدواداچوونێکی ورد، ئەوانەی دەستیان لە تەقینەوەکەی مەخمووردا هەبووە، مانگێک زیاترە دەستگیرکراون، بەڵام تا ئێستا دەستگیرکرانیان رانەگەیێندراوە". گوتیشی "دەستگیرکراوەکان دانیان بەوەدا ناوە کە دەستیان لە تەقینەوەکەدا هەبووە و لێکۆڵینەوە لە گەڵیان تەواوبووەو دۆسیەی لێکۆڵینەوەکانیان لە دادگایە". دەربارەی ناسنامەی ئەو دەستگیرکراوانەش گوتی" ئەو دەستگیرکراوانە کە دانیان بە بەشداریکردن لەو کردەوە تیرۆریستەیدا ناوە، ژمارەیان پێنج کەسە، سیانیان عەربی کۆنە بەعسین و ئێستاش سەر بە ویلایەتی شیمالی دەولەتی ئیسلامیی عێراقی رێکخراوی قاعیدەن و دوو تاوانبارەکەی دیکەش کوردن". بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون پێشتر چەند کەسێک بە گومانی دەستهەبوون لە تەقینەوەکەی مەخموور دەستگیرکرابوون، دواتر ئازادکران پاش دەرکەوتنی بێ تاوانییان.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی هەمان سەرچاوە، جگە لەو تاوانبارانەی ساڵی رابردوو لەسەر بەشداریکردن لە هاوکاریکردنی ئەنجامدانی تەقینەوەکەی بەردەم وەزارەتی ناوخۆ، دەستگیرکردنیان راگەیێندرا، سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی راگەیاند کە لەوماوەیەدا چەند کەسێکی دیکەش لەسەر دەستهەبوون لەو تەقینەوەیەدا دەستگیرکراون، کە هەموویان سەر بە ویلایەتی شیمالی دەولەتی ئیسلامیی قاعیدەن.

## دانیشتوانی بناری قەندیل ئەردۆگان لە ئەوروپا دەدەنە دادگا..

لاپەڕە 2



ئاوارەبووەکانی بناری قەندیل لە خێوەتگەی ناحیەی ژاراوە (فۆتۆ: رەحمان غەریب)

# چەند نوێنەرێکی تورکمان دەیانەوێ کێشەی کەرکوک ببەنە تاران

**تایبەت بە رووداو:** بەرپرسێکی تورکمان بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان لەگەڵ باڵیۆزی ئێران کۆبوونەتەوەو داوایان لێکردووە کە تاران رەزامەندی بدات بۆ ئەوەی لەگەڵ چەند نوێنەرێکی بەرەی تورکمانی سەردانی بکەن.

تەحسین کەهیە، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ئیسلامیی تورکمانی عێراق، کە رێکخراوێکی ناو ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق و نزیکی ئێرانە، گوتی لەکاتی سەردانیان بۆ ئەنقەرە لەگەڵ 8 نوێنەری سەر بە بەرەی تورکمانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بۆ ئەنقەرەو دانیشتنیان لەگەڵ وەزیری دەرەوەو دوو راوێژکاری عەبدوڵڵا گیول کرد "هەڵوێستیان زۆر باش بوو"، گوتیشی "مەبەستی سەردانەکەمان راوێژکردن بوو لەگەڵ تورکیا". هەروەها گوتی سیاسەت ئێستا فراوانبووەو تورکیا پەیوەستە بە کێشەی کەرکوکەوە و ئەوەش بە دەستتێوەردان دانانرێ، ئاماژەی بەوەدا ئەگەر واش دابندرێ کەس مافی ئەوەی نییە ئەوە دیاری بکات.

تەحسین کەهیە، بۆ یەکەمجار ئەوەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد کە لەو سەردانەیاندا بۆ ئەنقەرە لەگەڵ باڵیۆزی ئێرانیش کۆبوونەوە "سەردانی باڵیۆزی ئێرانمان کرد و داوامانکرد کە سەردانێکی ئێرانیش بکەین لەسەر مەسەلەی کەرکوک و چاوەڕێی وەڵامی ئەوانین و باڵیۆزی ئێران ئەوەی زۆر پێ باش بوو".

**لەویارەوە راپۆرتێک لە لاپەرە (15) بخوێنەوە**

## بەهۆی وشکە ساڵی لە گەرمیان

# سێ ملیۆن ئاژەڵ و پێنج هەزار دۆنم دانەوێڵە لە ژێر مەترسی لەناوچووندان

**رووداو-گەرمیان:** لە ساڵی 1948 ەوە کەمبارانی وەک ئەمساڵ لەسنووری ناوچەی گەرمیاندا نەبووەو، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان وشکە ساڵی لەناوچەکە راگەیاند و مەترسی خۆی لە لەنێوچوونی زیاتر لە سێ ملیۆن ئاژەڵ و پێنج هەزار دۆنم زەوی نیشاندا.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان کە دەست (رووداو) کەوتووە" لە گەرمیاندا 2400 دۆنم زەوی کراوەتە گەنم و 2800 دۆنمیش کراوەتە جۆو، ملیۆن و 262 سەر مەڕو 2 ملیۆن و 474 هەزار سەر بزن و5 هەزار و193 سەر مانگا هەیە". رەحیم حەمید عەبدولکەریم بەڕێوەبەری کشتوکاڵی گەرمیان، وێڕای جەختکردنەوە لەوە،بە (رووداو)ی راگەیاند کە "وشکە ساڵییەکی سەخت روو لەگەرمیان دەکات و، داوا لە حکومەتی کوردستانیش دەکەین لە رێگای بەڕێوەبەرایەتییەکەیانەوە گەنم و جۆ و ئالیک بۆ ئاژەڵی جوتیاران دابین بکات".

بە پێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی گەرمیان،رێژەی باران بارین ئەمساڵ زۆر کەمبوو،بەمشێوەیە: لە کفری (103)ملم، (110،5) کەلار، (132) پێباز، (124) ئاغجەلەر، (143) چەمچەماڵ. بەڕێوەبەری کشتوکاڵی گەرمیانیش دەڵێت"ئەم رێژەیە زۆر کەمەو دانەوێڵە سەوز ناکات و مەترسی لەناوچوونی ئاژەڵەکانیش هەیە".

## لە سۆران

# نیوەی قوتابیانی کۆلیژێک بە بێ بڕوانامەی ئامادەیی وەرگیراون

**تایبەت بەرووداو:** بەڕێوەبەری پشکنین و هەڵسەنگاندن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا رایگەیاند"نیوەی ئەو قوتابیانەی لە سێ بەشەکەی کۆلیژی پەروەردەی سۆران لەئێواران وەرگیراون، لەنێو مەلەفەکانیان بڕوانامەی ئامادەیی نییە و بەبێ بڕوانامەی ئامادەیی وەرگیراون".

هەر سێ بەشی کوردی، ئینگلیزی و کۆمەڵایەتی لە کۆلیژی پەروەردەی ئێوارانی سۆران، ماوەی دوو ساڵە بەبێ رەزامەندی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین کراونەتەوە، ئەگەری داخستنیان زۆر بەهێزە و بۆیەش سەرجەم قوتابییەکانی رەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە.لەو بارەیەوە د.نوری هەرزانی، بەڕێوەبەری گشتی هەڵسەنگاندن و پشکنین لەوەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە (رووداو)ی راگەیاند "بەپێی ئەو نووسراوانەی لە نێوان کۆلیژی پەروەردەی سۆران و سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددیندا هەبووە، رەزامەندی فەرمی نەدراوە بۆ کردنەوەی ئەو سێ بەشە".

لەلایەکی دیکەوە سەرجەم قوتابییانی ئەو سێ بەشە راستەوخۆ لەلایەن راگرایەتی کۆلیژی ناوبراوەوە وەرگیراون، بەبێ ئەوەی بە ناوەندی وەرگرتنی قوتابیاندا تێپەڕن. جوان جەلال شەریف، بەڕێوەبەری ناوەندی ناوبراو ئەوەی بۆ (رووداو) پشت راستکردەوەو گوتی" ئەو سێ بەشە بەشێوەیەکی نایاسایی کراونەتەوە، چونکە وەرگرتنی قوتابیان لەرێگەی ئێمەوە نەبووە".

**زانیاری زیاتر لە لاپەڕە (7) بخوێنەوە**

# بودجەی ئەمساڵ کەمترە لەپارو رێژەی فەرمانبەرانیش زیاتر بووە

**تایبەت بە رووداو:** بوودجەی ئەمساڵی کوردستان ترلیۆنێک و چوارسەت ملیار دینار لەهی ساڵی رابردوو کەمترە و ژمارەی فەرمانبەرانیش زیادیکردووەو، لیژنەی دارایی پەرلەمانیش ئەمە بەگرفت دەزانێ.

د.دلێر ئیسماعیل، سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند" بودجەی ئەمساڵ شەش تریلیۆن و چوارسەدو حەفتاو دوو ملیارو حەوت سەدو چوار ملیۆن دینارە، بەڵام هی ساڵی رابردوو حەوت تریلیۆن و هەشت سەد و چل و حەوت ملیارو شەش سەدو شەست ملیۆن دیناربووە".

سەرۆکی لیژنەی ئابووری و دارایی ئەوەشی بۆ (رووداو) روونکردەوە کە" ساڵی رابردوو 54.5%ی بوودجە بۆ مووچەی فەرمانبەران بووەو ئەمساڵ ئەو رێژەیە زیادی کردووە بۆ 59.2%ی بوودجە". سەرۆکی لیژنەی دارایی ئەمە بەگرفت دەزانێت و دەڵێت "واتە نزیکەی 5% زیادی کردووەو ئەمە یەکێکە لەو تێبینیانەی کە هەمانە، ئێمە پار داوامان کردبوو کە دەبێت ئەو هەڵاوسانەی لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا هەیە نەمێنێت، بەڵام دەبینین نەک کارنەکراوە بۆ ئەوەی کەمبکرێتەوە، بەڵکو خراپتر بووە".

**وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە (10)دا بخوێنەوە**

# نەسرین بەرواری شوو دەکاتەوە



**رووداو- ئەمریکا:** نەسرین بەرواری وەزیری شارەوانییەکانی پێشووی عێراق بۆ جاری دووەم شووی کردەوە.

بەرواری کە لە کابینەی چوارەمی حکومەتی کوردستاندا وەزیری ئاوەدانکردنەوە بووە، لەگەڵ ساقی بارزانی کە نیشتەجێی ئەمریکایە و بەڕێوەبەری ماڵپەڕی کڵاورۆژنەیە بڕیاری هاوسەریگرییاندا. بڕیاریشە لە ماوەیەکی نزیکدا زەماوەندی خۆیان لە کوردستان بگێڕن.

ساقی بارزانی لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئەوەی پشتڕاستکردەوەو گوتی "لەماوەی رابردوودا رێوەرەسمی مارەبڕینمان لە کەنەدا ئەنجامدا".

نەسرین بەرواری کەپێشتر لەگەڵ غازی یاوەری سەرۆکی پێشووی عێراق هاوسەرگیری کردو پاش ماوەیەک جیابووەوە، ئێستا لەکەنەدا خەریکی خوێندنی دکتۆرایە و بڕیارە بەم نزیکانە لەگەڵ ساقی بارزانی بگەڕێنەوە کوردستان و زەماوەند سازبکەن.

# هەواڵ



**عێراق بۆ رزگاربوون لە 25 ملیۆن مین یارمەتی نێودەوڵەتی پێویستە**

رووداو/ ئاژانسەکان

◆ حکومەتی عێراق بۆ رزگاربوون لە 25 ملیۆن مینی چێندراو کە بەسەر پتر لە 4 هەزار کێڵگەدا دابەشبوون، بانگەوازێکی ئاراستەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد.بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند کە 25 ملیۆن مینی چێندراوو 90 ملیۆن پارچە چەک و بۆمبی نەتەقیو لەعێراقدا هەیە کە سەرجەمی پێکەوە چواریەکی کۆی بۆمبە نەتەقیوەکانی جیهان پێکدێنێ.بۆ رزگاربوون لەوە داوای یارمەتی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد.

### عورێبی لەژێر لێکۆڵینەوەدایە

## تۆمەتی بەکوشتدانی بەرهەڵستکارانی بەعس دەدرێتە پاڵ دادوەری ئەنفال

**رووداو ـ هەولێر**

بەرپرسانی دادگای باڵای تاوانەکان لە بەڵگەنامەیەک دەکۆڵنەوە کە محەممەد خەلیفە عورێبی دادوەری هەردوو دۆسیەی ئەنفال و راپەڕینی باشوور تاوانبار دەکات بەوەی لەساڵی 2001دا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ 12 کەس دەرکردووەو فیدائییەکانی سەددام سەریان پەڕاندوون.

بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامەیە عورێبی دادوەری لێکۆڵینەوە بووە لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی دیوانییەو فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ئەو کەسانە دەرکردووەو رۆژێک پاش دەستگیرکردنیشیان فیدائییەکانی سەددام بە پەڕاندنی سەریان سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا جێبەجێ کردوون، ئەگەر ئەو بەڵگەنامەیە راست بێت ئەوا دادوەری ناوبراو لە پۆستەکەی لادەبرێ و خۆی لەنێو قەفەسی تاوانباراندا دەبینێتەوە.

سەرچاوەیەکی دادوەریی نزیک لە دادگای باڵای تاوانەکان لەو بارەوە بە سایتی (ایلاف)ی راگەیاندووە کە بەگوێرەی بەڵگەنامەکە رێکخراوی فیدائییەکانی سەددام راپۆرتێکی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی دیوانییە کردووە کە محەممەد عورێبی تێیدا دادوەری لێکۆڵینەوە بووەو راپۆرتەکە ناوی 12 کەسی تێدابووە کە گوایە سەر بە حیزبەکانی نێو ئۆپۆزسیۆنن بەبێ ئەوەی ناوی ئەو حیزبانە بهێنێ. بەڵگەنامەکە ئەوە بەدیاردەخات کە محەممەد عورێبی بەبێ ئاماژەدان بە ماددەیەکی یاسایی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکردوون و رۆژێک پاش دەستگیرکردنیشیان فیدائییەکانی سەددام بەبێ دادگاییکردن ملیان بە شمشێر پەڕاندوون.

بەگوێرەی ئەو سەرچاوەیە کە نەیویستووە ناوی بهێنرێ، بەرپرسانی دادگای باڵای تاوانەکان خەریکی تاوتوێکردنی چۆنێتی مامەڵەکردنن لەگەڵ عورێبی و گوتیشی "ئەگەری ئەوە هەیە لەکارەکەی دووربخرێتەوەو رەوانەی بەردەم دادگا بکرێ، یاخود لەبەرامبەر پێشکەشکردنی داوای دەست لەکارکێشانەوەدا مەسەلەکەی بۆ پەردەپۆش بکەن" چونکە وەک ئەو گوتی "ئەوە ئەگەر راست بێت کاریگەرییەکی خراپی بۆ سەر ناوبانگ و راستگۆیی ئەو دادگایەو ئەو حوکمانەش دەبێت کە لەمەوبەر دژی سەددام حوسێن و سەرانی دەستگیرکراوی بەعس لەسەر تاوانەکانی دوجێل و ئەنفال دەریکردوون".



سەرچاوەکە ئەوەشی راگەیاند کە ئەگەرچی بڕیاری لەسێدارەدانەکە ناوی 12 کەسی تێدا هاتووە، بەڵام خێزانی قوربانییەکان دژی دادوەری نێوبراو داوای یاساییان تۆمار کردووەو ئەوەش دووپات دەکەنەوە کە ژمارەی لەسێدارەدراوەکان 18 کەس بووە.

سەرچاوەکە هەروەها گوتیشی دادوەر محەممەد عورێبی لەو بەڵگەنامەیە ئاگادار کراوەتەوەو داوای دەست لەکارکێشانەوەی لێکراوە، بەڵام هێشتا سوورە لەسەر رەتکردنەوەی ئەو داوایەو گوتیشی "هەموو دادوەرانی دادگای باڵای تاوانەکان پێش وەرگرتنیان لەو دادگایە ئیستیمارەیەکیان پڕکردووەتەوەو تێیدا تەئکیدیان کردووەتەوە کە پەیوەندییان بە دەزگا ئەمنییەکانی حیزبی بەعسەوە نەبووە، بەم پێیەش بەڵگەنامەکە بەدیاردەخات کە عورێبی زانیاری هەڵەی لەبارەی خۆیەوە داوەو ئەوەش دەیخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی یاسایی".

دەربارەی ئەو تۆمەتە دادوەر محەممەد عورێبی لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (رووداو) رایگەیاند "دادگای باڵای تاوانەکان بەشێوەیەکی فەرمی وەڵامی ئەو تۆمەتە دەداتەوە".

دەربارەی ئەوەی کە ئاخۆ ساخبوونەوەی ئەو تۆمەتە چ کاریگەرییەکی لەسەر راستگۆیی و ناوبانگی دادگاو بڕیارەکانی پێشتری دەبێت دادوەر رزگار محەممەد ئەمین سەرۆکی یەکەمین دادگا لە دۆسیەی دوجێل بۆ (رووداو) گوتی "ئەوە هیچ کاریگەرییەکی بۆ سەر بڕیاری دادگا نابێت، دادگا بڕیاری خۆی داوەو بڕیارەکەش بەتەنیا هی تاکە کەسێک نییەو پێنج دادوەر پێکەوە ئەو بڕیارەیان داوە".

## بەرنامەی ZOOM IN لە بەر ئەگەری وەستاندایە

**رووداو ـ هەولێر**

بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، لەسەرەتای ئەم مانگەوە بڕیاریداوە کەنابێ چیتر پۆلیس هاوکاری بەرنامەی ZOOM IN بکات، ئامادەکاری بەرنامەکەش دەڵێ لەوانەیە چیتر بەرنامەکە پێشکێش نەکات.

عەمید عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەو بەرنامەیە هەندێک شتی بڵاوکردووەتەوە کە خزمەت بە بەرژەوەندیی هاووڵاتیان ناکات، بۆیە چیتر هاوکاریی ناکەین".

بەڵام رزگار کۆچەر، پێشکەشکاری بەرنامەکە بە (رووداو) ی راگەیاند کە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر لەسەر داوای سەرووی خۆی ئەو بڕیارەی دەرکردووە .بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیس ئەوەی رەتکردەوە کە لەسەرووی خۆیەوە هیچ فەرمانێکی پێدرابێت و گوتی "ئەو بەرنامەیە لەسنووری خۆی لایداوە بۆیە نابێت بەهیچ شێوەیەک نزیکی دامودەزگاکانی پۆلیس بکەوێتەوە".

بەپێی مادەی 438 ی یاسای سزادانی عێراقی ئەو هەواڵ و وێنە و رووداوانەی پەیوەندییان بەتایبەتمەندییەکانی خێزانەوە هەیە و دەبنە هۆی ناوزڕاندنیان نابێت بڵاو بکرێنەوە.

دادوەرێک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکات لەو بارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند کە "ئەوە کارێکی یاسایی نییە و، هەر کەسێک ئەوەبکات بە زیندانیکردن بۆ ماوەی کەمتر لەساڵێک یان سزای دارایی دەدرێت".

رزگار کۆچەر لەو لێدوانەیدا بۆ (رووداو) رایگەیاند کە ئەگەر لەلایەن سەتەلایتی کوردستانەوە پشتگیری نەکرێت ئەوا چیدی بەرنامەکە پێشکێش ناکات و گوتی "من بەوشێوەیە بەرنامەکە پێشێکێش ناکەم، سەتەلایتی کوردستانیش ئارەزووی خۆیەتی درێژە بە بەرنامەکە دەدات یان نا".

### لە دوو هەفتەدا

## 11ژن دەسووتێن و کچێکیش دەخنکێت



**لەنجە عەبدوڵڵا**
**رووداو ـ هەولێر**

لە ماوەی 2 هەفتەی کۆتایی مانگی رابردوودا 11 ژن لەشاری هەولێر سووتان کە 6یان گیانیان لەدەستداوە هەروەها تەرمی کچێکی 10 ساڵانیش لەزێی کەڵەک دۆزراوەتەوە.

بەپێی ئەو ئامارانەی لەسەرچاوەیەکی پۆلیسەوە تایبەت دراونەتە (رووداو) لە رۆژی17-2008/3/29 لە شاری هەولێر و دەوروبەری 11 ژن بەهۆکاری جیا جیا سووتان و کە 6 لەو ژنانە بەهۆی زۆری رێژەی سووتانیان گیانیان لەدەستداوە، هەروەها کچێکی تەمەن 10 ساڵانیش بەناوی (ب.س.) تەرمەکەی لەزێی کەڵەک دۆزراوەتەوە، بەپێی قسەی باوکی، ئەو منداڵە رۆژی 3/16 کەوتۆتە ئەو زێیە.

ئەو ژنانەی کە سووتاون و گیانیان لەدەستداوە بریتین لە: (ژ.ق)، 21 ساڵ، لەسەر قسەکردن بەمۆبایل هەڕەشەی لێکراوەو خۆی سووتاندووە. (س.ت) 28 لەهەریر بەپریمز سووتاوە، (ب.ن)، 28 ساڵ، لەرقی مێردەکەی خۆی سووتاندووە. (ژ.ک)، 19 ساڵیش لەرقی مێردەکەی خۆی سووتاندوە. هەروەها (ئا.ح)، 19 ساڵ، کە تازە دەستگیران بووە خۆی سووتاندووە. (ر.م)یش کە تەمەنی 19 ساڵە و دانیشتووی بەحرکەیە، سێ رۆژ دوای خۆ سووتاندنی گیانی لەدەستداوە.

هەر لەو ماوەیەدا هەر یەک لە (ش.ئـ)، (ن.ش)، (ک.ع)، (چ.ع)، (ل.د) سووتاون، کە ئێستا لەژێر چاودێری پزیشکیدان.

بەپێی قسەی سەرچاوەی پۆلیس، سەرجەم ئەو کەسانەی بوونەتە هۆی خۆسووتاندن یان سووتانی ئەو ژنانە، لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیر کراون.

### دانیشتوانی بناری قەندیل

## ئەردۆگان لە ئەوروپا دەدەنە دادگا

**تایبەت بە رووداو:**

لە سەرهێرش و بۆردوومانەکانی تورکیا چەند پارێزەرێک بە نوێنەرایەتی کوژراو بریندارو زیان لێکەوتوانی گوندەکانی بناری قەندیل لە داوایەکی یاساییان لەدژی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا تۆمار کرد.

سەرچاوەیەکی ئاگادار،زانیاری دایە (رووداو) و گوتی "داوا یاساییەکە لە رێگەی چەند پارێزەرێکی کوردەوە بەناوی بنەماڵەی (عائیشە)ی شەهیدو (سۆزان)ی بریندار، لەگەڵ زیانلێکەوتووانی هێرشەکەدا داواکەیان تۆمار کردووە".

بەپێی سکاڵاکە داوای دادگاییکردنی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆکی حکومەتی تورکیا و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی هێرشەکە دەکرێت.

لەلایەکی دیکەوە ئەحمەد دەنیز بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پ ک ک لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند کە"ژمارەیەک رۆژنامەنووس و پارێزەری کورد لە هەرێمی کوردستان، تورکیا، سوریا و ئەوروپا سەرقاڵی تۆمارکردنی داوایەکی یاسایی دیکەن لە دادگای ئەوروپا لە دژی ئەردۆگان و حکومەتی تورکیا لەسەر ئەنجامدانی هێرش و بۆردوومانکردنی هەرێمی کوردستان".

سۆزان موشیر،تەمەن 25 ساڵ، بەهۆی بۆردوومانکردنی فرۆکە جەنگییەکانی تورکیاوە قاچێکی لەدەستدا، لەبارەی تۆمارکردنی سکاڵاکەوە بە (رووداو)ی راگەیاند کە"لە رێگەی چەند پارێزەرێکەوە داوای یاسایی لەسەر ئەردۆگان و حکومەتی تورکیا تۆمار دەکەین".

بۆ سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی سکاڵاکان هەردوو پارێزەر رەعد ئیسماعیل حسێن زەهاوی، رەحمان زەهاوی، لەلایەن سکاڵاکارانەوە وەکالەتیان بۆ کراوە.

ئەحمەد دنیز، ئەوەشی روونکردەوە کە سکاڵای ئەوەش لەسەر حکومەتی تورکیا تۆمار کراوە کە لەکاتی بۆدوومانەکەدا چەکی ژەهراوی بەکارهێناوە کە بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.

### بەپێی راپۆرتێک

## نەخۆشییەکی نەزانراو لە گوندەکانی بناری قەندیل بڵاوبووەتەوە



ئاوارەبووەکانی بناری قەندیل لە خێوەتگەی ژاراوە (فۆتۆ: رەحمان غەریب)

**سلێمانی ـ رووداو**

پێنج رێکخراوی ناحکومی راپۆرتێکیان لەبارەی رەوشی هاووڵاتیانی گوندەکانی بناری قەندیل بڵاوکردەوە کە سەرجەم زیانەکانی تێدا ئاشکرا کراوە.

راپۆرتەکە زیانەکانی لەڕووی"گیانی و جەستەیی، زیانی دەروونی و کۆمەڵایەتی، زیانەکانی بواری تەندروستی، پەروەردە، ئابووری و ژینگەیی" پۆلێن کردووە.

بەپێی راپۆرتەکە، هاووڵاتییەک قوربانی هێرشەکان بووەو پێنجی دیکەش بریندارو کەمئەندام بوون.هەروەها لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە 20 گوند بە سەختی بۆردوومان کراون و 30% خەڵکەکەشی ئاوارە بوون و ماڵ وحاڵیان بەجێهێشتووە.

لەبارەی رەوشی تەندروستیی دانیشتوانی ناوچەکە، لە راپۆرتەکەدا هاتووە "جۆرە نەخۆشییەکی نەزانراو لەناوچەکە بڵاوبووەتەوە، کە سک ئێشەو سووربوونەوەی چاوی خەڵکە، پێدەچێت گازی ژەهراوی لە بۆردوومانەکاندا بەکارهاتبێت".

تارا پێنجوێنی، یەکێکە لە ئامادەکارانی راپۆرتەکەو لەوبارەوە بە (رووداو)ی گوت"داوادەکەین بەشێوەیەکی خێرا ئابلۆقەی ناوچەکە هەڵبگیرێت، چونکە باروگوزەرانی خەڵکی ناوچەکە خراپە".

هەروەها داوایکرد کە حکومەتی هەرێم لەڕێگەی لیژنەی تایبەتەوە بەدەم کێشەو داواکارییەکانی خەڵکی ناوچەکەو ئاوارەکانەوە بچێت.

لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەشاری سلێمانی لەلایەن رێکخراوەکانەوە راپۆرتەکە راگەیێندرا. رێکخراوە بەشداربووەکانیش بریتین لە:رێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان، مەکتەبی کاروباری ژنان، ناوەندی ئاڤێستا، رێکخراوی دایکانی ئاشتی، تەڤگەری ژنانی ئازادیخوازی کوردستان، پرۆژەی پەمەیی.

## هێزێکی ئەنسارولئیسلام لە چیای کوڕیس و ئاسۆس دەبینرێن

**تایبەت بە رووداو**

چەند شاهیدحاڵێک لەچیای کوڕیس و ئاسۆس لەقەزای پشدەر رایانگەیاند کە ژمارەیەک چەکداری ئەنسارولئیسلامیان لەناوچەکە بینیوە.

شاهیدحاڵەکان کە لەبەرمەترسی لەسەر ژیانی خۆیان، ئامادە نەبوون ناویان بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)یان راگەیاند "چەکدارەکان نزیکەی 13 کەس بوون، جلوبەرگی کوردییان لەبەردابوو ریشیشیان درێژبوو، چەند پاسدارێکیشیان لەگەڵدا بوو".

یەکێک لەشاهیدحاڵەکان گوتی کە لەدوای بینینی چەکدارەکان هێزەئەمنیەکانی ناوچەکەیان ئاگادار کردووەتەوە.

عەلی مام جووتیار بەڕێوەبەری ئاسایشی قەڵادزێ هەواڵەکەی بەدرۆخستەوەو گوتی"شتی وانییە، ئێمەش بۆ بەدواداچوونی راستی و دروستی ئەم هەواڵە مەفرەزەیەکمان ناردە چیای کوڕیس و ئاسۆس، بەڵام هیچ چەکدارێک نەبینرا".

گوتیشی"ئەوە تەنیا پروپاگەندەیە، بەدواداچوونی تەواومان کردووە".

بەپێی ئەوزانیاریانەی کە بە (رووداو) گەیشتووە، لەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە، هێزەکانی ئاسایش چەند مەفرەزەیەکیان ناردووەتە ناوچەکە.

لەلایەکی دیکەوە شوانێک کە رۆژانە دەچێتە چیای ئاسۆس بە ڕووداوی گوت "ماوەیەکە چەند چەکدارێک دەبینم کە بەشێوە لە ئیسلامییەکان دەچن، بەڵام زۆر بەنهێنی هاتوچۆ دەکەن".

لەدوای لێدانی بنکەو بارەگاکانی رێکخراوی ئەنسارولئیسلام لەناوچەکانی هەورامان لەساڵی 2003 لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە، پاشماوەکانیان روویان لە کۆماری ئیسلامی ئێران کردو جارێکی دیکە لەشێوەی مەفرەزەدا کەوتنەوە جموجوڵ، چەندجارێکیش پەلاماری خاڵە سنوورییەکانیان لەناوچەی پێنجوێن داوە.

## گرووپی خاوێن بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان دادەمەزرێ

**کەلار ـ رووداو**

لەبەیاننامەیەکدا کە وێنەیەکی دراوەتە (رووداو) کۆمەڵێک گەنج لەگەرمیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان "گروپی خاوێن"یان دامەزراند.

لەوبارەیەوە ئیدریس مەدحەت، سەرپەرشتیاری گروپەکە لەلێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند "گروپەکەمان گروپێکی سەربەخۆیە، کار دەکات لەپێناو هۆشیارکردنەوەی لاوان لەبەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان، ئامانجیشمان پاراستنی لایەنی تەندروستیء کۆمەڵایەتی لاوانء پاراستنی ژینگەی کوردستانە".

ناوبراو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا پێکهاتەی گروپەکەی راگەیاندء گوتی "گروپەکەمان لە 6 کەس پێکهاتوون، حاڵی حازر خەریکی وەرگرتنی مۆڵەتی گروپەکەین لەلایەنی پەیوەندیدار". دامەزراندنی ئەو گروپە لەکاتێکدایە کە دەگوترێت بەشێک لەگەنجانی گەرمیان روویان بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان کردووەء ئاڵودەی بەکارهێنانی ئەو مادانە بوونە.

### لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی

## برایەک براکەی خۆی دەکوژێت

**کوردناس رواندزی**
**رووداو ـ سۆران**

دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ پەیوەندی سێکسی لەگەڵ براژنەکەی خۆی دروست دەکات، دوای ئاشکرا بوونی، برایەک براکەی خۆی کوشت.

شەوی 2008/3/29 گەنجێکی تەمەن 23 ساڵ بەناوی (غ،ت،ع) لەلایەن براکەی خۆی بەناوی (ع) کوژرا، دواتر پۆلیس (ع) و براژنەکەی بەو تۆمەتە دەستگیر کرد.

لەو بارەیەوە عەمید ئەسکەندەر بابەکر، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران بە (رووداو)ی راگەیاند"بەهۆی دەستکەوتنی هەندێک زانیاری دوو کەسی نزیکی کوژراوەکەمان دەستگیر کرد ئەوانیش براو خێزانی کوژراوەکە بوون". سەبارەت بەتێوەگلانی ئەو دوو کەسە لەرووداوەکە عەمید ئەسکەندەر گوتی "هەر دوو رۆژ دوای دەستگیر کردنی (ع) دانی بەوەدانا کە دەمانچەیەکی کڕیوەو چۆتە حەوشەی ماڵی براکەیی و کوشتوویەتی".

عەمید ئەسکەندەر هۆکاری دەستگیر کردنی خێزانی کوژراوەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ برای مێردەکەیدا هەبووە و گوتی "خێزانی (غ) لەلێکۆڵینەوە دەڵێت ئاگام لەکوشتنی مێردەکەم نییە، بەڵام دانی بەوەشدا ناوە کە بۆ ماوەیەکی درێژ پەیوەندی سێکسی لەگەڵ برای مێردەکەیدا هەبووە".

ڕیپۆرتاژ



## سویدو بەریتانیا پەنابەرانی کورد دەنێرنەوە

**تایبەت بە ڕووداو**

**لەکاتێکدا حکومەتی بەریتانیا ناوی 1400 پەنابەری کوردی بۆ ناردنەوە ئامادەکردووە، حکومەتی سویدیش بڕیاری ناردنەوەی ئەو پەنابەرە کوردانەی داوە کە لەدوای 2001ەوە لەو وڵاتەدا مافی پەنابەرێتیان نییە، فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ناردنەوەی ئەو پەنابەرە کوردانە بەپێی ڕێککەوتنێکە لەنێوان بەغداو ئەو وڵاتانەی پەنابەرانی کوردی لێیە.**

### بەتۆمەتی کوشتن و بریندارکردنی 145 ئەندامیان

# کۆمەڵی ئیسلامی لەئەمریکا داوایەک لەسەر حکومەتەکەی جۆرج بوش تۆمار دەکات

**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو- هەولێر**

پاش تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر مووشەکبارانکردنی بارەگاکانیدا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە لەشارۆچکەی خورماڵ، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بەنیازە داوایەکی یاسایی لە ڕێگەی چەند پارێزەرێکی ئەمریکی لەئەمریکا لەسەر حکومەتەکەی جۆرج بۆش تۆمار بکات

پێش دەستپێکی جەنگی ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حسێن، هێزکانی ئەمریکا شەوی 21لەسەر 22/ 3/ 2003 لە گەمییە جەنگییەکانی لە دەریاوە بنکەو بارەگاکانی کۆمەڵی ئیسلامی موشەک بارانکرد و،لەئەنجامدا 145 کەس لەئەندامانی کۆمەڵی ئیسلامی کوژران و بریندار بوون. ئەو مووشەکبارانکردنەکە هاوکات بوو لەگەڵ هێرشی ئاسمانی و مووشەکبارانکردنی بنکە وبارەگاکانی ئەنسارولئیسلام لە ناوچەکە و هەورامان.

زانا روستایی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵ ئەوەی بۆ (ڕووداو) خستە ڕوو کە "بەبیانوی بۆردومانکردنی بنکەو بارەگاکانی ئەنساروئیسلام، بنکەو بارەگاکانی کۆمەڵی ئیسلامیش لەوشەودا لەناوچەی خورماڵ درانە بەر موشەک و لەلایەن فڕۆکەکانیشەوە بۆمبا بارانکران، بەبێ ئەوەی کۆمەڵی ئیسلامی لایەنێک بێت لەو کێشەیەی کە لەگەڵ ئەمریکادا هەبووە".هەروەک ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی پێشتر ڕایگەیاندبوو کە چەندان ماڵی ئەندامانی کۆمەڵیش لە خورماڵ لەو کاتدا کەوتنە بەر هێرش.

بەپێی لێدوانی ئەو بەرپرسەی کۆمەڵی ئیسلامی ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی کۆمەڵی ئیسلامی لەو شەودا "لەکادیرە باڵاکانی سەربازی و ڕێکخستنی سیاسی 45 شەهید و 100 بریندارو پەککەوتەی لێکەوتەوە، وێڕای زیانی مادی زۆر و وێرانکردنی پێنج خانوو و بارەگای کۆمەڵی ئیسلامی".

پێش بۆردومانکە، بارەگای سەرەکی کۆمەڵی ئیسلامی لە شارۆچکەی خورماڵ بوو، پاش سێ ڕۆژ لەبۆردوومانکردنەکە لەسەر داوایی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، کۆمەڵ تەواوی بنکەو بارەگاکانی لەخورماڵ و گواستەوە قەڵادزێ.

زانا روستایی، کەدەرچووی کۆلێژی یاسایە وئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانیشە، ئەوە زیاتر ڕووندەکاتەوەو دەڵێ "پاش سێ ڕۆژ لەبۆردوومانەکە کۆمەڵی ئیسلامی دەستیکرد بە گفتوگۆ لە گەڵ یەکێتیدا،پاش گفتوگۆکردن لە گەڵ یەکێتی نیشتیمانی ئەوناوچەمان چۆڵکرد و چووینە قەڵادزێ،زیانێکی مادی زۆریش لەو چۆڵکردنەدا بە کادیرەکانی کۆمەڵی ئیسلامی گەیشت".

### کۆمەڵی ئیسلامی و ئەمریکا گفتوگۆدەکەن

دوای ماوەیەک لە بۆردوومانەکە،کۆمەڵی ئیسلامی دەست بەگفتوگۆکردن دەکات لەگەڵ ئەمریکادا، مەبەستیش لەم گفتوگۆ دروستکردنی پەیوەندی و وەرگرتنی قەرەبوو بووە بۆ کوژراو و بریندارەکانیان.

زانا روستایی ئەوە بۆ (ڕووداو) ئاشکرادەکات و دەڵێ "هەر لە هەمان ساڵی ڕووداوەکەدا دوو دیدار لەنێوان بەرپرسە ئەمریکییەکان و کۆمەڵی ئیسلامیدا ئەنجامدران بە مەبەستی گفتوگۆکردن و دروستکردنی پردێکی سیاسی بۆ لە یەکترگەیشتن، چونکە ئێمە بەشدرای شەڕمان نەکرد دژیان و دەمانویست جێگەی خۆمان بکەینەوە لەعێراقی نوێدا".

ئەگەرچی ئەمریکا دوو دانیشتنی لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامیدا ئەنجامدا و بڕیاری گفتوگۆکردن لەبارەی قەرەبووەکانەوە درا، بەڵام کۆمەڵ هیچ قەرەبوویەکی پێنەدرا و لەکاتی بەڕێکەوتن بۆ سێیەم دانیشتن لەگەڵ ئەمریکییەکاندا، عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵ لەگەڵ چواردە هاوڕێیدا بەو بەڵگەنامانەوە دەستگیرکران کە لە سەر تۆپبارانەکەی خورماڵ بۆ ئەمریکییەکانیان ئامادەکردبوو.

عەلی باپیر ماوەی 22مانگ لەلای ئەمریکییەکان لە زیندان دا مایەوە،زانا روستایی دەڵێ" ڕۆژی 2003/7/10 کۆبونەوەی سێیەممان لە هاوینەهەواری دوکان هەبوو، بڕیاربوو لەو دانیشتنەدا باس لە زیانەکانی کۆمەڵی ئیسلامی بکرێت و داوای قەرەبوو بکەینەوەو بەڵگەنامەکانیش ئامادەکرابوون،بەڵام لەرێگادا بۆ ئەم دانیشتنە مامۆستا عەلی باپیرو هاوڕێیانی دەستگیرکران".

عەلی باپیر کە لەو ماوەیەدا لە زیندانی فڕکەخانەی بەغدادا بوو،هاوکات لەگەڵ بوونی سەدام و سەرکردەکانی دیکەی بەعس لەو زیندانەدا،بەڵام دوای 22 مانگ مانەوە لەو زیندانەدا ئەمریکییەکان بە عەلی باپیریان تۆ بێ تاوانی و ئازادی.

داوای یاسایی بۆ وەرگرتنەوەی قەرەبوو

دوای ئەوەی کۆمەڵ هیچ قەرەبوویەکی لەلایەن یەکێتییەوە پێنەدرا،بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، کۆمەڵی ئیسلامی سورە لەسەر وەرگرتنی قەرەبوو لەحکومەتی ئەمریکا و تائێستاش بەرپرسانی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ ئەم مەبەستە لەچەندین دیداری ئەمریکییەکان لەگەڵ باڵیۆزخانە و کۆنسولخانەی ئەمریکادا داوای قەرەبویان کردووە، بەڵام وەک زانا روستایی دەڵێ" تائێستا هیچ وەڵامێکمان بەدەست نەگەیشتووە".

ڕێکخراوێکی ئەمریکی بەناوی US air ەوە کە ڕێکخراوێکی فریاگوزارییە، لەناوەڕاستی مانگی سێی ئەمساڵدا لەڕێگای بەرپرسێکییەوە ڕایگەیاند کە حکومەتی ئەمریکا 40 ملیۆن دۆلاری تەرخانکردووە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو مەدەنیانەی تووشی زیانبوون لەشەڕی ئەمریکادا لە عێراق.

زانار روستایی دەڵێت "ڕاستە US air ئەوەی ڕاگەیاندووە،کە ئێستا لەهەوڵی پەیوەندیدان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا، لەپێناو خستنەڕووی بەڵگەنامەکانمان بەمەبەستی وەرگرتنی قەرەبوو بۆ کەسوکاری قوربانیان و برینداران و پەککەوتەکان، بەڵام تائێستا ئەم ڕێکخراوە داوای هیچ شتێکیان لەئێمە نەکردووەو پەیوەندیشیان پێوە نەکردووین".

هەرچەندە پێنج ساڵ بەسەر بۆردوومانکردنەکەدا تێپەڕیوە، بەڵام کۆمەڵ ئامادەنییە ئەم باسە دابخات.



**لێدانی بارەگاکانی کۆمەڵی ئیسلامی بەهۆی کۆمەڵێک زانیاری ئیستیخباراتی هەڵە بوو**

زانا روستایی

لە پێنجەمین ساڵیادی بۆردوومانەکەدا زانا روستایی پێشنیارێکی دایە مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ تۆمارکردنی داوایەکی یاسایی لەسەر حکومەتی ئەمریکاو، مەکتەبی سیاسی کۆمەڵیش ڕەزامەندی لەسەر کرد.

زانا روستایی ئەوە بۆ (ڕووداو) ئاشکرادەکات و دەڵێ" ئەم داوایە لەڕێگای پارێزەری ئەمریکییەوە لە دادگاکانی ئەمریکا تۆمار دەکەین و بەڵگەنامەکانیشیان دەخەینە بەردەست بۆ ئەوەی قەرەبوو بۆ کۆمەڵی ئیسلامی و کەسوکاری قوربانیان و برینداران وەربگرین"،هەروەها گوتی دوای ڕەزامەندی کردن لەسەر ئەو پێشنیارە، مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی "بڕیاریدا لیژنەیەک پێکبێت بۆ بەدواداچونی ئەو مەسەلەیە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کۆمەڵی ئیسلامی، لیژنەکەی بەسەرۆکایەتی پارێزەر زانا روستایی پێکهێناوە بۆ تۆمار کردنی ئەم داوایە.

وێڕای پشتراستکردنەوەی ئەوزانیاریانە، روستایی دەڵێت ئەوان ئێستا لە قۆناخی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکاندان کە بشێن بۆ تۆمارکردن و قبوڵکردنی ئەو سکاڵا و داوا یاساییە.سەبارەت بەو شوێنەش کە بەنیازن داواکەی لێ تۆماربکەن گوتی داواکە لە خودی ئەمریکا لەسەر حکومەتی ئەمریکا تۆماردەکەن" لەڕێگەی پارێزەری ئەمریکییەوە داواکە لەنیۆرک یان واشنتۆن تۆماردەکەین و ئێستا لەقۆناخی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکاندان".

کۆمەڵی ئیسلامی خۆی بەدرێژەپێدەری بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان دەزانێت، زۆر لە شەهیدەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیش تا ئێستا لەڕێگای کۆمەڵی ئیسلامییەوە مووچە لەحکومەت وەردەگرن و کاریان بۆ دەکرێت، بەڵام کۆمەڵ وەک حیزبێک بەناوی کۆمەڵی ئیسلامییەوە لە 2001/5/31 ەوە دامەزرانی خۆی ڕاگەیاند.

کۆمەڵی ئیسلامی تائێستا 50 کەسیان لێکوژراوەو 45 کەس لەو ژمارەیە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە کوژراون.

زانا روستایی دەڵێ مەبەست لەتۆمارکردنی ئەو داوا یاساییە لەسەر حکومەتی ئەمریکا بەهۆی کوشتن و بریندار بوونی کادیرەکانیانە،نەک پێویستیان بەوەبێت کە بیسەلمێنین تیرۆرست نین "چونکە بەشداری هەڵبژاردن و حکومەتمان کردووەو لەلیستی تیرۆرستانیشدا نین".

ئەو بەرپرسەی کۆمەڵ مەبەستی ئەو داوایە دەخاتەڕوو دەڵێت" داوادەکەین ئەمریکا داوای لێبوردنمان لێبکات وەک ڕەدی ئیعتیبارێکی مەعنەوی بۆ ئەو زیانانەی بە کۆمەڵ کەوتن و داوای قەرەبوو دەکەین بۆ کەسوکاری قوربانیان و پەککەوتەکان چارەسەر کردنی برینداران".

### ڕاپۆرتێک بۆ تۆپبارانکردنی بارەگای کۆمەڵ

پێش دەستپێکردنی پرۆسەی سەربازی بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکەی سەدام حسێن، ئەمریکا چەند ڕاپۆرتێکی دەخستەڕوو لەبارەی بوونی چەکی قەدەخەکراو لەعێراق و پەیوەندی نێوان حکومەتی سەدام و ڕێکخراوی قاعیدە، بەپێی لێدوانی بەرپرسانی کۆمەڵ "ڕاپۆرتێکی هەڵبەستراو"یش لەسەر کۆمەڵی ئیسلامی لەنێو ئەو ڕاپۆرتانەدا بووە کەدراوەتە ئەمریکا.

زانا روستایی ئاماژە بەوە دەدات کە جەنگی ئەمریکا لە دژی ڕژێمی عێراق لەسەر کۆمەڵێک ڕاپۆرتی ئیستیخباراتی بوو، ئەو ڕاپۆرتانەش ئەمریکا خۆی ئامادەی دەکردن یان ئەو لایەنانەی هاوکاریان دەکرد بۆیان دەنارد، ئەو دەڵێ" لێدانی بارەگاکانی کۆمەڵیش لەسەر ڕاپۆرتی ئیستیخباراتی بوو، ئێستاش ئەمریکا خۆی دان بەوە دادەنێت کە کۆمەڵێک لەو زانیاریانە دروست نەبوون، بۆنمونە وتیان: ڕژێمی بەعس چەکی کیمیایی هەیەو پەیوەندی بەقاعیدەوە هەیە، بەڵام نەیانتوانی ئەوە بسەلمێنن، لێدانی بارەگاکانی کۆمەڵیش بەهۆی ڕاپۆرتی ئیستیخباراتی هەڵبەستراوبوو، بەڵام تائێستا بۆمان ڕوون نییە کێ ئەو ڕاپۆرت و زانیاریانەی داوەتە ئەمریکاو، ئەمریکای بەهەڵەدا بردووە".

# "زۆربەی پەرلەمانتارانی کوردستان دەنگ بەکابینەی نوێی حکومەت نادەن"

## سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز

**ڕووداو - هەولێر**

دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانیدا، تائێستا هەر سێ وەزارەتی دارایی، ناوخۆو پێشمەرگە یەکیان نەگرتووەتەوە، وەک فشار دروستکردنێک بۆ یەکگرتنەوەی ئەم وەزارەتانە،کوێستان محەممەد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بەشێکی زۆر لە پەرلەمانتارانی کوردستان متمانە بەکابینەی نوێی حکومەتی کوردستان نادەن.

پەرلەمانتاران بۆ یەکگرتنەوەی هەرسێ وەزارەتی دارایی، ناوخۆ و پێشمەرگە بیر لە فشاری جیاواز دەکەنەوە،بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون،ئەو پەرلەمانتارانە دەیانەوێت بە دوو ڕێگە فشار دروستبکەن بۆ ئەو مەبەستە،ئەوانیش یان بە پەسەندنەکردنی بوودجەی ئەمساڵ،یاخود متمانە نەدان بە کابینەی نوێی حکومەتی کوردستان.

کوێستان محەممەد عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز لەپەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"سەرەتا ئەندامانی پەرلەمان و فراکسیۆنە جیاوازەکان پێکەوە گفتوگۆیان کردبوو کە دەنگ بە بوودجەی 2008 ی حکومەتی کوردستان نەدەن، ئێستاش بەشێکی ئەندامانی پەرلەمان پێیانوایە دەنگ نەدەین بە پەسەندکردنی بوودجە لە پەرلەمان تاوەکو ئەو سێ وەزارەتە یەکدەگرنەوە".

لەبەر ئەوەی بوودجە پەیوەندی بە ڕەوشی ژیانی هاووڵاتییان و هەیە بەشێکی دیکەی ئەندامانی پەرلەمان ڕایانوایە کە دەبێت بوودجە پەسەند بکرێت و بە ڕێگایەکی دیکە فشار لەسەر یەکگرتنەوەی وەزارەتەکان دروستبکرێت.

کوێستان محەممەد، ئەوەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد کە" بەشێک لە ئەندامانی پەرلەمان پێچەوانەی ئەو بۆچوونەن کە بوودجە پەسەند نەکرێت و دەڵێن:پەسەندنەکردنی بوودجە کارێکی باش نییە و دەبێتە هۆی ئەوەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و کاری خەڵک دوابکەوێت، بۆیە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیاندا واباشترە دەنگ بە بوودجە بدرێت،بەڵام بۆ فشار خستنەسەر دەسەڵاتی سیاسی و یەکگرتنەوەی ئەو سێ وەزارەتە دەنگ بە کابینە نوێیەکەی حکومەت نەدرێت".

بەپێی ڕێککەوتنێک کە لەسەرەتای یەکگرتنەوەی هەردوو کابینەی نوێی حکومەتی هەولێرو سلێمانیدا لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەبوو، دەبوایە هەر یەکیان دوو ساڵ سەرۆکایەتی حکومەتی بەدەستەوەبێ.بەڵام ئەوەبوو مانەوەی نێچیرڤان بارزانی لە سەرۆکایەتی حکومەتدا لەلایەن هەردوولا بڕیاری لەسەر درا و دوای ئەوەش لیژنە پێکهات بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان و پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی کوردستان.

سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز دەڵێت "بۆچوونی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەهەموو فراکسیۆنە جیاوازەکان وایە کەدەنگ بەکابینەی نوێ نەدرێ تاوەکو ئەو سێ وەزارەتە یەکدەگرنەوە، ئێمەش لە لیستی سەوز بەشێکی زۆرمان ئەو بیروبۆچونەمان هەیە، بەڵام هێشتا نەبووە بە ڕایەکی دیاریکراوی لیستەکەو لەپەرلەماندا کۆدەنگی تەواوی بۆ دروستنەبووە".

بە هۆی فشاری حیزبەکانەوە دەنگنەدان بە کابینەی نوێی حکومەت لەلایەن پەرلەمانتارانەوە کارێکی ئەستەمە، کوێستان محەممەدیش ئەم ڕاستییە دەخاتەڕوو و دەڵێت" ئەگەر فشاری بەشێک لەحیزبەکان کار لە فراکسیۆنەکان نەکات و ڕایان نەگۆڕن، ڕای زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان و فراکسیۆنە جیاوازەکان وایە کە دەنگ بە کابینەی نوێی حکومەت نەدرێت".

کوێستان محەممەد، هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەمبارەوە بۆ (ڕووداو) دەدرکێنێ و دەڵێت"مەکتەیی سیاسی یەکێتی بەئێمەیان وتووە، هەرکاتێک فراکسیۆن کۆبووەوە، 3/2 دەنگی خۆتان دەبێتە بڕیارو بڕیارەکەش بڕیاری مەکتەبی سیاسییە".

مەکتەبی سیاسی پارتیش ئەم هەڵوێستەی پەرلەمانتاران بەهەڵوێستێکی باش دەنرخێنن و ئاماژە بەوەشدەکەن کە هیچ جۆرە فشارێک ناخەنە سەر فراکسیۆنی زەرد بۆ ئەوەی دەنگ بە کابینەی نوێ بدات.

محەممەدی مەلا قادر، ئەوەی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند کە"ئەگەر پەرلەمانی کوردستان ئەو هەڵوێستە وەربگرێت و دەنگ بەکابینەی نوێ نەدەن و فشار دروستبکەن کارێکی باش دەکەن، چونکە هیچ مەعقولیەتێک لەوەدا نییە کە دوو وەزارەتی دارایی و پێشمەرگە و ناوخۆ هەبێت،پێمواننییە ئێمەش هیچ فشارێک بخەینە سەر فراکسیۆنی زەرد بۆ هەڵوێستێکی لەو شێوە،چونکە هیچ نییەتێک نییە بۆ بوونی دوو وەزارەتی دارایی و پێشمەرگەو ناوخۆ".

لەسەرەتای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت لەمانگی مایسی 2006دا، بەرپرسانی حکومەت و یەکێتی و پارتی ئەوەیان خستە ڕوو کە"لە کۆتایی 2006دا ئەو وەزارەتانەی یەکیان نەگرتووەتەوە یەکدەگرنەوە"، بەڵام لەپاش تێپەڕبوونی یەک ساڵ و چوار مانگ بەسەر



دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان (فۆتۆ:هیممەتی)

وادەی یەکگرتنەوەکەدا تائێستا هۆکاری یەکنەگرتنەوەکە دیارنییە.

شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە و ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"یەکگرتنەوەی ئەووەزارەتانە تەنیا بڕیاری سیاسی ماوەو هیچ گرفتێکی گەورە ئاستەنگ نییە لەبەردەم یەکگرتنەوەی ئەو وەزارەتانەدا".

هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتیش لەئێستادا کۆکن لەسەر ئەوەی لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێدا هەر سێ وەزارەت یەکبگرێتەوە، بەڵام تائێستا کاتی پێکهێنانی کابینەی نوێ و یەکگرتنەوەی هەرسێ وەزارەت دیار نییە.

شێخ جەعفەر شێخ مستەفا دەڵێ"لەدوای دانانی وەزارەتە نوێکان بڕیارە ئەو سێ وەزارەتەش کە تائێستا یەکیاننەگرتووەتەوە یەکبگرنەوە".

محەممەدی مەلا قادریش ئاماژەی بەوەدا کە یەکێتی و پارتی کۆکن پێش پێکهێنانی کابینەی نوێ هەرسێ وەزارەتەکە یەکبگرێتەوە، "بەڵام تائێستا کاتێکی دیاری کراو نییە بۆ ئاشکرا کردنی کابینەی نوێ".

وەزارەتی پێشمەرگە یەکێکە لەو وەزارەتانەی تائێستا یەکینەگرتووەتەوە، بەڵام بەپێی قسەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە، هۆکاری یەکنەگرتنەوەی ئەم وەزارەتە زیاتر پەیوەندی بەحکومەتی ناوەندییەوە هەیە، نەک یەکێتی و پارتی.

وەزیری هەرێم بۆکاروباری پێشمەرگە دەڵێت"گرفتی دیاری نەکردنی ئەو بوودجەیەمان هەیە کە بڕیارە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ پاسەوانی هەرێم دیاریبکرێت، ئەگینا لەکوردستاندا وەک حکومەتی هەرێم و یەکێتی و پارتیش هیچ جۆرە کێشەیەکمان نییە".

# کاروباری سیاسی



دیک چینی
گوتی "کوردستان"

ڕووداو/ئاژانسەکان

◆ دیک دوای سەردانەکەی بۆ کوردستان، لە قودس پێش چوونی بۆ تورکیا لە لێدوانەکانیدا بۆ رۆژنامەنووسان ناوی "کوردستان"ی بەکارهێنا و گوتی"ئەوە چانسێک بوو بۆ من کە چوومە کوردستان.ئەوە جاری یەکەم بوو بچمە کوردستان و وەختێکم لەگەڵ سەرۆک بارزانی بەسەر برد،ئەوە هەلێکی سەرنج راکێش و ناوازە کە مرۆڤ بزانێ چ لە بەشێکی عێراق هاتووە". داوای لە تورکیاش کرد بۆ بەرژەوەندی هەموو لایەک پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی کوردستان خۆشبکات.

## عەقیل خەزعەلی پارێزگاری کەربەلا:

# لە دروستکردنی هەرێمی فیدراڵدا ئەزموونی کوردستان بۆ ئێمە ئەزموونێکی پێشڕەوە

**بڕیاردان لەسەر یاسای ئەو پارێزگایانەی لە چوارچێوەی هەرێمێکدا ڕێکنەخراون زەمینەی لەبەردەم هەر پارێزگایەکی عێراقدا خۆش کرد کە بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەرەو فیدراڵییەت هەنگاو بنێ، دەربارەی ئەم بابەتەو چەند بابەتێکی دیکە ئەم دیدارەمان لەگەڵ دکتۆر عەقیل مەحموود خەزعەلی پارێزگاری کەربەلا سازکرد.**

**عیماد شەرع**
**ڕووداو ـ کەربەلا**



پارێزگاری کەربەلا

**ڕووداو: بۆ دامەزراندنی هەرێمێکی فیدراڵ لە کەربەلا هیچ سوودێکتان لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە؟**

**خەزعەلی:** سەرەتا سوپاسی رۆژنامەکەتان و هەموو ئەو رۆژنامە کوردیانە دەکەم کە گرنگی بە کێشەو گرفتەکانی پارێزگای کەربەلا دەدەن. بەڕاستی بڵێم ئێستا لە پارێزگای کەربەلا مشتومڕێک هەیە دەربارەی سروشتی ئەو فیدراڵییەتەی کە رەنگە لە ئایندەیەکی نزیکدا، یان با بڵێین پاش هەشت مانگی دیکە کە ئیدی یاسای پێکهێنانی هەرێمەکان دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە دێتە ئارا. پاش هەشت مانگی دیکە ئیدی یاساکە لەسەرانسەری عێراقدا کاری پێدەکرێ و ئەوەشی تایبەت بێت بەواقیعی ئەزموونی کوردستان ئێمە وەکو ئەزموونێکی پێشڕەو تەماشای دەکەین، وەک ئەزموونێک کە لە پێکهێنانی حکومەتە لۆکاڵەکاندا سوودی زۆری لێوەردەگرین، بەڕاستی ئەوەی ئێمە لەو فیدراڵیەتەمان دەوێت ئەوەیە کە دوو واقیعی لێکجیاواز لەعێراقدا نەخوڵقێ، واتە باکووری وڵات فیدراڵی بێت و ئەم مافە لە پارێزگاکانی دیکە زەوت بکرێ. ئێمە پێویستمان بەوەیە ئەزموونی کوردی و هەروەها ئەزموونی فیدراڵیەت لەهەموو وڵاتانی دیکەدا بەوردی بخوێنینەوە، دیارە لەسەرانسەری جیهاندا نزیکەی 80 دەوڵەت هەیە کە سیستەمی فیدراڵی وەک شێوەیەک لەشێوەکانی حوکمڕانی قبوڵ کردووە. باوەڕم وایە کە دەبێت زۆر بەوردی بیر لە ئەزموونی فیدراڵی بکەینەوەو هۆشیارییەکی جەماوەریی بەرفراوان بهێنینە کایەوە دەربارەی گرنگیی فیدراڵیی تا بتوانین بڵێین ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمێکی جەماوەری و نابێت لەنێوان کۆمەڵە حیزبێکدا قەتیس بکرێ و بەئارەزووی خۆیان و چۆنیان بوێت ئاوای دابڕێژن بەبێ ئەوەی جەماوەر رای خۆی تێدا گوتبێت، بۆیە باشتروایە لەئێستاوە هەڵمەتێک دەست پێبکەین و لە کۆڕو کۆبوونەوەی جەماوەریدا باسی بکەین، بەتایبەتی کە ئیدی یاساکە چووەتە واری جێبەجێکردن و دەبێت هەموو کۆڕو کۆبوونەوەو مینبەرەکان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە تەرخان بکرێن، پاش ئەوە لە هەر پارێزگایەکدا ریفراندۆم بکرێ و لەرێگەی ئەنجامەکانی ئەو ریفراندۆمەوە بزانین ئاخۆ جەماوەر فیدراڵییەتی تەنیا یەک پارێزگای دەوێت یان هی سێ پارێزگا، یان هی نۆ پارێزگا، پێشموایە ئێمە نابێت بەهیچ جۆرێک دەست بخەینە ناو ئەو کارەوە.

**ڕووداو: لەم چەند هەفتەیەی رابردوودا لە پارێزگای بەسرە کۆبوونەوەیەک دەربارەی هەمووارکردنی یاساکانی تایبەت بە ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجام درا، دەکرێ بزانین ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیە چی بوو؟**

**خەزعەلی:** ئەو کۆبوونەوەیە بەهۆی سروشتی ئەو بارودۆخەی ئەنجومەنی پارێزگاکان تێیدا دەژین کۆبوونەوەیەکی نائاسایی و لەناکاو بوو، پەرلەمانی عێراق خوێندنەوەی بۆ یاسای ئەنجومەنی ئەو پارێزگایانە کردبوو کە لەچوارچێوەی هەرێمێکدا ڕێکنەخراون، کاتێک ئەم بابەتە خرایە گفتوگۆوە حکومەتە لۆکاڵەکان هەستیان کرد کە زۆر بابەت هەیە دەبێت لەگەڵیان تاوتوێ بکرێ بەوپێیەی ئەوان لایەنی پەیوەندیدارن و لایەنێکی سەرەکین لە داڕشتنەوەی ئەو یاسایەدا، بۆیە ئێمە زۆرمان پێ سەیربوو یاسایەک دابنرێ بەبێ ئەوەی لە کەشوهەوایەکی کراوەدا گفتوگۆی یاسایی لەسەر کرابێت و رای پارێزگاکان وەرگیرابێت، بۆیە ئەو کۆبوونەوەیەی ئێمە بۆ ئەوەبوو کە ئەنجومەنی پارێزگاکان لە دروستکردنی تێڕوانینێکی ڕووندا لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان هاوکاری بکەن کاتێک گفتوگۆی ئەو یاسایەو کەموکوڕی و کەلێنەکانی دەکەن. من وەک پارێزگاری کەربەلا هەستم کرد ئەو یاسایە پێویستی بە دەستکاریکردنێکی زۆر هەیە تا دەبێتە یاسایەک بتوانێ وەڵامدەرەوەی ئەو کێشەو ئاستەنگانە بێت کە ئەمڕۆ لەبەردەم حکومەتە لۆکاڵەکاندایە. شتێکی دیکە کە تێبینیم کرد ئەوەبوو کە یاساکە بەڕاستی بەگوێرەی خواست و داواکارییەکان نییە، ئێستا ئێمە لەدەستووردا بەرەو جێگیرکردن و پایەدارکردنی چەمکی لامەرکەزی هەنگاو دەنێین کەچی یاساکە بڕێکی زۆر لە مەرکەزیەتی تێدایە، پێموایە ئەم حکومەتە لۆکاڵانەی ئێستا ئەزموونێکیان دروست کردووە بۆئەوەی ڕێگایەکی دروست بۆ حکومەتە لۆکاڵەکانی ئایندە بنەخشێنن، دەبێت پەرلەمانیش سوود لەم ئەزموونەی ئێستا وەربگرێ.

**ڕووداو: ئەگەر بێینە سەر بارودۆخی ئەمنی، زانیاری ئەوە هەبوو کە گروپێکی تیرۆریستی بەناوی سوپای عومەر لەپشتی ناوچەی رەزازە خەریکی مەشقی تیرۆریستین، ئایا ئەو زانیارییانە دروستن، ئەگەر دروستن چ پلانێکتان هەیە بۆ لەناوبردنیان؟**

**خەزعەلی:** ئێمە پێشتر چوار باندی تیرۆریستیمان دەستگیر کردووە کە پلانیان هەبوو لە سنووری پارێزگای کەربەلا کاری تیرۆریستی بکەن، بەڵام پێموایە درێژکراوەی ئەم باندانە لەهەندێ ناوچەی دیکەی دەرەوەی سنووری پارێزگا هەن وەک عامریەی فەلوجەو ناوچەی نەخیب، ئێمە فەرمانمان داوەتە ژووری عەمەلیاتی هاوبەش چونکە هێزەکانی ئێمە تەنیا لەسنووری ئیداریی پارێزگای خۆماندا دەتوانن جموجوڵ بکەن و ناتوانن بپەڕنەوە بۆنێو قوڵایی پارێزگاکانی دەوروبەر ئەگەر هەماهەنگییەکی پێشوەخت نەبێت، ئێمە لەو ڕووەوە نەمانتوانی رەزامەندی وەربگرین بۆیە ناچاربووین ئەو زانیاریانەی بەدەستمان هێناون بۆ سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکان بەرزبکەینەوەو ئەوانیش هەفتەی رابردوو پەلاماری بنکەکانیان دان و سەرکەوتنێکی باشیان بەدەست هێنا.

**ڕووداو: هەماهەنگی و هاوکاری ئەمنی لەنێوان ئێوەو پارێزگای رومادی یان شێخی عەشیرەتەکانی ئەوێ نییە؟**

**خەزعەلی:** بەڵێ هاوکارییەکی باش هەیەو چەندین ڕێککەوتن لەنێوان ئێمەو پارێزگای ئەنبارو هەروەها شێخەکانی ئەوێش هەیە چ لەبواری ئەمنی یان بواری ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانەوە.

**ڕووداو: ئاستی ئەو هەماهەنگییە لەگەڵ پارێزگاری رومادی چەندە؟**

**خەزعەلی:** پارێزگارو ئەو شاندەی لەگەڵی هاتبوون ئامادەیی تەواویان پیشاندا بۆ دروستکردنی شەراکەتێکی ئەمنی و ئاواکاری و لیژنەیەکی هاوبەش لەنێوان هەردوولا بۆ ئەو مەبەستە پێکهاتووەو ئەوان راسپاردەکانی خۆیان بەرزدەکەنەوە، دڵنیام ئەو هەماهەنگییە رۆڵێکی دیاری دەبێت لە سەپاندنی هێمنی و ئارامی لەسنووری هەردوو پارێزگا.

# کرانەوەی دەروازەی سنووری حاجی ئۆمەران دوادەکەوێت



خاڵی سنووریی حاجی ئۆمەران

**ڕووداو – حاجی ئۆمەران**

دوای ئەوەی سەرجەم مەرزە گومرگییە هاوبەشەکانی نێوان باشووری کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران بەشێوەیەکی رەسمی کرانەوە، تا ئێستا مەرزی حاجی ئۆمەران نەبۆتە مەرزێکی رەسمی و قایمقامی چۆمانیش هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ لایەنی ئێرانی کە تا ئێستا ئامادەنین بۆ بەفەرمی ناساندنی ئەو دەروازە سنوورییە.

مەرزە هاوبەشەکانی نێوان کوردستان و ئێران بەپێی یەکێک لەبڕگەکانی ڕێکەوتننامەی جەزائیر لەساڵی 1974 داخران و سیفەتی فەرمی بوونیان لێوەرگیرایەوە، لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقیش لەساڵی 2003دا سەرجەم مەرزە گومرگییەکان بەشێوەیەکی فەرمی هاتنە ناساندن جگە لەمەرزی گومرگی حاجی ئۆمەران نەبێ.

عەبدولواحید گوانی، قایمقامی قەزای چۆمان، ئاماژەی بەوەدا تا ئێستا چەندین جار دانیشتن لەنێوان هەر سێ لایەنی کوردستانی، عێراقی و ئێرانی کراوە بۆ بەفەرمی ناساندنی مەرزی حاجی ئۆمەران، کەچی لایەنی ئێرانی هەمووجار بەڵێن دەدەن، بەڵام بەڵێنەکەیان بەجێ ناهێنن.

هەر چەندە وا بڕیار بوو ساڵی رابردوو مەرزی حاجی ئۆمەران، بەپێی دانیشتنێکی نێوان نوێنەری هەر سێ لایەنی کوردستانی، ئێرانی، عێراقی بکرێتەوە، بەڵام لایەنی ئێرانی بەڵێنەکەی خۆیان بەجێ نەهێنا، وەک عەبدولواحید گوانی گوتی "ساڵی رابردوو کاتێک کێشەی سنووری نێو دەوڵەتی نێوان عێراق و ئێران یەکلایی کرایەوە، بڕیار درا دوای 6 مانگ دەروازەی سنووری حاجی ئۆمەران بەشێوەیەکی فەرمی بناسێنرێ، بەڵام لایەنی ئێرانی لە کاتەکەی خۆیان نەهاتن".

بەپێی قسەی عەبدولواحید گوانی، حکومەتی کوردستان لەماوەی ساڵانی رابردوو ئامادەسازی تەواوی کردووە بۆ کردنەوەی خاڵی گومرگی حاجی ئۆمەران بەشێوەیەکی فەرمی و لەو بارەیەوە گوتی "لەڕووی بیناسازییەوە بە زیاتر لە 10 ملیۆن دینار دامەزراوەی گومرگی و پەیوەندییەکانمان لەحاجی ئۆمەران دروستکردووە، ماوەیەکی زۆریشە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران لەگفتوگۆداین کە دەروازەی گومرگی حاجی ئۆمەران بکرێتە رەسمی و بەترانزێت هاتوچۆ بکرێ، دانیشتنەکانیش لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی و پارێزگا و قایمقامییەت بووە".

رۆژی 2008/2/18، قایمقامی چۆمان بۆ جارێکی دیکە سەردانی ئوستانداری ورمێ دەکا و لەوێ چاوی بە ئاغای نیکبەخت، معاونی مودیری سیاسی نیزامی ئوستانداری ورمێ دەکەوێ و یەکێک لەباسە گرنگەکانیان بەفەرمی ناساندنی مەرزی حاجی ئۆمەران بوو، وەک عەبدولواحید گوانی باسیکرد "بەڵێنیاندا دوای 3 رۆژ وەفدێکیان بێتە چۆمان بۆ ئەوەی قسە لەسەر چۆنیەتی مەراسیمی کردنەوەی مەرزەکە بکەن بەشێوەیەکی رەسمی، بەڵام بەداخەوە نەهاتن".

هەر چەندە وا بڕیار بوو چوار شەممەی رابردوو جارێکی دیکە دانوسان لەنێوان لایەنی ئێرانی و کوردستانی لەسەر ئەو مەسەلەیە ئەنجامبدرێ، بەڵام بۆ جارێکی دیکە ئێرانییەکان لەوادەی خۆیان دوا کەوتن و نەهاتن، عەبدولواحید گوانی بەبێ ئەوەی ئاماژە بەهۆکاری ئەو دواکەوتنەی لایەنی ئێرانی بدات، گەشبینی خۆی نیشاندا کە بەمزووانە دەروازەی گومرگی حاجی ئۆمەران بەشێوەیەکی رەسمی دەکرێتەوە "بەپێی ئەو جموجۆڵ و ئامادەکارییانەی لایەنی ئێرانی لەسەر سنوور ئەنجامی دەدەن، ئاماژەن کە سنوورەکە بکرێتە سنوورێکی رەسمی".

بەفەرمی ناساندنی خاڵی گومرگی حاجی ئۆمەران گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بەتایبەتیش لەلایەنی ئابوری و هاتوچۆی هاووڵاتییان بۆ ئەو دیوی سنوور و هاتنی ئێرانیان بۆ باشووری کوردستان.

گوانی لەبارەی گرنگی ئەو کارەوە گوتی "جاران زۆربەی ئەوانەی هاتۆچی ئەو دیویان دەکرد بە واستە و واستەکاری لەرێگەی شێخ و ئاغاکان دەرۆیشتن، بەڵام ئەگەر مەرزەکە ببێتە مەرزێکی رەسمی هاووڵاتیانمان بەشێوەیەکی شارستانی داواکاری پێشکەش بەکونسولخانەی ئێران دەکەن لەهەولێر، کونسولخانەی ئێرانیش فیزەیان پێدەدا، بەبێ ئەوەی بچن موراجەعەتی ئاغا و شێخ و کەسایەتی بکەن".

لە واری ئابووریشەوە گوانی کردنەوەی ئەو دەروازە سنوورییە زۆر بە گرنگ دەزانێ و دەڵێ "ئەگەر ئەو مەرزە بەفەرمی بناسرێت ئەوا زۆربەی کۆمپانیا بازرگانییە گەورەکان لەرێگەی ئەو مەرزەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکەن، چونکە رێگاکە زۆر نزیکە".

هەروەها گوانی گرنگییەکی دیکەی ئەو مەرزە لەوەدا دەبینێتەوە کە لەمەودوا هاووڵاتیانی ئێران بۆ سەردانی مەزارە ئاینییەکانیان لەسوریا و کەربەلا، دەتوانن سوود لەو دەروازەیە وەربگرن.

بەپێی قسەی قایمقامی چۆمان رۆژانە زیاتر لە 500 هاووڵاتی لەهەردوو لایەنی کوردستانی و ئێرانی لەو دەروازەیە هاموشۆ دەکەن، هەروەها پتر لە 700 ئۆتۆمبێلی بارهەڵگریش لەو رێگەیەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکەن، بەڵام بەفەرمی ناسانی ئەو خاڵە گومرگییە، ژمارەی هاموشۆکەران و ئاڵوگۆڕی بازرگانی زێدەتر دەکا.

# خەریکە موسڵ لەکریستیانەکان چۆڵ دەبێت

**زەینەب موسڵاوی**
**ڕووداو – موسڵ**

لەماوەی 3 مانگی رابردوودا، 89 هاووڵاتی سڤیلی مەسیحی لەشاری موسڵ لەلایەن گرووپە چەکدارە توندڕەوەکانەوە تیرۆر کراون، هەروەها لەماوەی دوو ساڵی رابردوو زیاتر لە 18 پیاوی ئاینی مەسیحی لەموسڵ کوژراون. مەتران فەرەج رەحۆ، سەرۆکی تایفەی کلدانیش دوایین گەورە پیاوی ئاینییە کە مانگی رابردوو لەو شارە تیرۆر کرا.

مێژووی مەسیحییەکان لە شاری موسڵ و دەوروبەری دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی زاینی، کە زۆرجار رێبەرێتیکردنی مەسیحییەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەشاری موسڵ بووە. دوای بڵاو بوونەوەی ئایینی ئیسلام لەناوچەکەدا بەشێک لەمەسیحییەکانی شاری موسڵ بوونە موسڵمان، ئەوانەش کە نەبوونە موسڵمان سەرانەیان دەدایە موسڵمانان.

دوای هاتنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ عێراق لەساڵی 2003دا، ژمارەیەکی زۆر لەمەسیحییەکانی شاری موسڵ وەکو وەرگێڕو خزمەتگوزار لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا دەستیان بەکار کردن کرد، ئەمەش وایکرد زیاتر ببنە ئامانجی گرووپە توندڕەوەکان و رۆژانە بەدەیان هاووڵاتی مەسیحی بەبیانوی هاوکاریکردنی هێزەکانی ئەمریکا لەو شارەدا دەکوژران. هەروەها تا ئێستا چەندین جار هێرش کراوەتە سەر شوێنە ئاینییەکانیان.

کورد و مەسیحییەکان، دوای رووخانی رژێمی سەدام بوونە قوربانی عەرەبە شۆڤێنی و گرووپەکانی قاعیدە و ژمارەیەکی زۆریان ناچاربوون شارەکەیان بەجێبێڵن. بەهنام تۆما، قەشەی کڵێسای شەهیدان لەموسڵ، تووشی سەر سوڕمان بووە، کاتێک ساڵی رابردوو تەرمی مەتران ئەسکەندەری مەترانی کڵێسای مار ئەفرام بۆ سریانی ئەرسودکسیانی بەسەر بڕدراوی لەیەکێک لەگەڕەکەکانی خۆرهەڵاتی موسڵ دۆزرایەوە.

قەشە بەهنام بۆ (ڕووداو) گوتی "هەر لەو کاتدا زانیم سەربڕینی ئەو مەترانە نامەیەکە بۆ هەموو مەسیحییەکان، کە بوونی مەسیحییەکان لەو شارەدا جێگەی ناڕەزایی چەکدارە توندڕەوەکانە، هەر لەو کاتیشەوە زۆربەی مەسیحییەکان شاری موسڵیان جێهێشتووە".

تا ئێستا ئامارێکی ورد لەبەر دەستدا نییە لەسەر ژمارەی ئەو خێزانە مەسیحیانەی لەترسی هەڕەشەی چەکدارە توندڕەوەکان شاری موسڵیان جێهێشتووە، بەڵام زۆربەیان روویان لەناوچەکانی رۆژهەڵاتی شارەکە کردووە،کە زۆربەی کوردنشینە و بەشێکیشیان هاتوونەتە ناوچە وشارەکانی ژێر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بەپێی قسەی د.بەسام حەننا، کە مامۆستای زانکۆی موسڵە، پێش جەنگی ئازادی عێراق، نزیکەی 3 هەزار خێزانی مەسیحی لەسەنتەری شاری موسڵدا هەبوون، کە دابەشببوون بەسەر ناوچەکانی مەیدان، خەزرەج، ساعە و ناوەڕاستی موسل. هەروەها بەشێکیشیان لەگەڕەکەکانی رۆژهەڵاتی موسڵ وەک گەڕەکی نوور، سوکەر، بەلەدیات و حەربا لەباکووری موسڵ نیشتەجێبوون، بەڵام دوای جەنگی ئازادی عێراق زیاتر لە نیوەی مەسیحیەکان بەرەو ناوچەکانی رۆژهەڵاتی پارێزگای موسڵ کۆچیان کرد،وەک قەزای حەمدانیە کە زۆربەی خەڵکەکەی مەسیحییە، ناوچەکانی کەرملیس، ناحیەی بەرتللە، قەزای تلکێف، ناحیەی ئەلقوش و ناحیەی باشیک، هەروەها بەشێکیشیان روویانکردە شاروشارۆچکەکانی کوردستان. شاڵاوی کۆچکردن تەنیا بەوە راوەنەستا کە مەسیحییەکانی شاری موسڵ تەنیا چەند کیلۆ مەترێک لەشارەکەیان دوور بکەونەوە، بەڵکو ژمارەیەکیش لەو مەسیحیانە بۆ سەلامەتی گیانیان روویانکردە وڵاتانی دراوسێ و ئەوروپا بەتایبەتی وڵاتانی ئوردن، سووریا، سوید، ئەڵمانیا، هۆڵەندا و ئەمریکا. رائید یەشوع، 37 ساڵ، کاسبکار، هیچ کاتێک بیری لەوە نەکردبووەوە شاری موسڵ جێبێڵێت، بەڵام دوای ئەوەی باوکی لەلایەن چەکدارە توندڕەوەکانەوە سەربڕدرا، ناچار بوو شارەکە جێبێڵێت. رائید ئەوە بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوەو دەڵێت "باوکمیان رفاند، سەرەڕای ئەوەی 20 هەزار دۆلارم دا بەرفێنەرەکان، بەڵام دواتر تەرمەکەم لەرۆژئاوای موسڵ دۆزییەوە، بۆیە ناچار بووم شاری موسڵ جێبێڵم".

بەدرێژایی مێژووی عێراق مەسیحییەکان رۆڵی کارایان هەبووە لەسەر کلتوری خەڵکی شاری موسڵ، بەشێکی زۆری مەسیحییەکان بەپیشەی جۆراو جۆر خەریکبوون، وەک: زێڕنگەری، پزیشکی،برینپێچی، دروستکردنی سابوون و تەعین، دروستکردنی کەلوپەلی دەستکردی ماڵان لەخوری و لۆکە، هەروەها هەندێک لەمەسیحییە هەژارەکان بەو کارانەوە خەریکبوون کە لەلایەن موسڵمانانەوە قەدەخە کرابوون، وەک دروستکردن و فرۆشتنی مەی و خزمەتکردن لە یانە و شوێنەکانی رابواردن. مەسیحییەکان و موسڵمانانی شاری موسڵ ئاماژە بەتەبایی نێوانیان دەدەن لەشاری موسڵ و باس لەوە دەکەن تا پرۆسەی ئازادکردنی عێراق هیچ گرفتێک لەنێوانیاندا نەبووە .وەک رائید یەشوع دەڵێت "لەگەڵ دراوسێ موسڵمانەکانمان زۆر تەبا بووین، ئەو رۆژەی شاری موسڵمان جێهێشت، هەموویان بۆمان دەگریان".

حەبیب مەتی، 48 ساڵ، ئەندازیاری کشتوکاڵ، وەک خۆی باسیکرد 23 ساڵ لەشاری موسڵ ژیاوە، بەڵام بەهۆی هەڕەشەی چەکدارە توندڕەوەکان ئێستا لەشارەدێی حەمدانیە لەخۆرهەڵاتی موسڵ دەژیت، کە زۆربەی دانیشتووانی کریستیانن.

حەبیب گوتی "23 ساڵ لەشاری موسڵ بووم، لەگەڵ موسڵمانەکاندا هیچ جیاوازییەکمان نەبووە، لەبۆنە خۆش و ناخۆشەکانی یەکتری بەشداریمان کردووە، بەڵام دوای رووداوەکانی سامەڕا شاڵاوی راگواستن و کوشتنی ئێمە دەستی پێکرد".

لەباری سیاسی، مەسیحییەکانی موسڵ لەدەرەوەی هاوکێشەکاندا نەبوونە و جێی پەنجەیان دیار بووە، دوای دروستکردنی حکوومەتی عێراق، مەسیحییەکانی موسڵ وەک زۆربەی مەسیحییەکانی عێراق لە دەزگاکانی بەریتانیاو سوپای بەریتانیا لەعێراق وەک وەرگێڕ یان لەدەزگاکانی وەک فرۆکەخانەو شەمەندەفەر و پۆلیس و کۆمپانیاکانی نەوت کاریان کردووە.

هەندێک لەمەسیحییەکانی موسڵ چوونە نێو ریزەکانی حیزبی شیوعی عێراق و لەکودەتای شوباتی 1963 کە بەعسییەکان ئەنجامیاندا هێرشێکی زۆر کرایە سەریان، هەر بۆیە زۆریان روویانکردە شارەکانی کوردستان و بەغدا و بەسرا، بەڵام دوای گەڕانەوەی حیزبی بەعس بۆ دەسەڵات لەساڵی 1968، مەسیحییەکانی موسڵ رەوشیان باشتربوو ئەویش بەهۆی ئەوەی میشێل عەفلەق دامەزرێنەری حیزبی بەعس مەسیحی بوو، هەروەها تاریق عەزیز کە لەسەرکردایەتی بەعسی عێراق بوو مەسیحی دەوروبەری شاری موسڵ بوو.

تیرۆرکردنی مەتران فەرەج رەحۆ، سەرۆکی تایفەی کلدانی لەمانگی رابردوودا زۆرترین ناڕەزایی لەنێوان مەسیحییان و عەرەبە موسڵمانەکان لێکەوتەوە. موسڵمانانی شاری موسڵ زۆربەیان گەواهی ئەوە دەدەن کە مەتران فەرەج رەحۆ هەمیشە هەوڵی نەهێشتنی دیاردەی توندوتیژی داوە. شێخ حەسان ئیدریس، دەرچووی کۆلیژی ئیمام ئەعزەم، تیرۆرکردنی ئەو مەترانەی بە "پیلانی دوژمنان" وەسفکرد بۆ دروستکردنی ئاژاوە لەنێوان موسڵمانان و مەسیحییانی شارەکە و گوتی "کوشتنی مەتران فەرەج رەحۆ هیچ پەیوەندی بەدابونەریتی خەڵکی موسڵ نییە، بەڵکو پیلانی دوژمنانە بۆ دروستکردنی ئاژاوە لەنێوان موسڵمانان و مەسیحییان". ناوبراو ئاماژەی بەچاکەکانی ئەو مەترانە داو گوتی "مەتران فەرەج پێش رفاندنی 8 ملیۆن دیناری پێشکێشی زیانلێکەوتووانی تەقینەوەکەی گەڕەکی زەنجیلی کرد".

زۆرجار لێدوانی پیاوانی ئاینی مەسیحی لەرۆژئاوا راستەوخۆ کار دەکاتە سەر مەسیحییەکانی عێراق و لەلایەن چەکدارە توندڕەوە ئیسلامییەکان رووبەرووی هەڕەشە دەبنەوە، بەڵام گەورە پیاوانی ئاینی مەسیحی لەشاری موسڵ ئەوە دەخەنەروو کە ئەوان بوونەتە قوربانی لێدوانەکانی پیاوانی ئاینی مەسیحی لەرۆژئاوا دژی موسڵمانان، خۆشیان بێ بەری دەزانن لەو لێدوانانە.

مەها جۆرێف، کە ئافرەتێکی رەبەنە (راهیبە)لە کڵێسای مار ئەفرام لەموسڵ لەو بارەیەوە گوتی "ئێمە خەڵکی ئاشتیخوازین و ئەو کردەوەو لێدوانانەی کە پاپا و زانایانی مەسیحی لەوڵاتانی رۆژئاوا دەیدەن ئێمە ریسوایان دەکەین، نابێت ببینە قوربانی خەڵکی دیکە".

هەروەها مەتی لۆقا لەکەڵێسای مەریەم ئەلعەزرا لەناوچەی نەبی یونس، گوتی "ئەگەر ئەو چەکدارانە ناکۆکیان لەگەڵ هەندێک لەسیاسەتمەدارو بەرپرسانی عێراق و هێزەکانی هاوپەیمانناندا هەیە، ئێمە لەگەڵ راستین، نابێت ببینە قوربانی لێدوانەکانی پاپا، لێدوانی ئەوان هیچ پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، رازیش نین سوکایەتی بە ئاینمان بکرێت و پیاوانی ئاینیمان ببنە قوربانی".



خۆپیشاندانێکی کرستیانەکانی موسڵ لە دژی کوشتنی مەتران پۆڵس فەرەج رەحۆ

ankawa.com



## دادگایەکی ئەوروپایی ناوی PKK لە لیستی تیرۆر لادەبات

ڕووداو/ ئاژانسەکان

◆ ڕۆژی پێنج شەممە 2008/4/3 دادگایەکی ئەوروپایی لە لۆکسمبۆرگ کە دووەمین دادگای پایە بڵندی ئەوروپییە، بڕیارێکی یەکێتی ئەوروپای هەڵوەشاندەوە کە ساڵی 2002 PKK ی خستبووە نێو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە، لەمبارەیەوە بەرپرسێکی یەکێتی ئەوروپا ڕایگەیاند بڕیارەکە هیچ کاریگەرییەکی دەمودەستی بەسەر بەتیرۆریست ناسینی PKK لەلایەن ئەمریکا وولاتانی ئەوروپایی نابێت و PKKهەر بەڕێکخراوێکی تیرۆریست لە لیستی ئەو وڵاتانەدا دەمێنێتەوە.

# قامشلۆ لەناو خوێندا جەژنی نەورۆزی گێڕا

**عەبدولڕەحمان عەلی ـ هەولێر**
**سوار سەلاحەدین ـ قامشلۆ**

هێزەکانی سوریا لە ئێوارەی کردنەوەی ئاگری نەورۆزدا لە قامشلۆ 3 گەنجی کوشت و 6ی دیکەشی بریندار کرد .سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و کۆشکی سپی و ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ تاوانەکەیان پرۆتیستۆکرد و داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەو سزادانی تاوانبارانیان کرد .

دوای ئەو ڕووداوە،حیزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان،جگە لە پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD کە نزیکی پ ک ک یە، بڕیاریاندا وەک ناڕەزایی دەربڕینێک ئەمساڵ ئاهەنگ و ڕێورەسمی جێژنی نەورۆز نەگێڕن،بەڵام ئەمساڵ لە قامشلۆ وە تا دیمەشق کورد زۆر فراوانتر لە هەموو ساڵانی پێشوو جەژنی نەورۆزیان گێڕا .

فوئاد عومەر سەرۆکی PYD لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" سەرەڕای ئەوەی کە پارتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بەدەرکردنی بەیاننامەیەکی هاوبەش وەک ناڕەزاییەک لەبەرامبەر گوشارەکانی دەوڵەت گێڕانی هەر چەشنە مەراسیمێکی نەورۆزیان ڕاگرت، هەروەها حکومەتی سوریاش بەڕێوەچوونی هەرجۆرە مەراسیمێکی قەدەخە کردبوو،بەڵام گەل قبوولیان نەکرد و نەورۆزی خۆیان پیرۆز کرد" .زۆربەی ئاهەنگەکان و ڕێورەسمەکانیش لەلایەن PYD سازکران .

هێزەکانی سوریا،ئێوارەی 2008/3/20 لە گەڕەکی هلیلیەی شاری قامشلۆ هێرشیانکردە سەر ڕێورەسمی نەورۆز و ئاگرکردنەوەو ئاهەنگگێڕانی گوللە بارانکرد لە ئەنجامدا سێ گەنج بە ناوەکانی (محەممەد زەکی ڕەمەزان25- ساڵ،ئەحمەد مەحمود حسێن18- ساڵ،محەممەد یەحیا خەلیل - 36 ساڵ)گیانیان لەدەستدا و 6 دیکەش بریندار بوون .ئەوەش ناڕازاییەکی فراوانی جیهانی لێکەوتەوە دژی سوریا،بەڵام جیهان بەرامبەر کوژرانی پێنج هاووڵاتی کورد لە باکووری کوردستان لەلایەن هێزەکانی تورکیاوە بێدەنگ بوو .

کەریم ئیبراهیم یوسف،بەڕێوەبەری ماڵپەڕی ئینتەرنێتی کەسک و سۆر، کە یەکێکە لەو 6 بریندارانە ئەوەی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە کە ئەو ئێوارەی کردنەوەی ئاگری نەورۆز بۆ وێنەگرتنی ڕێورەسمەکە چووبووە ئەوێ،بەڵام ئەوەبوو کەوتە بەر دەستڕێژی هێزەکانی سوریا و لە ئەنجامدا بریندار بوو .کەریم ئیبراهیم بەسەر شکاوی و برینداریەوە،بەڵام بەو وریەکی بەرزەوە گوتی"کورد حەز لە ژیان دەکەن، بەڵام لە مردنیش ناترسن" .

هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی نەورۆز دەوڵەتی سوریا بۆ چاوترساندنی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان چوار هاووڵاتی کوردی دەستگیر کرد لەبەر لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی، هەروەها 22 کەسی لەئەنجامدەرانی خۆپیشاندانی 2007/11/2ی قامشلۆ کە ئەوکات بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەدژی هێرشی سوپای تورکیا بۆسەر باشووری کوردستان خۆپیشاندانیان کردبوو، دادگایی کرد. فوئاد عومەر دەڵێ"ئەمساڵ حکومەت پەیامی بۆ گەلی کورد ئەوەبوو دوو ڕێگاتان لەپێشە، یەکەم: ئەگەر دەتانەوێ نەورۆز بکەن دەبێ خۆتان بۆ مردن ئامادە بکەن، ڕێگای دووەمیش ئەوەیە کە ئەو جێژنە نەگێڕن و تەسلیم بن. بۆیە خەڵک سەرەڕای ئەو هەڕەشانە لە هەموو شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا ڕژانە سەر شەقامەکان و نەورۆزی خۆیان پیرۆز کرد" .

پارتە بەرهەڵستکارە کوردییەکانی سوریا لە ساڵانی 2003-2007 بە دەرکردنی بڕیارێک داوایان لەخەڵکی کورد کردووە کە وەک ناڕەزاییەک لەبەرامبەر گوشارەکانی دەوڵەتی سوریادا مەراسیمی ئاهەنگی نەورۆز نەگێڕن، سەرۆکی PYD پێیوایە کە تا ئێستاش لایەنە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەبایەخی مێژوویی ئەو ڕۆژە تێنەگەیشتوون و بەو بڕیارانەیان پەیامی نەورۆز چەواشە دەکەن.

هەروەها گوتی"دەوڵەتی سوریا نایەوێ نەورۆز ببێتە ڕۆژی یەکێتی نەتەوەیی کورد، بۆیە پێویستە پارتەکانی ڕۆژئاوا نەکەونە ناو پیلانی دەوڵەتەوەو چاو لە بەرخۆدان و سەرهەڵدانی گەل لە باشوورو باکووری وڵات بکەن" . سەبارەت بەوەی بۆچی ئەوانیش هاودەنگ نەبوون لەگەڵ پارتەکانی دیکە گوتی "نەورۆز موڵکی گەلەو تایبەت نییە بە هیچ پارتێک، بۆیە گەل نەورۆزی خۆی پیرۆز دەکات و ئێمەش پشتیوانی لەو هەڵوێستە دەکەین" . بە توندیش ڕەخنەی لە حیزبەکان گرت و گوتی تەڤگەری کوردی سوریا نەگەیشتووەتە ئاستێک کە بەگوێرەی پێویستییەکانی ڕەوشی ئەمڕۆ سیاسەت بکات .هەروەها بە پێویستی زانی ئەو حیزبانە لە رووی ستراتیژییەوە سیاسەتی خۆیان ڕاست بکەنەوەو و سازش لەسەر بەهاکانی کورد نەکەن،کە نەورۆز یەکێکە لەو بەهایانەیە .

ئاماژەی بەوەشدا،کە سەرەڕای گوشارە نێودەوڵەتییەکانی سەر دەوڵەتی سوریا هێشتا بەردەوامە لەسەر سیاسەتی ڕەتکردنەوەی بوونی خاک و کێشەی کورد لە سوریا .

کۆماری عەرەبیی سوریا،کە لەلایەن حیزبی بەعسەوە حوکمدەکرێ،کورد وەک ئاواربووەکانی باکووری کوردستان تەماشا دەکات و تا ئێستا زیاتر لە 300هەزار کەس بەبێ ناسنامەن لە سوریا و هیچ مافێکی خوێندنی زانکۆیی و موڵکدارییان نییە .بەگشتی سوریا دان بە بوونی بەشێکی خاکی کوردستان لە ناو سوریادا نانێ و هەروەها دان بە بوونی کێشەی کوردیش دانانێ .ئەو کوردانەش کە ناسنامەیان هەیە وەک عەرەب تۆمارکراون .

سەرۆکیPYD هەروەها بە سەرسوڕمانەوە باس لە هەڵوێستی هەندێک لە پارتە کوردییەکانی ڕۆژئاوا دەکات و دەڵێ"ئەگەر لەپێش چاوی ئەوان گەل بکوژرێت و بەرەورووی زوڵم و زۆر و ئەشکەنجە ببێتەوەو ئەوانیش بێدەنگ بن،ئەی کاری ئەوان چییە؟ ئەگەر ئەو سەرهەڵدانانە پشتگیرییان لێنەکرێت و خەڵکی دڵگەرم نەکرێن جارێکیتر لە بەرامبەر ڕژێمی دیکتاتۆری سوریادا سەرهەڵنادەن" .

دوای ئەو ڕووداوەی قامشلۆ،مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەزاخۆ بەبۆنەی ڕووداوەکەی قامشلۆ ڕایگەیاند "بەو بۆنەوە هاودەردی و خەمگینی خۆم لەگەڵ جەماوەری قامشلۆ دەردەبڕم و سەرەخۆشی لەکەسوکاری ئەو شەهیدانە دەکەم، ئەوانەی کە بێتاوان کوژراون، هیوادارم و پێویستیشە کە ئیدی کوردکوشتن بەس بێت" .هەروەها سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا داوای لە بەشار ئەسەد کرد کە لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە پێکبێنێ و تاوانباران سزا بدرێن. سەرۆکیPYD لەبارەی ئەو هەڵوێستەی بارزانی گوتی "ئێمە هەڵوێستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرز دەنرخێنین و لەوبڕوایەشداین کە بەڕێز بارزانی ڕۆڵێکی ئەرێنی بۆ هەموو کورد دەگێڕێت ". هەر لەو بارەوە د .ئەبد ئەلحەکیم بەشاری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا (ئەلپارتی)، کە پارتێکی پارتی دیموکراتی کوردستانە،لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)پەسنی هەڵوێستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی دا و گوتی"پەیامی سەرۆک بارزانی مەلحەمی سەر برینان بوو" .

هەروەها کۆشکی سپی ئەمریکا لە سەر ئەو تاوانە بەتوندی ڕەخنەی لەسوریا گرت و داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە .لەلایەکی دیکەوە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (هیومان رایتس ووچ) کە بارەگاکەی لە نیویۆرکە، وێڕای پرۆتیستۆکردنی ئەو تاوانەی ئێوارەی نەورۆزی قامشلۆ، داوای لە دەسەڵاتدارانی سوریا کرد کە دۆسیەیەکی لێکۆڵینەوەی بێلایەن بۆ ڕووداوەکە بکاتەوە. جۆ وستۆک بەڕێوەبەری جێبەجێکار ئەو ڕێکخراوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا ڕایگەیاند پێویستە بەرپرسانی سوریا هۆکاری گوللەبارانکردنی کوردان ڕوونبکەنەوەو تاوانبارانی ئەو کردەوەیە سزا بدەن.

هەرلەو پەیوەندییەدا عەبدولباقی یوسف ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی یەکێتی کورد لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی" هاوکات لەگەڵ بەردەوامبوونی گوشارەکانی دەوڵەت و بەتایبەت پاش ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ڕۆژئاوا پارتە کوردییەکان کۆبوونەوەو لەسەر ئەوە ڕێککەوتن وەک ناڕەزاییەک لەبەرامبەر ئەو کردەوە دژەمرۆییانەی ڕژێمی سوریا لەقامیشلۆ مەراسیمی نەورۆز نەگێڕن، بەڵام لەسەر شوێنەکانی دیکە بیروڕایان جیاواز بوو" . هەروەها دووپاتی کردەوە کە ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە تەڤگەری کوردی بڕیاریداوە لەناو شارەکان ئاگر نەکاتەوە، چونکە دووکەڵی ئەو ئاگرە بۆ تەندروستی هاووڵاتیان و هەروەها ژینگەی شار باش نییە .

سەبارەت بە ژمارەی دەستگیرکراوانی خۆپیشاندانەکەی نەورۆز عەبدولباقی یوسف دەڵێ" خەڵکێکی زۆر دەستگیر کراون و هەر لەڕۆژی دووەمی نەورۆزدا لەحەلەب و عەفرین نزیکەی200 کەس دەستگیر کران" .

باقێ سابر،نوێنەری پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا (YEKITI) لە باشووری کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "تەڤگەڕی کوردی باش لەوە تێگەیشتبوو کە ڕادەی شۆڤینییەتی ڕژێمی گەیشتووەتە لوتکە، بۆیە بەیاننامەیەکی دەرکرد و داوای لە نەتەوەکەی کرد کەلە نەورۆزی ئەمساڵدا بەهیچ شێوەیەک حاڵەتی توڕەیی و خۆپیشاندان دروست نەکەن،خەڵکیش گوێ ڕایەل بوو، بەڵام شۆڤینیەتی بەعس نەیهێشت بەشێوەیەکی ئارام نەورۆز پیرۆز بکرێ و هێرشێکی ناجوامێرانەی کردەسەر خەڵک" .

لەکاتی سەرهەڵدانی 2004ی قامشلۆدا نزیکەی 700 کەس دەستگیرکران، زۆر لەوانە منداڵ بوون و تەمەنیان 14- 15 ساڵان بوو، دواتر هەندێک لەو منداڵانە ئازاد کران و 50 کەسیان درانە دادگا . کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بەزیندانیکردنی منداڵان دەربڕی و پاشان دەوڵەتی سوریا ناچار بوو کە منداڵەکان ئازاد بکات و بە شێوەیەکی نەرمتر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات .



یەکێک لە بریندارەکانی قامشلۆ بۆ ڕووداو دەدوێت

عەبدولباقی لەوبارەیەوە دەڵێ "ئەو منداڵانە بە تێکدانی باری ئاسایشی نەتەوەیی و نانەوەی ئاژاوەو توندوتیژی تۆمەتبار کراون، ڕاستە ئێستا لەماڵی خۆیانن، بەڵام ڕەوتی دادگاییکردنەکەیان هەر بەردەوامە" .

سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەچوونی مەراسیمی نەورۆزی ئەمساڵ عەبدولباقی دەڵێ" نەورۆز ڕەنگدانەوەی خەباتی نەتەوەیی کوردەو بۆیە دەبوایە لەقامشلۆ بەرز ڕابگیرایە و بکرابایە ڕۆژی سەرهەڵدان و لە مەراسیمێکی گەورەدا تەرمی ئەو شەهیدانەیان بەخاک بسپێردرایە" . بەڕای ئەو بەرپرسەی پارتی یەکێتی،دەوڵەتی سوریا دەیویست ئەو مەراسیمە بەشێوەیەکی ئاسایی بەڕێوەبچێت و ئەویش دیمەنەکانی ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژێکی ئاسایی نیشانی جیهان بدات، بەڵام بەپێچەوانەوە نەتەوەی کورد مەراسیمی نەورۆزی وەک ناڕەزاییەک لەدژی ڕژێم بەکارهێنا .

## مەکتەبی سیاسی یەکێتی لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی پێکدەهێنێ

# ئاشکرابوونی باندێکی تاوانکاری کە کارمەندی ئاسایشی کوردستان و هێزی دژە تیرۆر و ئیستیخباراتی عێراقی تێدایە

**عەلی حەمەساڵح**
**ڕووداو ـ سلێمانی**

باندێکی گەورەی ڕفاندنی هاووڵاتیان ئاشکرا دەبێت، کە سەرکردەکانیان لە ڕیزی ئاسایش و ئیستیخباراتدان و تائێستاش 7 کەس لەم باندە دەستگیرکراون و هەندێکیان زیاتر لە دوو مانگە بڕیاری دەستگیرکردنیان هەیەو تائێستا بەردەست نەکەوتوون و لەنێو دەستگیرنەکراوەکاندا دوو ملازمی فەرماندەیی هەیە . مەکتەبی سیاسی یەکێتیش لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە پێکدەهێنێ .

خالید ئەحمەد کوڕی بازرگانێکی گەورەی شاری کەلارەو دوو مانگ پێش ئێستا لەلایەن تۆڕێکی تاوانکارییەوە دەرفێنرێت، بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەکی ئەمنی لەکەلار "هۆکاری ڕفاندنی خالید بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کوڕی بازرگانێکی گەورەی کەلارە، لەبەرامبەر ڕفاندنی خالیددا باندەکە داوای 500 هەزار دۆلاریان دەکرد و پاشان ئەم بڕە پارەیەی بۆ نزیکەی 100 هەزار دۆلار هێنایە خوارەوە" .

ئەو سەرچاوە ئەمنییە زانیاری زیاتر بە (ڕووداو) دەدات و دەڵێت "گرتنی خالید بوو بەهۆی ئەوەی باندێکی گەورەی تیرۆرستی دەستگیربکرێت کە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە کاری ڕفاندنی هاووڵاتیان دەکەن لەناوچەکانی سەر ڕێگای خانەقین، مەندەلی، جەلەولا، ئیمام وەیس، سەعدییە، شارەبان، قەرتەپە، عوزێم، کفری، دوبز، کەرکوک و داقوق و نزیکەی 40 کەس دەبن و کوردن" .

بەپێی زانیاری ئەو سەرچاوە باوەڕپێکراوە کاتێک خالید لەماڵێکدا لەخانەقین دەستبەسەرە، هێزێکی ئاسایشی گەرمیان دەدات بەسەر ماڵەکەداو، 7 کەس لەو باندە دەستگیردەکات و ئێستاش لەئاسایشی گەرمیان زیندانین .

ئەو سەرچاوە زانیاری ئەوە بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات کە "لەنێو ئەو باندەدا دوو ئەفسەری ئیستیخباراتی عێراقی هەن بەناوەکانی (ع)و (د) کەکوردن و لەسەر لیستی یەکێتی دانراون، لەنێو مۆبایلی ئەندامانی باندەکەدا ژمارە مۆبایلی ڕائیدێکی ئاسایشی سلێمانی هەبووە کە بەناوی خوازراوەوە خەزن کراوە"، بەڕێوەبەری ئاسایشی گەرمیانیش دەڵێت" ئەو منداڵەی کە ڕفێنراوە بەناوی خالید لەماڵی (ع) دانراوە کە لەریزی ئیستیخباراتدایە" .

بەپێی زانیارییەکان ماوەی زیاتر لە ساڵێکە ئەم باندە ئاشکرابووە، بەڵام تائێستا هیچ لێپێچینەوەیەک لەوبارەوە نەکراوە، محەممەدی مالییەی بەڕێوەبەری ئاسایشی گەرمیان، بۆ یەکەم جار ڕاستی ئەم باسە بۆ (ڕووداو) ئاشکرادەکات و دەڵێت"7 کەس بەتۆمەتی ڕفاندنی خالید دەستگیرکراون لەنێو ئەو 7 کەسەشدا، دووانیان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەڕفاندنی بەڵێندەرێکەوە هەیە و لە ساڵی 2004وە لەئیستیخباراتی حکومەتی ئێستای عێراق دەوامیان کردووە" .

(ڕووداو) زانیویەتی، جگە لەو 7 کەسەی کە گیراون 6 کەسی دیکە بڕیاری گرتنیان هەیە، لەنێویاندا (ح .ع) و (گ. ب) هەیە کە ئەفسەری فەرماندەیی یەکێتین و هاوڕێی ڕائیدە گومانلێکراوەکەی ئاسایشن، سەرچاوەیەک لەئاسایشی گەرمیانیش دەڵێت" ئەو ڕائیدەو هەردوو هاوڕێکەی لەهێزی دژەتیرۆرن"، بەپێی زانیارییەکان ئەو دوو ئەفسەرە بەرەو تورکیا ڕایانکردووە .

بەڕێوەبەری ئاسایشی گەرمیان گوتی "نازانم (گ) و (ح) ملازمن لەئاسایشی گشتی یان نا، بەڵام لای ئێمە نین و تەنها وەکو ناو دەیانناسم، ئەو دوو کەسە ڕایانکردووە بۆ تورکیا، ئێمە ئەو زانیاریانەمان لەتورکیاوە دەست کەوتووە، ئەوان دوو کەسی زۆر سەرەکین و تاوەکو نەشگیرێن شتی دیکە لەسەر ئەم گروپە دەرناکەوێت" .

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی ئەمنی کە نەیویست ناوی بهێنرێت بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە (ح) و (گ)، هیچ خولێکی هێزی وەزارەتی ناوخۆیان نەبینیوەو لەڕێگەی فەرماندەیی پێشمەرگەوە پلەی ملازمیان دراوەتێ" .

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتووە ڕائیدەکەی ئاسایش پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ کەسانی نێو ئەم گروپەدا هەبووەو لەکاتی دەستگیرکردنی گروپەکەشدا ژمارە مۆبایلی ئەو لەنێو مۆبایلی تاوانباراندا هەبووە .

محەممەدی مالییەی بەڕێوەبەری ئاسایشی گەرمیان ئەوە ناشارێتەوە کە ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە هەبووەو دەڵێت"ڕاستە ئەو ڕائیدە تەلەفۆنی بۆ کردوون و ئێمەش لەسەر هەموو تەلەفۆنێک بەوردی ڕۆشتووین، ئەو ڕائیدە خۆی ماوەیەکی زۆریش لەلایەن ئاسایشی گشتییەوە دەستبەسەر کرا، بەڵام وەک بەڵگە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر ساغ نەبووەوەو کێشەکەی درا بەدادوەر، بەڵام دادوەر داوای نەکردووە" .

ڕۆژی 2007/7/6 بەڵێندەرێکی عەرەب بەناوی ئەبو عەلا، لەنێوان ڕێگای دبس و کفری ڕفێندراو دواتر ئەو ڕائیدەی ئاسایش بەتۆمەتی ڕفاندنی بەڵێندەرەکە دەستگیر کرا، سەرچاوەیەکی ئاگادار لەئاسایشی گەرمیانەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" ئەو باندەی ئێستا هەمان باندن بەڵێندەرەکەیان ڕفاند و لەکەلاردا دەستبەسەریان کردبوو" .

وەک سەرچاوەکە گوتی "ئەو باندە داوای 100 هەزار دۆلاریان لەبەڵێندەرەکە کردبوو، بەڵام دواتر بەڵێندەرەکە ڕایکردو لەپۆلیسی کەلار خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد، ئەو ڕائیدەش بەتۆمەتی ڕفاندنی بەڵێندەرەکە لەکەلار زیندانی کراو پاشان برایە دەربەندیخان و لەوێشەوە برایە کفری و دواتر وەک دەستبەسەر گواسترایەوە بۆ ئاسایشی سلێمانی و لەوێ ئازادکرا" .

ئەبو عەلا لەدایکبووی 1969یەو خاوەنی دوو منداڵەو دانیشتووی بەغدایە و بەرەگەز عەرەبەو لەکوردستان کاری بەڵێندەرایەتی کردووە، ڕۆژی 2006/7/6 لەسەر ڕێگای دبس و کفری لەلایەن چەند چەکدارێکەوە ڕفێنراو چەکدارەکان داوای 100 هەزار دۆلاریان لە کەسوکارەکەی کردووە بۆ ئازادکردنی، بەڵام ڕۆژی 2006/7/14 ئەبو عەلا، لەحەمامی ئەو ماڵەی تێیدا دەستگیرکرابوو ڕادەکات و خۆی ڕادەستی پۆلیس دەکات.

بەپێی ئەو زانیاریو بەڵگانەی کە سەرچاوە ئەمنییەکانی گەرمیان داویانە بە (ڕووداو) "بەهۆی ڕفاندنی بەڵێندەرەکەوە، بەبڕیاری دادوەر 5 کەس دەستگیرکران لەسلێمانی و کەلارو کفری" .

بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانیش لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە 4021 ی ڕۆژی 2006/7/16 دا ڕایگەیاندبوو" لەنێو دەستگیرکراوەکاندا هەندێک پۆلیس و ئاسایش هەن، 5 کەسی دیکەش بەفەرمانی دادوەر داواکراون، (ە) یش خاوەن ئەو ماڵەیە کە بەڵێندەرەکەی تێدا دەستبەسەر کرابوو" .

سەرچاوەکەی ئاسایشی گەرمیانیش دەڵێت" مەبەست لە (ە) ئەو ڕائیدەیە، چونکە ئەو لەوکاتەدا لەلایەن ئاسایشی سلێمانیەوە داواکراوە، لەهەمان کاتدا بەڵێندەرەکە سکاڵای لەسەر ڕائیدەکە لەپۆلیسی کەلار تۆمار کردووەو بەبڕیاری دادوەر ماڵی ڕائیدەکە لەگەڕەکی فەرمانبەرانی کەلار پشکێنراوەو پاسەوانی ماڵەکە دەستگیرکراوەو دانی بەتاوانەکەدا ناوە، دوای پشکنینی ماڵەکەش دەست بەسەر ژمارەیەک چەک و ناسنامەو دەمامک و جل و بەرگی سەربازیدا گیراوە" .

بەپێی ئیفادەی ئەبوعەلای بەڵێندەر کە زانیارییەکانی دراوە بە (ڕووداو) و بەشێکیشی لە ژمارە 4021 ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بڵاو کراوەتەوە، ئەبو علا گوتوویەتی "من بەڵێندەرم، ڕۆژی 2007/7/6 لەگەڵ کوڕێکی خاڵم و کەسێکی دیکە بەنیازی سەردانی ماڵەوە بووم، لەسەر ڕێگای کفری دوبز کەوتینە بۆسەی چەند چەکدارێکەوە کە جلوبەرگی سەربازییان لەبەردابوو، پەلاماریان داین و لەئۆتۆمبیلەکە دایانبەزاندین، لەوکاتەدا کوڕە خاڵەکەم ترساو ڕایکرد، لەپشتەوە دەستڕێژیان لێکردو کوشتیان، پاشان لە پشتی ئۆتومبێلەکەدا تورەکەیان بەسەر من و هاوڕێکەمدا کردو توند دەستیان بەستین، سواری ئۆتۆمبێلەکەیان کردین و لەڕێگادا هاوڕێکەمیان بەردا، بەڵام منیان بردو نەمدەزانی بۆ کوێم دەبەن، تا ئەو کاتەی منیان بردە ماڵێک لەگەرماوەکەدا بە کەلەپچەکراوی دایاننام" .

بەپێی زانیاری نێو ئیفادەی ئەبو عەلا "چەکدارەکان داوای 100 هەزار دۆلاریان لەماڵی ئەبوعەلا کردووە بۆ ئازادکردنی، شەوی 14/13 ی 7/ 2006 پێیانگوتووە: داوای 10 دەفتەر دۆلارمان کردووە، ئەگەر کەسوکارت ئەو بڕە پارەیە نەهێنن دەتکوژین، بەڵام لەبەرئەوەی چەکدارەکان مەشروبی زۆریان خواردبوو ماندووبوون و منیان خستەوە ناو گەرماوەکەو منیش بەسابون کەلەپچەکەم شل کردەوەو توانیم دەستم دەربهێنم و هاتمە دەرەوەو دوای کەمێک ڕاکردن چوومە سەرشەقامێک تاوەکو چوار ڕیانەکەی ناو بازاڕم نەبینی نەمزانی کەلارە، ئەوجا ڕامکرد بۆ پۆلیسی کەلار" .

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەلار دەڵێ"سوێند بەخوا، ڕفاندنی بەڵێندەرەکە لەلایەن ئەو ڕائیدەی ئاسایشەوە ڕاستەو من زۆر داکۆکیشم لەسەرکرد، پێشیانگوتم ئەو ڕائیدە 60 هەزار دۆلاری داوە بەبەڵێندەرەکە بۆ ئەوەی لەدادگا بڵێت ئەو نەیڕفاندوم، من بەئاسایشی گشتیم گوت: دەبوایە هەر ساڵی پار ئەو ڕائیدەتان دەربکردایەو ئەگەر ڕفاندنی ئەم بەڵێندەرەشتان بۆ پەردەپۆش کرد، نەدەبوایە لەئاسایشدا بمابایە" .

بەپێی ئەو زانیارییەی دراوە بە (ڕووداو) ئەوەی سوڵحی کردووە لەنێوان ڕائیدەکە و ئەبوعەلای بەڵێندەردا ئەبو عارفی سەرۆک عەشیرەتی گێژەبووە لەکەلار.

(ڕووداو) پەیوەندی کرد بەئەبوعارفەوە، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی سوڵحی نێوان ئەو ڕائیدەو بەڵێندەرەکەی کردووە، ناوبراو گوتی"من ئەو کابرایەم نەبینیوە، عەرەبەکە هاتەلام و گوتی لێقەوماوم و ئەگەر ئەم سوڵحەم بۆ بکەیت سوپاست دەکەم و هیچ شکاتم لەو پیاوە نییە، بۆیەش دەمەوێت سوڵح بکەم، چونکە کاری بەڵێندەرایەتیم لێرە ماوەو دەترسم تووشی گرفتێک ببم و دەمەوێت کارەکانم تەواو بکەم" .

ئەبوعارف زانیاری زیاتر دەدات و دەڵێت" تەلەفونم بۆ (ە) کرد، گوتی من هیچم نییە لەگەڵ خەڵکداو تاوانباریش نیم، پاشان (ە) تەلەفونی بۆ کردمەوەو گوتی: لەبەرئەوەی تۆ دەستت خستووەتە ناو ئەم کارە گرفتم نییە ئێمە کۆمەڵێک کەسین توهەمەیان پێکردووین و ئەگەر بێت تەنازول بکات و ئەو خەڵکە ئازاد ببێت زۆر ئاساییە، بەڵێنیشت دەدەمێ کەکەس دەست نەهێنێتە ڕێگای تاوەکو کارەکانی تەواو دەکات، عەرەبەکانیش هاتن و تەنازولیان کردو تەواو بوو". لەبارەی ئەوەی پارە درابێت لەم سوڵحەدا، ئەبو عارف گوتی"من نە کردوومەو نەچوومەتە لای (ە)و پارەشم لێوەرنەگرتوون، من پێش ئەوەی دەستبکەم بەکارەکە ئاگاداری بەڕێوەبەری ئاسایشی کەلارم کردەوەو، گوتی: ئەگەر شتی وابکەیت من پێم باشە" .

لەبارەی ئەو لێکۆڵینەوەش کە لەسەر ڕفاندنی بەڵێندەرەکە لەگەڵ ڕائیدەکەی ئاسایش کراوە، بەڕێوەبەری ئاسایشی گەرمیان دەڵێ "من ئاگاداری لێکۆڵینەوەکەش نیم، دەتوانم بڵێم خۆمان داواکار (مودەعی) بووین لەسەری، بەڵام ئاسایشی گشتی پارێزەرێکیان بۆ گرت و بەئێمەشیان گوت: هەر کەسێک لەئێوە تووشی کێشە بێت پارێزەری بۆ دەگرین" .

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بەڕێوەبەری ئاسایشی گەرمیان دەڵێ "ئەو ڕائیدە چەندین جار واستەی کردووە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ کەلار، بەڵام ڕێگەم نەداوە" .

بەڕێوەبەری ئاسایشی گەرمیان هەروەها ڕایگەیاند کە زانیاری لەبارەی ئەم تۆڕەوە داوە بەئاسایشی گشتی و دەڵێ "ئەو تۆڕەی خەریکی ڕفاندنن، لەژێر هەرناوێکدابن، هەندێک شت دەکەن ڕەنگە نەتوانین هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر کۆبکەینەوە، یان ئەوانەش کە تاوانیان بەرامبەر دەکرێت شکات ناکەن یان نایانەوێت بیکەن و بێ هیوان لەشکاتکردن، من ئەو ناوانەشم کاتی خۆی داوە بەئاسایشی گشتی و گوتوومە ئەمانە 90% ئەم جۆرە کارانە دەکەن" .

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەوەزارەتی ناوخۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"بۆ بەدواداچوونی ئەم گروپە مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەسەرۆکایەتی جەلال جەوهەر ئەندامی مەکتەبی سیاسی لیژنەیەکی پێکهێناوەو ئێستاش جەلال جەوهەر نووسراوی کردووە بۆ ئاسایشی گەرمیان بۆ ئەوەی تەواوی بەڵگەنامەکانی لەسەر ئەو گروپە بۆ ئامادە بکەن" .

لەلێدوانێکیشیدا بۆ (ڕووداو) وێڕای پشتڕاستکردنەوەی زانیاریی پێکهێنانی لیژنەی بەدواداچوون، جەلال جەوهەر گوتی" تائێستا لەکۆکردنەوەی زانیاریدابن لەسەر ئەو گروپە، هەر زانیارییەکیش هەیە لەو بارەوە دەرگای ئێمە کراوەیەو دەزگاکانی ئاسایشیش لەکەرکووک و گەرمیان و سلێمانی لەوبارەوە زانیاری کۆدەکەنەوەو هەر هاووڵاتییەک یان لایەنێک لەوبارەوە زانیاریمان بداتێ زۆر سوپاسی دەکەین، تائێستاش لەقۆناخی کۆکردنەوەی زانیاریداین لەسەر ئەو باندە" .

بەپێی لێدوانی بەڕێوەبەری ئاسایشی گەرمیان چوارکەسی سەرەکی سەردەستەی ئەم گروپە بوون کە خالیدیان ڕفاندووەو بریتین: لە (ع) و (د) کە دوو ئەفسەری ئیستیخباراتی عێراقین و کوردن لەگەڵ (ح. ع) و (گ. ب)، ئەو کوڕەش کە ڕفاندوویانە لەماڵی (ع) بووە . بەڕێوەبەری ئاسایشی گەرمیان هەروەها گوتی "نازانم ئەم کەسانە سەر بەیەکێتین یان نا، بەڵام (ع) و (د) لەساڵی 2004وە لەئیستیخباراتی عێراقی کار دەکەن" .

# سوێد گوێناداتە ناڕەزایی کوردستان


کاوە ئەمین
kawa@yahoo.com

**روودوا – سوێد**

سوێد گوێناداتە ناڕەزایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بە زۆر ناردنەوەی پەناخوازانی کوردستان لەلایەن حکومەتی سوێدییەوەو، پێداگیرە لەسەر ناردنەوەی هەموو ئەو پەناخوازانەی داواکانیان رەتکراوەتەوە .لەوبارەوە بەرپرسێک لە فەرمانگەی پەنابەرانی سوێد لێدوانی بۆ (روودوا) دا وگوتی"ئەو پەیمانە لە ئاستی دەوڵەتیدا (سوێد و عێراق) واژۆ کراوە، ئەو بڕیارە دەخوات، سوێد دەتوانێت ئەو کەسانە راستەوخۆ بگەڕێنێتەوە بۆ بەغدا".

حکومەتی کوردستان رایگەیاندووە کە ئەو دژی بەزۆر ناردنەوەی پەناخوازانە بۆ کوردستان، هەر لەوبارەوە نێچیرڤان بارزانی لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیدا رایگەیاند کە هەردوو وەزیری کۆچ و دەرەوە لەساڵی رابردوو کە هاتنە بەغدا بەهۆی ئەو هەڵوێستەی حکومەتی کوردستان لە هاتنیان بۆ کوردستان پەشیمان بوونەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی کە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە نزیکە، حکومەتی کوردستان بە دەستتێکەڵی لە گەڵ وڵاتانی ئەورووپا بۆ ناردنەوەی پەنابەران تۆمەتبار دەکات.

ساڵانی نەوەتەکان سوێد بە دەرگا ئاوەڵاترین وڵاتی ئەورووپا دەژمێردرا بۆ پەنابەران و، دەیان هەزار پەنابەری کورد، بۆسنی، کۆسۆڤۆیی و زۆر هاووڵاتی دیکە مافی پەناپەرێتیان پێدرا. ئەم رەوشە لە دوای ساڵی 2000 وە گۆڕنکاری بەسەردا هات، نەک تەنیا لە سوێد بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا و تا دێت داخستنی دەرگاکان بەرووی پەنابەراندا توندتر دەکرێن. جاران پەنابەرێک کە رووی لە وڵاتیکی ئەورووپی دەکرد و مافی پەنابەری پێنەدەدرا، رووی دەکردە وڵاتیکی دیکە و وەکو پەنابەر وەردەگیرا، بەڵام ئێستا کە پەناخوازێک لە وڵاتیک رەفز وەربگرێت و پاشان بچێتە وڵاتیکی دیکە، هەر بە ئاشکرابوونی بێ سێ و دوو دەیگێڕنەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە جاری یەکەم داوای مانەوەی لێکردووە.

عێراق بە گوێرەی زۆر لە چاودێران وڵاتیکی نائارامە، هەر بۆیە زۆربەی زۆری ئەو پەنابەرانەی کە روودەکەنە ئەورووپا لەو وڵاتەوە دێن و بەشێکیشیان خەڵکی باشووری کوردستانن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە تا ئێستا کوردستان وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ ددانی پێدانانرێت، بۆیە هەموو ئەو پەنابەرانە بەوانەی کوردیشەوە وەکو عێراقی دەنووسرێن و ئاستەمە بتوانیت ئاماری پەنابەرانی باشووری کوردستان بەجیا لەعێراقییەکان بە دروستی بەدەستبێنی.

کێشەکە دوای ئەوەی وڵاتی سوێد بڕیاریداوە ئەو پەنابەرانەی عێراقی و باشووری کوردستان، پەنابەرێتیان نادرێتی، گەورەتر بووە و بووەتە کیشەیەکی نێونەتەوەیی. کۆمیسارایای باڵای پەنابەرانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان UNHCR بە ئاشکرا رەخنە لەو سیاسەتە نوێیەی سوێد دەگرێت، هەندێک لە ناوەندە مرۆڤایەتییەکانی سوێدیش دژی ئەو بڕیارەن، بەتایبەتی هەردوو پارتی ئۆپۆزیسیۆن، پارتی چەپ و پارتی ژینگە و داوای ئەوە دەکەن کە سوێد سیاسەتێکی نەرمتر و مرۆڤانەتر بگرێتەبەر و پەنابەرە عێراقییەکان رەوانەی ئەو دۆزەخەی عێراق نەکەنەوە.

عێراق و سوێد لەم دواییانەدا رێککەوتننامەیەکیان مۆرکردووە و بەهۆیەوە سوێد دەتوانێ ئەو پەنابەرانەی کە مۆڵەتی مانەوەیان پێنادرێت بگەڕێنێتەوە بۆ عێراق.

دۆدیل سەبالۆس کە سەر بە پارتی ژینگەیە لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ رۆژنامەیەکی سوێدیدا رەخنە لەو رێککەوتنە دەگرێت و دەڵێت"دەوڵەتی سوێد ئەو رێککەوتنەی لە رێگای فشارخستنەسەر حکوومەتی عێراقی دروستکردووە، کە تێیدا هاتووە دەبێت عێراق ئەو پەنابەرانە وەربگرێتەوە کە سوێد لە وڵاتەکە فرێیان دەداتە دەرەوە". سەبالۆس رەخنە دەگرێ و دەڵێ "عێراق وڵاتیکی ئارام نییە و تا ئێستاش شەڕ لەو وڵاتە بەردەوامە، دەوڵەتی سوێد لەو رێگایەوە دەیەوێت عێراقییەکان بترسێنێت تا روونەکەنە سوێد و ژمارەیەکی زۆرتری خەلکی ئەو وڵاتە نەیێن بۆ ئێرە".

تەنیا لە ماوەی ساڵی رابردوودا، دائیرەی پەنابەرانی سوێد، پەنای بۆ پۆلیسی سوێدی بردووە تا لە ناردنەوەی 1500 پەناخواز کە رەفزیان وەرگرتووە هاوکاریان بکات. بە گوێرەی رۆژنامەی سوێدی (داگینزنیهێتەر) ئەو ژمارەیە حەوت جار لە ژمارەی ئەو پەناخوازانە زیاترە کە لە ساڵی 2006 دا رەفزیان وەرگرتووە و دەبێت بەزۆر لە سوێد دەربکرێن.

یەکێک لە بەرپرسانی دائیرەی پەنابەرانی سوێد بە ناوی ئانیتا بێکلوند بە رۆژنامەی DN ی راگەیاند کە "ئەو کوردانەی بڕیاری ناردنەوەیان دراوە، بە زۆر رەوانەی بەغدایان دەکەینەوە، ئەوەش نابێت بکرێتە گرفت، ئەوانە خۆیان یانیش بە هاوکاری پۆلیسی عێراقی، دەتوانن لە بەغداوە بچنەوە بۆ ئەو ناوچانەی باکووری عێراق کە لێوەی هاتوون".

هەروەها گوتی" ماوەیەکی کەم پێش ئێستا، کەسێکی عێراقی کە خەڵکی سلێمانی بوو و حەوت ساڵ بوو لە سوێد بوو، نێردرایەوە بۆ بەغدا و لەوێشەوە بە چاودێری پۆلیس گەیێندرایەوە سلێمانی".

ئەم بڕیارەی دائیرەی پەنابەرانی سوێد بۆ ئەوەیە کە پەلە بکرێت لە ناردنەوەی ئەو 1700 پەناخوازە عێراقیەی کە زۆربەیان کوردن و ئێستا کێسەکانیان لە لای پۆلیسە.

بەرپرسێکی گەورەی پۆلیسی سوێدی بەناوی پێر لۆڤینبێری دەڵێت:" ئێمە دەتوانین تەنیا تا بەغدا لەگەڵ ئەوانەی کە لە سوێد دەردەکرێن بڕۆین. چونکە ئێمە لەوێوە هیچ دەسەڵاتێکمان نامێنێت".

### ئاماری کۆچبەران لە سوێد

ئێستا نزیکەی یەک ملیۆن کەس کە رەگوڕیشەیان لە وڵاتانی دیکەوە هاتووە لە سوێد دەژین، نزیکەی چوار سەد هەزا کەس لەوانە ئیسلامن. زۆربەی ئەوانەی بۆ سوێد کۆچیان کردووە لە فیلەندا، یوگسلاڤیا، یۆنان، تورکیا، شیلی، ئەرەجەنتین، کوردستان، عێراق، ئێران و وڵاتانی دیکەوە هاتوون.

بە گوێرەی ئاماری دائیرەی پەنابەران لە سوێد لە ساڵی 2006 دا: 78793 کەس لە سوێد وەکو کۆچبەر ناونووس کراون.

کە رێژەکانیان بەمشێوەیە: 35%خەڵکی ئاسیا، 5%خەڵکی مریکا، 13% خەڵکی وڵاتانی باکوور (ئەسکەندەناڤیا)، 10%خەڵکی ئەفریقا، 22% خەڵکی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا (بێجگە لە دانیمارک و فینلەندا)، 12% خەڵکی وڵاتانی دیکەی ئەورووپا، 3% خەڵکی شوێنی دیکەن.

### کێ پەنابەرە؟

دەوڵەتی سوێد پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەمەڕ پەنابەران واژۆ کردووە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە دەبێت سوێد مافی پەنابەرێتی بداتە ئەو کەسانەی ئەو پێناسەیە دەیانگرێتەوە. بە گوێرەی ئەو پێناسەیە هەرکەسێک لەوە بترسێت کە لە وڵاتەکەی خۆی راودەنرێت بە هۆکاری: نەژادی، ئێتنیستێت، تێگەیشتنی بۆ دین و سیاسەت، بە هۆی جنس یانیش شێوەی هەڵبژاردنی جنسی و یاخود ئەو کەسە سەر بە گرووپێکی تایبەتی کۆمەڵگا بێت بەو هۆیەوە بچەوسێنرێتەوە.

ئەوانەی دەبێ بپارێزرێن: بەڵگەی بەرجەستەی هەبێت کە لە وڵاتەکی خۆی دووچاری ئەشکەنجە یانیش لەسێدارەدان دەبێتەوە. پێویستی بەوە هەبێت خۆی بپارێزێت لە کێشە چەکدارییەکانی ناو وڵاتەکەی، کە لەوانەیە ببنە هۆی لەناوچوونی.

رۆژنامەی (روودوا) سەبارەت بەو کێشەیە پەیوەندی بە فەرمانگەی پەنابەرانی سوێدەوە کرد و (بێرێت ئۆلسۆن)ی بەرپرسی راگەیاندی ئەو فەرمانگەیە وەڵامی دایەوە.

بێرت ئۆڵسۆن زانیاری دا بە (روودوا) و گوتی لە ساڵی رابردوودا 18559 هاووڵاتی عێراقی داوای پەنابەرێتیان لە سوێد کردووە. گوتیشی" ئەو ئامارەش لەسەر وڵاتیەتی ئەو کەسانەیە بۆیە ناتوانین بزانین کە ژمارەی کوردەکان لەنێو ئەوانەدا چەندە".

ئەو بەرپرسە روونیکردەوە " لەو 18559 کەسە 93%یان وەڵامی ئەرێنی و قبوڵکردنیان وەرگرتووە، لە دوو مانگی سەرەتای 2008یشدا ئەو پەروەندانەی پێیان راگەیشتووین، 42% وەڵامی ئەرێنیان وەرگرتووە". سەبارەت داواکانیان رەتدەکرێنەوەو وەڵامی نەخێر وەردەگرن رێوشوێنەکانی بەدواداچوونی روونکردەوەو گوتی"دەتوانن کیشەکەیان ببەنە بەردەم دادگای کۆچپەران تا چاوی پێدابخشێنرێتەوە، دادگا چ بڕیارێک بدات، ئەوە دوا بڕیار دەبێت و ئەگەر لەوێش هەمان بڕیاری لەسەر درایەوە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی" .سەبارەت بەوەش ئەگەر ئەو کەسە سەرپێچی بکات و نەگەڕێتەوە، گوتی " ئەوکات فایلەکەی دەدرێتە پۆلیس و ئەوانیش دەتوانن بۆ گەڕاندنەوەی ئەو کەسە بۆ وڵاتی خۆی، هێز و زۆریی بەکاربێنن".

بەرپرسی راگەیاندنی فەرمانگەی پەنابەران و کۆچی سوێد، هەڵوێستی حکومەتی کوردستانی سەبارەت بە وەرنەگرتنەوەی پەناخوازە بە زۆر نێردراوەکان بە کۆسپ بۆ خۆیان نەزانی و بە (روودوا)ی" ئەو رێککەوتنەمان لە ئاستی دەوڵەتیدا (سوێد و عێراق) واژۆ کردووە، ئەو بڕیارە دەخوات.، سوێد دەتوانێت ئەو کەسانە راستەوخۆ بگەڕێنێتەوە بۆ بەغدا".

کوردۆ باکسی رۆژنامەڤانی نێوداری کورد لە سوێد، رەخنەی لەو هەڵوێستەی حکومەتی سوێد گرت و گوتی سوێد دەبێ ئەو راستییە بزانێ کە حکومەتی کوردستان خۆی بارێکی زۆری پەنابەرانی ناوخۆیی بەسەرەوەیە و گەڕاندنەوەی پەناخوازانی کورد بۆ بەغدا و بەرەڵڵاکردنیان لەوێ واتە بەکوشتدانیان.

ژمارەیەک پەنابەری کورد، ئیقامەی کاتیان پێدراوە و ئەوانیش لەو کێشەیەدا کەوتوونەتە دڵەراوکێوە، سەبارەت بەچارەنووسی ئەوانە، ئەو بەرپرسە سویدییە بە (روودوا)ی راگەیاند "زۆربەی ئەوانەی ئیقامەی کاتیان وەرگرتووە، پێشتر بڕیاری ناردنەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان وەرگرتووە و ئەو بڕیارە دەخوات، ئەگەر کەسێکیش بیەوێت وانیشان بدات کە رێگری هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیاری ناردنەوەیە، دەتوانێت بە دائیرەی پەنابەرانی رابگەیێنێت".

دائیرەی پەنابەرانی سوێد بانگەشەی ئەوە دەکات کە کێشەی چەکداری (شەڕ) لە عێراقدا نییە، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی (روودوا) دا کە پێوانەی ئەوان بۆ کێشەی چەکداری چییە، بەرپرسی راگەیاندنی ئەو دائیرەیە گوتی "کێشەی چەکداری ئەوەیە کە شەڕ لە نێوان هێزە سەربازییەکانی وڵاتیک و رێکخراوی چەکداریدا هەبێت و لەوە دەربچێت کە تەنیا وەکو نائارامی چاوی لێبکرێت. ئەو گرووپە چەکدارانە دەبێت ناوچە و هەرێمی تایبەتیان لە ژێر کۆنترۆڵدا بێت، دادگای دائیرەی پەنابەران لە ساڵی 2007 دا، گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە لە عێراقدا کێشەی چەکداری لەو جۆرەی کە ئێمە بە کێشە ناوزەدی دەکەین، لەئاراد نییە".


خۆپیشاندانی پەنابەرانی کورد لە سوێد (روودوا)


بەرپرسی راگەیاندنی فەرمانگەی پەنابەرانی سوێد بۆ (روودوا):

## لە ساڵی رابردوودا 18559 هاووڵاتی عێراقی داوای پەنابەرێتیان لە سوێد کردووە

## یەکەمین کورد کە پێی نایە سەر خاکی سوێد

یەکەمین کورد کە پێی نابێتە ناو خاکی سوێد، میرزا سدیقی کوردستانی، خەڵکی شاری سنە بوو،کە لە ساڵی 1893 هاتۆتە سوێد، بەڵام لە سوێد نەمایەوە و چووە بەریتانیا. پاشان لە ساڵی 1898 شەریف پاشا روودەکاتە سوێد وەکو باڵیۆزی عوسمانییەکان و دە ساڵ لە ستۆکهۆڵمدەمێنێتەوە.

لە ساڵی 1914 دا، محەممەد ئەمین زەکی (1880 – 1948) سەردانی سوێد دەکات.

یەکەمین پەنابەری کوردیش لە ساڵی 1929 لە لایەن خێزانێکی سوێدییەوە لە وڵاتی ئۆکرانایەوە دەهێنرێتە سوێد. ئەو کەسەش ناوی سلێمان ئەلێکساندە کنوتاسە، کە لە ساڵی 1911 لە باکووری کوردستان لە دایکببوو، دوای ئەوەی کورد و ئەرمەن دەکەونە بەر کوشتاری تورکان، ئاوارە دەبێت و لە ئۆکرانیا دەگیرسێتەوە. سلێمان لە دوورگەی گۆتلاندی سوێدی دەمێنێتەوەو، لە ساڵی 1981 کۆچی دوایی کرد.

یەکەمین خوێندکاری کوردیش کە هاتووەتە سوێد بۆ خوێندن د. سەلاحەدین راستەگەلدی بوو، کە لە ساڵی 1947 هاتۆتە سوێد، بەڵام دوای تەواوکردنی خوێندنیش هەر لە سوێد دەمێنیتەوە و رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ناساندنی کورد لە سوێد بەتایبەت لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا و کتێبێکی بە زمانی سوێدی نووسیوە بە ناوی (شەڕە لە بیرکراوەکە) کە ئامادەکاری ئەم راپۆرتە کردوویەتی بە کوردی و دەزگای ئاراس چاپیکردووە.

یەکەمین کوردیش کە داوای پەنابەری سیاسی کردووە لە سوێد جەمال عەلەمدار بوو لە ساڵی 1965.

ئێستاش نزیکەی حەفتا تا هەشتا هەزار کورد لە سوێد دەژین کە بەشی زۆریان خەڵکی باکووری کوردستانن.


سلێمان ئەلێکساندەر

## یەکەم شەپۆلی کۆچکردن بۆ سوێد

هەرلە سەدەکانی ناوەڕاستەوە کۆچکردن بۆ سوێد دەستیی پێکردووە. لە ناوەڕاستی ساڵانی 1400 دا، سێیەکی دانیشتوانی شاری ستۆکهۆڵم ئەوانەی باجیان دەدا بە دەوڵەت ئەڵمان بوون، تەناتەت کارگەیشتە ئەوەی کە دەوڵەت ناچار بوو قانوونێکی تایبەت دابنێ بۆ ئەوەی لە شواری شار دەسەڵاتی سوێدییەکان باڵادەست بێت.

کۆچەکەرانی هۆڵەندی، ئینگلیز، سکۆتی و زۆری دیکە هەر لە کۆنەوە هاتوونەتە سوێد و لە ئاوەدانکردنەوە و بەرەوپێشبردنی وڵاتدا رۆلی بەرچاویان هەبووە بە تایبەتی لە بازرگانی و بیناسازیدا.

لە دوای ساڵی 1580 و بەرەودوا، ژمارەیەکی زۆر فینلەندی کۆچیان کردووە بۆ سوێد، لە ماوەی بیست ساڵدا چل هەزار فینلەندی هاتنە سوێد لە دالارنا کە دەکەوێتە ناوەڕاستی سوێد نیشتەجێبوون.

لە ساڵی 1700 دا، پەنابەرپەنایانهێنایە بەر سوێد و ئەمجارەیان وەکو کۆچکەر نا. ئەو پەنابەرانە بۆ ئەوە نەهاتبوون کە بەیەکجاری بمێننەوە بەڵکو هەرکە رەوشی وڵاتی خۆیان گۆرانی بەسەردا بهاتایە دەگەڕانەوە، هەندێک پەنابەر کە پێیان دەوتن پەناهندەی ناوخۆ، لە بەشێکی دیکەی سوێدەوە پەنایان دەبردە جێگایەکی دیکە هەر لە نێو سوێد.

لە ساڵی 1914 دا، سوێد وای لێهاتبوو کە ئیتر کەس پێویستی بە مۆڵەت نەبوو بۆ مانەوە یاخود کارکردن لە سوێد.

ئەو کات سوێد وڵاتیکی هەژار بوو، لە نێوان ساڵانی 1860 تا 1914 زیاتر لە یەک ملیۆن سوێدی کۆچیان کرد بۆ ئەمریکا. بەڵام لە ساڵی 1931 ەوە، ئەوانەی بۆ نێو سوێد کۆچیان دەکرد ئەو سوێدیانە بوون کە دەگەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

## وڵاتەکەت دەخورێت؟



شاناز بەرزنجی
هۆڵەندا

ئەو پێیەوە دیاربوو کە کەسێکی ئەزموونداره، هاتە لامان و وای خۆ پێناساندین کە گەشتیارێکی بەستەزمانە و تا ئێستا نەیتوانیوە خۆشییەک لە گەشتەکەی لە هۆڵەندادا ببینێت. کێشەکە ئەوەبوو کە ئێمە ئامستەردامی نەبووین. لەوێ شارەزاش نەبووین!

بەڵام خەڵکی ئێرە بووین، هۆڵەندایی بووین! بۆیەش تۆزێک دەمانتوانی سەرەدەرێک دەربکەین لە پایەتەختدا و وننەبین، بەڵام بەڕاست چیمان دەکرد لەوێ؟ کۆمەڵێک قوتابی بووین و خەریکی پرۆژەیەک بووین لەسەر ئانا فرانک* و مافی مرۆڤ و جینۆساید و یۆگۆسلاڤیا. بۆ بەیانییەکەیشی دەچووین بۆ ئەوەی لە دادگاییەکی گەورەدا لە لاهای بەشدار بین. هەموویان باس و بابەتی سەرانجراکێش بوون بۆمان.

ئەو پرسیی کە ئێمە خەڵکی کوێین؟ چونکە لە رووخسارمانەوە دیاربوو کە هۆڵەندیی تەواو نین! گوتمان خۆت بیڵێ. گوتی " ئەو دووانەتان دیارە کە هۆڵەندین، بەڵام ئەو کچە قژرەشە زەحمەتە خەڵکی ئێرە بێت (مەبەستی من بوو)." . دیاربوو نەیزانی. چونکە ئەو دووەکەی دیکەیش هەر هێندەی من هۆڵەندی بوون. دایک و باوکی هەرسێکمان هۆڵەندی نەبوون. ئێمە پرسیمان : ئەی تۆ خەڵکی کوێیت؟ ئەویش گوتی خۆتان بیڵێن. گوتمان ئەورووپیت؟ گوتی نا نا! کەمێک پەلەمان کردبوو، چونکە گوێمان لێبوو بانگی هاوەڵێکی دەکرد و پێی دەگوت:" وەرە هەتیو".

بێ ئەوەی هەستمان پێکردبێ، سێ هاوەڵی ویش هاتن لەسەر مێزەکەمان دانیشتن. ببوو بە دانیشتنێکی هەمەڕەنگ! ئەوان دەستیان کرد بە قسەکردن بە زمانی خۆیان. زۆر خێرا و ناڕوون دەئاخڤین. زمانەکەیان پڕبوو لە پیتی (خ)، بۆیەش پرسیم: خەڵکی ئەڵمانیان؟ بەرسڤیاندایەوە: نا .نا، تکایە نا! ئای، کەوابێ هەڵە بووم. پرسیمەوە: ئەی ئیسپانین؟ گوتیانەوە: نەخێێێێر! هاوەڵێکم گوتی: ئەی کەمبۆدین؟ بەڵام دیسان دیاربوو نەمانزانیبوو. بۆیە وازمانهێنا.

پرسیی: دەزانیت ئۆرشەلیم لە کوێیە؟

ئێ .ئیسرائیل، عیبری، جولەکە! خەریکبوو بڵێم دەزانی ئەورۆ سەبارەت بە گەلەکەی ئێوە کارماندەکرد؟ سەبارەت بە سەرلەنوێ کۆچپێکردنەوەی جولەکان. بەڵام دوایێ هەستمکرد کە ئەزیش دەمەوێت ناسنامەکەی خۆمیان پێ بناسێنم، بۆیە پرسیم: ئەی تۆش دەزانی کوردستان لە کوێیە؟ کورد، کوردی، کوردستان؟

وەڵامی دایەوە: ئەی چۆن نازانم! هەموو کەس دەزانێ کە کوردستان لە کوێیە. کوردستان دەکەوێتە تەنیشت عێراق و تورکیا و ئێرانەوە. بە شاگەشکەییەوە گوتم: بەڵێ! کە جارێک لە کەسێک دەبیستم بەو هەموو رێزەوە ناوی کوردستان دێنێت و ئاواش دانی پیدادەنێت، گەش دەبمەوە. دیاربوو هەوڵی پیشاندانی ناسنامەکەم سەری گرتبوو.

دواتر هاوڕێ قژ زەردەکەم گوتی ئەزیش خەڵکی سورینامم*. کەچی لێیان پرسی: سورینام؟ ئەوە چییە؟ دەتوانی بیخۆیت؟ یان وڵاتێکی تاکەکەسییە و خۆت بە تەنیا سەرخۆبوونیت راگەیاندووە؟! دوایێش دەستیانکرد بە پێکەنین. لەوکاتەدا چاوی من هێندەی لوتێکی ستاندارڈی کوردییانە لێک بووەوە و گوتم: حەی! هاورێکەشم لە من زیاتر ئەو وەڵامەی پێ سەیربوو. ئەو پرسیار و تیبینیانەی من هەمیشە دوای هێنانی ناوی وڵاتەکەم دەمبیستن، ئەورۆ ئەویش بیستی و هەستی پێکرد. ئەو گەنجانە دوایێ دەچن لە ئەتڵەسدا بە دوای وڵاتەکەیدا دەگەڕێن!

لە ناو شەمەندەفەردا کە دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، لە خۆشیان لە پێستی خۆمدا جێم نەدەبووەوە و هاوڕێ سورینامییەکەشم هەر وەڵامی گەنجەکانی لە هزری خۆیدا دەهێنا و دەبرد.

* ئانا فرانک کچۆڵەیەکی چکۆلەی جوولەکە بوو کە لە کارەساتی هۆلۆکۆستدا کوژرا. ئەو کتێبێکی بە ناوی یادداشتەکانی ئانافرانکەوە بەجێماوە و لە ئەمستەردامیش ماڵەکەی بووە بە مۆزەخانە و سیمبۆلێکیش بۆ پێشاندانی زیانەکانی جیاوازیی رەگەزایەتی.

* سورینام وڵاتێکی سەربەخۆیە و دەکەوێتە باشووری ئەمریکا. کاتی خۆی کۆلۆنییەکی هۆڵەندی بووە.

# کۆمپانیایەکی ئەمریکی بەتەلەفۆن پڕۆژەی دێی مامۆستایانی زانکۆ وەردەگرێت



سالَح قادر
rodan@rudaw.net

**ڕووداو - هەولێر**

دوای ئـەوەی سـەرۆکی حکومەتـی کوردسـتان لە 2007/2/14 سەردانی سـەرۆکایەتی زانکۆی سەڵاحەددینی کرد، یەکێـک لەداواکارییەکانی مامۆسـتایانی زانکۆ دروسـتکردنی 540 خانوو بوو بۆ مامۆسـتایانی زانکۆ، هەر لەو سـەردانەدا سەرۆکی حکومەت بەڵێنیدا ئەو داواکارییەی مامۆسـتایانی زانکـۆ جێبەجـێ بکات و نووسینگەی ڕاوێژکاری ئەندازیاری زانکۆی سەڵاحەددینیشی ڕاسـپارد، سەرپەرشتی کارەکە بکەن.

دواتر بەبڕیاری ژمـارە 5566 لەڕۆژی 2007/5/21 سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لێژنەیەکی 7 کەسـی لەپسپۆڕانی زانکـۆ پێکهـات، بۆ سەرپەرشـتیکردنی کارەکـە، لێژنەکـە بڕیاریانـدا ژمـارەی خانووەکان لـە540 خانووەوە بکرێت بە 1000 خانوو. بەجۆرێک 700 خانوو بۆ مامۆستایانی زانکۆی سەڵاحەددین، 200 خانوو بۆ مامۆسـتایانی زانکۆی هەولێری پزیشکی و 100 خانووش بۆ مامۆستایانی پەیمانگاتەکنیکییەکان.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەسەرچاوەیەکی ئـاگادارەوە دەسـت (ڕووداو) کەوتوون، دوای ڕاگەیاندنی تەندەر بۆ دروسـتکردنی خانـووەکان 5 کۆمپانیـا تەندەریـان پڕ کردەوە، کە 3 لەو کۆمپانیایانە کۆمپانیای تورکـی بـوون، دوا ڕۆژی بەشـدار بوون لەو تەنـدەرە 2007/9/5 بـوو، دواتر دوو هەفتـە تەندەرەکە درێـژ کرایەوە بۆ 2007/7/19، پـاش دوو هەفتەکـە، چەند کۆمپانیایەکی دیکە هاتن بەڵام وادەی ڕاگەیاندنی تەندەرەکان بەسـەر چوو بوو بۆیـە تەندەر لەهیـچ کۆمپانیایەکی دیکە وەرنەگیرا.

هەر چەندە سەرەتا وا بڕیار بوو کارەکە بدرێتـە کۆمپانیای (سـیگما) و تەنانەت یاداشـتی لێکتێگەیشـتن لەنێوان لێژنەی سەرپەرشـتیاری ئـەو 1000 خانووەو کۆمپانیـای ناوبراو نووسـرا بـوو، بەڵام دوای تێپەڕینـی 2 هەفتـە بەسـەر دوا وادەی پڕکردنەوەی تەندەرەکان کۆمپانیای (WTF)ی ئەمریکی هاتنە نێو کارەکە و دواجار کارەکەیان وەرگرت.

سـەرچاوەیەکی ئاگادار بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد کە "خودی وەزیری خوێندنی باڵا تەلەفۆنی بۆ لێژنەکە کرد، کە ئەو کۆمپانیا ئەمریکییەکەش بێتە ناو پێشبڕکێکەوە، هەر چەند بەجەنابی وەزیر ڕاگەینێرا کە ماوەی پێشکەش کردنی تەندەر تەواو بووە، بەڵام وەزیر سـوور بوو لەسەر ئەوەی کۆمپانیای WTFیش لەتەندەرەکان بەشدار بێت".

د.ئیدریس هادی ساڵح، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانسـتی، ئەو قسەیەی ڕەتکردەوەو گوتی "ئێمە داوامان نەکردووە کارەکە بدرێتە ئەو کۆمپانیایە، ئەوان هاتن موارجەعـەی ئێمەیان کـرد، گوتیان حەز دەکەین ئەو خانووانە دروست بکەین، ئێمەش پێمانگوتن بڕۆن عەرزی خۆتان پێشکەش بکەن، ئەگەر عەرزی ئێوە باشتر بوو لەوانی دیکە دەتوانن داخڵی مونافەسەکە ببن".

دوای ئـەوەی کۆمپانیای WTF هاتە نێو مەسـەلەکەوە لێژنەی سەرپەرشتیاری ئـەو 1000 خانـووە کۆبوونەوەیەکـی بەمامۆسـتایانی زانکـۆ کـرد و تەندەری هەردوو کۆمپانیای سـیگما و WTF ی پێشانی مۆستایان دا، مامۆستایانیش ڕازی بوون کارەکە بدرێتە کۆمپانیای سیگما.

سەرچاوە ئاگادارەکە ئەوەی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند "لەکۆبوونەوەکە مامۆستاکان ڕازی بوون کارەکە کۆمپانیای سـیگما ئەنجامی بدات، چونکە تایبەتمەندییەکان ئەوان زۆر باشتر بوو لەکۆمپانیای WTF، هەر ئەو کات کارەکە بۆ کۆمپانیای سـیگما ئیحالە کرا و سـەرۆکی لێژنەکەش واژۆی لەسـەر نووسـراوەکان کـرد کە کارەکـە بدرێتە سیگما".

وەک ئەو سەرچاوە ئاگادارە ڕوونیکردووە "تێبینـی زۆر هەبوو لەسـەر کۆمپانیای WTF، چونکـە ئـەوان داوای 25%ی پێشـەکی پارەی خانووەکانیـان کردبوو، هەروەهـا بۆ دیزاینکردنـی خانووەکانیش داوای 3 ملیـۆن و 600 هـەزار دۆلایان کردبـوو، کە پـارەی دیزاینەکە لەسـەر کۆمپانیایـە نەک لەسـەر حکومەت، جگە لەوەش ئەو کۆمپانیایە هیچ تایبەتمەندییەکی خانووەکانی لە تەندەرەکە نەنووسـیبوو، داوای پاسەوانیان کردبوو، هەروەها زەمانی بانکیشیان نەبوو".

ئەو سـەرچاوەیە زیاتر گومان دەخاتە سەر ئەو کۆمپانیایە بەتایبەتی دوای ئەوەی وەکو پێشەکی داوای 275 هەزار دۆلاریان کردبوو، سـەرچاوەکە دەپرسـێت "باشە کۆمپانیایـەک 275 هەزار دۆلاری نەبێت، چۆن دەتوانێت هەزار خانوو دروست بکات، کە بە ملیۆنان دۆلاری تێدەچێت".

بەپێی قسەی ئەو سەرچاوە، کۆمپانیای WTF پاڵەپەسـتۆیەکی زۆری خستۆتە سەر لێژنەکە و تەنانەت بەرپرسانی حکومی و حیزبیش بۆ ئەوەی کارەکە وەربگرن، وەک ئەو سەرچاوەیە دەڵێت "ئەو کۆمپانیایە لە زۆر لاوە تەلەفۆنی دەکرد بۆ ئەوەی کارەکە وەربگـرن، وەزیر تەلەفۆنی بـۆ لێژنەکە دەکـرد، لەمەکتەبی سـەرۆک تەلەفۆنیان دەکرد، لە نووسینگەی هێزەکانی ئەمریکا و سەفارەتی ئەمریکاش هەر تەلەفۆن دەکرا، بەڵام زۆربەی پاڵەپەسـتۆیەکە لەوەزارەت بوو، تەنانەت ئێسـتاش زۆر فشار دەخەنە سەر لێژنەکە بۆ ئەوەی زوو کارەکان لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە تەواو بکەن".

سـەرمەد ئاکرەیی، پارێزەری یاسـایی کۆمپانیای سـیگما ئـەو زانیارییانەی بۆ (ڕووداو) پشتڕاسـتکردەوە، کە سـەرەتا کارەکە ئیحالەی کۆمپانیای سیگما کراوە و، گوتی "لێژنەکە کارەکانی ئێمەیان بینیبوو، زۆر لەکارەکانـی ئێمە ڕازی بوون، تەنانەت یاداشتی لێکتێگەیشتن لەنێوانمان واژۆ کرا، بەڵام دواتر بەواسـتەی چەند بەرپرسـێک لەدەرەوەی زانکۆ کۆمپانیای دیکە هاتنە ناو ئیشەکە، کە لەکاتی ڕاگەیاندنی تەندەرەکان بوونیان نەبوو".

بەپێی ئـەو بەدواداچوونـەی (ڕووداو) کردوویەتـی، کۆمپانیـای WTF ناوی لەتۆماری بەڕێوەبەرایەتی گشـتی تۆماری کۆمپانیاکانی سـەر بەوەزارەتی بازرگانیدا نییـە و لەکاتێکدا ئەو کۆمپانیایانەی کاری وەبەرهێنان ئەنجامـدەدەن دەبێت ناویان لەبەڕێوەبەرایەتی ناوبـراو تۆمار کرابێت و ئۆفیسیشیان لەکوردستاندا هەبێت.

پارێزەرەکـەی کۆمپانیای سـیگما لەو بارەیەوە گوتی "نەمانزانیوە ئەو کۆمپانیایە هیچ نووسـینگەیەکی لەکوردستان هەبێ، نەشـمانزانیوە هیچ ئیشێکی لەکوردستان کردبێ، وەکـو زانیومانـە ناویشـی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان تۆمار نەکراوە".

د.ئیدریـس هادی سـاڵح، ڕەتیکردەوە کۆمپانیاکـە نـاوی تۆمـار نەکرابێـت و ئۆفیسیشـی نەبێـت و گوتـی "مۆڵەتی ڕەسمیان لەلایەنی پەیوەندیدار وەرگرتووە، ئۆفیسیشـیان هەیە، ئەوان کۆمپانیایەکی ناسـراون، داخڵی وێبسایتەکەشیان بووین هیچ گرفتێکیان نییە".

تا ئێستا چەندین کۆمپانیا، بەتایبەتیش کۆمپانیا بیانییەکان کە کاری وەبەرهێنان لەکوردسـتان ئەنجامدەدەن پڕۆژەکانیان بەتـەواو نەکـراوی جێهێشـتووەو ڕۆیشتوونەتەوە، بەڵام پێناچێت نە زانکۆی سـەڵاحەددین و نە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەگەرێکیان دانابێت کە کۆمپانیاکە کارەکە جێبهێڵێـت، لەکاتێکـدا دەگوترێـت ئەو کۆمپانیایە هیچ بارمتەیەکی بانکی دانەناوە.

د.محەمەد سـدیق خۆشـناو، سەرۆکی زانکۆی سـەلاحەددین لەو بـاوەڕە دانییە کۆمپانیاکـە بتوانێت کارێکـی لەو جۆرە بکات، ناوبراو دەڵێت "ئێمە بەپێی یاسـای پـڕۆژەکان کار دەکەین، هەر کۆمپانیایەک پڕۆژەیەک ئەنجامبدات، دەبێت بڕێک پارە وەک بارمتە دابنێت".

دوای ئەوەی کۆمپانیای سیگما تەندەری خـۆی بەسـەرجەم تایبەتمەندیەکانـەوە پێشکەشـی لێژنەکە دەکات و لێژنەکەش کارەکانی ئەوی بـەدڵ دەبێ، بەڵام هاتنە نـاوەوەی کۆمپانیـای WTF بـۆ نـاو پڕۆژەکـە، وا لەلێژنەی سەرپەرشـتیاری پڕۆژەکە دەکات بیر لەڕێگە چارەیەکی دیکە بکەنەوە، ئەویش کۆکردنەوەی مامۆستایان بوو، بەمەبەستی دەنگدانیان بۆ هەڵبژاردنی یەکێک لەو دوو کۆمپانیایە.

دواتـر زۆربـەی مامۆسـتایان دەنگیان بەکۆمپانیـای WTF دا، ئەویش بەهۆی ئەوەی کـە کۆمپانیای WTF خانووەکان هەرزانتر لەکۆمپانیای سیگما دروست دەکات، کۆمپانیای سیگما هەر یەک مەتر دووجا لەو خانووانەی بە 425 دۆلار دروست دەکرد، بەڵام کۆمپانیـای WTF بە 385 دۆلار دروسـتی دەکات. لەکاتی دەنگدانەکەشدا کۆمپانیـای WTF وێنەی ئـەو کارانەی نیشاندا کە لەپێشتر بەئەنجامیان گەیاندبوو.

سـەرمەد ئاکرەیی شـێوازی وەرگرتنی پڕۆژەکـەی بـەو جـۆرە بە "نادروسـت" وەسفکرد و، گوتی "شێوازی هەڵبژاردنەکە بەو شـێوەیە دروست نییە، تۆ بێیت ڕەسم پێشانی مامۆستایانی زانکۆ بدەیت و ئەوانیش یەکسەر بڵێن ئەو کۆمپانیایە باشترە، لەسەر وێنە حکوم نادرێت، منیش دەتوانم باشترین وێنەت بۆ لەئینتەرنێت دەربهێنم و بڵێم ئەو ئیشە من کردوومە کێ بە کێیە".

پارێزەرەکەی کۆمپانیای سـیگما باسی لـەوەش کـرد کـە کۆمپانیـای WTF بەشـێوەیەکی نایاسـایی کارەکەیـان لە کۆمپانیای سـیگما وەرگرتۆتـەوە و گوتی "خانوو کـردن زۆری دەوێت ئـەوان هاتن بەشێوەیەکی زۆر نایاسایی و زۆر بەسادەیی باسی شـتەکەیان کردو بەشـێوەیەکی نا قانوونی ئیشەکەیان لە سیگما وەرگرتەوە".

سـەبارەت بەهەڵوێسـتی کۆمپانیـای سـیگماش، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەهۆی دەنگدانەوە نەیانتوانی پڕۆژەکە وەربگرن، سەرمەد، گوتی "یاداشتێکی ناڕەزاییمان بۆ لێژنەکە بەرز کردۆتـەوە، چاوەڕێی وەڵامی ئەوان دەکەیـن، ئەگەر نـا مافی ئێمەش پارێـزراو دەبێت، کە داوای یاسـایی بەرز بکەینەوە".

سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەددین، کە خۆی یەکێک بوو لەئامادەبووانی ڕۆژی دەنگدانەکە بێ ئاگایی خۆی لەوە نیشـاندا کە کارەکە پێشتر درابێتە کۆمپانیای سیگما و دواتریش لێیانسەندرابێتەوە و گوتی "هیچ شتێکم بۆ کۆمپانیای سیگما یان ئەو کۆمپانیا ئەمریکییە واژۆ نەکردووە، سەرۆکی حکومەت دەستەی ڕاوێـژکاری کۆلیژی ئەندازیاری ڕاسـپارد، بەڵام نازانم کارەکە چۆن کراوە، ئێمە وەکو سـەرۆکایەتی زانکۆ تەنیا ئیشرافێکی زۆر سادەمان کردووە".

بەپێـی ئـەو زانیارییانـەی دەسـت (ڕووداو) کەوتـوون، جیاوازییەکـی زۆر لەڕووی تایبەتمەندییەکانـی خانووەکان و وەرگرتنی قستی خانووەکان لەنێوان هەردوو کۆمپانیاکەدا هەبووە، کۆمپانیای سیگما هیچ پێشەکییەکی نەویستووە، بەڵام کۆمپانیای WTF داوای 25%ی پێشەکی پارەکەی کردووە، کۆمپانیای سـیگما بە 10 ساڵ قیسـتی خانـووەکان وەردەگـرێ، بەڵام کۆمپانیـای WTF بەمـاوەی 6 سـاڵ. کۆمپانیای سیگما خانووەکان بەگوێرەی ئەو تایبەتمەندی مامۆستایانی زانکۆ دەیانەوێت دروستی دەکات، بەڵام کۆمپانیای WTF بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆی.

لەگـەڵ ئـەوەی کۆمپانیـای WTF خانووەکان بەنرخێکی هەرزانتر لەکۆمپانیای سیگما دروسـتدەکات، کە دواجار هەرزانی نرخ چانسی ئەوەی دایە کۆمپانیای WTF کارەکەیان بۆ دەربچێت، ئاخۆ چ لەپشـت هاتنە ناوەوەی کۆمپانیای WTF بووبێت؟

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون کۆمپانیـای WTF خاوەنەکەی کۆنەسەفیرێکی ئەمریکییە لەئوردون.

وەزیـری خوێندنـی بـاڵاو توێژینەوەی زانسـتی لەو بارەیەوە گوتی "سەفیرێکیان لەگەڵە، بەڵام نازانم سـەفیری کوێ بووە، ئێمە لەگەڵ کۆمپانیا هەڵسوکەوتمان کردووە، پەیوەندی بەوە نییە کە هی سـەفیرە یان نـا، کۆمپانیاکە کۆمپانیایەکی بازرگانییە و بارەگاکەی لەویلایەتی تکساسە و، لە 40 وڵات پڕۆژەیان هەیە، تا ئێسـتا 5 ملیۆن یەکەی نیشتەجێبوونیان دروستکردووە".

پارێـزەری کۆمپانیای سـیگما ئەوەی بـۆ (ڕووداو) ئاشـکرا کرد کـە "لەڕۆژی دەنگدانەکە گوێم لەمامۆستایانی زانکۆ بوو کە بەرپرسی کۆمپانیای WTF زۆر بەتوندی بەمامۆسـتایانی زانکۆی گوتووە ئێوە چۆن دەنگمان پێنادەن، ئەی ئێمە ئێوەمان ڕزگار نەکردووە، بەو جۆرە مامۆستایانی زانکۆی ناچار کرد کە دەنگی پێبدەن".

سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەددین بێ ئاگایی خۆی لەو بارەیەوە نیشاندا و گوتی " ڕۆژی دەنگدانەکە خۆم لەوێ بووم، گوێم لەقسەی لەو جۆرە نەبووە، کارەکە لەسـەر بنەمای لێکدانەوەی نرخ درایە کۆمپانیای wft ئەوان خانووەکان هەرزانتر دروستدەکەن".

لەبارەی هەرزانی نرخی کۆمپانیای WTF لەگەڵ کۆمپانیای سیگما، سەرمەد ئاکرەیی، گوتی "ئەو سیستمەی ئەوان بەکاریدەهێنن سـەرکەوتوو نییـە، کە سیسـتمی قالبی کۆنکریتییە، چونکە عێراق کەوتۆتە سـەر هێڵی بوومەلەرزە، ئەوەی ئێمە پێشکەشمان کردبـوو بینایەی هەیکەلی بـوو، تێچووی سیستمەکەی ئێمە بۆ هەر یەک مەتر دووجا 425 دۆلار بوو، بەڵام تێچووی ئەوان 385 دۆلار بوو، جگە لەوەش ئێمە خانووەکانمان بەپێی ئەو تایبەتمەندی لێژنەکە دەیویست دروسـتدەکرد، بـەڵام کۆمپانیاکەی دیکە بەگوێـرەی ئـەو تایبەتمەندییانەی خۆی دەیەوێت خانووەکان دروست بکات".

# ئەگەری داخستنی سێ بەشەکەی کۆلێژی پەروەردەی سۆران نزیک بووەتەوە

## بەڕێوەبەری پشکنین "نیوەی قوتابییە وەرگیراوەکان بڕوانامەی ئامادەییان نییە"

**ڕووداو - سۆران**

ماوەی دوو ساڵە سێ بەشی ئێواران لە کۆلێژی پەروەردەی سۆران بەبێ ڕەزامەندی سـەرۆکایەتی زانکۆی سـەڵاحەددین و وەزارەتـی خوێندنی بـاڵا و توێژینەوەی زانستی کراونەتەوەو بەڕێوەبەری پشکنین و هەڵسەنگاندنیش لە وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕایگەیاند"نیوەی ئەو قوتابیانەی لەو سێ بەشە وەرگیراون بڕوانامەی ئامادەییان نییە".

کۆلێژی پەروەردەی سۆران، ماوەی 3 ساڵە کراوەتەوە و خوێندنی بەیانیانی لە 7 بەش پێکدێت، ساڵی ڕابردووش هەر سێ بەشی کوردی، ئینگلیزی و کۆمەڵناسی لەو کۆلیـژە کرانەوە، بەبێ ئەوەی ڕەزامەندی کردنەوەیـان لـە سـەرۆکایەتی زانکۆی سەڵاحەددین وەرگرتبێت و، ئێستا 429 قوتابـی لە هەردوو قۆناخی یەک و دووی سێ بەشەکە دەخوێنن.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژنیەوەی زانستی لێژنەیەکی 3 کەسی بۆ لێکۆڵینەوە لەکردنەوەی ئەو سـێ بەشە پێکهێناوەو لێژنەکەش ڕاسپاردەکانی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەرز کردووەتەوە. هەروەها ماوەی چەند ڕۆژێکیشە قوتابییانی ئەو سێ بەشە ڕەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە.

هەرچەندە ئەندامانی ئەو لێژنەیە ئامادە نەبوون ڕاسپاردەکانی لێژنەکە بۆ (ڕووداو) ئاشکرا بکەن، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون لێژنەکە داوای داخستنی هەر سێ بەشـەکەی کردووەو داواشیکردووە ئەو قوتابیانەی موستەحەقی خوێندنن لە بەشـەکانی بەیانیانی هەمان کۆلیژ درێژە بەخوێندن بدەن.

ماوەی چەنـد ڕۆژێکـە دەنگۆ و مقۆ مقۆی داخستنی ئەو سێ بەشە کەوتووەتە نێو قوتابیان و مامۆسـتایانی کۆلیژەکە و بەمەش قوتابیانی بەشـەکە تووشـی دڵەڕاوکێ هاتوون، هەر بۆیە تا ئێستا چەند جارێک خۆپیشـاندانیان بۆ بەردەم لایەنە پەیوەندیـدارەکان ئەنجامداوە، دواجاریش پێنج شـەممەی ڕابردوو چوونـە بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران.

دڵخواز عەبدوڵڵا، کە لە قۆناخی یەکەمی بەشـی ئینگلیـزی ئێوارانە لـە کۆلیژی پـەروەردەی سـۆران، یەکێکە لەو 429 قوتابییـەی لەو کۆلیژە وەرگیراون، 750 هەزار دیناریشـی لەبەرامبەر یەک سـاڵی خوێنـدن داوە. دڵخواز بـەدەم دەربڕینی ناڕەزاییـەوە گوتـی " تورکیـا خاکمان دەبەزێنێـت، ئێـران تۆپبارانمان دەکات، وەزیریش هەڕەشەی داخستنی کۆلێژەکەمان لێدەکات".

دڵخـواز کە تێکـڕای نمـرەی پۆلی شەشەمی 61% بووە، لەبارەی وەرگرتنی بەو نمرە کەمە گوتی " کە وەرگیراین گوتیان ئەوە دیارییەکە پێشکێشی خەڵکی سۆران دەکرێ، تەنیـا منیش نیم کە بەم نمرەیە وەرگیرابـم، لەوانەیە 80 %ی قوتابیانی ئەو کۆلێژە ئەگەر سـەیری فۆرمەکانیان بکرێت کۆنمرەیان ناگاتە 70".

هەروەها ناوبراو گوتیشی "کاتێک داواکاری وەرگرتنمـان پێشکێشـکرد، فۆرمێکیان پێدایـن، لەسـەری نوسـرابوو (وەزارەتی خوێندنی باڵا، کۆلێژی پەروەردەی سۆران بەشـی ئێواران)، ئەی ئەمـە یانی چی؟ کاتێک پرسیاریشمان لە ڕاگری کۆلێژ کرد ئایا وەرگرتن بەپێـی کۆنمرەیە؟ ئەویش وتی نەخێر کۆنمرە نییە و بەپێی هەبوونی بڕوانامەی پۆلی شەشەمی ئامادەییە".

تا ئێسـتا لەکوردسـتان وەرگرتنی قوتابیانی لەخوێندنی بەیانیان و ئێواران، لە ڕێگەی ناوەندی وەرگرتنی قوتابییانەوەیە، بەڵام قوتابیانی ئەو سێ بەشە ڕاستەوخۆ لە ڕێگـەی ڕاگرایەتی کۆلێژی پەروەردەی سۆران وەرگیراون، بەبێ ئەوەی بە فلتەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیاندا بڕۆن.

جوان جـەلال شـەریف، بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان، بۆ (ڕووداو)ی پشتڕاستکردەوە کە وەرگرتنی قوتابیانی ئەو سێ بەشە لەڕێگەی ناوەندی وەرگرتنی قوتابیانەوە نەبووە و گوتی "ئەو سێ بەشە بەشێوەیەکی نایاسایی کراونەتەوە، چونکە وەرگرتنـی قوتابیان لە ڕێگـەی ناوەندی وەرگرتنەوە نەبـووە، بەڵکو ئەنجوومەنی کۆلێژەکە خۆی بڕیاری کردنەوەی بەشـی ئێوارانی داوە".

هەروەها د.نوری هەرزانی، بەڕێوەبەری پشـکنین و هەڵسـەنگاندن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕایگەیاند کە کردنەوەی ئەو بەشە بەبێ ڕەزامەندی سەرۆکایەتی زانکۆی سەڵاحەددین بووە وگوتی " ئەونووسراوانەی لەنێـوان کۆلیـژی پەروەدەی سـۆران و سەرۆکایەتی زانکۆی سەڵاحەددیندا هەبووە، جەخت لەوە دەکەنەوە، کە سـەرۆکایەتی زانکۆی سـەڵاحەددین ڕەزامەندی فەرمی نەداوە بۆ کردنەوەی ئەو سێ بەشە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، بەشـێک لەو مامۆسـتایانەی لەو سـێ بەشـە وانە دەڵێنەوە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆسن، لەکاتێکدا بەپێی ڕێنمایی تـازەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەڵگرانی بڕوانامەی ماسـتەر دەبێت بۆ ماوەی 6 مانـگ لەژێر لێکۆڵینەوەدا بن، ئینجا بۆیان هەیە لەزانکۆ وانە بڵێنەوە.

د.نوری هەرزانی لەو بارەوە گوتی "ئەوە یەکەمجارە ئەوە ببیسـتین، ڕەنگە ئەو شـتانە لەوێ کرابێ، چونکە ئەو بەشانە بەشێوەیەکی فەرمی نەکراونەتەوەو لەوانەیە هەر بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پەنایان بردبێتە بەر خاوەن بڕوانامەی لەماسـتەر کەمتر".

هەرچەندە ماوەی دوو سـاڵە ئەو سێ بەشـە لە کۆلیـژی پەروەردەی سـۆران کراونەتەوە، بەڵام بەڕێوەبەری پشکنین و هەڵسەنگاندن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، بێ ئاگایی وەزارەتەکەیانی نیشاندا لەکردنەوەی ئەو سـێ بەشە. سـەبارەت بەچۆنیەتی کردنەوەی ئەو بەشـانەش گوتی "بەپێی زانیارییمـان قوتابیان لەڕێگەی ڕاگرایەتی کۆلێژەکەوە وەرگیراون، ئەوان فۆرمێکیان دروستکردووە، بەبێ ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک مـەرج کـە لەزۆرینەی ئـەو خوێندکار و قوتابیانەدا نەبووە کە وەریانیان گرتووە، لەکاتێکدا دەبووایە ئـەو فۆرمە لەڕێگەی قبوڵ مەرکەزییەوە بووایە".

بەپێـی ئـەو زانیارییانـەی دەسـت (ڕووداو) کەوتوون گوماندەکرێت بەشێک لەو قوتابیانەی لەو سـێ بەشە وەرگیرابن بڕوانامـەی ئامادەییـان نەبێـت یان بە نمرەیەکـی زۆر کەم لـەو کۆلیژە وەرگیرا بـن، لەلایەکـی دیکـەوە بەشـێک لەو قوتابیانەی لەو سـێ بەشـە وەرگیراون، دەرچووانی ئامادەییەکانی پیشەسـازی، بازرگانی و خوێندنی ئیسلامین، لەکاتێکدا بەپێی ڕێنمایی تازەی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەرچووانی ئامادەییە پیشـەییەکان لەکۆلیژەکان وەرناگیرێن.

د.نـوری هەرزانی پشتڕاسـتیکردەوە بەشێک لەو قوتابییانە دەرچووی ئامادەییە پیشەییەکانن و گوتی "بەپێی بەدواداچوون بەشێک لەقوتابییەکان دەرچووی ئامادەییە پیشەییەکانن، یانیش دەرچووی پەیمانگای مەڵبەنـدی مامۆسـتایانن، کـە ئەمەش پێچەوانەی ڕێنماییەکانە".

لەبارەی بوونی ئەو قوتابییانەی بڕوانامەی ئامادەییان نییە و لەو بەشەش وەرگیراون، دکتۆر نووری هەرزانی گوتی "دەتوانم بڵێم نیوەی ئەو قوتابیانەی لەو سـێ بەشـە وەرگیراون لەنێـو مەلەفانیان بڕوانامەیان نییە و بەبێ بڕوانامە وەرگیراون.

بەپێی ڕێنمایی وەزارەتـی دارایی هەر قوتابییەک لەبەشی ئێواران بخوێنێت ساڵانە دەبێت 300 هەزار دینار بدات، ئەمساڵیش بۆ قوتابیانی قۆناخی یەک بڕیار درا 450 هەزار دیناریان لێوەربگیرێت، بەڵام کۆلێژی پەروەردەی سۆران پارەیەکی زۆر زیاتر لەو بڕە دیاریکراوەی وەرگرتووە.

د.نووری هەرزانی گوتی "بەپێی زانیاری ئێمە سـاڵی پـار یەک ملیـۆن دیناریان لەقوتابییان وەرگرتووە، ساڵی دووەمیش 750 هەزار دیناریـان وەرگرتووە، بەڵام بەپێی ڕێنمایـی وەزارەت نابێت لە 450 هەزار دینار زیاتر لەقوتابیان وەربگیرێت".

سـەبارەت بەو ڕێوشوێنانەی وەزارەتی خوێندنـی بـاڵاش گرتوویەتییـە بەر بۆ چارەسـەر کردنـی ئەو گرفتـە، دکتۆر نووری هەرزانی گوتی "وەزارەت لێژنەیەکی پێکهێناوە و دیراسـەی فایلەکانی کردووە و هەمـووی جیا کردۆتـەوە، ئەو قوتابی و خوێندکارەی شـمولی ئەوە دەکات کە دەوام بکات، ئەوە چارەسـەری بۆ دانراوە ئەوەی شـمولی دەوام ناکات حاڵەتێکی دیکەیە بەپێی ئـەو بیروبۆچوونەی کەوا هەیە پێویسـتە پەروەردەی سۆران خۆی چارەسەرێک بۆ ئەوانە بدۆزێتەوە".



## لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە جێنەسایدکردنی کورد لە لەندەن

# پرۆفیسۆرێکی بیانی داوا لە کورد دەکات تۆڵەی خۆی بکاتەوە



ئیبراهیم مەلازادە
bmalazada@gmail.com

**ڕووداو – بەریتانیا**

د.دێسمۆند فەرناندۆس، کە خاوەنی کتێبی جینۆسایدی کورد و ئەرمەنە دەڵێت "ئەتاتورک بەشێوەیەکی ڕێکخراو دەستی بەپرۆسەی جینۆساید کرد لەدژی گەلی کورد و تێکڕای کەمایەتییەکانی ناو سنووری تورکیا، لەوانەش 315 هەزار کورد و 300 هەزار ئەرمەنی لەئەستەمبوڵ ڕاگواستن بۆ شوێنی نادیار، تا هەنووکەش ئینکاری لەزمانی کوردی دەکرێت".

فەرناندۆس ئەو قسانەی لەکۆنفرانسێکدا کرد کە تایبەت بوو بەکیمیابارانی هەڵەبجە و جینۆسایدی ئەنفالی گەلی کورد، کۆنفرانسەکەش لەلایەن کۆمەڵێک چالاکڤانی کورد لەوڵاتی بەریتانیا لەساڵیادی کیمیبارانکردنی هەڵەبجەدا ڕێکخرا بوو.

ڕۆژی 2008/3/16 کۆمەڵێک چالاکڤانی کورد، کە لەنۆڤێمبەری 2007دا دەستەیەکیان بەناوی (دەستەی کارای ئەنفال و هەڵەبجە) پێکهێنابوو، لەشاری لەندەن کۆنفرانسێکیان بەبەشداری پتر لە 140 کەس لەبارەی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال ڕێکخست، مەبەستیش لەڕێکخستنی کۆنفرانسەکە بەجینۆساید ناساندنی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالکردنی گەلی کورد بوو.

لەکۆنفرانسەکەدا، ئەندامانی دەستەی کارای هەڵەبجە و ئەنفال، هەوڵیان دابوو زیاتر کەسانی شارەزا لەبواری جینۆساید داوەتی کۆنفرانسەکە بکەن، لەوانەش د.فلیپ سپێنسەر، شارەزا لەسەر هۆڵۆکۆست، د.دێسمۆند فەرناندۆس، خاوەنی کتێبی جینۆسایدی کورد و ئەرمەن، د.گریگۆری ستاتون، سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێری جینۆسایدی نێودەوڵەتی، نیک دۆنۆڤان، سەرۆکی سیاسەت و لێکۆڵینەوە بۆ چاودێریکردنی متمانە، هەروەها چێرا فانتۆری، لەژووری نێودەوڵەتی ئاشتی، بە چەند باس و لێکۆڵینەوەیەک بەشداریان لەکۆنفرانسەکەدا کرد.

لەسەدەی ڕابردوو چەندین نەتەوە لەلایەن زلهێزەکانەوە دووچاری لەناوبردن و جینۆسایدکردن بوونەتەوە، لەوانە جوولەکەکان لەسەر دەستی هیتلەر، کورد و ئەرمەنەکان لەلایەن تورکیاوە، کەمبۆدییەکان لەلایەن پۆڵ پۆتی سەرۆکی خەمیرە سوورەکان، موسڵمانی کۆسۆڤۆ لەلایەن سربەکانەوە، هەروەها گەلی کورد لەباشووری کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە دووچاری کیمیا باران و ئەنفالکردن و ڕاگواستن بووەتەوە.

لە تەوەری یەکەمی کۆنفرانسەکە کە لەلایەن پ.دلاوەر عەلائەدین بەڕێوەبرا، هەر یەک لە د.فلیپ سپێنسەر، دیسمۆند فەرناندۆس، د.گریگۆری ستاتون قسەیان کرد و، هۆشداریان دایە حکومەتی کوردستان لەئەگەری ڕوودانی جینۆسایدێکی دیکە دژ بەگەلی کورد.

د.گریگۆری ستاتون، سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێری جینۆسایدی نێودەوڵەتی، یەکێکە لەوکەسانەی لەنزیکەوە ئاگای لەجینۆسایدی کەمبۆدییەکان هەیە کە لە 1981دا لەسەر دەستی پۆڵ پۆت، سەرۆکی خەمیرە سوورەکان ڕوویدا. باسی لەوە کرد کە کورد لەئەناتۆلیا جینۆساید کراون مەترسی خۆشی نیشاندا کە جینۆسایدی دیکەش بەڕێوەن "بەرای من جینۆسایدی دیکەش بەڕێوەن بەتایبەتی لەسوودان".

سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێری جینۆسایدی نێودەوڵەتی، بەباشی دەزانێت کە کوردیش وەکو جوولەکە سیمبولێکی هەبێ بۆ ناسینەوەی ئەوەی جینۆسایدەی لەدژی کراوە و دەڵێت "دەبێت کارێک بکرێت بۆ ناسینەوەی جینۆساید. ئەویش لەڕێگەی دروستکردنی سیمبۆڵ، وەک جووەکان کەسیمبۆڵی خۆیان هەیە بۆ ناسینەوەی جینۆساید، دەبێت کوردیش سیمبۆڵێکی هەبێت بۆ ناسینەوەی ئەو جینۆسایدەی لەدژی ئەنجامدراوە".

ڕەخنەی زۆربەی سیاسەتڤان و ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوا لەگەلی کورد ئەوەیە، کە کەمتر پشت بەخۆی دەبەستێت و زیاتر چاوی لەدەستی خەڵکانی دیکەیە کارێکی بۆ بکەن، د.گریگۆر لەو بارەیەوە دەڵێت "پێویستە کورد پشت بەخۆی ببەستێت و هەموو قورسایی خۆی نەخاتە سەر دەرەوە، بەتایبەتیش ئەمەریکا".

سەبارەت بەگەلی کورد لەباکووری کوردستان، کە هەنووکە لەلایەن تورکەکانەوە زۆر بەتوندی سەرکوت دەکرێ تەنانەت لەچالاکییە مەدەنییەکانیشیان ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێ، د.گریگۆری پێیوایە "ئاشتی باشترین ڕێگا چارەیە بۆ دوورخستنەوەی کوردانی باکووری کوردستان لەجینۆسایدێکی دیکە".

هەروەها د.دێسمۆند فەرناندۆس جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە تا ئەو ساتەوەختەش بەتورککردن (Turkification) لە تورکیا لەبرەو دایە. ئەو پێیوایە کە ئەتاتورک بەشێوەیەکی ڕێکخراو دەستی بەپرۆسەی جەنەساید کرد لەدژی کورد و تێکڕای کەمایەتییەکانی ناو سنووری تورکیا، لەوانەش 315 هەزار کوردو 300 هەزار ئەرمەنی لەئەستەمبوڵ ڕاگواستن بۆ شوێنی نادیار. تا هەنووکەش ئینکاری لەزمانی کوردی دەکرێت.

بەو پێیەی کەسە بەشدار بووەکان زیاتر کەسانێکی پسپۆر بوون لەبواری یاسا نێو دەوڵەتییەکانی تایبەت بەجینۆساید، بۆیە زۆربەی ئاراستەی قسەکانیان بەرەو بەیاساییکردنی جینۆسایدی گەلی کورد دەچوو، ڕێنمایی گەلی کوردیشیان دەکرد کە پێویستە لەڕێگەی یاساوە تۆڵەی خۆی بکاتەوە.

چێرا فانتۆری، کە سەر بەژووری نێودەوڵەتی ئاشتییە و یەکێک بوو لەمیوانانی کۆنفرانسەکە، وەک خۆی باسیکرد بۆ یەکەمجار لەڕێگەی فیلمێکەوە بەجینۆسایدکردنی کوردی زانیوە، دوای بینینی فیلمەکەش تووشی "شۆک" بووە.

فانتۆری لەکۆنفرانسەکە باسی لەکاریگەری کیمیا بارانی هەڵەبجە کرد کە بەزەیی بە ژینگە و ڕووەک و مرۆڤ و ئاژەڵدا نەهاتۆتەوە، هەر بۆیە داوا لەگەلی کورد دەکات دەستەوەستان دانەنیشێت و تۆڵەی خۆی بکاتەوە "بەڵام لەڕێگەی دەزگا یاساییەکان و هەوڵدان بۆ ناساندنی ئەو تاوانە بەدەزگا نێودەوڵەتییەکان".

تا هەنووکە چەندین بەڵگەنامە لەبەردەستدان، کورد دەتوانێت باشترین سوودیان لێ ببینێت، هەم بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال و کیمیاباران هەمیش بۆ بەدادگاییی گەیاندنی ئەو کەسانەی وەکو سەدام و دەست و پێوەندەکەی دەستیان لەکارەساتی ئەنفال و کیمیا باراندا هەیە.

تەوەری سێیەمی کۆنفرانسەکەی دەستەی کارای ئەنفال و هەڵەبجە تایبەت کرابوو بۆ چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەو بەڵگانامەی لەبەردەست دان و، بەکارهێنانیان بۆ سەلماندنی تاوانەکان بۆ ئەوەی تاوانباران ڕابکێشرێنە بەردەم دادگا.

چنار سەعد عەبدوڵڵا وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفال، کە یەکێک بوو لەبەشدارانی کۆنفرانسەکە لەو بارەیەوە چەندین ئامار و داتای لەسەر ژمارەی قوربانییەکان خستە ڕوو، هەروەها هەر یەک لەشاخەوان شۆڕش، ئەندامی دەستەی باڵای ناوەندی چاک لەسەر جینۆسایدی کورد لەشاڵاوەکانی ئەنفالدا، د.میرزا دنایی لەسەر جینۆسایدی کوردی ئێزیدی، د.مونیرە ئومێد، لەسەر کوردە فەیلییەکان و عەلی ڕەحیمی سەبارەت بەجینۆسایدی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسەیان کرد.

لە دواجاردا دەرەنجامەکانی (resolutions) کۆنفرانسەکە گەڵاڵە کران کە بریتیبوون لەوەی دەوڵەتی عیراق دەستبەجێ داوای لێبووردن لەگەلی کورد بکات، هەروەها داوا لەدەزگا نێو دەوڵەتییەکان بکرێت کە دان بەجینۆسایدی گەلی کورددا بنرێت، سیادەتی دەوڵەت چیتر نەکرێتە بیانوویەک بۆ پاکتاوکردنی هاووڵاتییانی ڕەسەنی هەر دەڤەرێک. بەردەوامبوون لەگەڕان و کۆکردنەوەی هەموو ئەو بەڵگە و دۆکومێنتانەی کە تایبەتن بەتاوانی پاکتاوی ڕەگەزی لەدژی گەلی کورد، داواکردنی قەرەبوو کردنەوەی هەموو کەسوکاری قوربانییەکانی پاکتاوی ڕەگەزی، ڕاکێشانی هەموو تاوانباران بۆ بەردەم دادگا.

## بەهۆی تۆپبارانی ئێرانەوە

# تائێستا 110 خێزان گوندەکانیان بەجێهێشتووە



ئاری سابیر
ari@rudaw.net

**ڕووداو – پشدەر**

لەڕۆژی 2008/3/13وە تۆپخانەکانی ئێران بەخەستی دەستیانکردووە بەتۆپبارانکردنی گوندەکانی سنووری ناحیەی پشدەر لەبناری قەندیل بەبێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەک لەلایەن حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و حیزبە کوردییەکانەوە هەبێت.

عەبدوڵڵا حوسێن، 51 ساڵ، هاووڵاتییەکی گوندی ڕەزگەیە کە ئێستا لەخێوەتگەی پردی مەنگوڕ نیشتەجێیە، گوتی "لەیەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی تۆپبارانەکەوە گوندەکە ئێمەتۆپبارانکرا، چەند گوللەتۆپێک کەوتە نێو ماڵەکان و مەڕوو ماڵاتەکانمان پەرتەوازەبوو، زیان بەدەرگاو پەنجەرەی خانووەکان گەیشت، بۆیە ناچار بووین ڕوو لەژاراوە بکەین و گیانی خۆمان بپارێزین".

عەبدوڵڵا حوسێن کە سەرقاڵی گەڕانەوەبوو لەژاراوەوە بۆ خێوەتگەکەی ڕەخنەی لەلایەنە پەیوەندیدارەکان گرت کە وەک پێویست بەهانایانەوە نەهاتوون و پێداویستیەکانیان بۆ دابین نەکردوون، گوتیشی "چەندین جارە ئێران تۆپبارانی گوندەکانمانی کردووە، بەڵام حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە لەگەڵی ڕێکبەکەوێت ئەو کارە دووبارە نەبێتەوە، ئەگەر ئاوابێت ناچارین بەیەکجاری گوندەکانمان چۆڵبکەین".

هەروەها گوتی "ئەو تۆپبارانکردنە تەنیا زیانی بەخەڵکی مەدەنی گەیاندووە، لەگوندەکان هیچ چەکدارێکی پژاک نییە تاکو بریندار بن کە گوایە بریندار بوونە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتووە ئەو چەکانەی تۆپخانەکانی ئێران تۆپبارانی گوندەکانی پێدەکات لەجۆری کاتیۆشەی چلی و تۆپی 122 ملم و 157 ملم و 175 ملمن، ئەو گوندانەی بەر تۆپبارانەکە کەوتوون بریتین لەشیناوە، ڕەزگەی سەروو، ڕەزگەی خواروو، ئەرکەی سەروو، سپیی گڵە، بەستە، مارەدوو و سوورەگڵە، بەو هۆیەشەوە تائێستا 110 خێزان کە زیاتر لە500 سەرخێزان دەبن گوندەکانیان بەجێهێشتووە و ئاوارە بوونە و لەژێر خێمەدا دەژین.

ئازاد وسو حەسەن، بەڕێوبەری ناحیەی ژاراوە گوتی "ئەو 110 خێزانە پێداویستیە سەرتاییەکانیان لەلایەن ڕێکخراوە خێر خوازەکانەوە بۆ دابینکراوە وەکو خێمەو بەتانی و دۆشەک و خواردن، پارێزگای سلێمانیش 20 ملیۆن دیناری بۆ دابینکردنی ئاوی پاک تەرخانکردووە".

ئازاد وسو ئاماژەی بەوەدا کە ئەو خێزانە ئاوارەبووانە دانیشتووی ئەو هەشت گوندەن و بەشێکیان مەڕدارن و بەشێکیش بەکاری کشتوکاڵی خەریکن و لەکاتی تۆپبارانکردنی گوندەکانیان بەشێک لەمەڕوماڵاتیان ونبووەو زیان بەخانووەکانیان گەیشتووە "بەڵام تاوەکو ئێستا ئامارێکی وردمان لەبەر دەستدا نییە، بەڵام هیچ زیانی گیانی لێنەکەوتووتەوە".

ئاماژەی بەوەشکرد کە بەردەوام لەپەیوەندیدان لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی بۆ ئەوەی پێداویستی زیاتر بۆ ئاوارەکان دابین بکەن و کۆتایی بەو تۆپبارانکردنە بێنن.

ئاراس کاردۆخ، ئەندامی مەجلیسی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان لەلێدوانێکیدا بۆ سایتی سبەی ئاماژەی بەوەدابوو کە تۆپبارانکردنی گوندەکانی بناری قەندیل "بەئاگاداری یەکێتی بووە و، ڕێکەوتن لەنێوان ئێران و یەکێتی هەیە بۆ ئەوەی زیان بەهێزەکانی پژاک بگەێنن" بەڵام محەممەد وەتمان لێپرسراوی مەڵبەندی 24 ی پشدەر ئەوەی ڕەتکردەوە و گوتی "ئێمە نیگەرانی خۆمان دەربڕیوە بەرامبەر بەو تۆپبارانکردنەی کۆماری ئیسلامی ئێران و لەڕێگەی نوێنەری یەکێتیەوە لەئێران ئەو نیگەرانییە بەئێران ڕاگەیێندراوە و، داواشمان کردووە بەزوترین کات بوەستێت".

محەممەت وەتمان بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەو گوندانە تەنیا هاووڵاتی مەدەنی لێیە و، زۆربەیان ئەندامی یەکێتین، هیچ چەکدراێکی پژاک لەناو گوندەکان نین تاوەکو ئێمە ڕێکبکەوین لەگەڵ ئێران تۆپبارانی خەڵکی خۆمان بکەن، ئەو قسانە هەڵبەستراون و دوورن لەڕاستیەوە".

لەماوەی 3ساڵی ڕابردوودا ئەوە چوارەم جارە تۆپخانەکانی ئێران بەبیانووی بوونی هێزەکانی پژاک لەسنوورەکە تۆپبارانی گوندەکانی بناری قەندیل دەکەن و زیانی زۆری بەباخ و باخاتی جووتیاران گەیاندووە. ئەمساڵیش حکومەتی کوردستان ڕێگەی لەسەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان گرت و نەیهێشت سەردانی ئەو شوێنانە بکەن بەبیانووی ئەوەی ناوچەی جەنگە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری ژیانی ئاوارەکان بین. پەیامنێرەکەی (ڕووداو) ویستی بچێتە ناو کەمپی ئاوارەکان لەبازگەی ژاراوە، بەڵام ئاسایش ڕێگەی پێنەدا.



چەند دێهاتیەکی ئاوارەبووی بناری قەندیل لەدەست تۆپبارانی ئێرانەوە (فۆتۆ: ڕەحمان غەریب)

# کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەشداری یادی ئەنفال ناکەن

## ژنێکی پاشماوەی ئەنفال لە شۆڕش "هێندە ئاومان بە سەر هێناوە زۆربەی کچەکانمان سەریان ڕووتاوەتەوە"

**ئاکۆ محەمەد شوانی**

**ڕووداو – شۆڕش**

"ئەوەندە بەسەر تەنەکەی ئاومان هێنا خەریکە قژ بەسەرمانەوە نامێنێت، ژیان چۆن وا دەبێت، بەدەست کێشەی کەم ئاوییەوە خەریکە روحمان دەردەچێت، من چەندین کچ دەناسم لەبەر قژڕووتانەوەکەیان کە دەچن بۆ خوێندن سەرپۆش دەدەن بەسەریاندا، هەندێک لەوانە ترسی شووکردنیشیان هەیە، ئەوەتا تەماشاکەن، دەبێت بیست و پێنچ دەقیقە بەپێ بڕۆین بۆ حەوزێکی دوور لە ماڵەکانەوە تاوەکو یەک تەنەکە ئاو دەهێنین، چەند ساڵە هاواردەکەین داوا لەحکومەت دەکەین، کەس ئامادە نییە گوێمان لێبگرێت"، ئەمە بەشێک بوو لەو هەموو ئازارەی حەبیبە محەمەدی تەمەن 49 ساڵ، کە خاوەن 8 کەسی ئەنفالکراوە بە قوڕگی پڕگریان و چاوی پڕ ئەسرینەوە بۆ پەیامنێرەکەی (ڕووداو) دەگێڕایەوە، ئازارەکانی ژیان جەستەی وشک کردبووەوە، جگە لەجلە ڕەشەکەی خۆیشی ڕەنگی ڕەش هەڵگەڕابوو.

حەبیبە بەردەوامە لەگێڕانەوە خەمەکانی و بەناڕەزاییەوە دەڵێت"ئەوەتا لە سلێمانی و هەولێر ئەو هەموو شتە جوانانە دروستدەکرێت، ئێمەش لەناو قوڕو لیتەی زستان وتەپوتۆزی هاوینداوشکبووینەتەوەو کەس نییە گوێمان لێبگرێت، حکومەتی عێراق یەکجار ئەنفالی کردین، بەڵام ئێستا هەموو ڕۆژێکمان ئەنفالە".

ناحیەی شۆڕش، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی چەمچەماڵ و لەساڵی 1988دا وەکو ئۆردووگایەکی زۆرەملێ بۆ کەس و کاری ئەنفالکراوەکان دروستکرا، ئەوانەی لەسەردەمی ڕژێمدا لەوێ نیشتەجێکران، ئێستاش بەزیندانییەکی گەورەی دەزانن بۆ ژنانی پاشماوەکانی ئەنفال.

ئەگەرچی ئەو ئۆردووگایە لەلایەن حکومەتی کوردییەوە کراوە بەناحیە، بەڵام هەر بەبێ حزمەتگوزاری ماوەتەوەو تاوەکو ئێستا لە زۆربەی پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان بێبەشن.

یەکێک لەوگرفتانەی کە ژنە پاشماوەکانی ئەنفال لە ناحییەی شۆڕش پێیەوە گیرۆدەن نەبوونی ئاوە، تائێستا ژنانی ئەم ناحییە بەسەر ئاو لەکانییەوە دەهێنن و بەپێی گوتەی چەند ئافرەتێک" ئەمەش وایکردووە هەر لەتەمنی لاویەتییەوە زۆربەی کچانی ئەم ناحیەیە سەریان بڕوتێتەوە".

سەروەر کاکە ڕەش، سەرۆکی شارەوانی شۆڕش ئاماژە بەوە دەکات کە ئێستا ئەوان سەرقاڵی ئەوەن لەڕێگەی چەند بیرێکی ئێرتیوازییەوە کێشەی کەم ئاوی لە ناحیەکەدا چارەسەر بکەن، ئەو دەڵێ" ئەگەرچی ئێمە لە هەوڵی ئەوەداین لەڕێگەی چەند بیرێکی ئیتیوازیەوە کێشەی کەم ئاوی لە ناحیەکەدا چارەسەر بکەین و بیرەکان و حەوزی بیرەکانیش تەواو بووە، بەڵام بەهۆی زۆری بەڵێندان و جێ بەجێ نەکردنی پرۆژەکان، خەڵکی ناحیەکە متمانەیان بەحکومەت کەمبووەتەوە" سەرۆکی شارەوانی شۆڕش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێستا پرۆژەکە تەواو بووەو دوای ماوەیەکی کەم ئەو کێشەیە تا ئاستێکی باش چارەسەر دەبێت.

ئاریان فازڵ سەرۆکی ڕێکخراوی پاشماوەی ئەنفالەکان، پێیوایە حکومەت وەکو پێویست هاوکاری نەکردوون و هەوڵەکانی لە ئاست داخوازیەکانی ئەواندا نییە، ئاریان، دەڵێت" ناتوانین بڵێین حکومەت هیچی نەکردووە، بەڵام لە ئاست وێرانەیی ناحیەکەو پێداویستیەکانماندا هیچی وامان بۆ نەکراوە، هەموو ساڵێک بەڵێنی زۆرمان پێدەدەن و هیچی واشی جێ بەجێ ناکەن، هەربۆیە ئەمساڵ کە حکومەت یادی ئەنفال دەکاتەوە، ئێمە بەشداری یادەکە ناکەین".

ئاریان، تەنها پێناسەی بۆ گرفتەکە کانی شۆڕش ئەوەیە دەڵێت" کێشەکان ئەوەندە زۆرن لەوناحیە وێرانەیەدا مەگەر هەر دانیشتوانی ناحیەکە خۆیان بتوانن گوزارشت لە ئازارەکانی خۆیان بکەن".

"ماوەی زیاتر لە 20 ساڵە ئێمە بەدەست کێشەی کەم ئاوییەوە دەناڵێنین. ئەوە ماوەی سێ ساڵە بۆڕی ئاومان بۆ ڕاکێشراوە کەچی تاوەکو ئێستا ئاوی پێدا نەهاتووە، سەدام دوای ئەنفالکردنی پیاوەکانمان ئێمەی هاوردە ناحیەی شۆڕش، تاوەکو بە خەفەتەوە بمان کوژێت، ئێستاش ئەم حکومەتەی خۆمان هەمو ڕۆژێک بە خەفەتەوە دەمان کوژێت" ئەمە وتەی ئەو ژنە ڕەشپۆشە تەمەن 57 ساڵەیە، کە هاوسەرەکەی و دوو کوڕی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون و ئێستا خۆیی و سێ کچی لە گەڕەکی قەرەهەنجیرییەکانی ناحیەی شۆڕش دەژین، ئامینە حەمە فەرەج سەبارەت بەژیانی خۆیان و ئەو ئازارەی کە ئەوان لەدوای ڕاپەرینەوە تووشی هاتوون دەدوێت" لەسەرەتاوە کە هاتین ناحیەی شۆڕش وەکو ڕۆژی حەشر وابوو، کەس نەیدەزانی چارەنووسمان بەچی دەگات، تا دوای ڕاپەرینی 1991 بە کولەمەرگییەکی زۆر ژیانمان دەبردە سەر، بەڵام کەڕاپەڕین ڕویدا کێشەکانمان چارەسەرنەبوو، ئەگەر زۆرتر نەبووبن کەمیش نەبۆتەوە. ئەوەتا تاوەکو ئێستاش ئێمە بەدەست کێشەی کەم ئاوییەوە دەناڵێنین و ئازارەکانمان تا دێت زیاد دەکات، ئەبێت زیاتر لە یەک کیلۆ مەتر ببڕین تاوەکو تەنەکەیەکی ئاومان دەست دەکەوێت. ئەوەندە بەسەر ئاومان هێناوە بەشێکمان قژمان ڕوتاوەتەوە، کەسیش نایەت بەهانامانەوەو لەم کولەمەرگیە ڕزگارمان بکات.

مریەم محەمەد بەرپرسی کۆمیتەی ژنانی چەمچەماڵ، ئەوە دەخاتەڕوو "کە ژنانی ناحیەی شۆڕش بەشمەینەتترین ژنی کوردستانن" زیاتر دەدوێ و دەڵێت "کاتی خۆی کارگەیەکی خشت دروستکرا بۆ کارکردنی ژنان، بەڵام ئێستا ئەوکارگەیەش داخراوە، بەڕاستی ژنانی ناحیەی شۆڕش لە زۆربەی خۆشیەکانی ژیان بێبەشن و دەبێت تەنها بەدوای ئازارەکانی ژیان و ئاو ڕاکێشانەوەبن، بۆیە ئێستا کێشەی کەم ئاوی یەکێکە لەو کێشانەی ژنانی ئەنفال بە دەستیەوە دەناڵێنن".

ئەگەرچی بەرلە ڕۆشتنم بۆ ناحییەکە بڕیاری ئەوەمدابوو وێنەی یەکێک لەو ئافرەتانەبگرم کە مەینەتییەکانی ژیان قژی ڕووتاندوونەتەوە، بەڵام ئاستەنگە کۆمەڵایەتیەکان ڕێگربوون لەبەردەم کارەکەمدا.

## قوباد تاڵەبانی نوێنەری حکومەتی کوردستان لە ئەمەریکا:

# چەند کۆمپانیایەکی لۆبیمان بەکرێ گرتووە

هەموو دونیا چاوی لە واشنتنە، وەک پایتەختی چارەنووس بەدەستی جیهان. چەند ساڵێکە قوباد تاڵەبانی سەرۆکی دیپلۆماسیەتی کوردییە لە واشنتن. (رووداو) بەچەند پرسیارێکی پەیوەست بە کارەکەی و ئایندەی سیاسی خۆیەوە، ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ قوباد تاڵەبانی، نوێنەری حکومەتی کوردستان لە ئەمەریکا سازکرد:

**رووداو . واشنتن**

**رووداو: زۆر جار گلەیی لەنەبوونی لۆبی کوردی دەکرێت لەئەمەریکا لە کاتێکدا تورکیا لۆبییەکی زۆر بەهێزی لەوێ هەیە و هەموو هەوڵ و تواناکانیشی بۆ دژایەتیکردنی کورد خستۆتە گەڕ، ئایا پارتی و یەکێتی ناتوانن بەو سەرمایەی ئێستا لە بەردەستیاندایە هەوڵی دروستکردنی لۆبی بدەن؟ دەگوترێت نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستان لە ئەمەریکا بوودجەیەکی زۆری بۆ ئەم مەبەستە خراوەتە بەردەست و تا ئێستا هیچ بەرهەمێکی ئەوتۆی نەبووە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ئێمە وەکو نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان دەستمان بە کۆکردنەوەی رەوەند (جالیە)ی کوردی کردووە،چەند کۆمپانیایەکی لۆبیمان بەکرێ گرتوە بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن لە گەیاندنی پەیامی خەڵکی کوردستان بۆ گاریکەری دانان لەسەر بیروبۆچوونی سیاسەتمەدارن. ئێمە وەک حکومەتی هەرێم ناتوانین بە دۆلار مونافەسەی تورکیا و وڵاتە عەرەبییەکان بکەین لە دروستکردنی لۆبی دا . ئێمە ژیرانە هەوڵدەدەین دۆست لە ناو لۆبیە جیاجیاکانی ئەمریکادا پەیدا بکەین. دروستکردنی لۆبی پشتیوانییەکی ماددی و مەعنەوی گەورەی دەوێت، ئەمە سەرەڕای بوونی ئەزموونێکی فراوان لەو بوارەدا. لەیەکەم ساتی دامەزراندنی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا یەکێک لەو بەرنامانەی بیری لێکراوەتەوە دروستکردنی لۆبی بووە،بێگومان ئەمەش بۆ ئەوە بووە تا پشتیوانی زیاتری حکومەت و سەنتەرەکانی دروستکردنی بڕیاری ئەو وڵاتە بەدەستبێنین. وەک نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا هەوڵی دروستکردنی لۆبیمان داوە و بەرنامەی تایبەتیشمان هەیە،هەروەک دەمانەوێت سوود لەو رەوەندە کوردییە ببینین کە نیشتەجێی ئەمریکان. هەوڵێکی زۆرمان داوە بۆ کۆکرنەوەی کوردەکانی ئەمریکا تا بتوانین لە رێگەی ئەوانیشەوە دەنگمان بگاتە دەسەڵاتی ئەمریکا .

**رووداو: ئەمریکا تا چەند بە فەرمی دان بە نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستان دادەنێت؟**

**قوباد تاڵەبانی:** کورد ئەمڕۆ لایەنێکی سەرەکی عێراق پێکدێنێت،ئەزموونی دوای رووخانی رژێمی سەدامیش دەریخست بەبێ کورد سیاسەت لەعێراقدا سەرناکەوێت، لەم روانگەیەوە کورد لای ئەمریکا بایەخێکی تایبەتی هەیە. بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسە گرنگەکان ئەمریکا هەمیشە پرس و راوێژی بەلایەنە عێراقییەکان کردووە، لە نێویشیاندا کورد. ئەگەر سەیری رابردووش بکەین دەبینین بەرپرسە باڵاکانیان سەردانی کوردستانیان کردووە . نمونەشمان سەردانی ئەمجارەی دیک چێنییە .ئەمە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەمریکا تێڕوانین و ستراتیژی خۆی هەیە بەرامبەر کورد و گرنگی پێدەدات،ئێستاش لەگەڵ ئەمریکادا لەیەک بەرەداین، کە بەرەی دژە تیرۆرە و پێکەوە بۆ بنەبڕکردنی تیرۆر دەجەنگێین، بۆیە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە گەشەدایە . هەروەک هەردوولا کۆمەڵێک بیروبۆچوونی جیاوازشیان هەیە . دۆستی باشیشمان لە ناو ئیدارەی ئێستای ئەمریکادا هەن .

**رووداو: بۆچی تائێستا کورد هیچ میدیایەکی لە ئەمەریکا نییە کە دەنگی کورد بە ئەمەریکییەکان بگەیێنێت،بۆچی تا ئێستا هەوڵتان نەداوە کۆمەڵێک رۆژنامەوانی ناسراوی ئەمەریکی بانگهێشتی کوردستان بکەن؟**

**قوباد تاڵەبانی:** رۆژنامەنووسێکی زۆر سەردانی کوردستانیان کردووە و هانی زۆر رۆژنامەنووسیشمان داوە سەر لە کوردستان بدەن،هەروەها لێکۆڵەرەوەیەکی زۆری سەنتەرە ستراتیجەکان سەردانی کوردستانیان کردووەو نووسینی باشیشیان لەسەر هەرێم نووسیووە، نمونەشمان تۆماس فریدمانە کە لە نووسەرە هەرە بەناوبانگەکانی ئەمریکایە .

**رووداو: لە ئەمەریکا چەندین پرۆفیسۆرو مامۆستای زانکۆیی کورد هەن کە دەتوانن رۆڵێکی گرنگ ببینن، بۆچی تا ئێستا نەتوانراوە سوودیان لێوەربگیرێت؟**

**قوباد تاڵەبانی:** بە پێی زانیاری خۆمان مامۆستای کورد هەن لە زانکۆکانی ئەمریکا وانە دەڵێنەوە،ئێمە لە پەیوەندیداین لەگەڵیان .ئەم پرۆفیسۆرانە دەتوانن دەورێکی کاریگەریان هەبێت لە دانی زانیاری راست و ئەکادیمی لەسەر بارودۆخی ئێستا ومێژووی کوردستان .

**رووداو: ئێوەش لەچەند دیمانەیەکدا ئاماژەتان بەوە داوە کە ئەمەریکا هیچ بەرنامەیەکی تایبەتی نییە بۆ کورد، ئایا ئەم بێ بەرنامەییەی ئەمەریکا تا کەی وا دەمێنێتەوە؟ ئایا بەشێکی بێ بەرنامەییەکە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پارتی ویەکێتی نەیانزانیوە سیاسەت لەگەڵ ئەمەریکادا بکەن؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ئەمریکا سیاسەتێکی عێراقی هەیەو سیاسەتی ئەوان بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقدایە ئەمەش مانای ئەوە نییە کوردستان پەراوێز خرابێت،بە پێچەوانەوە هەروەک ئاماژەم پێدا،ئەمریکا بەشێوەیەکی فرە لایەنە لەگەڵ هەرێمی کوردستان کاردەکات، بەڵام پێموایە ئەگەر ئێمە ماڵی خۆمان رێکبخەین ئەوە بەهێزدەبین لە پەیوەندی وگفتوگۆکردندا لەگەڵ دۆستە ئەمریکییەکانماندا .

> **هەرچەندە خۆم وەک فەرمانبەرێکی رەسمی بۆم نییە بەشداربم لەخۆپیشاندان دژی تورکیا، بەڵام هەر بەشداریش بووم**

**رووداو: هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا چ کاریگەرییەکی لەسەر هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر کورد دەبێت، هەڵوێستی دیموکراتەکان وکۆمارییەکان لەبەرامبەر کورد هیچ جیاوازییەکی هەیە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** سیاسەتی ئەمریکا پەیوەستە بە بەرژەوەندییەکانی خۆی، ئەم راستییەش بەبردنەوەی دیموکراتەکان یان کۆمارییەکان ناگۆڕێت .ئەمریکا قوربانییەکی زۆری داوە لە رزگارکردنی عێراقداو هەردوو پارتەکەش بۆچوونی باشیان هەیە لەسەر کورد، نابێت کورد چاوی لە دەستی هیچ کەسێک بێت تا شتێکی بۆ بکات، بڕواشم وایە هەریەک لە کۆماری و دیموکراتەکان ئەجێندای خۆیان هەیە و ئیش بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکەن، دەبێت ئێمەش کاربکەین بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانمان یەک بێت لەگەڵ ئەمریکا .

**رووداو: دەگوترێت زۆر جار لەو رێپێوانانەی کە کوردی ئەمەریکاو بەتایبەتی واشنتن دژی تورکیا دەیکەن، تۆ خۆت دەدزیەوە وبەشداری ناکەی؟**

**قوبادتاڵەبانی:** من نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانم و ئێمە لە رووی سیاسییەوە پەیوەندیمان لەگەڵ تورکیا هەیە و ناڕەزایی خۆمان دەربارەی کارە ناڕاستەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەربڕیوە .هەرچەندە خۆم وەک فەرمانبەرێکی رەسمی بۆم نییە بەشداربم لەم جۆرە خۆپیشاندانانە،بەڵام من هەر بەشداریشبووم،تەنها ئەوکاتانە بەشدارنەبووم کە لە دەرەوەی ئەمریکا بووم.

**رووداو: ساڵی رابردوو وتارێکت بەئینگلیزی لە رۆژنامەی (سۆما)دا بڵاوکردەوەو نووسیبووت کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی مەحاڵ نییەو دەتوانرێ بەدەستبهێندرێت ئەگەر کورد هەوڵی بۆ بدات، لەکاتێکدا بەڕێز جەلال تاڵەبانی چەندین جار دەوڵەتی کوردی وسەربەخۆیی کوردستانی وەک خەونی شاعیرانە ومەحاڵ وەسفکردووە، لەمبارەیەوە بۆچوونتان چییە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** سەربەخۆیی کوردستان خەونی هەموو کوردێکە،کە سەربەخۆش نییە ئەمە غەدرێکی مێژووییە بەسەر میللەتەکەماندا سەپێنراوە .لە نووسینەکەی سۆمادا باسم لەوە کردووە کە دوور نییە عیراق وەک وڵاتێک فەشەل بێنێت و لەم حاڵەتەشدا کوردستان ناچار دەبێت کاروباری خۆی بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەڕێوەببات.

**رووداو: راپۆرتەکەی مایکل رۆبن دەنگدانەوەیەکی زۆری لەنێوخۆی کوردستاندا هەبوو،رات بەرامبەر راپۆرتەکە چییەو ئەم راپۆرتە چەند کاریگەری لەنێوخۆی ئەمەریکادا هەیەو ئایا راستە رۆبن زۆر قسەی لای بەڕێوەبەرایەتی بوش دەڕوا؟**

**قوباد تاڵەبانی:** راپۆرتەکەی مایکل رۆبن هیچ کاریگەری نەبووە لەسەر سیاسەت و بۆچوونی حکومەت و گەلی ئەمریکا بەرامبەر کوردو کوردستان،حکومەتی هەرێمیش هیچ کاتێک لەرەخنە نەترساوە،بەڵام رەخنەی جددی و بونیادنەرانە . ئەوانەی لەسەر کوردستان دەنووسن هەموویان بەیەک جۆر بیرناکەنەوە، لەمدواییانەدا چەند شتێک لەسەر کورد نووسران، بەڵام لە میدیای کوردستانەوە لە قەبارەی خۆی زیاتر گەورە کران، لەبەرامبەر ئەوانەی بە سلبی لەسەر کورد دەنووسن کەسانێکی دیکە هەن بە ئیجابی باسی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەکەن. زۆربەی نووسەرەکان مێژووی کوردیان لەبەر چاوەو رابردووی کورد لە چاو مێژووی خۆیدا ئەمڕۆ گەیشتووەتە چ ئاستیک، پێموانییە ئێمە بەدەرین لە کەموکورتی، ناڵێم گەندەڵی نییە، بەڵام مەرج نییە ئەو راپۆرتانە هەموویان راست بن.

**رووداو: بڕیارە ئەمساڵ کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ببەسترێت، بەنیازنیت خۆت بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێریت؟**

**قوباد تاڵەبانی:** تا ئێستا هیچ بڕیارێکم نەداوە،بەڵام ئامادەم هەموو هەوڵێک بدەم لە پێناو بەرژەوەندی میللەت و حیزبەکەم.




قوباد تاڵەبانی
- لەساڵی 1977 لەدایک بووە
- ئەندازەی میکانیکی لە لەندەن خوێندووە
- 2001-2002 جێگری بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بووە لە واشنتن
- 2003-2004 نوێنەری یەکێتی بووە لە پەیوەندی بەستن لەگەڵ دەسەڵاتی هاوپەیمانان لە عیراق CPA .
- لەگەڵ شێری کراهام ژیانی هاوسەری پێکهێناوە .

> **سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر هەرێمی کوردستان لەگەشەدایە**



قوباد تاڵەبانی لە خۆپیشاندانێکی ئەم دواییەی کورد دژی تورکیا لە بەردەم کۆشکی سپی لە واشنتن

---

# دەنگ نادەمە ئۆباما



کەمال بێوار- ئەمەریکا
kamalbewar@hotmail.com

ئەو هەڵبژاردنەی ئێستای ئەمەریکا، مێژووییە و لە دیرۆکی ئەمەریکادا هەڵبژاردنی ئاوا نەکراوە، بە لەبەرچاوگرتنی بەشداریی رەگەزی مێینە و ئیتنی .لە کاتێکدا ئۆباما و هیلاری کلینتۆن دوو کاندەدێتی مێژوویین، لە گەڵ ئەوەشدا مێژووێکی دیکەشی تۆمار کردووە لە سەر دابەشبوونی دەنگدەرانی دیمۆکرات بەسەر ئەو دوو کاندیدەدا. زۆربەی خەڵکی ئەمەریکا باس لە رەنگدانەوەی سەرەکی رگەزپەرستی ناکەن بە راشکاوی و بە تایبەت لە میدیاکاندا، چونکە ئەم بابەتە بە باتەتێکی یەکجار هەستیار دادەنێن، ئەگەرچی زۆر بەی خەڵک وادەزانن کە رەگەزپەرستی نەماوە لە ئەمریکا،بەڵام پسپۆڕانی شارەزا براویان وایە کە ئەم بابەتە هەر ماوە،بەڵام خەڵکی ئەمەریکا و حکومەتی ئەمەریکا نایەنەوێت خۆ لە قەرەی ئەم باسە بدەن.

ئاڵۆزی درێژەکێشانی هەڵبژاردنی پاڵێوراوی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا و بوونی ئەو رکابەرییە توندە لەنێوان ئۆباما و کلینتۆن خاڵی سەرنج راکێشن لە هەڵبژاردانەکانی ئەمجارەی ئەمریکادا. بە راشکاوی دەڵێم ئەگەر پاڵێوراوی یەکەم ژن و ئەوەی دووەم رەش پێست نەبووایە، بە بڕوای من ئێستا دیموکراتەکان کاندیدی خۆیان دەستنیشانکردبوو، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا.

ئەو پێشبڕکێیە هەتا ئێستا زۆر بە نیزیکی لە گەڵ یەکدا بەردەوام بووە، جارێک ئۆباما لە پێشە و جارێک کلینتۆن. هەریەک لەو دوو کەسە دوای وتارێک یان بۆچوونێکیان لە سەر ئابووری بێت یان جەنگی عێراق، جارێک پێشدەکەوەن و جارێکیش بەرەو دواوە دەچن.

ئۆباما لە وتارێکیدا کە باسی رەگەزی خەڵکی ئەمریکای کرد کەمێک لە پێگەی خۆی دۆڕاند لە ناو دنگدەرانی دیمۆکراتەکاندا. دوای ئەوەی کە (رێڤرەن جێریمایە رایت) هەندێک وتاری دا لە سەر 11ی سێبتەمبەر و بە خراپە باسی لەم رۆژە و حکومەتی ئەمەریکا و ئەمریکا کرد، خەڵکی داوایان لە ئۆباما کرد کە لێداونەکانی ئەو کەسە شەرمەزار بکات، لە بەر ئەوەی ئۆباما لە سەر دەستی ئەو قەشەیە چووەتە سەر ئایینی (یونایتد چێرچ ئۆف کرایست – United Church of Christ).

ئۆباما وتی، من قسەکانی ئەو پرۆتستۆ دەکەم، بەڵام جێرمایە هەر وەکو خۆشەویستێکی خۆم و خێزانەکەم دەمێنێتەوە. ئەم قسانە زۆر لەسەر ئۆباما وەستان و تائێستا ئەگەر گوێ لە میدیاکانی ئەمەریکا بگرین، هەر باس لەوە دەکەن کە ئایا چۆن دەتوانین بڕاو بە کەسێک بکەین ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا، کە نەتوانێت واز لە کەسێک بێنێت کە تەنیا قەشەیەتی،لەکاتێکدا ئەو قەشەیە دژی ئەمەریکا و حکومەتی ئەمریکا قسە بکات.

گرنگ نییە ئۆباما یان کلینتۆن سەردەکەون لە هەڵبژاردنەکانی دیمۆکراتەکاندا،بەڵام زۆربەی شارەزایان لەو بڕوایەدان هەرکام لەو دوو کەسە ببنە پالێوراوی دیمۆکراتەکان چانسی سەرکەوتن دەداتە کۆمارییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا،چونکە لەو بڕوایەدان، هیچیان چانسی ئەوەیان نییە ببنە سەرۆکی ئەمەریکا، چونکە خەڵکی ئەمەریکا هێشتا ئامادە نییە کە ژنێک یان رەشپێستێک ببێت، سەرۆکیان. ئەگەرچی، ئۆباما تێکەڵەیەکە لە رەگەزی سپی و رەش، چونکە دایکی سپییە و باوکی رەشە، بەڵام هەر بە رەشپێست ناوی دەبەن.

پرسی گرنگی ئێمە ئەوەیە : دوای سەرکەوتنی کۆمارییەکان یان دیمۆکراتەکان کێشەی کورد بە کوێ دەگات؟بە بۆچوونی من، ئەگەر کۆمارییەکان، واتە جۆن مەکەین سەربکەوێت، زۆر باشترە بۆ کورد و کوردستان .لەبەر ئەوەی گۆڕانێکی کەم لە لایەن ئەوە دەکرێ،بەڵام شێفتێکی کەمدەبێت و لە بەرژەوەندی کوردە .ئەگەر دێمۆکراتەکان دەربچن بەتایبەت ئۆباما بە بۆچوونی من،لە بەرژەوەندی کورد نییە . چونکە زۆر بە ئاشکرا لە وتارەکانی هەست بەوە دەکرێت کە دەیەوێت پەیوەندی لە گەڵ سوریاو ئێران باش بکات.بەڵام، ئەگەر هێلەری کلینتۆن کاندید بکرێت بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایایەتی لە لایەن دیمۆکراتەکانەوەو، ئەگەر بووە سەرۆکی ئەمەریکا، ئەویش پەیوەندی لە گەڵ کورد و کوردستان باش دەبێت چونکە چەند جارێک باسی ئەوەی کردووە کە: ئەرکی ئەمەریکایە کوردەکان بپارێزێت.

من وەک کوردێکی ئەمەریکی، بەهیچ جۆرێک دەنگ نادەمە ئۆباما و بە بۆچوونی من ئەگەر ئەو ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا،ئەوە لە بەرژەوەندی کورد نییە . هیوادارم هەموو کورد لە ئەمەریکا هەست بەو راستییە بکەن.

دیار:

# ئەوانەی لاوانی کورد بەرەو موزیکی تورکی و عەرەبی هاندەدەن خیانەتکارن



عەبدولڕەحمان عەلی
رووداو – هەولێر

لەسەر قەنەفەیەکی هۆڵی پێشوازی هوتێلی خانزاد لەگەڵ دوو هونەرمەندی باکووری کوردستان (بەسەر شاهین و دەلیل) دانیشتووە، لە نێو ئەو دیمەنە جوان و ئازادەی لە شووشەکانی سالۆنەکەوە جوانی و رووناکی دەدەن "کە جاری یەکەم هاتمە پارچەیەکی رزگاربووی وڵاتەکەم هەستێکی سەیرم لا دروستببوو، شتێکی کەم نەبوو کەببینیم پاش ئەو هەموو رەنج و خوێنە، پارچەیەکی پیرۆزی خاکی وڵات لەتانک و پۆستاڵی دوژمن رزگار بووەو ئاڵای کوردستان هەڵدراوە، هەستێکی زۆر سەیرم هەبوو کە مرۆڤ دەیتوانێ تەنیا بەبێدەنگی و گریانێکی قووڵ دەریببڕێت".

هونەرمەند دیار، کە لەباشووری کوردستان بە دیار دەرسیم ناودەبرێ، خەڵکی شاری دێرسمی باکووری کوردستانە و ساڵانێکی زۆرە لە نێو کۆما بەرخۆدان دا گۆرانی دەڵێ.دیار ساڵی رابردوو بەبانگهێشتی کۆمپانیای کۆڕەک بۆ یەکەمجار هاتە باشووری کوردستان و چەند کۆنسێرتێکی سازکرد.چەند رۆژێک پێش نەورۆزی ئەمساڵیش هاتەوە بۆ باشووری کوردستان.بەڵام وەک دیار خۆی باسیکرد سەردانی ئەوجارەی بۆ کۆنسێرت سازکردن نەبوو "سەردانی ئەمجارەمان بۆ دەربڕینی رێز و سوپاسی خۆمان بۆ گەلی باشوور و حکومەت و لێدوانە بەنرخەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کە لەبەرامبەر تانک و تۆپەکانی سوپای داگیرکەری تورکدا وەستایەوە". بەڵام گوتی لە سەردانەکانی داهاتوویدا کۆنسێرت لە باشووری کوردستان دەگێڕێت.

کاتێک سوپای تورکیا لەئۆپەراسیۆنی 25یدا بۆ سەر باشووری کوردستان بە شکستی خواردوویی گەڕایەوە، سەرۆکی کوردستان لەبەیاننامەیەکدا سوپاسی هەڵوێستی بوێرانەی گەلی کورد و عێراق و هەڵوێستە پشتیوانکارییەکان لە گەلی کوردی کرد، دیار دەڵێ "هەڵوێستی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی ئازاد وخەڵکی بامەڕنی و دەڤەری ئامێدی جێگەی رێز و دەستخۆشییەکی زۆرە". دیار ساڵی رابردوو، وەک هاووڵاتییەکی ئەورووپی سەردانی تورکیای کرد، بەڵام لەو سەردانەیدا ماوەیەک خرایە زیندانەوە. لەنێو ئەو ناخۆشیانەی بەسەر پارچە داگیرکراوەکانی کوردستاندا دێن، پەسنی پێشکەوتنەکانی باشووری کوردستان دەدات و گەلی باشوور بەشایانی خزمەتکردنی زیاتر دادەنێ و دەڵێ "لەکوردستان گەلێک شت پێشکەوتووە، بینای نوێ بنیاتنراون، شەقامەکان رێکوپێکتر بوونە، بەڵام لەبواری تەکنیک و ئاوەدانکردنەوەو بازرگانیدا پێشکەوتنی کەمی بەخۆیەوە بینیوەو، گەلی ئێمە لەباشوور شایانی خزمەتگوزاری زیاترن".

دیار مێژووی خەباتی باشوور بەبیر دێنێتەوەو لە هەمانکاتیشدا دەڵێ "ئێمە لەئاستی تواناکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادارین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیواداریین باشتر خزمەتی گەلەکەمان بکرێت، وەک دەزانن بۆماوەی 50-60 ساڵە شەڕێکی دژوار لەم بەشەی کوردستاندا بەسەر گەلەکەماندا دەسەپێت و شارو گوندەکان وێرانکراون، بۆیە ئەو ئازادیە دەرفەتێکی زێڕینەو دەبێ بەباشی کەڵکی لێوەربگیرێت".

دیار، رەوشی باشووری کوردستانی لەو سەردانەیدا وردتر دیقەت کردبوو و خوازیاری کارکردن بوو لە گەلی باشووری کوردستان و رەخنەی لەتەمبەڵی گرت و گوتی"تەمبەڵی گەورەترین کەموکوڕی کۆمەڵایەتی گەلی ئێمەیە لەباشووری کوردستان، من دەبینم کە کرێکاری گەلانی بیانی وەک بەنگلادیشی و فیلیپینی لێرە کار دەکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە خەڵکی خۆمان کار ناکەن، ئەوەش مەترسییەکی گەورەیە و هەڕەشە لەداهاتووی وڵاتەکەمان دەکات".

دیار خوازیارە نەک تەنیا پیاو، بەڵکو ژن و پیاو پێکەوە لە هەموو مەیدانەکانی کاردا بن لە کوردستان، وەک چۆن لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکاندا هەردوو بەشی کۆمەڵگا بەشدارن، نەک بەشێک لەکار و بەشێک لەماڵ بێ. کەم دیاری و هەبوونی ژن لە هەموو مەیدانەکاندا لە باشووری کوردستان یەکێک بووە لەو خاڵانەی کە لەو سەردانەیدا سەرنجی دیاریان راکێشا بوو. ئەو دەڵێ "لەبازاڕ و شەقامەکانی هەولێر ژن کەم دەبینم، پێویستە کۆمەڵگای ئێمە تۆزێک نۆژەنتر بێت و دەرفەتی کار بۆ ژنان برەخسێت، راستە ئێمە ناتوانین وەک ئەورووپا بین چونکە ئێمە گەلێکی رۆژهەڵاتی ناڤینین و کۆمەڵگاکەشمان کۆمەڵگایەکی رۆژهەڵاتییەو هاوکات لەوەش تێدەگەم کە بەپێی ئایین و چاندی کۆمەڵگاکەمان هەندێک هەستیاری هەن کە دەبێ رەچاو بکرێن، بەڵام ئەوە ئەو واتایە ناگەیێنێت کە توێژێکی هەرە گرنگی کۆمەڵگا نەخەینە گەڕ".

هونەرمەندێکی هاوکاری دیار لە کۆما بەرخۆدان، رایگەیاندبوو کە بۆ بەبیرهێنانەوەی هونەرمەندی کۆچکردوو محەممەد شێخۆ، کۆما بەرخۆدان پرۆژەی گوتنەوەی سترانەکانی بەدەستەوەیە. دیار ئەوەی بۆ (رووداو) پشت راستکردەوەو گوتی "خەلیل خەمگین پرۆژەیەکی وەهای هەبوو، وەک چۆن پێشتر ئێمە وەک کۆما بەرخۆدان سترانەکانی مامۆستا ئارامان گوتەوە، ئەمجارەش هەرکام لەهونەرمەندانی ئاکادیمی مێزۆپۆتامیا بە نیازی یەکێک لەسترانەکانی محەممەد شێخۆ بڵێینەوە، ئەوە پرۆژەیەکەو لەوانەیە لەداهاتوودا جێبەجێبکرێت".

ئەو هونەرمەندەی کۆما بەرخۆدان لەبەر کەمتەرخەمی هونەرمەندانی باشووری کوردستان بەرامبەر خەباتی گەلی کورد لەباکووری کوردستان رەخنەیان لێدەگرێت و پێیوایە کە دەبێ زیاتر بایەخ بەبۆنە نەتەوەییەکان بدەن و چاویان لەخەباتی پارچەکانی دیکەی کوردستان بێت. دیار دەڵێ "گەلی ئێمە رۆژانە لەباکوور سەرهەڵدەدەن و خوێنیان دەڕێژرێت و ژن و منداڵیان لێدەکوژرێت، ئێمەش مافی خۆمانە چاوەڕوانی ئەوە بین کە شاندێک لەهونەرمەندانی باشوور سەردانی ئامەد بکەن، ناڵێم سوپاسی خەڵکی ئامەد بکەن بەڵکو سوپاسی ئەو منداڵانە بکەن کە سنگیان دەکەنە قەڵغانی گوللەی سوپای تورک".

ئێستا لەباشووری کوردستان چوونی هونەرمەند بۆ تورکیاو کلیپ دروستکردن و لاساییکردنەوەی تورکەکان وەک مۆدێلێکی لێهاتووەو هەر هونەرمەندێکیش لەناوخۆ کلیپ دروست بکات زۆر بایەخی پێنادرێت و کارەکانیشی بەچاوێکی سووک سەیر دەکرێت، دیار دەسیم لەو بارەیەوە پێیوایە کە تورک نەتەنیا لەرووی جەستەیی و سەربازی دەیانەوێت کوردستان داگیر بکەن "بەڵکو دەیانەوێت کولتووری خۆشیان بەسەرماندا بسەپێنن".

دیار دەڵێ "راستە تورکەکان ئیمکانیاتی راگەیاندن وتەکنیکیان لەئێمە زیاترە، بەڵام لەباکوور موزیکی کوردی بەسەر موزیکی ئەواندا زاڵە". ئەو هونەرمەندە هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێ "جێی داخە کاتێ لەبازاڕ دەگەڕێیت وێنەی هونەرمەندانی تورک و عەرەب زیاتر لە وێنەی هونەرمەندانی کورد دەبینی، گەنجەکانمان بەرەو رێگایەکی هەڵە رێنوێنی دەکرێن، ئەو کەسانەی لاوانی کورد بەرەو موزیکی تورکی و عەرەبی و لاساییکردنەوەیان هاندەدەن جگە لەخیانەت و شەرمەزاری هیچیان بۆ نامێنێتەوە".



## لەبازاڕ و شەقامەکانی هەولێر ژن کەم دەبینم

دیار کە خۆی کلیپی سترانی (کەچێ ژ بۆ تە دینم)ی لەخانزاد وێنەگرتووە، بەتووڕەییەوە درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێ "ئەوانە کەسانێکن کە کوردیان تواندووەتەوەو چاند و کەسایەتی و هەموو شتێکی ئێمەیان تێکداوەو هەتا سترانەکانی ئێمەیان دزیوە، بەڕاستی چوونە تورکیا و لاساییکردنەوەی هونەرمەندانی تورک بۆ هونەرمەندانی باشوور جێگای شەرمەزارییە، باچیدی گەنجانی کورد بەچاندی تورکی و عەرەبی ژاراویی نەکرێن". دیار هەروەها داوا لەهونەرمەندانی باشووری کوردستان دەکات کە لەجیاتی ئەوەی بچنە ئەنتالیاو ئیستەنبوڵ کلیپەکانیان وێنە بگرن "با بچنە جزیرێ و ئامەد و دەرسیم و کلیپەکانیان لە کەشێکی کوردیدا چێبکەن".

## ل رۆژێن هونەرێ کوردیدا

# رۆبێرتۆ چوولی دلخوەشیا خوە نیشاندا و هونەر سەلیم ژی رەخنەیێن خوە دووبارەکرن!



سلێمانێ ئالیخان
silemani__alixani@yahoo.com
رووداو– ئەڵمانیا

ل رۆژێن ٧, ٨, ٢٠٠٨/٣/٩ ل باژێرێ مولهایم یێ رۆژئاڤایا ئەڵمانیا، رۆژێن هونەرێ کوردی هاتن سازکرن. یەکەم رۆژ بۆ موزیک و سترانێن کۆما چارنەوا بوو. رۆژا دووەم ژی شانۆگەریا (شاهیا خوینێ) ژ ئالیێ کۆما شۆرەشڤان یا هونەرێ شانۆیێ ڤە هاتە پێشکێشکرن. دهەمان رۆژدا فیلمێ دۆل یا دەرهێنەرێ سینەمایی هونەر سەلیم هات نیشاندان. رۆژا سیێ و داویێ ژی دانوستان و گەنگەشە ل سەر هونەرێ سینەمایێ هات کرن، هەروەسا فیلمێ دیکۆمێنتی یێ ( کلوس ئەپ کوردستان) ژ دەرهێنانا یوکسەل یاڤوس هات نیشاندان و ل داویێ ژی دووبارە شانۆگەریا شاهیا خوینێ هاتە پێشکشکرن. ئەڤ چالاکی ب بەرهەڤبوون و بەشداریا ژمارەیەکا زۆرا کورد و ئەڵمانان ب رێڤەچوو.

پارسال شانۆکارێ کورد فەرهاد فەقێ سەرەدانا پارێزگەها دهۆکێ کر و پەیوەندی دگەل رێڤەبەریا رەوشەنبیری و هونەری یا پارێزگەهێ گرێدان. پشتی ڤەگەریایەڤە ئەڵمانیا پلانا "رۆژێن هونەرێ کوردی" دانا و ب هاریکاریا ناڤدارێ جیهانی رۆبێرتۆ چوولی، داخوازنامە ژ کۆمەکا هونەرمەندێن باشوورێ کوردستانێ را چێکرن و ئینانە ئەڵمانیا. لێ وەک پتریا کارێن کوردان، رۆژێن هونەرێ کوردی ژی کێماسیێن ئۆرگانیزەیێ هەبوون و راگەهاندنەکا باش ژێرا نەهاتبوو کرن. تەنێ کوردستان تی ڤی ئاگەهدارییەک بەلاڤکر، ئەو ژی د رۆژا دەستپێکرنا چالاکیێ دا!!. لەوما پتریا کەسێن ئامادەبووی، خزم و ناسێن هونەرمەندان بوون و ژ بۆ دیتنا وان هاتبوون، نەک ژ بۆ تەماشەکرنا چالاکیێن هونەری،ژ بلی خەلکێ ئەڵمان کو ژمارەیا وان ژی گەلەک بوو. ل سەر ڤێ چەندێ مە پرسیارێن خوە ئاراستەی فەرهاد فەقێ کرن، بەڵام مخابن مە هیچ بەرسڤەک ژێ وەرنەگرت!؟. سەرەرای ڤێ یەکێ ژی ژمارەیەکا باش یا خەلکی ئامادەببوون و نیشانێن رازیبوون و دلخوەشیێ ل سەروچاڤێن وان دیاربوون.

### ڤازانجێ فیلمێن فەرەنسی ل فیلمێن کوردی خەرج دکەت

یەک ژ بەشداربوویێن ڤێ چالاکیێ دەرهێنەرێ سینەمایی یێ کورد هونەر سەلیم بوو. وی د روونشتنەکا گەنگەشەکرنێدا بەحسا ئاستەنگێن کارێ خوە کر و ب تایبەت مەسەلەیا پەیداکرنا ژنان بۆ فیلمان و گۆت؛ "جارەکێ من کچەکەک دیت و رازیبوو کار بکەت، لێ گۆتە من ریشسپی و ماقوولێن باژاری بینە جەم دایکا من و وێ ژی رازی بکە. من ژی وەکر و دایکا وێ ژی رازیبوو. پشتی هنگێ گۆت ئەز یا د دەزگرییێدا و فەرە خەسوویا من ژی قاییل ببیت. من ڤێ جارێ ژی ریشسپی برن جەم خەسوویا وێ و ئەو ژی رازیکر. خەسوویێ گۆت باشترە دەزگرێ وێ ژی پێ بزانیت و رازی بیت. ئەڤجا ئەزو دایکا کچکێ، خەسوویا وێ و ریشسپیێن باژاری پێکڤە چووینە دوکانا دەزگرێ وێ و وی ژی ژ شەرمادا گۆت باشە". هەروەسا سەلیمی رەخنەیێن خوە یێن ب پێکەنین ل وێرێ ژی دووبارەکرن و گلەیی ل گەلەک تشتێن باشوورێ کوردستانێ کرن و گۆت "بازارەکێ بچووکێ وەلاتێ بەرازیل من مێڤان دکەت و فیلمێ من نیشان ددەت، لێ مخابن ل هەولێر، سلێمانی و دهۆک ئەڤ تشت ژ من را نەهات کرن و فیلمێن من ناهێن نیشاندان و گەل نابینە!". د ئالیەکێ دی یێ ئاخافتنێن خوە دا، هونەری ئاماژە ب مەسەلەیا دراڤ و خەرجیێن فیلمێن خوە کر و وەها پەیڤی "دەما ئەز فیلمێن فەرەنسی چێدکەم، ئەز پاران ڤازانج دکەم و رەوشا من یا دراڤی باش دبیت، لێ دەما ئەز فیلمەکێ کوردی دروستدکەم، بۆ دەما دوو سالان رەوشا من یا دراڤی تێکدچیت، ئانکو ئەو پارەیێ ئەز ژ فیلیمێن فەرەنسی ڤازانج دکەم ئەز ل فیلمێن کوردی خەرج دکەم!". هەر چەندە بەریا ڤێ ئاخافتنێ سەلیمی ئاماژە ب هندێ کر کو ل باشووری پارە هەیە و کارکرن ژی ئاسانە!؟. ڤان رەخنە و ئاخفتنێن هەڤدژ یێن هونەر سەلیمی، مێڤانێن کو ژباشووری هاتین ئینانە ئاخافتن و بەرسڤدانێ و د ئەنجامدا ئاراستەیا دانوستانێ ژی هاتە گوهارتن و گەنگەشە زوو ب داوی هات.



شانۆگەریا تیپا شۆرشڤان ل ئەڵمانیا

### ئەز نزانم بۆچی ئەڵمان دترسن و ناچنە کوردستانێ؟!

هەر ل سەر سازکرنا رۆژێن هونەرێ کوردی. شانۆکارێ جیهانیێ ناڤدار و خودانێ شانۆیا (تیئاتەر ئەن دێر روهەر) رۆبێرتۆ چوولی، ژ (رووداو) را گۆت "ئەڤە سێ سالن ئەم مژوولی دروستکرنا پەیوەندیانە دگەل کوردستانێ ژبۆ کو ژ نێزیک ب دۆزا وان ئاشنابین و هەوڵبدەین هەر هیچ نەبیت ب رێکا شانۆیێ هاریکارییا وان بکەین. ئەو بوو بەریا دوو سالان مە هەڤبەستەکا کولتوری دگەل وەزیرێ رەوشەنبیریێ کوردستانێ مۆرکر و هەر ل وێ سالێ مە شاندەکێ شانۆکارێن سلێمانیێ داخوازکرنە ئەڵمانیا و ئەڤ ساڵە ژی مە کۆما شۆرەشڤان مێڤانکر". وەکو دیار رۆبێرتۆ چوولی گەلەک ب کوردستانێ و ئارامیا وێ مەندەهۆش ببوو، لەوما دگۆت"من کوردستان یا دیتی. ئەو جهەکێ تەنا و ئارامە، جهێ کارییە و خەلکێ گەلەک وەلاتان لێ هەیە و کاردکەن، ئەز نزانم بۆچی ئەڵمان دترسن و ناچنە کوردستانێ؟!".

### چوولی ب کۆما شۆرەشڤان دلخۆش بوو

هەڵبەت مێڤانێن سەرەکیێن ڤێ چالاکیێ کۆما شۆرەشڤان یا هونەرێ شانۆیێ بوو.

(فۆتۆ: رووداو)

ئەڤ کۆمە ل سالا ١٩٨٣ ل باژارێ دهۆکێ هاتیە دامەزراندن. د رۆژێن هونەرێ کوردی دا و بۆ ماوەیێ دوو رۆژان ل سەر یەک، ڤێ کۆمێ شانۆگەریا (شاهیا خوینێ) پێشکێش دکر. ئەو شانۆگەری ژ نڤیسینا (فریدریکۆگارسیا لۆرکا) ودەرهێنانا (فەرهاد فەقێ) بوو و دیاربوو کو جهێ خوە د دلێ ئامادەبوویان دا کربوو. دبەرسڤا پرسیارا مە دا کا بۆچی ژ ناڤ گەلەکە گرووپێن شانۆیێ، گرووپا شۆرەشڤان هاتە میهڤانکرن، رۆبێرتۆ چوولی،یێ فەیلەسۆف گۆت "هەتا نۆکە ل کوردستانێ گرووپێن مەزن یێن شانۆیێ نینن و شانۆ ب خوە ژی د قوناغا دروستبوونێ دایە ل وێرێ و ژ بەر کو شۆرەشڤان گرووپەکا کەڤنە و جهێ خوە ڤەکرییە، لەوما مە ئەو داخوازکرن". ددرێژیا ئاخافتنێن خوەدا و ل سەر ئاستێ هونەریێ ڤێ کۆمێ، چوولی وەها پەیڤی "ب راستی ئەز گەلەک ب هونەرا کۆما شۆرەشڤان دلخۆش بووم، دەما من تەماشەی وان دکر یا ژ منڤە ئەو تەمسیلێ ناکەن، بەلکو وەکو راستیێ بوو. ب راستی کارێ وان زۆر زۆر باش بوو". ئەڤە ژی وەک باوەرنامەیەکێ بوو بۆ شانۆکارێن شۆرەشڤان.

### دیارە پێشکەفتنەک ل وەلاتێ من چێبوویە

تشتێ بالکێش د شانۆگەریا شاهیا خوینێدا، ژمارەیا زۆرا ئافرەتان بوو کو ژ دهۆکێ هاتبوون. دیسان سەما و دانسا ژنێ دگەل زەلامی ببووە جهێ سەرنجراکێشانا ئامادەبوویێن کورد و بۆ گەلەکان ژ وان یەکەمین جار بوو ڤێ دیمەنێ ژنێن کورد ببینن. ل سەر ڤێ چەندێ بابێ کاوەی یێ پێنجی و پێنج سالی کو بیست سالن ل ئەڵمانیا دژیت سەرنجێن خوە ل سەر چێ بۆ (رووداو) ئاشکرا کرن و گۆت"کاتێ نیشاندانا شانۆگەریێ، ژنەکا ئەڵمان ل تەنیشت من یا روونشتی بوو و دەما ب داوی هاتی، وێ ژنێ پرسیارا رایا من کر، من ژی گوتێ ئەڤە یەکەمین جارە ئەز دبینم ژنەکا کورد دگەل زەلامەکی دانسێ دکەت و کورد چەپلا بۆ لێددەن. ئەڤجا دیارە پێشکەفتنەک یا ل وەلاتێ من چێبووی؟!". ل سەر کارێ ئافرەتێ د وارێ هونەر و شانۆیێ دا، هونەرمەند کەڤال سدقی کو رۆلا سەرەکی د شاهیا خوینێ دا دگێرا ژ مەرا گۆت "کارێ مە گەلەکێ ب زەحمەتە، چونکی ئەم چ ئافرەتان نابینین کو بەری مە ئەڤ کارە کربیت، دا ئەم وان ژ خوە را بکەینە نموونە و ل سەر رێبازا وان بچین، ئانکو ئەم دەستپێکین و دڤێت خوە ماندی بکەین هەتا هەبوونا خوە ب سەلمینین".



دیمەنەک ژشاهیا خوینێ

### پۆلیسێ تورک ئەم نەچارکرین سترانێن تورکی بۆ بێژین!

شاندا هونەرییا دهۆکێ ب داخوازەکا فەرمی ل رۆژا ٢٠٠٨/٣/٤ گەهشتبوونە وەلاتێ ئەڵمانیا و کەیفا وان گەلەک یا خوەش بوو ب ڤێ هاتنێ و ئەو پێشوازیا خەلکی ل کارێ وان کری. لێ وێ کەیفێ ژی بوها و باجا خوە هەبوو و رێکا وان یا بێ ستری و ئاستەنگ نەبوو. د دەربارەی هاتنا واندا بۆ ئەڵمانیا، یەک ژ ئەندامێن شاندا رێڤەبەریا رەوشەنبیری و هونەری یا پارێزگەها دهۆکێ ب (رووداو) راگەهاند"رێکا مە ژ دهۆک بۆ بالەفڕخانا هەولێرێ و بۆ ئیستەنبول، بیست کاتژمێران ڤەکێشا، ئانکو دەما ئەم گەهشتینە تورکیا گیانێ مە هیلاک ببوو و زارۆک ژی دگەل مە هەبوون، مە خواست ئەم ل کافیتریایەکێ بێهنا خوە ڤەکەین و تشتەکی ڤەخۆین، لێ پۆلیسەکێ تورک هات و ئیهانەیا مە کر و ئەم نەچارکرین سترانێن تورکی بۆ بێژین هەتا کو واز ل مە هینای، ب ڤێ چەندێ دەروونا مە ژی هیلاک کر".

دوو سبەی، سێیەم یاری هەولێر لە ئۆزبەکستانە

# یاریزانان و جەماوەری یانەی هەولێر گەشبینن


یانەی هەولێر لە کاتی خۆ ئامادەکردن بۆ یاری بەرامبەر یانەی باختاکۆری (رووداو)

**کارزان کانەبی**
**رووداو –هەولێر**

سەرەڕای بەدەستهێنانی دوو خاڵ لەدوو یاری رابردوویاندا، هێشتا راهێنەرو یاریزانان و جەماوەری یانەی هەولێر هیوایان بەوە ماوە بتوانن پلەی یەکەمی گرووپەکەیان بەدەست بێنن و بلیتی سەرکەوتن بۆ قۆناغی دووەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا مسۆگەر بکەن، کە دووسبەی لەوڵاتی ئۆزبەکستان سێیەم یاری خۆیان بەرامبەر یانەی باختاکۆری ئۆزبەگی ئەنجامدەدەن.

ئەکرەم سەلمان، راهێنەری یانەی هەولێر ئەم یاریەی بەرامبەر یانەی باختاکۆر بەیارییەکی زۆر گرنگ دەزانێت و پێیوایە بۆ هەردوو لا دەروازەی سەرکەوتنە بەرەو قۆناغی دووەم. بۆیە بەدەستهێنانی سێ خاڵی یارییەکە زۆر بەپێویست دەزانێت، هاوکات گەشبینیشە بەئاستی تیپەکەی.

ئەکرەم سەلمان لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "ئەم یارییە زۆر گرنگە و هەردوو لا پێویستیمان بەسێ خاڵەکەی هەیە بۆ سەرکەوتن، کەلەلای خۆمانەوە گەشبینین و بەئامانجی سەرکەوتن یاری دەکەین"، سەبارەت بە لەدەستدانی سەرکەوتن لە دوویاری رابردووشدا گوتی" دەبوایە لەدوو یارییەکەی رابردووشدا سەرکەوتنمان بەدەستهێنابوایە، کەچی بەداخەوە 4 خاڵی زۆر گرنگمان لەدەستدا".

راهێنەری یانەی هەولێر، ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو یاریەیان زۆر سەختە و پێویستە یاریزانەکانی بەکۆششێکی زۆر و ئاستێکی بەرزەوە یاری بکەن "چونکە یارییەکە لەناو خاک و بەرامبەر جەماوەری باختاکۆر بەرێوە دەچێت، جگە لەوەی باختاکۆر یانەیەکی زۆر بەهێزەو 7 یاریزانی هەڵبژاردەی ئۆزبەکستان یاری بۆ دەکەن".

راهێنەری یانەی هەولێر ئەوەشی نەشاردەوە کە سەرەڕای ئەوەی یانەکەیان هیچ کێشەیەکی نییە، ناتوانن لەم یاریەدا سوود لەتواناکانی هەردوو یاریزانەکەی لوئەی سەلاح و خەلدوون ئیبراهیم وەربگرێ"تاکە گرفتی ئێمە یاری نەکردنی لوئەی سەلاح و خەلدوون ئیبراهیمە، کەئەمەی دوایی بەهۆی پێکانەوە یاری ناکات و لوئەی سەلاحیش هێشتا کێشەی لەگەڵ یانەی پێشوویدا بەتەواوی چارەسەر نەبووە و زەحمەتە یاری بکات، یاری نەکردنی لوئەی کار لە یاریکردنمان دەکات، چونکە ئەو گۆڵکارێکی زۆر بەتوانایە، یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراق کردووە و خاوەن ئەزموونێکی باشە".

یاریزانەکانی هەولێریش بەهەمان شێوەی راهێنەرەکەیان گەشبینن بەوەی بتوانن لەم یارییە سەختەدا ئاستێکی بەرز نیشان بدەن و بەئەنجامێکی باش بگەڕێنەوە هەولێر.

رافد بەدرەدین کاپتنی یانەی هەولێر، لەبارەوە بۆ (رووداو) دواو گوتی"یارییەکە زۆر بەهێزو زەحمەت دەبێت، کە ئەو یانەیە خاوەن کۆمەڵێک یاریزانی زۆر بەتوانایە و یارییەکەش لەناو یاریگای خۆیاندا بەڕێوە دەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە زۆر پێویستیمان بەسێ خاڵی یارییەکە هەیەو پەنا بەخوا دەتوانین ئەو سێ خاڵە بەدەست بێنین".

رەنگە مکوڕی و لەخۆبووردەیی یاریزانەکانی هەولێر ببێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ بردنەوەی یارییەکەی ئەمجارەیان، چونکە هەردەم گەشبینی و متمانە بەخۆبوون لەگەڵ کۆشش و خۆماندوو کردن فاکتەرێکی سەرەکی بە ئامانج گەیشتنن.

هەردوو یاریزانی هەولێر ویسام زەکی و موسلیم موبارەک ئاماژەیان بەوە کرد کە سوورن لەسەر بردنەوەو دڵنیان لەوەی بەجیاوازی گۆڵێک لەباختاکۆر ببەنەوەو سێ خاڵی یارییەکە بەدەستبێنن.

بێجگە لەراهێنەرو یاریزانان، جەماوەرو هاندەرانی هەولێریش متمانەیان بەیانەکەی خۆیان هەیەو گەشبینن بەبردنەوەو سەرکەوتن بۆ قۆناغی دووەم.

هێمن فارس، 25 ساڵ، هاندەرێکی یانەی هەولێرە، لەبارەی ئاستی یاریکردنی هەولێرەوە گوتی "بەشداریکردنی یانەکەمان بۆ جاری یەکەم لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیادا دەسکەوتێکی گەورەیە، ئینجا بەو ئاستەش یاری بکات کە هەموومان لەدوو یاری یەکەمدا بینیمان مایەی شانازیە، چونکە یاریزانەکانمان دوور لەخاک وجەماوەرەکەیان توانیان بەئاستێکی بەرزتر لەهەردوو یانەی غەرافەی قەتەری و قادسیەی کوێتی یاری بکەن و زۆریش نزیکبوون لەبردنەوە، بۆیە بڕوامان بەتوانای یانەکەمان هەیە".



## رێگای عێراق بەرەو مۆندیاڵی2010

**رەهێل حەمە ساڵح**

لە دووەم یاری خۆیدا کە بە هەڵبژاردەی قەتەر دۆڕا،رێگەی عێراق بۆ گەیشتن بەمۆندیالی 2010ی باشووری ئەفریقا سەختتربوو، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە عێراق هیچ هیوایەکی نەمابێت بۆ گەیشتنە ئەو پاڵەوانێتییە.

عێراق ئێستا لەکۆتایی ریزبەندی کۆمەڵەی یەکەمدایە، کە بە"کۆمەڵەی ئاسنین" ناسراوەو تەنیا خاڵێکی هەیە، هەڵبژاردەی ئوستورالیاش کە پێش دەستپێکردنی یارییەکانی کۆمەڵەی یەک بە رکابەرێکی سەرەکی عێراق دەزانرا و ئێستاش لەلوتکەی کۆمەڵەی ئاسنیندایە، خاوەنی چوار خاڵە.

ئەوەی بڕیار لەچارەنووسی عێراق دەدات تا رادەیەکی زۆر یاری عێراقە لەگەڵ هەڵبژاردەی ئوستورالیا، کە لە 2008/6/2 لەئوستورالیا ئەنجامدەدرێت. ئەگەر عێراق بتوانێت ئوستورالیا لەبەردەم جەماوەرەکەی و لەسەر خاکەکەی بەشکست بدات.ئەوکات کۆی خاڵەکانی هەردوولا دەبێتە چوارخاڵ و ململانێ لەقۆناخی گەڕانەوەدا تووندتر دەبێت، چونکە قەتەر و چین کە دوایەمین یاری رۆیشتن دەکەن لەگرووپی یەکەمدا، لە ئەگەری بردنەوەی هەریەکەیاندا دەکەونە پێش عێراق، بەو پێیەی ئێستا قەتەر خاوەنی سێ خاڵەو چینیش تەنیا دوو خاڵی هەیە، بەڵام ئەگەر عێراق یارییەکەی ئوستورالیا بباتەوەو دوابەدوای ئەمەش ئەو یاریەی کە لە گەڵ چین هەیەتی بەبردنەوە کۆتایی پێبێنێت سەرکەوتنێکی باشە بۆ عێراق.

ئەوەی جێی ئومێدە بۆ هاندەرانی هەڵبژاردەی عێراق یاری کردنی هەریەک لەنەشئەت ئەکرم و جاسم عەباسە لەیاری ئوستورالیادا و پلانی نوێی عەدنان حەمەدە بۆ واز هێنان لەو یارییە تاکە کەسیانەی کە هەڵبژاردەکەی لە دوو یاری پێشوودا کردیان.

## رابواردن لەگەڵ کچاندا رۆنالدینۆی بەم رۆژە گەیاند



**رووداو –ئاژانسەکان**

کتێبێکی نوێی فەرەنسی هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئاستی یاریکردنی رۆنالدینۆی بەرازیلی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بەردەوام بەدوای کچانەوەیە.

راهێنەری بە رەگەز ئیسپانی لویس فرناندێز لەکتێبێکدا کە تازە بەناوی (یادوەریەکان) بڵاویکردووەتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەستێرەی بەرازیلی رۆنالدینۆ بەردەوام بەدوای کچانەوەیە و هەردەم پەیوەندی دۆستایەتیان لەگەڵدا دەبەستێت، بۆیە ئاستی یاریکردنی بەم شێوەیە دابەزیوە.

لەم بارەیەوە رۆژنامەی ئاسی ئیسپانی رایگەیاند کە فرناندێز لەم کتێبەیدا کە ئێستا لەبازاڕەکاندا دەفرۆشرێت ئەوەی ئاشکرا کردووە،کە هەر لەو کاتەی رۆنالدینیۆ لەریزەکانی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسیدا یاری دەکرد، شەوانە لەبارو مەیخانەکاندا تاکو بەیانی لەگەڵ کچاندا رایدەبوارد و یاخود شەوانە دەیهێنانەوە ژوورەکەی لە هوتێل.

فرناندێز ئەو کاتە راهێنەری رۆنالدینیۆ بووە لە یانەی پاریس سان جێرمان، لەم بارەیەوە زیاتر دەڵێت "ئەو ئاستە لاوازەی ئێستا رۆنالدینۆ پێیگەیشتووە، شتێکی چاوەڕوان نەکراو نییە، بەڵکو ئەنجامێکی سروشتی ئەو رابواردن و رەفتارە چەوتەی ئەو یاریزانەیە لەگەڵ کچاندا".

## لژنا ئۆلۆمپیا کوردستانێ چەندین لیژنا بو خورتکرنا بزاڤا وەرزشی پێکدئینیت

**هۆگر محەممەد تاهیر**
**رووداو –دهۆک**

بۆ خزمەتکرنا وەرزشا کوردستانێ، لیژنا ئۆلۆمپیا کوردستانێ بڕیار دایە چەند لیژنەیێن نوی پێکبینیت.

فەهیم عەبدوڵڵا ئەندامێ لیژنا ب جهێینانێ ل لیژنا ئۆلۆمپیا کوردستانێ تایبەت بو (رووداو) راگەهاند کو پشتی نیزیکی سێ هەیڤا ل حەفتیا بووری، لیژنا ب جه ئینانێ کۆمبوونا خو ب بەرهەڤبوونا سەروکێ لیژنا ئۆلۆمپی مەلا بەختیار گرێدا، کو رەخنەکا مەزن لێ د هاتە گرتن ژ ئەگەرا ئامادەنەبوونا وی د کۆمبووناندا و لیژنا ئولومپی وبڕیار دا چەند لیژنەکێن نوی پێکبینن.

ناڤبری گۆت" لڤێ کۆمبوونێدا بریارا پێک ئینانا دەستەکەکا کارگێڕی هاتە دان کو بەردەوام ئەڤ لیژنە ل بارەگایێ لیژنێ د ئامادەبن بۆ برێڤەبرنا کارێن وەرزشیێن گرێدایی ڤێ لیژنێ و بریار هاتە دان ب پێکئینانا چەند لیژنا"، هەروەسا د درێژیا لێدوانا خۆدا گۆت کو هەر د وێ کۆمبوونێدا، بریار هەتەدان لیژنەک پێکبێت بۆ پێشوازیکرنا سەروکێ جڤاتا ئۆلۆمپیا ئاسیا،شێخ ئەحمەد ئەلفەهد، کو چاڤەڕێ دهێتە کرن د دەسپێکا مەها گولانێ سەرەدانا کوردستانێ بکەت . دیسان لیژنەک بۆ دیڤچوونا کارێن ئێکەتیێن ناوەندی و دووبارە هەلبژارتنا وانا ب تەوافق و بریار ب زێدەکرنا بودجا نونەرێن پارێزگەهان هاتە دان، ژ بەرکو وەک فەهیم عەبدوڵڵای گۆتی "ئێکەتیێن پارێزگەهان ژ پێشتەڤانیا لیژنا ئولومپی یا کوردستانێ دبێ بەهر بون".هەروەها لیژنەکا دی بو پشکداریا لیژنا ئولومپیا کوردستانێ د ئێکەتیێن ناوەندی یێن عیراقێ و لیژنا ئولومپیا عیراقێ داهاتە پێک ئینان.


فەهیم عەبدوڵڵا (رووداو)

## ئەی سی میلان پیرترین یانەی ئەوروپا

**رووداو–ئاژانسەکان**

لێکۆلینەوەیەک لەبواری تۆپی پێدا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی لە رووی تەمەنی یاریزانانەوە پیرترین یانەی ئەورووپایە.

ئەنجامی لێکۆلینەوەیەکی تایبەت بەکۆمەڵەی یاریزانە پیشەگەرەکانی ئەوروپا لە فەرەنسا ئەوەی دەرخستووە کە ئەی سی میلان لەرووی تەمەنی یاریزانەکانەوە بەپیرترین یانەی کیشوەری ئەوروپا دادەنرێت .بەگوێرەی ئەنجامەکانی ئەو لێکۆلینەوەیە بە رێژەی گشتی تەمەنی یاریزانەکانی ئەویانەیە31.2ساڵە،وێڕای ئەوەی کە زۆرترین یاریزانی نێودەوڵەتی لەریزەکانیدا یاری دەکەن.

لە لێکۆلینەوەکەدا هاتووە کە تەمەنی6یاریزانی ئەویانە ئیتاڵییە لە 35ساڵ تێپەڕیوە، ئەوانیش هەریەک لە (سێرجینیو،کالاتشێ،کافۆ،فیۆری ،فافالی ومالدینی)ن،کەئەمەی دوایی لە26ی حوزەیرانی داهاتوو دەبێتە 40ساڵ.

هەر بەپێی ئەم لێکۆلینەوەیە زۆرترین یاریزانی نێودەوڵەتی لەریزەکانی ئەی سی میلاندا یاری دەکەن،کە رێژەیان91.7%ە،دوای ئەویش یانەی چێلسی ئینگلیزی دێت بە رێژەی87.5%،ئینجا یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی بە رێژەی 67%.


پیرەکانی ئەی سی میلان

زێدان :

## ئیسپانییەکان نرخی ریکێلمییان نەدەزانی


ریکێلمیی و زێدان باوەش بە یەکدا دەکەن

**رووداو –ئاژانسەکان**

زینەدین زێدانی فەرەنسی پێیوایە ئیسپانییەکان بەهای راستەقینەی خوان رۆمان ریکێلمی ئەرژەنتینیان نەزانی.

زینەدین زێدانی،یاریزانی ئەفسانەیی فەرەنسا ستایشی تواناکانی خوان رۆمان ریکێلمی ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەی بوکاجۆنیۆرزی کردو بەیاریزانێکی گەورەوەسفی کرد .هەروەهاگوتی "گەڕانەوەی ریکێلمی بۆ خولی ئەرژەنتینی کارێکی راست و دروست بوو.چونکە ئیسپانیەکان بەهای راستەقینەی ئەم یاریزانە گەورەیەیان نەدەزانی و وەکو پێویست نەیانتوانی سوود لە تواناکانی وەربگرن، بۆیە ئەو دەتوانێت لەگەڵ بوکاجۆنیۆرزدا تواناکانی خۆی زیاتر نیشان بدات".

لەسەرەتای وەرزی ئەمساڵدا ریکێلمی ریزەکانی یانەی ڤیارپاڵی ئیسپانی بەرەو بوکاجۆنیۆرزی ئەرژەنتینی بەجێهێشت، دوای ئەوەی ماوەی چەند مانگێک لەلایەن پلگرینی راهێنەری ڤیارپاڵەوە لەیاریکردن بێبەشکرا بەهۆی ناکۆکییەک لەنێوانیاندا، کە تاکو ئێستا هۆکارەکانی نادیارن.

### پێشبڕکێ

- بەکورترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە.
- لێدوانەکەت بەم ئیمێلە rudaw@rudaw.net یان بە کورتە نامەیەک بۆ ژمارە تەلەفۆنی (07504547168) بنێرە، لەگەڵ ناوی خۆت.



## لێدوان


بۆبان
یاریزانی پێشووی کرواتیا

نابێ بەهەڵەدا بچین، تۆپی پێ تاراددەیەکی زۆر پشت بەئەزموونی یاریزان دەبەستێت، یانەی ئەی سی میلانیش باشترین نموونەی ئەو راستیەیە کە یاریزانە بەتەمەنەکانی دەتوانن خۆیان لەگەڵ هەموو بارودۆخەکاندا بگونجێنن.


برند شۆستەر
راهێنەری یانەی ریال مەدرید

بێجگە لەکارکردن بۆ بردنەوە پێویستە ریال مەدرید هەردەم ئاستێکی نمایشکارانەش پێشکەش بەجەماوەر بکات، چونکە ئەوە نەریتێکی تەقلیدی ئەو یانەیە بووە بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکانی خۆی.


مایکل شۆماخەر
پاڵەوانی پێشووی جیهان لەفورمولا وەن

من هەر لەمنداڵییەوە بەر لەوەی بزانم کە دەبمە پاڵەوانی جیهان، خەونم بەوە دەدیت کە رۆژێک لەرۆژان بتوانم تیپێک بۆ پێشبڕکێی ئوتۆمبێلەکان دابمەزرێنم.

# کوردستان خواردنی قەدەخەکراو دەخوات

## سەرۆکی دەستەی کۆنتڕۆڵی جۆری "بەهۆی خواردنی خراپەوە جینۆسایدێکی دیکەی کورد بەڕێوەیە"

**ڕووداو –هەولێر**

سەرۆکی دەستەی پێوانەسازی کۆنتڕۆڵی جۆری حکومەتی کوردستان ڕایگەیاند ژیانی هاووڵاتیانی باشووری کوردستان لەمەترسیدایە و جینۆسایدێکی دیکەی کورد بەڕێوەیە "بەهۆی ئەوەی زۆربەی ئـەو خواردنانەی دەهێندرێنە کوردستان لە وڵاتانی دیکە قەدەخە کراون".

لەکاتێکدایە هەموو جیهان هەڵمەتێکی فراوانی بەرامبەر ڕێگرتن لە بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەی خۆراکە خراپەکان دەستپێکردووە، باشووری کوردستان دوای هەژدە ساڵ لەحوکمی خۆیی هێشتا بێ کۆنتڕۆڵ خۆراک و کاڵای وڵاتانی جیهان وەردەگرێ. سەرەڕای کورد تەجرەبەیەکی ناخۆشی لەوبوارەدا هەیە و زۆرجار لە کەمپەکانی ئاوارەییدا، بە ژار ڕێژکردنی خۆراکەکەی هەوڵی لەناوبردنی دراوە.

ئەگەرچی حکومەتی کوردستان هەنگاو دەنێت بۆ کۆنتڕۆڵکردنی سنوورەکانی، بەڵام هەنگاوەکانی تائێستا نەبوونەتە بەربەست لە هاتنە ناوەوەی کەلوپەلی خراپ و کات بەسەرچوو، بەهۆی نەبوونی دەزگای کۆنتڕۆڵی جۆری لەو دەروازە سنووریانە، جگە لە بوونی ڕێگە قاچاخەکانی سنوورەکان.

د. موئەید عەبدولڕەحمان قۆجە، بەڕێوەبەری دەستەی پێوانەسازی کۆنتڕۆڵی جۆری لەحکومەتی کوردستان، لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تائێستا نەمانتوانیوە وەک پێویست کاربکەین و بتوانین کۆنتڕۆڵی ئەو خواردن و کەرەستانە بکەین کە دێنە بازاڕەکانی کوردستانەوە".

لەپاش دامەزراندنی وەزارەتی پلاندانان لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی کوردستاندا، دەستەی پێوانەسازی کۆنتڕۆڵی جۆری لە 2007/1/7ەوە بەبۆ تەرخانکردنی 10 ملیۆن و 500 هەزار دۆلار بە فەرمی دامەزرا، کە دەکەوێتە سەرشەقامی شۆڕش لە هەولێر، هەروەها ڕۆژی 2008/3/10یش بڕی 5 ملیۆن دۆلاری دیکە دابینکرا بۆ دامەزراندنی بنکەکانی کۆنتڕۆڵی جۆری لەسەر سنوورەکانی کوردستان.

لەگەڵ ئەوەی تائێستا زیاتر لە 15 ملیۆن دۆلار بۆ کۆنتڕۆڵی جۆری تەرخانکراوە، بەڵام ئەم پارەیە نەیتوانیوە سوودێکی ئەوتۆ لەپاراستنی بازاڕەکانی کوردستان لەخواردنی خراپ بگەیێنێت، چونکە تاقیگەکانی کۆنتڕۆڵی جۆری پێویستیان بەمادەی کیمیایی هەیە بۆ ئەوەی کاریان تێدابکرێت و تائێستاش ئەم مادانە دابین نەکراون.

د. موئەید، دەڵێ "ناتوانین کاربکەین، چونکە پێویستمان بەهەندێک کەرەستەی تاقیگەیی هەیە، 6 مانگە دەمانهێنن و دەمانبەن و پارەکەمان نادەنێ، لەمانگی 10ی ساڵی ڕابردووەوە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی پلاندانان و سەرۆکی حکومەت هەبووە بۆ خەرجکردنی بڕی 400 هەزار دۆلار بۆ کڕینی مادەی کیمیایی بۆ تاقیگەکان، جەختیشیان لەسەر سەرفکردنی ئەو پارەیە کردووەتەوە، بەڵام تائێستا نازانم و تێشناگەم بۆ نەدراوە".

د. موئەید زیاتر دەدوێت و دەڵێت "10 ڕۆژ پێش ئێستا لە وەزارەتی دارایی پێیانگوتم: نووسراوەکەتان دیار نەماوە بڕۆن بۆ گەنجینە، چوومە گەنجینە وتیان: ئەوە هی ساڵی ڕابردوو بووە، بڕۆن ئێستا ڕەزامەندی نوێی ئەنجوومەنی وەزیرانی بۆ وەربگرن".

د. موئەید عەبدولڕەحمان 20 ساڵ لە نێو سیستەمی کەنەدی و ئەمریکیدا لە بواری کۆنتڕۆڵی جۆریدا کاری کردووەو لەگەڵ ئەوەش پسپۆری ئەم بوارەیە، سەرەڕای ئەو کەموکرشیانەش لە وەڵامدانەوەی داواکارییەکانیان، بەڵام خۆی بە "بەرپرسیار" دەزانێت و دەڵێت "100% خۆم بەبەرپرسیار دەزانم، ئەگەر 20%ی ئەو ئامانجانەی کە پێش دەستبەکاربوونم دامنابوون بەدەستم هێنابن باشە".

لەبەر ئەوەی تائێستا نەتوانراوە سود لەپسپۆرییەتییەکەی د. موئەید ببینرێت و خۆشی بەمە نیگەرانەو دەڵێت "چەند جار جانتام کۆکردووەتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ کەنەداو چوار جار لەبەردەم دەرگاکە گەڕاندوومیانەتەوە، بەڵام دیسانەوە هیوای کارکردنم داوەتەوە بەخۆم"، ئەو دەپرسێت "ئەگەر من بڕۆم لەدوای من گرفتەکە چارەسەر دەبێت؟".

بەپێی لێدوانی بەرپرسانی تەندروستی، بازاڕەکانی کوردستان پڕن لەخواردنی بەسەرچوو و خراپ و بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەش کە لە تاقیگەکانی وڵاتی کەنەدا لەسەر خواردنی کوردستان کراوە، ڕەوشی خواردن لەکوردستان زۆر خراپە.

بەرپرسی دەستەی پێوانەسازی کۆنتڕۆڵی جۆریش ئەوەی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند "بەپێی ئەو زانیارییەی هەمانە ڕەوشی خواردن لە کوردستاندا کارەساتە، پێش ئەوەی بڕیار بدەم بگەڕێمەوە بۆ کوردستان بەسەردان هاتبووم، کۆمەڵێک نموونەم وەرگرت و بردم بۆ ئەو تاقیگەی کە خۆم لەکەنەدا کارم تێدادەکرد، کە ئەنجامی پشکنینەکانم بینی وتم: دەبێت لە کوردستان کاربکەین، چونکە هەرچیم بردبوو بۆ خواردن زیانیان هەبوو".

بەپێی ئەو زانیارییەی کە (ڕووداو) لەسەرچاوەیەکەوە دەستی کەوتووە، بەشێکی ئەو خواردنانەی بەتایبەت نەستەلە کە دێنە بازاڕەکانی کوردستان ڕێژەیەک لە ژەهریان تێدایە.

د. موئەید باس لەوە دەکات کە ئەو خواردنە خراپانە کاریگەرییان بە ڕۆژێک و دوو ڕۆژ دەرناکەوێت، سەبارەت بەچۆنیەتی و جۆری ئەو ژەهرانەش بەتایبەتیش لەنێو نەستەلە هەیە، دەڵێت "قورقوشم لەهەندێک خواردندا هەبووە، قورقوشم جۆرە کانزایەکە پیشەسازیدا بەکاردێت و دەبێتە هۆی پیسبوونی خواردن و کار لەمێشک دەکات و زیرەکی ناهێڵێت و کاریگەری لەنەوە (جیل)ی دووەمیش دەکات، موبیداتی حەشەری بە ڕێژەیەکی زۆرتر لەو ڕێژەیەی کە دیاریکراوە لەنێو خواردنەکاندا هەبوو، ئەمەش نەخۆشی جگەرو گورچیلەو دەماری دروستدەکات".

خواردنی خراپ هەڕەشەی مەرگێکی کوشندە لەکورد دەکات و پسپۆڕانی بواری کۆنتڕۆڵی جۆری ئاماژە بە جینۆساید کردنێکی دیکەی گەلی کورد دەدەن و حکومەتی کوردیش بەکەمتەرخەم دەزانن.


د. موئەید قۆجە

**ڕۆژێک دەردەکەوێت**
**کە ئەمە بەڕاستی جینۆسایدە**

د. موئەید عەبدولڕەحمان ئەوە بۆ (ڕووداو) دەدرکێنێت کە مەترسی جینۆسایدێکی دیکەی کوردی هەیەو دەڵێت "خواردنی بەسەرچوو و جۆری خراپی خواردنەکان هەڕەشە لەخەڵکی کوردستان دەکات، ڕاستە ئێستا مەترسی ئەمە نابینرێت، بەڵام لەچەند ساڵی ئایندەدا بە ڕوونی ئەنجامی ئەم مەترسییەی ئێستا دەبینرێت بەتایبەتی لەمنداڵ دا".

بەرپرسی دەستەی پێوانەسازی کۆنتڕۆڵی جۆری ئاماژە بەوەشدەدات کە گرفتەکە لەوەدایە کاریگەری ئەم خواردنانە ڕاستەوخۆ نییەو تاوەکو خەڵک خۆی لێیان بپارێزێت، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ و مانگ بەمانگ و ساڵ بەساڵ دەخۆیت و هەستی پێناکەیت.

د. موئەید، ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە لە پاش چەند ساڵێک لە بەکارهێنانی ئەم خواردنە خراپانە "خەڵک دەکەوێت و دەمرێت، یان تووشی شێرپەنجە دەبێت یاخود گورچیلەکانی لەتەمەنی 20 ساڵی بۆ 25 ساڵی سەقەت دەبێت".

ئەو بەرپرسەی دەستەی پێوانەسازی کۆنتڕۆڵی جۆری ئەوەش ئاشکرادەکات کە حکومەتی کوردستان ئاگاداری ئەم مەترسییەیەو دەڵێت "ئەم مەترسییەم بە دەسەڵات ڕاگەیاندووەو نووسراویشم لە ڕێگای وەزیری پلاندانانەوە پێداون و وتوومە: حکومەت زۆر کەمتەرخەمە لە پارێزگاریکردنی ژیانی هاووڵاتیان لە خواردنی خراپ، چونکە ئەرکی حکومەتە پارێزگاری لە تەندروستی هاووڵاتیان بکات، لەبەر ئەوەی هاووڵاتی بێ ئاگایە لەو مەترسیانە".

د. موئەید عەبدولڕەحمان، زیاتر هۆشداری بەحکومەت و بازرگانەکان دەدات و ئەوە دەدرکێنێ کە "ئەو خواردنانەی لەهەموو جیهاندا قەدەخەن و بەکەڵکی خواردن نایەن، ئێمە لە کوردستان دەیانخۆین".

د. موئەید وەک هەستکردن بەمەترسی و بەرپرسیارێتییەکی گەورە، دەڵێت "نامەوێت کەس بترسێنم، بەڵام دەزانم یەک زەرە لەو خواردنانەی کە لە وڵاتی ئێمەدا هەیە لەکەنەدادا هەبێت، حکومەت بەهەموو لایەنەکانییەوە دەکەوێتە کار بۆ ڕاکێشانەوەی ئەو شتانەی کە لە بازاڕدا هەیە".

د. موئەید، زەنگێک لێدەدات و دەڵێت "کورد لەوانەیە لە زۆرشت زیادی وتبێت و ئەم گوتانەی منیش بەزێدەڕۆیی و زیادگوتن بزانن، بەڵام بەداخەوە کات لە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە، ڕۆژێک دەردەکەوێت کە ئەمە فیعلەن جینۆسایدەو فیعلەن زیان بەئێمە دەگات".

د. موئەید هێندە هەستی بەمەترسییەکە کردووە داوای هەڵوێست لەحکومەتی کوردستان دەکات و دەڵێت "ئێمە دەبێت وەک ئەرمینییا هەڵوێست وەربگرین، کە هەستیکرد شتی تورکیا زیان بەمیللەتەکەی دەگەیێنێت سنوری خۆی لەگەڵ تورکیا داخست".

ئەگەرچی خواردنی خراپ بازاڕەکانی کوردستانی تەنیوە، بەڵام دەستەی پێوانەسازی کۆنتڕۆڵی جۆری تائێستا نەیانتوانیوە لێپێچینەوە لەگەڵ هیچ کۆمپانیاو بەڵێندەرێکدا بکات.

ئەو پسپۆرە هۆکاری ئەنجامنەدانی لێپێچینەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی "کە تائێستا تاقیگەیەکی شیاوی وا نییە کە پشکنینەکانی لەدادگادا هێزی یاساییان هەبێت، ناتوانین داوا لەسەر هیچ کەسێک تۆمار بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا ئێمە یاسای هاوردن (استراد)مان نییە تابزانین ئەو خواردنانە لەکوێوە دێت و بەچی و چۆن دێت".

پاراستنی بازاڕەکانی کوردستان لەخواردنی خراپ پێویستی بەچەندین فەرمانبەری پسپۆری بواری کۆنتڕۆڵی جۆری هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا دەستەی کۆنتڕۆڵی جۆری 20 فەرمانبەری هەیەو حکومەتی کوردستانیش ئامادە نییە فەرمانبەری دیکە بۆ ئەم دەزگایە دابمەزرێنێت.

بەرپرسی دەستەکە، دەڵێت "ئێمە ساڵی 2007 داوامان کردبوو 300 کەسمان هەبێت وەک میلاک، بەڵام بۆیان دانەمەزراندین و ڕێنماییەک هەیە کە دامەزراندن وەستاوەو ئەم ڕێنمایە بەسەر ئێمەشدا جێبەجێکراوە، حسابێکی وا بۆ ئێمە نەکراوە کە ئێمە دامەزراوەیەکی نوێین".

# هاووڵاتییەک دەیەوێت ژینگەی گوندەکەی وەک ژینگەی سوید لێ بکات

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو - سلێمانی**

لەشارەدێی کەنەکەوە دۆزینەوەی ماڵی سەباح لەهەموو شتێک ئاسانترە، بەو پێیەی کە تاکە کەسی ئاواییەکەیە، هەموو خەڵکی گوند خۆشیان دەوێت. ئەوێ، تاکە گوندی هەرێمی کوردستانە کەچاوی هەموو منداڵ و گەورەیەکی گوندە کە، کەمینی پاراستنی ژینگەی گوندەکەی بێت.

منداڵانی کەنەکەوە، لەسێبەری خەونە جوانەکانی سەباحدا و دوور لەچاوی حکومەت، چەندین خولی کۆمپیوتەرو هوشیاری ژینگەیی و هوشیاری تەندروستی و هوشیاری مەدەنییان بینیوە و گەنجانی ئاواییەکەش، بەدەر لەگوندەکەی خۆیان، دەچنە سلێمانیش بۆ خاوێنکردنەوەی شوێنە گشتییەکان وەک خۆبەخش، شارەدێی کەنەکەوە چاوی بڕیوەتە ژینگەیەک، کەژینگەی وڵاتی سویدە.

**دوور لەحکومەت و نزیک لەخۆیان**

گوندی کەنەکەوە، نزیکەی 10 کیلۆمەتر لەشاری سلێمانییەوە دوورەو سەربەشارەوانی بەکرەجۆیە. ژمارەی ماڵەکانی 300 ماڵە. دەکەوێتە قەراغ شەقامی سەرەکی سلێمانی — دوکان. حکومەتی کوردستان تەنها بەدروستکردنی قوتابخانەیەک و تانکییەکی ئاو و مزگەوتێک پێی ئاواکاری ناوەتەوە ناو گوندەکەوە.

سەباح ئەحمەد محەممەد، لەدایک بوی 1975 کەتەنها پۆلی دووەمی ناوەندی تەواو کردووە، ئەو لاوە بەتواناو دیارەی گوندەکەو ناوچەکەیە، کەتوانیویەتی بەدەر لەو ئامێرە سەرسوڕهێنەرانەی بەدەستی خۆی دروستی کردوون، هاوکات کۆمەڵێک پرۆژەی شارستانیانە لەڕێگەی کۆرسی تایبەتی و ڕاهێنانی بەردەوامی ڕۆژانەوە بهێنێتە ناو ئاواییەکەوەوناودیاریەکانی حکومەت لەو گوندەدا بشارێتەوە.

سەباح ژوورێکی گەورەی ماڵەکەی خۆی تەرخان کردوە بەئیش و کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی گوندەکەو بەهەر کۆڵانێکیشدا تێپەڕ ببێت، هەموان دەستی سڵاو و خۆشەویستی بۆ بەرز دەکەنەوە، داهێنانەکانی سەباح لەساڵی 2006 بەشانۆگەرییەک دەست پێدەکات، پاشان سێ کۆمەڵە لەگەنجان پێکدەهێنێت، ئەوانیش کۆمەڵەی ژینگە پارێزی، کۆمەڵەی وەرزشی، کۆمەڵەی فەرهەنگی کەنەکەوە بوون.

سەباح ئەحمەد، کەپێشتر وەرشەی چاکردنی ئۆتۆمۆبێلی هەبووە لەگوندەکەیدا، ئێستا براکانی بەڕێوەی دەبەن و خۆی بەتەواوی یەکلایی کردوەتەوە بۆ گوندەکەی و خەریکی چەند پرۆژەیەکی جۆراو جۆرە، سەباح دەڵێت "ئەگەر حکومەت تەنها کۆڵانەکانمان بۆ قیرتاو بکات، ئێمە خۆمان دەتوانین جوانییەک بەو گوندە ببەخشین کەبێوێنە بێت، کە پڕە لەخۆشەویستی جوانی و خاوێنی و هەستی پێکەوە ژیان و هاوکاری".

**ڕۆژی ژینگەی کەنەکەوە**

ڕۆژی 10/3ی هەموو ساڵێک، لەقەراخی ئاواییەکەوە تەواوی دانیشتوانی گوند کۆدەبنەوە بۆ ڕۆژی ژینگەی کەنەکەوە. ئەو ڕۆژە بەلای خەڵکی گوندەکەوە جەژنێکە وەک هەریەک لەجەژنەکانی قوربان، ڕەمەزان و نەوروز، سەباح لەبارەی ڕۆژی ژینگەی کەنەکەوە گوتی "لەکاتژمێرهەشتی بەیانییەوە خەڵکی ئاوایی عەلاگەیەک بەدەستەوە دەگرن ودەستکێش بەسەریاندا دابەش دەکەم و کوچە بەکوچە گوندەکە پاک دەکەینەوە. لەو لاشەوە چەند ئافرەتێکی گوندەکە تەرخان دەکەین بەدروستکردنی خواردنی بەتام بۆ هەموو دانیشتوانی گوند، کاتژمێر دوازدە دوای ئەوەی لەخاوێنکردنەوەی گوند بووینەوە، هەموو دانیشتوانی گوند لەسەر یەک سفرە کۆ دەبینەوە نان دەخۆین و ڕۆژێکی خۆش بەسەر دەبەین. لەجەژنەکەی ئەمساڵدا کەچەند ڕۆژێک بەرلەئێستە بوو، نزیکەی 1000 کەسی ئاواییەکەمان بەشداری کرد".

ئەو لەماڵەوە خۆیی و هاوسەرەکەی دەخیلەیەکیان داناوە بۆ پاشەکەوتکردنی پارە بۆ ساڵیادی ژینگەی کەنەکەوە "حکومەت پارەمان ناداتێ بۆمەسرەفی ئەو جەژنە، ناچار خۆم و خێزانەکەم لەماڵەوە دەخیلەیەکمان داناوەو پارەی تێدا پاشەکەوت دەکەین بەدرێژایی ئەو ساڵە بۆ ئەوەی لەو ڕۆژەدا مەسرەفی خواردنی گوندەکەی پێ ئامادە بکەین".

هەڵمەتی بەکۆمەڵی پاکردنەوەی گوند تەنها لە 3/10دا نییە، بەڵکو هەرکاتێک پێویست بکات، کۆمەڵەی ژینگەی کەنەکەوە لە (فەرهەنگی شارستانی گوند)دا ئاگاداری بۆ کۆبونەوەی گوندنشینان هەڵدەواسن تا بۆ هەڵمەتێکی تری خاوێنی کۆببنەوە "خەڵکی ئاواییەکە و بەتایبەتی منداڵان ئەوەندە حەزیان لەو هەڵمەتە بەکۆمەڵەیە، کەزۆرجار لێم دەپرسن مامۆستا سەباح کەی دەست پێ بکەین".

سەباح دڵخۆش بوو بەوەی کە ئێستا خەمی خاوێن ڕاگرتنی گوند بەتەنها خەمی ئەو نییەو هەموو تاکێکی ئاواییەکە بەعیشقەوە دەیپارێزن "لەپشوی خوێندنیشدا دەست دەکەین بەخولەکانی دروستکردنی هەستی ژینگەو هەستی دووركەوتنەوە لەشتە زیانبەخشەکان بۆ منداڵان، ئەوخولانە تادەست پێکردنەوەی وەرزی خوێندن بەردەوام دەبن و تائێستا دوانزە کۆرسی ڕاهێنان و هوشیاری فێرکردنم بۆ منداڵان کردووەتەوە و خولێکیشم بۆ دایکان کردووەتەوە".

وەک ئەویش زیاتر لەبارەی کاریگەری ئەو خولانەوە وتی "ئێستا لەم گوندەدا منداڵان دەمانچە ناکڕن و دوکاندارەکانیش دەمانچە ناهێنن بۆ فرۆشتن، چونکە وامان کردووە کەمنداڵان بۆخۆیان ڕقیان لەدەمانچە ببێتەوە".

**فەرهەنگی شارستانی گوند**


سەباح ئەحمەد، داهێنەر و پێشڕەوی ژینگەپارێزی ناوچەکەی

(فۆتۆ: ڕووداو)

لەسەنتەری گوندەکەدا تابلۆیەکی گەورە دەبینی کە بەشووشە داپۆشراوە. لەژێر تابلۆکەشدا سندوقێکی سور بۆ سکاڵای هاووڵاتیان دانراوە، ئەو تابلۆیە پێیدەگوترێت فەرهەنگی شارستانی گوند، ئەو یارییە وەرزشییانەی کەتیپی وەرزشی تۆپی پێی گوند پێی هەڵدەستێ یان ئەو بانگەواز و ئاگادارییانەی کەپێویست خەڵکی گوند بیزانن، لەوێ هەڵدەواسرێن. "بیرمان کردەوە کەناکرێت هەرشتێک هەبوو یەکێک بەهەموو ئاواییەکەدا بگەڕێت و هەواڵ بدات، بۆیە ئەو فەرهەنگەمان دانا".

هەرچی سندوقی پۆستەکەشە سەباح ئەحمەد، ئەوەشی بەپێویستیەکی ژیان زانی و گوتی "دەکرێت لەڕێگەی ئەو سندوقەوە ئاگامان لەسکاڵاو کێشەی هاوڵاتیانی گوندەکەبێت، خۆ مەرج نییە هەر حکومەت پۆستە و سکاڵا وەربگرێت، ئێمە خۆمان چارەسەری کێشەکان دەکەین".

**داهێنەرێک بێ فەزای داهێنان**

تاوەکو ئێستا سەباح بۆ خۆی کامێرایەکی فۆتۆگرافی، بێژنگی دەراسە، ئۆتۆمبیلێکی زبڵ، فڕنێکی ×ەمون و چەندین ئامێرو بابەتی یاری منداڵانی جوڵاوی دروستکردووە، کەلەسەر ئاستی کوردستان بێوێنەن "هەر لەمناڵییەوە بەو فڕفڕۆکەو شتانەی دروستم دەکردن، سەرنجی هاوڕێکانم ڕادەکێشا".

سەباح، بڕیاریداوە کەهیچ ساڵێکی بەبێ دروستکردنی ئامێرێکی گرنگ بەسەردا تێپەڕ نەبێت. "ساڵی 1992 بۆیەکەمین جار کامێرایەکی فۆتۆگرافم دروستکرد کەتاوەکو ئێستاش وێنەی ئەو کامێرایەم ماوە".

لەناوەڕاستی نەوەدەکان و لەکاتی گرانییەکەدا، گرفتێک لەگرفتە سەختەکانی ژیانی جوتیارانی گوندەکە، سەباح سەرقاڵ دەکات بەخۆیەوە "جوتیاران لەکاتی دروێنەی گەنمدا بەهۆی دەڕاسەکان بێژنگیان نەبوو، گەنمێکی ناشیرینیان لەدەمی دەراسەکانەوە وەردەگرتەوە. ئیدی بڕیارمدا کەبێژنگ بۆدەڕاسەکان دروست بکەم و بەدروستکردنی ئەو بێژنگەش، جوتیارەکان گەنمێکی خاوێن و پاکژیان لەدەڕاسەکان وەردەگرتەوە، ئەو بێژنگەش ئامێرێکە لەتەنیشت تانکی گەنمەکەوە دامناوەو دوای ئەوەی گەنمەکە دەچێتە ناو ئەو بێژنگەوە، خاوێنی دەکاتەوە".

ئەو فڕنی سەمونەش کەئێستا لەماڵەکەی سەباحدایەو لەدوو پێشانگاشدا نیشانیداون، بەشێوەیەک دروستی کردووە کەلەپێشکەوتوترین وڵاتی جیهانیشەوە ئامێری وا لەدایک نەبووە، فڕنێکی سەمونم دروستکرد کە تۆ تەنها گەنمی پێدا دەکەیت و سەمون وەردەگریتەوە".

ئەو زیاتر پێکهاتەو شێوازی فڕنەکەی ڕوونکردەوە "75 سم بەرزەو 170 سم درێژە، گەنمی تێدەکەیت، گەنمەکە دەچێتە ناوئاشەکەوە و پاش هاڕین دەچێتە تانکییەکەوە، ئەوجا تانکییەکی بچوکی ئاوم بۆداناوەو لەشوێنێکی تر هەویرەکە ئامادە دەکات، پاشان هەویرەکە پارچەپارچە دەکات و دەچێتە دەمی ڕۆڵەکەوەو دیسان دواتر قەبارەی سەمونەکان دیاری دەکەیت و پاش برژان خۆی سەمونەکان فڕێ دەداتە دەرەوە".

ئەو لاوە داهێنەرە داوای کرد لەشۆفێرەکە کەئۆتۆمبیلی زبڵی ئاواییەکە بخاتە کارو بەبەرچاوی ئێمەوە ڕۆڵی ئۆتۆمبیلەکە نیشان بدات کەبەبێ کرێکار زبڵەکان کۆدەکاتەوەو لەخۆیدا خاڵی دەکاتەوە، ئەم ئۆتۆمبیلە کەخۆی بەهاوکاری ماددی وەزارەتی وەرزش و لاوان دروستی کردووە، خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی وایە کەشۆفێرەکە بەدوگمەیەک هەموو بەرمیلی زبڵەکان هەڵدەگرێت و بەرزی دەکاتەوەو خاڵی دەکاتەوە لەهەمان کاتیشدا لەبەشی دواوەی ئۆتۆمبیلەکە گسکێکی دروستکردووە بۆگسکدانی کۆڵانەکان.

ئەوەی کەفراوانی عەقڵی ئەو داهێنەرە لاوە زیاتر دەردەخات، ئەوەیە کەلەکاتی دروستکردنی ئەو ئۆتۆمبیلەدا ئەوەشی لەبیرنەکردووە، کەمواسەفاتێکی تر بۆ هەڵگرتنەوەی ئاژەڵە مرداربووەکانی سەرجادەو کۆڵانەکانیش زیادە بکات "ئەو ئۆتۆمبیلە کە بۆ گوندەکەم دروستکردووە تەنها شۆفێرێکی دەوێت، هەرماڵێک مانگی بڕی 3 هەزار دیناری چاپی نوێی بۆکۆدەکەینەوە کەبۆ مەسرەفی ئۆتۆمبیلەکەو کرێی شۆفێرەکەیە".

سەباح باسی لەوە کرد تائێستا لەهەموو دامودەزاگاکانی حکومەتی کوردستان تەنها دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح داوای بینینی ئەوی کردووەو ناشزانێت کەی دەیبینێت. سەباح داهێنەرێکە دوور لەفەزای داهێنان. ئەو دەتوانێت لەکتێبی (گینس)دا جێگە بۆخۆی بکاتەوە.

**لەدڵی گوندەکەیدا**

تەنەکەی خۆڵەکەی لەبەرمیلێکی دانراوی بەردەم ماڵەکەیدا ڕۆکرد. ئەوجا چەمییەوەوئەو کاغەزە چلورەشی بەرزکردەوە بۆناو بەرمیلەکە کەلەسەر زەویەکە کەوتبوو. نیگار حەمەئەمینی تەمەن 38 ساڵ. لەبارەی کارەکانی سەباحەوە وتی "هەموومان ئەومان خۆش دەوێ و سوپاسی دەکەین، بەڕاستی من سێ منداڵم هەیە کەبەقەدەر خۆم فێری شتی جوانی کردوون".

عومەر خدر، 63ساڵ، یەکێکە لەپیاوە هەرە پیرەکانی گوندەکە، وتی "جارێک لەگەڵ سەباح و گەنجەکان بەشداریم کرد لەپاککردنەوەی ئاواییەکە، بەڵام تەنیا بۆ ئەو نزیکانە ئەتوانم لەگەڵیان بم، چونکە پیرم ناتوانم"، پەیامی ئەو پیرە پیاوە بۆ سەباح خۆشەویستی بێ ئەندازە بوو "ئەو خۆشەویستی هەمووماناە".

مامۆستا شادان، جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕۆژگاری سەرەتایی لەکەنەکەوە، بەدەر لەمنداڵانی ئەو گوندە منداڵانی چەند گوندێکی دیکەشی بینیوە، بەڵام هەستەکان کەمناڵانی ئەو گوندە لەمناڵانی هیچ گوندێک ناچن "کاریگەری کارو ڕاهێنانەکانی مامۆستا سەباح بەسەر منال و گەورەی ئەو گوندەوە دیارە"، ئەو مامۆستایە گوتیشی "مامۆستا سەباح بەردەوام هاوکاری قوتابخانەی گوندەکەی خۆی دەکات و خۆبەخشانە وانەی کۆمپیوتەرو زمانی ئینگلیزی دەڵێتەوە".

**"خێر بەحکومەت!"**

لەماوەی ساڵی ڕابردوو ئەو کۆمەڵەیەی گوندەکە، کەکۆمەڵەیەکی خۆبەخشانەی گەنجانە لەهەڵمەتێکدا پارکی ئازادیان لەشاری سلێمانی پاکردوەتەوەو پرۆژەی ئایندەی ئەو لاوەش، گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ زبڵی تانجەرۆ کەزبڵی شاری سلێمانییە تاژینگەی ئەو شارە لەمەترسی ڕزگار بکات "زبڵی تانجەرۆ کەکۆکراوەی زبڵی سلێمانییە، لەکاتی سوتاندنیدا دیسان دوکەڵ و پیسییەکەی دەچێتەوە بەسەر ئاسمانی ئەو شارەداو ئەمەش خراپ و مەترسیدارە بۆ تەندروستی شارەکە، دەمەوێت چارەسەرێک بۆ ئەو زبڵە بدۆزمەوەو تائێستاش بەبیرۆکەیەکی پەسەندکراونەگەشتوم".

ئەوەی کەئێستا سەباح بۆ سلێمانی بیری لێدەکاتەوە، پرۆژەیەکە کەچەندین دامودەزگای حکومی لەوشارەدا پێویستە پێی هەڵبستن و بیری لێ بکەنەوە کەبودجەیەکی زۆریان لەبەردەستدایە، بەڵام سەباح تەها خۆی و گیرفانی خۆیەتی، لەڕاستیدا سەباح خێر بەحکومەتێک دەکات.

# هەموار کردنی یاسای باری کەسێتی عێراق ژنانی کوردستان تووڕە دەکات

## "ئەگەر یاسایەکی پێچەوانەی قورئان دابنێین، وڵاتانی عەرەب دەڵێن کورد زەندیقە" د.مستەفا زەڵمی



لەنجە عەبدوڵڵا
lanja@rudaw.net

**رووداو – هەولێر**

دوای ئەوەی لیژنەیەک لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دانرا، بۆ دراسەکردنی پرۆژە یاسای هەموارکردنی باری کەسێتی کە لەلایەن پەرلەمانەوە رەوانە کرابوو، راسپاردەکانی ئەو لیژنەیە کە لەکۆنفرانسێکدا خستیانەروو، ناڕەزاییەکی زۆری لەنێو رێکخراوەکانی ئافرەتان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دروست کرد .

سۆزان شەهاب، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەراسپاردەکانی ئەو لیژنەیە بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەو لەسەر هیچ خاڵێکی ئەو راسپاردانە رازی نییە و گوتی "ئەم لیژنەیە تەنها پشتیان بەبەشی یەکەمی مادەی 2ی دەستوری عێراق بەستووە کە یەکێک لەخاڵەکانی دەڵێت (یەکێک لەسەرچاوەکانی یاسادانان شەریعەتی ئیسلامە) بەبێ ئەوەی رەچاوی ئەودوو خاڵەی تربکەن کە باس لەبنەماکانی دیموکراسیەی و جاڕنامە گەردوونیەکانی مافی مرۆڤ دەکات" .

لەبەهاری ساڵی رابردوو لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتان و ژنان لەپەرلەمانی کوردستان، بەهاوکاری چەند راوێژکارێکی یاسایی و کەسانی شارەزا لەبوارەکانی فقە و شەریعەتی ئیسلام پرۆژەیەکی هەموارکراویان، کە 27 مادەی یاسای باری کەسێتی لە خۆگرتبوو پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کرد .

لەو بارەیەوە پەخشان زەنگەنە بەرپرسی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان لەپەرلەمان، رایگەیاند کە ئەو لیژنەیە بۆهەموارکردنی ئەم یاسایە پشتی بەهەموو ئەو پرەنسیپە گشتییانە بەستووە کە یەکسانی ئافرەت و پیاو دەپارێزێت، ناوبراو گوتی "یاسای باری کەسی تەنها پەیوەست نییە بەئافرەتەوە بەڵکو هەموارکردنی ئەم یاسایە بەرژەوەندی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا دەپارێزێت، بۆیە گۆرینی ئەم یاسایە کارێکی ئاسان نییە" .

یاسای باری کەسێتی عێراقی ژمارە 188 ی ساڵی 1959 کە لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم لەعێراق دانراوە، 93 مادەی لەخۆگرتوە، سەرچاوەی دارشتنی ئەو یاسایەش شەریعەتی ئیسلامی بووە بەبێ خۆبەستنەوە بەمەزهەبێکی دیاریکراو. وە نەبێت ئەو یاسایە لەساڵی دەرچوونییەوە تاوەکو ئێستا وەکو خۆی مابێتەوە، بەڵکو چەندینجار بەمەبەستی مەرامی سیاسی بەتایبەتیش لەلایەن بەعسەوە دەستکاری کراوە .

وەک د.نوری تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان گوتی "یاسای باری کەسێتی ساڵی 1959 هەر لە سەرەتاوە چەندین لایەنی سیاسی و مەزهەبی دژایەتیان دەکرد، لەپاش کودەتای شوباتی ساڵی 1963 دەسکاری چەند مادەیەکی کرا، هەروەها بەدرێژایی حوکمی بەعس بەتایبەتی لەناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکاندا چەندین دەسکاریکرا کە زیاتر بۆ مەبەستی سیاسی بوو" .

هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا بەهۆی گۆڕانی دۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی، پەرلەمانی کوردستانیش چەند ماددەیەکی لە یاساکەدا هەموار کردۆتەوە، بەڵام دەستکارییەکان بەو شێوەیە نەبوو کە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی داوای دەکەن.

د.مستەفا زەڵمی کە یەکێکە لەئەندامانی لیژنەی پسپۆری فیقهی یاسایی، باسی لەناوەرۆکی ئەو پرۆژە یاسایەی پەرلەمانی کوردستان کردو گوتی "ناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیە 30% پێچەوانەی قورئانی پیرۆزە بۆیە ئێمە بەجۆرێکیتر چارەمانکردووە کە لەگەڵ فەرموودەکانی قورئاندا بگونجێت، چونکە ئەگەر ئێمە یاسایەک پێچەوانەی قورئان دابنێین ئەوە وڵاتانی عەرەبی لێمان هەڵدەستنەوەو دەڵێن کورد زەندیق و مولحیدە" .

سەبارەت بەپشت بەستنی ئەندامانی لیژنەکە بەسەرچاوەیەک بۆ هەموارکردنی ئەو خاڵانەی کە ماف و ئازادییەکانی ئافرەتی تێدا دەستەبەر دەبێت، د.هادی مەحموود راوێژکاری یاسایی هەموارکردنی پرۆژەکەی پەرلەمان گلەیی لە میتۆدی بیرکردنەوەی ئەندامانی لێژنە فیقهییەکە کرد کە تەنها پشتیان بەشەریعەتی ئیسلام بەستووەو، لەهەمانکاتدا باسی لەگرنگی فراوانی سەرچاوەکان کرد و، گوتی "دەبوایە لیژنەکە وەک سەرچاوە تەنها پشت نەبەستێت بەشەریعەتی ئیسلام، بەڵکو رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و پرەنسیپەکانی دەستووریشیان لەبەرچاو بگرتایە کە مافی دیموکراتی و یەکسانی دوور لەرەگەزو جیاوازی ئاین لەخۆ دەگرن" .

هەروەها مامۆستا عومەر چنگیانیش بەهەمانشێوە رەخنەی لەکاری لێژنەکە گرت لەو پێداچوونەوەیە و گوتی "هەولێکی زۆر چالاکانە دراوە بۆ ئەوەی سەر لەنوێ کۆمەڵگە ببێت بەحاکم لەسەر هەموو چین و توێژێکی ئەم میللەتە، باس لەوە دەکرێت کە داب ونەریتی ناو کۆمەڵگا بپارێزرێت، کوێی ئەو داب و نەریتە بپارێزم، لەژێر ئەو دابونەریتە ژن دەکوژرێت و زیندە بەچاڵ دەکرێت، هەموو شتێکیش پیاو دەیکات، بەڵام ژن تێیدا تاوانبارە" .

یەکێک لەو ماددانەی کە بووە هۆی ئەوەی زۆرترین گفتوگۆو ناڕەزایی لەنێو ئەندامانی کۆنفرانسەکە دروست بکات ئەویش برگەکانی 4،5،6،7 ی مادەی 3ی باری کەسێتییە کە تایبەتە بەهاوسەرگیری، هەر چەندە لەپرۆژە یاساکەی پەرلەماندا فرەژنی قەدەخەکراوە و چەند سزایەکی یاسایی بۆ دانراوە، بەڵام لیژنەکە ئەم خاڵانەی رەتکردۆتەوەو جارێکیتر رێگا دەدات کە پیاو ژنی دووەم بهێنێتەوە .

هادی مەحمود کەماوەیەکی زۆر لە دەرەوە ژیاوە، ئەو مەرجانەی کە لەیاسای باری کەسێتی عێراقیدا هەیە سەبارەت بەو مادەیە زۆر بەباشتر وەسفکرد لەوەی کە ئەم لیژنەیە دایناوە، ئاماژەی بەوەشکرد کە لەسەردەمی پێغەمبەر دیاردەی فرەژنی رەتکراوەتەوەو گوتی "کاتێک ئیمامی عەلی ویستی ژن بێنێت بەسەر یەکێک لەکچەکانی پێغەمبەردا داوایکرد کە کچەکەی تەڵاق بدات 3 جار گوتی من رازینیم لەکاتێکدا ئەمە سوننەتی پێغەمبەر بووە بۆچی ئەوان جێبەجێیان نەکردووە" .

پارێزەر تەلار لەتیف، کە یەکێک بوو لەئەندامانی کۆنفرانسەکە زۆر بەتوندی رەخنەی لە پێکهاتەی لێژنەکە گرت، کە سەرجەمیان پیاون و هیچ ژنێک لەناو لێژنەکەدا نییە، تەلار گوتی "لیژنەکەی چەندین فێڵی یاسایی و شەرعیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی فرەژنی بمێنێت" .

مادده 8ی یاسای باری کەسێتی کە تایبەت بەشیاوی (ویلایە) یەکێکی دیکە بوو لەو مادانەی کە زۆرترین ناڕەزایی لەنێو ئەندامانی کۆنفرانسەکە لێکەوتەوە، بەپێی ئەو یاسایە دایک مافی ویلایەی بەسەر منداڵەکەیەوە نابێت تاوەکو مردنی باوکی منداڵەکە.

لەو بارەیەوە سۆزان شەهاب گوتی "لەم یاسایە تەنها ویلایەیان داوە بەباوک لەکاتێکدا بەهەزارەها ئافرەت هەیە لەمێردەکەی جیابۆتەوەو ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی گرتۆتە ئەستۆی خۆی، لەو حاڵەتە ئەو دایکە بۆچی مافی ویلایەی نەبێت لەسەر منداڵەکانی" .

# ئەو ئافرەتەی بە رێکەوت لەکوشتن رزگار بوو

## "مامم جار جار لە ئۆتۆمبێل دادەبەزی، دەستیدەدا لە زەوییەکە تا دڵنیابێت کە نەرمە بۆ هەڵکەندنی گۆڕەکەم"

**رووداو –هەولێر**

کاتێک هاتە ژوورەوە لەچکێکی رەش و مەکسییەکی زەردی لەبەردابوو، باڵایەکی بەرزو لاوازی هەبوو کە سەیرت دەکرد دەتزانی چەند کاتژمێرێکی نەبڕاوەی پێش مەرگ رەنگی دەموچاوی پەڕاندوە، بەڵام هێشتا چاوەکانی پڕبوون لەحەزی ژیان.

نێرگز، ناوی خوازراوی ئەو کچە تەمەن 20 ساڵەیە کە لەشەوی 6 لەسەر 3/7/2008 کاتژمێر 2 ی شەو لە ناحیەی تۆبزاوە لەلایەن هەردوو مامەکەی بە ناوەکانی (ش.ح) و (ح.ح) ودوو کورە خاڵی باوکی بە ناوەکانی (ت ) و(ش) بەئۆتۆمبێل دەبرێتە دەرەوەی شار بەنیازی کوشتنی و شاردنەوەی لەهەمان شوێن،بەڵام بەخت یاوەریان نابێت بازگەیەکی پێشمەرگە دەبێتە فریادرەسی رۆحی .

دیاردەی گەورە بەبچووکی هێشتا لە کۆمەڵگای کوردیدا کۆتایی نەهاتووە. نێرگزیش یەکێکە لەقوربانیەکانی ئەم دیاردە دواکەوتووە .نێرگز هەر لەمنداڵییەوە گەورە بەبچووکی پێدەکرێت و بۆ برا گەورەکەی لە ئامۆزایەکی دایکی بەناوی (م) مارە دەکرێت، نێرگز دەڵێت "ئەو کاتەی بڕیاریاندا شوو بەئامۆزاکەم بکەم زۆر هەوڵمدا باوکم پەشیمان بکەمەوە چونکە کەسێکیترم خۆش دەویست، بەڵام بێ سوود بوو" .

نێرگز ماوەی 4 ساڵ پەیوەندی لەگەڵ کورێک دەبێت بەناوی (س)، بەڵام خێزانی نێرگز دەبنە رێگر لە بەیەک گەیشتنیان، هەموو خەونەکانیان پێچەوانە دەکەنەوە نێرگز بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵەوە گوتی " (س)م زۆر خۆشدەویست، کاتێک هات بۆ داوام باوکم رازینەبوو، دایکیشم دەیگوت ئەگەر بڵێی شوو بەو کوڕە دەکەم باوکت دەتکوژێت " .

نێرگز، دوای ئەوەی لەلایەن خێزانەکەیەوە ناچار دەکرێت شوو بە ئامۆزای دایکی بکات . بەڵام ئەم ژیانە زۆرە ملێیەی نێرگزی بۆ رەوانە دەکرێت تەنیا 11 مانگ دەخایێنێت و لە (م) جیادەبێتەوە" کە شووم پێکرد جگە لە مانگی یەکەم ئیتر ژیانم بووە دۆزەخ، رۆژانە لێیدەدام و سووکایەتی پێدەکردم " .

نێرگز هۆکاری ئەو مامەڵە خراپەی مێردەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە ماڵی خەزووری ویستوویانە تۆڵەی کچەکەی خۆیان لەو بکەنەوە کە پێش چەند ساڵێک دراوە بە برا گەورەکەی و ئێستا خاوەنی دوو منداڵن.

نێرگز،لەبەر زۆری هاتووچۆی خەڵک، لە ژووری توێژەرەکەی بەڕێوبەرایەتی چاکسازی کە باسی (س) ی دەکرد دەنگی خۆی نزم دەکردەوەو نەیدەویست کەس گوێی لەقسەکانی بێت گوتی "دوای ماوەیەک کە شووم کرد (س) پەیوەندی پێوەکردم و گوتی من هێشتا تۆم خۆشدەوێت هەر بۆ من دەبیت، بەڵام من زۆر دەترسام لەو قسانەی و پێمدەگوت تازە من شووم کردووە، وازم لێ بێنە" .

هەروەها گوتی ئەو چەند مانگە تەواو بێزار ببوو لەمامەڵەی مێردەکەی لەگەڵیداو چەند جارێک هانای بۆ باوکی برد، بەڵام باوکیشی لێیداوەو بە زۆر گەراندوویەتییەوە لای مێردەکەی .

دژایەتیکردن و لێدانی نێرگز لەلایەن مێردەکەی و ماڵی خەزووری تا دێت قووڵتر دەبێتەوە ئەمەش وا لە نێرگز دەکات بەیانییەک ماڵەکە بەجێبێڵێت و بچێتە ماڵە شێخێک لە بارزان " ئەوانیش زۆر هاوکاریان کردم ماوەی 5 مانگ لەوێ مامەوە" .

دواتر خێزانی نێرگز و مێردەکەی لەلایەن ئەو ماڵە شێخەوە بانگدەکرێن و بە رەزامەندی هەردوولا بە 4 هەزار دۆلار نێرگز بەمێردەکەی تەڵاقدەدرێ و، دواتر نێرگز لەگەڵ خێزانەکەی دەگەڕێتەوە .

لە کاتێکدا مۆبایل ئەمرۆ زۆربەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان فراوانتروخێراتر دەکات، بەڵام هەر ئەو ئامێرەشە بووەتە هۆی تێکدانی شیرازەی زۆر لەخێزانەکان و کوشتنی دەیان ئافرەت لەکوردستان .

نێرگز، لەرێگای مۆبایلەوە پەیوەندی لەگەڵ کورێک دادەنێت بەناوی (ن) دوای مانگێک لە قسە کردنیان بە تەلەفۆن (م) داوای لێدەکات یەکتر ببینن"رۆژێک کەس لەماڵ نەبوو منیش هەڵەیەکی گەورەم کرد و پێمگووت وەرە ماڵمان، پێش ئەوەی بەخێرهاتنی بکەم مامم هاتە ژوور و دەمانچەی راکێشا گوتی ئەوە کێیە ؟" .

دواتر (ن) هەموو شتێک بۆ مامی نێرگز باسدەکات و نیازپاکیی خۆی روونده‌کاتەوە کە دەیەوێت نێرگز مارە بکات، بەڵام روونکردنەوەکانی هیچ سوودێکیان نابێت، لەو ساتەوە خوێنی نێرگز دەکرێتە کاسەوە .

نێرگز بۆ ماوەی چەند رۆژێک لەماڵی خاڵێکی باوکی دەمێنێتەوە، بەبیانووی ئەوەی ژیانی بپارێزن.نێرگز دوای کەمێک بێدەنگی لەگێڕانەوەی قسەکانی،گوتی"من خەوتبووم، کاتژمێر 2ی شەو هەڵیانساندم گوتیان دەتبەین لە (س) مارەت دەکەین، منیش زۆرم پێ سەیر بوو گوتم بەو کاتەو بۆ ئەو ؟" .

دواتر بە بیانووی مارەکردنی لە (س) دوو کورە خاڵەکەی باوکی و دوومامی بەفەرمانی باوکی نێرگز بەمەبەستی کوشتنی دەیبەنە رێگای گوندی (چالۆک)ی سەر بە ناحیەی خەبات کە رێگایەکی چۆڵەوانییە. نێرگز دەگێڕێتەوە لەکاتی رۆیشتنیان بە رێگاکەدا "مامم جارجار دادەبەزی و دەستێکی لە زەوییەکە دەدا بۆ ئەوەی بزانێت ئایا نەرمە بۆ ئەوەی گۆڕم بۆ هەڵکەنن و بمشارنەوە" . نێرگز دوای ئەو رۆیشتن و بینینە وەک خۆی دەڵێ" من ئەو کاتە دڵنیابووم کە دەمکوژن" .

لەکاتی گەڕانیان بەدوای دەرفەتێک و زەویەکی گونجاو بۆ کوشتن و شاردنەوەی نێرگز، ئۆتۆمبێلەکەیان لەبازگەی کەلی ئەسحابەی پێشمەرگە رادەگیرێ و هەرچواریان لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێن، نێرگزیش دەبرێتە بەرێوبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان.نێرگز دەڵێت چەند جارێک ماڵەوەمان سەردانیان کردووم"داوام لێدەکەن شوو بە (س) بکەم، بەڵام من تا ئێستا هیچ بڕیارێکم نەداوە چونکە دەیانەوێت تەنازول لەو چوار کەسە بکەم، دەترسم ئەوەش فێڵ بێت بۆ ئەوەی لێرە بمبەنە دەرەوەو دواتر بمکوژن" .

ساڵانە لەکوردستاندا لەژێری ناوی شەرەفپارێزی سەتان کچ و ژن دەکوژرێن، هەرچەندە ئامارە فەرمییەکانی پۆلیس لەساڵی 2007 لەهەردوو شاری هەولێر و دهۆک ئاماژە بە کوشتنی تەنیا 18 ئافرەت دەدەن، بەڵام ئامارە نافەرمییەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئاماژە بەکوشتنی ژمارەیەکی زۆر زیاتر لەو ژمارەیە دەدەن.



# قوربانیانی ژن لە هەڵەبجە سکاڵای فەرامۆشکراوی دەکەن



ئازیز مەحمود
azizshane@yahoo.com

**رووداو – هەڵەبجە**

ئەوانەی لە کیمیابارانی هەڵەبجە رزگاربوون دەڵێن یان چارەسەرێکی پزیشکی کەمیان وەرگرتووە یان هەر تەواو لێی بێبەشبوون.

ئەو ژنانەی تووشی نەخۆشی درێژخایەن بوون بە هۆی کیمیابارانی هەڵەبجەوە کە 20 ساڵ لەمەوبەر روویدا، دەڵێن تاڕادەیەکی زۆر پشتگوێخراون.

زۆر لەوانەی لە هێرشە کیمیاییەکەی هەڵەبجە لەلایەن سەدام حوسێنەوە دەربازبوون لە ساڵی 1988دا، تووشی شێرپەنجەی منداڵدان یان بۆری منداڵان بوون و لەو کاتەوە بە هۆی ئەو نەخۆشیەوە یان گیانیان لەدەستداوە یان تووشی خەمۆکی بوون و کێشەی دەروونیان هەیە، سەرەڕای ئەوەش هەندێکیان تووشی نەزۆکی بوون و هەندێکی دیکەشیان منداڵی کەمئەندامیان بووە یاخود منداڵەکانیان هەر بە ساوایی لەبارچووە .

مەحبوبە فەرەج، 47ساڵ، کە لە هێرشەکە دەربازبووە، وتی"شەوان بە زەحمەت خەوم لێدەکەوێت" .مەحبوبە تووشی کێشەی تەندروستی بووە لە کۆئەندامی هەناسە و چاویدا و پێیوایە کیمیابارانەکە تووشی نەزۆکی کردووە .

مەحبوبە وتی"چاوێکم رووی لە کزی کردووە و لەو کاتەشەوە منداڵم نابێت" .

مەحبوبە وەکو زۆر لە قوربانیانی هەڵەبجە پێیگووتراوە کە پێویستی بە چارەسەر هەیە لە دەرەوەی عێراق، بەڵام تا ئێستا هیچ کەس یارمەتی نەداوە بۆ ئەوەی چارەسەری پزیشکی بۆ بکرێت.

لە مانگی ئازاری 1988دا، سوپای سەدام تێکەڵەیەک لە گازی کوشندەی خەردەل و گازی دەماری سارین و تابوون و ئەعسابی بەسەر هەڵەبجەدا بەردایەوە، کە شارۆچکەیەکی 80 هەزار کەسییە لە نزیک سنووری ئێران.

ئەو هێرشە، کە لە دوادواییەکانی شەڕی عێراق-ئێراندا روویدا زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار کەسی کوشت و هەزارەهاشی بریندارکرد، بە گەورەترین هێرشی چەکی کیمیایی دەدرێتەقەڵەم لەجیهاندا کە لە دژی دانیشتوانی مەدەنی ئەنجامدرابێ.

ئەمریکا، کە لە کاتی ئەو شەڕەدا پشتگیری لە سەدام دەکرد،کۆنگرێسەکەی هەڵوێستی لەدژی رژێمی سەدام وەرگرت و داوای کرد ئابلۆقە بخرێتە سەر رژێمی ئەوکاتی عێراق. هەندێ لەنێوەندەکان هەوڵیاندا هێرشەکە بخەنە ئەستۆی ئێران،یەکێتی سۆڤیەت بەرگری لە رژێمی عێراق کرد و ئەوەی رەتکردەوە کە هەڵەبجە کیمیاباران کرابێ،هەرچەندە جیهان هەموو ئەو راستییەی بۆ ئاشکرابووە،بەڵام تا ئێستا دادگایەکی تایبەت لە سەر ئەو تاوانە لە عێراق و لە جیهاندا لە سەر ئەو تاوانە سازنەکراوە،جگە لە دادگایەکی هۆڵەندا کە ڤان ئانراتی بە هاوکاری کردنی سەدام بۆ دروستکردنی چەکی کیمیایی تاوانبار کرد .

لە کاتی هێرشەکەوە، تەنیا یەک لێکۆڵینەوەی گەورە لەسەر کاریگەریەکانی هێرشەکە کراوە،ئەو لێکۆڵینەوەیەش دەساڵ لەمەوبەر ئەنجامدراوە . سیستمی چاودێری تەندروستی لە هەڵەبجە وێرانە و کەمێک لە دانیشتوان دەستیان بە خزمەتگوزاری تەندروستی گونجاو ڕادەگات، چ جا بە چارەسەری پێشکەوتووی تایبەتمەند .

چاودێری تەندروستی هەڵەبجە بە هەموو پێوانەیەک لە خوار ئاستی پێویستەوەیە . دکتۆر زریان عوسمانی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتی هەرچەندە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنیداوە خەستەخانەیەک بەبڕی 13 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی دروستبکات، بەڵام تاکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە بەڵێندەرێکی بیناسازی دەستنیشان نەکراوە بۆ ئەو کارە .

هەزارەها کەس سکاڵای هەبوونی کێشەی تەندروستی دەکەن، لەوانە" نەخۆشی پێست و شێرپەنجە و کۆئەندامی هەناسە و شێوانی زگماکی (تشــوهات خلقیە) و نەخۆشی دڵ و هەروەها کەمئەندامی جەستەیی و دەروونی.

ژنان دەڵێن ئەوان بەشێوەیەکی تایبەت فەرامۆشکراون، چونکە ژمارەیەکی کەم لە پسپۆری پزیشکی تایبەت بە ئافرەتان هەیە لەناو هەڵەبجە و دەوروبەریدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە زاوورزێیە شازانە و ئەو جۆرانەی شێرپەنجە کە زۆر کەس پێوەی دەناڵێنن.

بە مەزەنەی کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیایی هەڵەبجە نزیکەی 300 کەس بریندارن و زۆربەیان لە حاڵەتی خەتەردان. ئەو رێکخراوە ئاماری لا نیە چەند لەوانە ژنن.

لە ئەنجامی هەوڵدان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمدواییانەدا رازیبووە کە 69 نەخۆش – کە نزیکەی نیوەیان ژنن – بنێرێت بۆ ئێران بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی و چارەسەرکردن. لەو کاتەوە دووا لەو نەخۆشانە مردوون کە هەردووکیان ژنن.

کامیل عەبدولقادر وەیس، نوێنەری ئەو کۆمەڵەیە کە خۆشی یەکێکە لە قوربانیانی کیمیاباران، وتی پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاتر ئەنجامبدرێت بۆ باشتر تێگەیشتن لە جۆر و مەودای ئەو کێشە تەندروستیانەی دانیشتوانی هەڵەبجە تووشیبوون.

کامیل وتی قوربانیە ژنەکان پێویستیان بە کەسانی پسپۆڕ هەیە و پێویستە لێکۆڵینەوە بکرێت بۆ زانینی رادەی ئەو کاریگەریانەی مادە کیمیاییەکان هەیانبووە لەسەر مناڵان.

لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بە هیوای ئەوەبوون – و ئێستاش بە هیوای ئەوەن – ئەمریکا یارمەتی قوربانیانی چەکی کیمیایی بدات و پشتگیریان لێبکات دوای سەرنگونکردنی سەدام لە 2003 دا، بەڵام هەڵەبجە یارمەتیەکی کەمی لە ئەمریکاوە پێگەیشتووە.

دانیشتوانەکەی ساڵی پار خۆپیشاندانێکی ناڕەزاییان کرد لە دژی نەبونی پشتگیریی بۆ هەڵەبجە، لە ئەنجامدا پێکدادان لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی ئاسایشدا روویدا. لەو خۆپیشاندانەدا کوڕێکی هەرزەکار گیانی لەدەستدا و یادگاری هەڵەبجەش، کە بۆ رێزلێنان لە قوربانیانی هەڵەبجە دروستکراوە، سووتێنرا.

دکتۆر ئاکۆ سەعید بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی شارەزوور کە مەڵبەندەکەی هەڵەبجەیە وتی نەبونی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو حاڵەتانەی قوربانیانی چەکی کیمیایی تووشی بوون گەورەترین تەگەرەیە لەبەردەم هەر پێشرەویەکدا.

دکتۆر ئاکۆ وتی لە ئێستادا دکتۆرەکان تەنها دەتوانن مەزەندبکەن سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کێشە تەندروستیەکانی ژنانی هەڵەبجە و هێرشە کیمیاییەکان.

هەروەها وتی، "رۆژ لەدوای رۆژ تەندروستیان بەرەو خراپتر دەچێت. چاویان لاوازدەبێت،" و لەوانەیە هەندێکیان کوێر ببن.

دکتۆر زریان داکۆکی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد لە دژی ئەو تۆمەتانەی گوایە قوربانیەکانی پشتگوێخستوە و وتی کێشەکە نەبونی شارەزایانی نێودەوڵەتیە .

"هێندە کەسانی شارەزای بیانی نیە کە لە کاریگەریەکانی چەکە کیمیاییەکان بزانن، هەر لەبەر ئەوەیە حکومەت نەیتوانیوە شارەزایان بێنێت بۆ هەڵەبجە بۆ لێکۆڵینەوە."

پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، زۆر لە قوربانیانی ژن لە هەڵەبجە کەس نەچوو بەلایانەوە و بەدەردی خۆیانەوە بە ئێشو ئازارەوە ئەتلێنەوە .

تابان عەلی، 38، لە کاتی کیمیابارانەکەی هەڵەبجەدا دووگیان بوو. مناڵێکی کچی بوو، بەڵام لەو کاتەوە تووشی نەزۆکی بووە و مناڵی تری نابێت. هەروەها جەستەی لیری دەرکردووە و کێشەی کۆئەندامی هەناسەدانیشی هەیە، کە ئەمەش دووان لە باوترین کێشەی تەندروستی قوربانیانی هەڵەبجەن.

تابان، لەگەڵ هەڵکردنی قۆڵیدا بۆ نیشاندانی پەڵەی سوور کە لەسەر پێستی دروستبووە، وتی، "هەموو شەوێک کە ئەچمە ناو جێگا چاوەڕێی مردنم."

تابان تووشی خەمۆکیەکی قورسیش بووە . تابان، کە سەرجەم خێزانەکەی لە هێرشەکەدا لەدەستداوە، وتی ناخۆشترین شت کە قبوڵی بکات ئەوەیە کچەکەی هەرگیز خوشک و برای نابینێت.

هەروەها وتی، "زۆرجار کە بیر لە ژیانی کچەکەم دەکەمەوە چاوم پڕدەبێت لە ئاو. ئەویش ژیانی وەکو من بەسەردەبات، بەبێ خوشک و بەبێ برا."

## ئەوانەی هەڵەبجەیان ئەسپاردەی خاک کرد، بۆیەکەمین جار چیرۆکە تراژیدیەکانی پێنج هەزار تەرم بۆ ( رووداو) دەگێڕنەوە

# ئامادەین گۆڕەکانی شەهیدانی هەڵەبجە بۆ حکومەت ئاشکرا بکەین

**نەوزاد مەحمود و سەریاس عەلی**
**رووداو ـ هەڵەبجە**

**–زینـدوو مانـەوەی پیرەژنێک حەڤدە ڕۆژ دوای کیمیابارانەکـەی هەڵەبجە لەناو تەرمەکاندا**
**–ئەوانەی بۆ دزینی زێڕی دەست و ملی ژن و کچە شەهیدەکان هاتن.**
**تراژیدیـای ژێـر زەمینـەکان و ئەو کۆرپەیەی کە مەمکی دایکی لەنێو دەمیدا بەجێماو وێنەگرە ئێرانییەکان**
**–ئەو جاش و سەربازە عێراقیانەی کە بە ژەهری فڕۆکەکانی خۆیان لەناوچوون**
**–ئەو فڕۆکانەی جارێکیتر دوای هەشت ڕۆژ لەوەشاندنی گازی خەردەل کیمیاییان بەسەر تەرمەکاندا باراندەوە**
**–ئەو پێشـمەرگانەی زێڕی تەرمەکانی هەڵەبجەیان دەدزی**

(رووداو) ئەو بەسـەرهاتانە و چەندین بەسـەرهاتی گورچک بڕو تراژیدیتر،پاش تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر کارەساتی کیمیابارانکردنـی هەڵەبجەدا،لـە زمانی شایەتەکانیانەوە ئاشکرا دەکات.

بەدرێژایی بیسـت ساڵی رابردوو، قسە کردن لەسەر کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، قسـەکردن بووە لەسەر سیاسەتی ترسـناکی پاکتاوکاری بەعس بەرامبەرکورد .گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانە کە باس لە عەزابەکانی مرۆڤەکانی ئەو شارە دەکات لەکاتی کارەساتەکەو هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون بوونە، بەڵام ئەوەی کە پێویست بووە بوترێت و نەوتراوە، لەوانەش چیرۆکی شـاردنەوەی تەرمەکان. " قەسەم بەخوا، حیزبەکانیتـر هەربە دوای کەسـوکاری خۆیانـدا دەگەڕان وخەمـی جەنازەکانی دیکەیان نەبوو"، (حاجـی باقی) کە بە درێژایی هەشت ڕۆژ و شەو لەگەڵ هاوڕێ خۆبەخشەکانی لەشارێکی چۆڵ وگەلاڕێزان لـە تەرمدا،تەرمەکانی بـەرەو چاڵەکان بردووەو و بەکۆمەڵ کۆیکردوونەتەوە، ئەو چیرۆکە دەگێڕێتەوە .

ڕۆژێک بەر لەوەی فڕۆکە جەنگییەکانی رژێمی عێراق، بەهەگبەی پڕ لە ژەهریانەوە بگەنە ئاسـمانی شاری هەڵەبجە، (حاجی باقی عەبدوڵڵا رەشـید)ی پێشـمەرگەی بزووتنەوەی ئیسـلامی، بـە ئۆتۆمبێلە لاندرڤەرەکەی سـەرقاڵی گواسـتنەوەی هێزێکـی بزووتنەوە دەبێت لـە ئێرانەوە بەرەو دەوروبەری شـارەکە،" ڕۆژی دواتر سێ کەسـیان هێنا بۆلام و وتیان ئەمانە بەپەلە بفرێنە بۆ پـاوە لە ئێران چونکە بەر چەکـی کیمیایی کەوتوون، لە ڕێگادا لە برینداره‌کانم پرسـی مەسەلە چییە؟ وتیان هەڵەبجە کیمیابارانکراوەو هەرچی کەسـوکارت هەیە هەمـووی تیا چوون ". ئیـدی لەوێوە دەنگوباسـی خنکانی شارەکەیی و لەناوچوونی کەسوکارەکەی بۆ یەکەمین جار دەبیستێت .ئەو حاجیە دەڵـێ" دوو ڕۆژ دواتر مامۆستا مەلاعوسمان عەبدولعەزیز کـۆی کردینەوەو پێی وتین دەخیلتانم لەبەر خواو لەبەر من، هەرچیتان کـردووە بڕۆنەوە هەڵەبجـەو جەنازەکان بشارنەوە با لەو ناوە نەکەون".

ئەو پێشـمەرگەیەی بزووتنـەوە دوای ئەو تکایەی مەلاعوسمان،١٨کەس لەگەڵ خۆی دێنێتەوە بۆ شـارەکە بەمەبەستی کۆکردنـەوەی تەرمەکان .بەڵام وەک خۆی وتـی، تەنها نۆکەس لەو هەژدە کەسـە هاتنە ناو هەڵەبجەو نۆکەسـەکەی دیکە ئەرکەکەیان بە جێنەگەیاند،لەو بڕوایەشدا بوو کە تەرمەکانی هەڵەبجە زۆر لەو ژمارەیە زۆرتربوون کە بەسەر شەهیدانی هەڵەبجەدا بڕاوە "ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە عەنەب و، قەسـەم بەخوا ئەوەنە جەنازەی ژن و منال و پیاو کەوتبوو، بەشی شوێن پێیەک زەوی نەمابوو، مامۆستا مەلا مەحمود وتی کوڕینە تازە شەوە بائیسراحەتێک بکەین بەیانی دەسـت دەکەیـن بەکۆکردنەوەی جەنازەکان، بەڵام من وتم مامۆستا گیان ئێسـتا هیچ نەبێ با شـوێنی ڕۆیشتنی سەیارەکە بکەینەوە،کە دەستیشمان کرد بە لابردنی تەرمەکان بۆ کردنەوەی ڕێگەی سـەیارەکەمان،تانیوە شـەوێکی درەنگ خەریکبووین".

دیمەنـەکان هێشـتا لەزەینیـدا زیندوون،بەڵام وەک خۆی وتی "تەماشاکردنی هـەر جەنازەیەک بۆخـۆی تەزویەک بوو بۆیە هەموو شـتەکانم بۆناگێڕدرێتەوە" . دەسـت دەبات بۆ گیرفانی و جگەرەیەک لەپاکەتەکەی ڕادەکێشێت و ئاگری دەدات و دەڵـێ" قیامـەت ئەوە بوو بەڕاسـتی ". حاجـی باقـی دەڵـی لەملەقەوی و عەنەوەوە هەتا کۆتایی باخەکانی عەنەو، جەنـازە وەک گەڵاڕێزانی پاییز بەسـەر یەکـدا کەوتبـوون، ٨ ڕۆژ بێ وەسـتان بەسەیارەیەکەوە خەریکی کۆکردنەوەیان بووین،قەسـەم بەخوا وەک چۆن بارەدار لەسـەیارە بار دەکەی، ئـاوا جەنازەمان لەسـەیارەکە بار دەکـردن و دەمانبردن لەچاڵێکدا هەڵمان دەڕشتن و دەچوینەوە بۆ بارێکیتر، هێشتاش فریا نەدەکەوتین". ئەو حاجییە دەڵـێ" بۆنی جەنازەکان وا وڕوکاسیان کردبووین،لەماوەی ئەو هەشت ڕۆژەدا ڕۆژانـە تەنیا دوو دەنک خورمامان دەخوارد".

یوست هیلتەرمان، لەکتێبە ناوازەکەی خۆیـدا ( کارێکـی ژەهـراوی ) کاتێک قسـە لەسـەر شـاردنەوەی تەرمـی شـەهیدەکانی هەڵەبجـە دەکات، تەنیا ئامـاژە بەپێشـمەرگەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی دەکات. هیلتەرمان، دەنووسێت "پێشـمەرگەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی هەستان بەشاردنەوەی تەرمەکان" . حاجی باقی وتی" قەسەم بەخوا، حیزبەکان ئەگەر بۆجەنازە گەڕابن، ئەوە تەنها بۆ شاردنەوەی کەسـوکاری خۆیان گەڕاون و دەسـتیان لەجەنازەیەکی دیکە نەداوە " . لەدرێژەی گێڕانەوەکەی حاجی باقی و ئیسـماعیل عەبدوڵڵادا دەردەکەوێت، کەئەوان لەکاتی کۆکردنەوەی تەرمەکانـدا بێخەم نەبوون و هەڕەشـەی فڕۆکەکانـی عێراقیان هەر لەسەر بووە، کە جاروبار هاتوونەتە سەر ئاسمانی شارەکە مووشەکیان بۆ هێزەکانی ئێـران هەڵـداوە وجارێکیتریـش دوای هەشـت ڕۆژ لەکیمیابارانەکە، فڕۆکەکان دیسـانەوە کیمیاییـان بەکارهێناوەتەوە لەهەڵەبجە"دیسـان تەیارەکان هاتنەوەو کیمیاییـان رشـت، بـەڵام چونکە ئێمە خۆمان ئامادە کردبوو و کاری لێنەکردین ".هەروەها وتیشی"بەو حاڵەوە،لە ماوەی پێنج ڕۆژ ئەوجا جەنازەکانی عەنەومان ژێر خۆڵ کردن".

لەبەهاری ئەمساڵ دوو گۆڕی بەکۆمەڵ لە هەڵەبجە دۆزرانەوەوئەندامێکی ئەنجوومەنی باڵای کۆمەڵـەی قوربانیانی هەڵەبجەش وتی"یەکێک لەگۆڕە بەکۆمەڵەکان تەرمی سەربازە ئێرانییەکانی تێدایە" . ئەم شاهید عەیانەش کە بە دەستی خۆی زیاتر لەسێ خەرمانە تەرمی لەگـۆڕە بەکۆمەڵەکاندا هەڵچنیـوە، درکاندی کـە ژەهر بارانەکە تەنیـا دانیشـتوانی شـاری هەڵەبجەی نەگرتووەتەوە " کـوڕە کاکە مەگەر خوا بزانێ چەند جاش و عەسکەری عێراقی و ئێرانیش بەو کیمیاییە مردن و لەناوچوون، ئێ خۆ بەشێک لەعەسکەرەکانی خۆیشی نەیانتوانی هەڵبێن".

لەماڵەکەی خۆیداو لەسـەر جێگەیەک راکشاوە،پێدەچێت تەمەنی ئەو جێگەیەی کـە بۆ نەخۆشـییەکەی رای خسـتووە لەمانگێک زیاتر بێت . لەکاتی قسەکردندا هەناسەسوارییەکی توونـد ماندووی دەکات و قاچەکانی ئاوساون . ئیسماعیل عەبدوڵڵا، تەمەن ٤٤ساڵ دەرگای چیرۆکەکانی خۆی بەوفرمێسـکە گەرمانە کردەوە، کەهێشتا بۆنی تەرمەکانی لێدەهات .بەهۆی هاتنەوەی بۆ شاردنەوەی لاشەی قوربانیانی هەڵەبجە بووە یەکێـک لەبەرکەوتووەکانی چەکی کیمیاوی و ئێستاش لەبارێکی خراپدایە .

ئیسـماعیل عەبدوڵـڵا دەڵێ"لەکاتی کۆکردنـەوەی جەنازەکانـدا ئەوەندە بێ مەجال بووین، نەماندەپەرژایە سەر ئەوەی سـەیری نفوسـەکانیان بکەین و بزانین کێیـە و کێ نییە، بەپەلەو بێ وەسـتان جەنازەکانمان لەسـەیارەی کاک باقی بار دەکرد"،بەو شـێوەیە لاشەکانیان بە پەلە لەوچاڵانەدا ژێر خـاک دەکردن .هەروەها دەڵێ " جەنازەی نانەوایەکی دراوسـێی خۆمانـم لەعەنەب دۆزیـەوە کە لەکاتی راکردنەکـەدا لەوێ گیانـی دەرچووبوو، بەخوا لاشـەکەی وای لێهاتبـوو هەر نە دەناسرایەوە".

ئەوشایەت عەیانە،بە (رووداو)ی راگەیاند کە دەزانێت ئەو گۆڕانەی تەرمەکانیان تێدا شـاردووەتەوە چەند گۆڕی بەکۆمەڵن و لەکوێ و کوێن،بـەڵام نایەوێت بە روونی ناوی شوێنەکان بڵێت نەبادا بۆ کاری دزێو تەرمەکان دەربهێننەوە" ئەگەر حکومەت بیەوێـت ئـەو تەرمانـە دەربهێنێتەوە، شوێنیان دەزانین و بیرمان ماون" .

ئـەم شـاهید عەیانـە،زۆر حاڵەتی تراژیدی و کاریگەر لەبارەی سـەرزەمینی تەرمەکان، دەگێڕێتـەوە " گازەکە وا ئەو جەنازانـەی رزاندبوو،بەخـوا کە کاڵەکی سەری جەنازەم گرتووە تابەرزی بکەمەوە سەری لەلاشـەی بووەتەوە،یان دەستی و قاچی لـێ بووەتەوە و بەدەسـتمەوە هاتـووە، جەنـازەکان هەموویـان رەش داگەڕابوون".ئیسـماعیل کە ٨ ڕۆژ لەناو لاشەکانی هەڵەبجەدا بووە، باسی دایکێکی و کۆرپەیەکی دەگێڕێتەوەو دەڵێ" پیکابێکم بینی پڕبوو لەجەنازە، لەناو ئەو پیکابەدا ژنێکم بینی کەخۆی بەسـەر کۆرپەکەی باوەشیدا شۆڕکردبووەوە و مەمکی لەدەمی کۆرپەکەیدا بوو، هەردووکیان بەو شێوەیە گیانیان دەرچووبوو. بەخوا تابەتەواوی لێی نزیک نەبوومەوە، هەروام ئەزانی زیندوون و مەمک دەداتە منداڵەکەی" . ئیسماعیل چەند دیمەنێکی دیکەی ئەو مەرگەسـاتە دەگێڕێتـەوە و دەڵـێ" لەژێـر زەمینی ماڵێکـدا کەپڕبوو لەجەنـازە، منداڵێک بەپایسـکلەکەیەوە هاتبوو تاخۆی بکات بەژێر زەمینەکـەدا بۆلای دایک و باوک و خوشـک وبراکانی، بەڵام ئەوەندە بەپەلە خۆی کێشـابوو بەدەرگای ژێرزەمینەکەدا بڕبڕەی پشتی شـکابوو، هەر لەدەرگای ژێرزەمینەکەدا کەوتبوو".

ئـەو لەبـارەی خـزم و کەسـوکارو ناسیاوەکانی خۆشیەوە دەڵێت " ئەوانەی خزم و کەسـوکار یان ناسـراوی خۆمان بـوون، لەچاڵێکی شـەهیدان کردوومانن بەژێر خۆڵەوە و هەموو تەرمەکانمان لەسێ چاڵی گەورەدا دەشـاردەوە، کەملەقەوی و عەنەب و شـەهیدانن " . حاجی باقیش لـەو بارەوە دەڵێت" ئێمـە نەماندەتوانی بەو وەزعەوە چاڵ هەڵبکەنین،بەڵام چاڵی گەورە گەورە لەو نـاوە هەبوون کەکاتی خۆی بۆ رەبیە و مەعەسـکەو شـتی وا بەشـۆفڵ هەڵکەندرابوون، جەنازەکانمان لەوێ دەشـاردنەوە" . چوار سـاڵ دوای کیمیابارانەکە هەواڵـی چەند تەرمێکیان لەوپیاوە پرسیوەو گۆڕەکەیان هەڵداوەتەوە " کەگۆڕەکەیـان هەڵدایەوە، سـەعاتی دەستی یەکێک لەجەنازەکانی ناوی هێشتا ئیشی دەکرد و نەوەستابوو".

وەک هەردوو شـاهید عەیان ئاماژەیان پێـدا، ئێرانییەکان کە لـەو کاتدا لەناو شاری هەڵەبجەدا بوون، هاوکاری ئەوانیان نەکـردووە لەکۆکردنەوەوشـاردنەوەی تەرمەکانـدا، بەڵام دڵنیا بـوون لەوەی کەئێرانییـەکان ڕێوشـوێنی توونديـان گرتوەتە بەر لەبەرامبەر هەر کردەوەیەکی ناشیرینی سـەربازەکانیان بۆ کاری دزی و تاڵانی" زیلێکیان پـێ بوو کەیەک دوو پاسدارییان بەشێوەی زیندانی خستبووە ناوی، کە لێم پرسـین ئەوەچییە ؟ وتیان ئەوانە ویسـتویانە دزی بکەن " . حاجی باقی بەچـاوی خـۆی دزە کوردەکانی بینیوە لەکاتی رووتکردنەوەی دەسـت و ملـی تەرمەکانی هەڵەبجە لە زێڕەکانیان" قەسەم بەخوا لەبنی دیوارەکاندا خۆیاندا دەشـاریەوە و دەچوونە سەرجەنازەکان وئاڵتونیان دەدزی، دەتوانم بڵێم لەو ڕۆژان بایی یەک ملیۆن دینـاری ئەوکات بەس ئاڵتـون لەوشـارە دزراوە و هەندێک لەو دزانەش پێشـمەرگە بوون، کەچی دوایی بەمنیان ئەوت ئێستە تۆ خاوەنی دەملیۆنی و ئەو هەموو ئاڵتونـەت کۆکردووەتەوە، دەی قەسەم بەخوا پارە بەچڵکی دەست دەزانـم و فلسـێکم لـەو جەنازانـە کۆ نەکردووەتەوە".

"جوڵەمان بەهـەر جەنازەیەک کردبێ، ئێرانیەک رەسـمی گرتـووە"، ئەو پیاوە تەمەن ٥٤سـاڵە کە خـۆی و هاوڕێکانی نزیکەی چوار هەزار تەرمی شاردووەتەوە بڕوای وابوو کەئێرانییەکان هەزاران رەسمی جۆراوجـۆری تەرمەکان و خەڵکی ئاوارەو دیمەنـە کۆسـتبارو راچڵەکێنەرەکانیان گرتـووەو بۆ کاتی خۆی هەڵیانگرتوون و بڵاوی ناکەنەوە . " بەخوا رەسـمی وایان گرتووە کەجورئەتی دەوێ پیشانی خەڵکی بـدەی، من بۆخۆم چوومـەوە بۆئێران و چوومە لای یەکێک لەوانەو پێم وت توخوا فلیمێک لەوانەم بـەرێ کەگرتووتە، وتی جارێکیتر قسەبکەیت و بیدرکێنی بەگرتن و ئیعدام کردنت دەدەم ؟".

یەکێکـی دیکە لـەو وێنـە هەژێنەرو سەرسـوڕهێنەرانەی حاجـی باقـی لـە نـاو تەرمەکانـی شـارەکەیدا دەیگێڕێتەوە،بەسـەرهاتی پیرەژنەکەیە . زینـدوو مانەوەی پیرەژنێک پاش ١٧ ڕۆژ لە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لەناو تەرمەکانداو لەناو ماڵێکی سیخناخ لەتەرمدا "حەڤـە ڕۆژ تێپەڕیبوو،کـە لەئێرانـەوە گەڕاینـەوە بـۆ هەڵەبجـە و بینیمان لە ماڵێکداو لەنـاو تەرمەکانـدا پیرەژنێک زینـدووەو نوزە نوزی دێـت، بەپەلە دوو سـێ دەنک خورمامان کرد بەدەمییەوەو دەستمان کرد بەکۆکردنەوەی تەرمەکان، کە هاتینەوە بۆماڵەکە بینیمان پیرەژنەکە هەردوو قاچی راکێشاوەو دانیشتووە بەبێ ئەوەی بتوانێ قسە بکات، ئەوجا کەمێک ئاومـان کرد بەدەمییەوەو کەمێک هاتەوە هۆشی خۆی،ئیتر ئێرانییەکانی قەرارگای رەمەزان ئەو پیرەژنەیـان برد بۆئێران و نەمان بینیەوە" .

" ژێر زەمین ئەو عالەمەی کوشـت "، ئەوانەی هەڵەبجەیان بەتەنیا جێنەهێشت تائەو شـەوە زریان بیچێنێت، ئەو پیاوە پەراوێزبووگۆشەگیرانەن،کەتاوەکوئێستا حکومەت لێیان ناپرسـێتەوە و کەسیش لێی نەپرسـیوون کە تەرمەکانیان لەکوێ کرد بەژێر خۆڵەوەو چیرۆکەکان چۆن بوون . ئەوان بەردەوام جەخت لەوەدەکەنەوە کە لەپێناوی خوادا بەهانی لاشەی شەهیدانی هەڵەبجەوە هاتن و چاوەڕوانی پاداشـت نین جگە لەپاداشـتی خودا،بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا دەبووا حکومەت لەبارەی ئەو سەربازە ونانەوە هەر نەبێت بەڕستەیەک پرسیار بکات . ئەو دەدوێت و زیاتر بەسەر خەمی ئەو بیرەوەرییە تاڵانەدا دادەچۆڕێت" عالەمەکـە چووبوونـە ژێـر زەمینەوەو ژێرزەمین بەتەواوی خەڵکەکەی کوشـت و نەیهێشـت خۆیان رزگار بکەن، بەخوا قەسـەم لەژێرزەمینەکەی ماڵی حەمەی ئەوڕەحیمـدا ١١٥ جەنـازەم دەرهێناوە، کەلەهەڵەبجەدا کەم ماڵ هەیە ژێر زەمینی نەبووبێت " .

بیسـت سـاڵ بەسـەر ئەو ڕۆژانەدا تێدەپەڕێ کە حاجی باقی و ئیسـماعیل دەیگێڕنەوە . ئیسماعیل عەبدوڵڵا،ئەوکات تەنیـا کوڕێکی گەنجی تەمەن ٢٥سـاڵ بوو،هێشتا ژیانی هاوسەری پێکنەهێنابوو و پێشمەرگەی بزوتنەوەی ئیسلامی بوو . وەک خـۆی وتی دەیتوانی بڕواتە ئێران و وەک هەزاران هاوولاتی دەربەدەری دیکەی شـارەکە بمێنێتەوە تاچارەنووس بەسەر زەمێنێکی دیکەی ژیانکردنیان دەسپێرێت، بەڵام ئـەو وای نەکـردو گەڕایەوە بۆلای تەرمە بێنازەکان "لەناوجەنازەکاندا تووشی ئەو نەخۆشییە بووم و گورچیلەم وێرانەو سییەکانم نەخۆشن وهەناسەم توند دەبێت و تائێسـتاش کەس لەمنی نەپرسـیوە، لەکاتێکدا چەندین کەس بۆ چارەسـەری نەخۆشـییەکانیان رەوانەی ئێران کراون " . حاجی باقی شـاهێدی ئیسماعیلە کە لەو ڕۆژانەدا تووشی ئەو نەخۆشییە بووەو بـە مخابنییەوە ناوی دەهێنێت و خەفەت بەحاڵی لەسەر جێگەکەوتنی دەخوات .

" هەرچی لەهەڵەبجە گیانی دەرچووبێت بردوومانە بۆ شەهیدان، هەرچی لەعەنەو گیانی دەرچووبێت بردوومانە بۆ چاڵەکانی عەنـەو لەملەقەویـش وەجبەیەکی دیکە جەنازەمان ناشتووە " حاجی باقی دەڵێت " ئێستاش خەڵکی شـارەکە دێنە لام و هەواڵی کەسـوکاریان دەپرسن کە ئاخۆ لەکوێ ناشـتومانە ؟ بەڵام من هەندێکم بیرە کە لەکوێ ناشـتومانەو هەموویشیم نەدەناسـی تابزانم لەکوێ ناشـتوومە" .دواجـار ئـەو پیـاوە هـاوکات لەگەڵ هەڵکێشـانی هەناسەیەکی قوڵدا، دەڵێت " کـەس نازانێ ئێمە چیمان بینی، کەس نازانێ ئێمە بەدیار عەزابی بەر لەمردنی ئەو عالەمەوە چ عەزابێکمان چەشت،هەرچیمان کرد لەپێناو خوا و بۆ خوا بوو، چاوەڕوانی پاداشـتی کەس نین، موهیـم تابینینی دواجەنـازە و شـاردنەوەی گەڕاین و ئەو شارەمان جێنەهێشت " .



حاجی باقی (فۆتۆ:رووداو)



ئیسماعیل عەبدوڵڵا (فۆتۆ:رووداو)

# پێشمەرگەیەک فڕۆکەیەک دەخاتە خوارەوە



حوسێن هیممەتی
himmati@rudaw.net

**رووداو– هەولێر**

لەکاتێکدا دەمانچەیەکی لەقەدی بەستبوو، بەجلوبەرگێکی کوردی رەنگ رەساسی لەسەر کورسـیەک بەبێدەنگی دانیشتبوو، یەکسەر دەسـتی کردە نێو گیرفانی و ٦ ناسنامەی دەرهێناو فرێیدایە پێش خۆی و گوتی "دوای ٣٠-٤٠ سـاڵ خەبات مانگانە تەنیا ٩٠ هەزار دینار مووچەم پێدەدرێت" .

مستەفا سـەعید کەریم، ٦٧ ساڵ، ئەو پێشـمەرگە کۆنەیە کە لە ساڵی ١٩٧٤، لە کاتی هێرشـی ئاسـمانی و زەمینی رژێمی بەعس بۆ سـەر ناوچەی قەرەسـێڵی سەر بەشـارۆچکەی دوکان، بەبـێ ئەوەی هیچ شارەزاییەکی لە دۆشکە هەبێت، بە دۆشکە فڕۆکەیەکی جۆری (میگ)ی عێراقی خستە خوارەوە .

مام مسـتەفا جەمەدانییەکی لەسەرە و لەساڵی ١٩٦٤ بووەتە پێشمەرگە، ئەو ڕۆژەی کە بەدۆشکە فڕۆکەکەی خستووەتە خوارەوە بەبیردێنێتەوەو، دەڵێت "کاتژمێر ٩ی بەیانی ڕۆژێکی سـاڵی ١٩٧٤ کە بەباشی ڕۆژەکەم بەبیر نایەتەوە، ئەو کاتی لەناوچەی قەرەسێڵ لەهێزی (کاوە) بوویـن، ئێمە نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگە دەبووین، چەند فڕۆکەیەکی جۆری مێگمان بینی کە بەرەو ئێمە هاتن، تەقەیەکی زۆریان لێکردین، منیش کە پێشـتر کەمێک خۆم فێری دۆشـکە کردبوو، تەقەم لێکرد و بەدۆشکە لێمدا" .

مسـتەفا سـەعید باس لەوە دەکات کە ئەو کاتەی لەفڕۆکەکەی داوەو خسـتوویەتە خـوارەوە، بەشـێکی لاشـەی فڕۆکەکـە کەوتووەتە لای ئەوان و بەشەکەی دیکەشی کەوتووەتە پشـت چیا کە سوپای عێراقی لێبووە "فڕۆکەکە یەک کەسـی تێدا بوو، بۆ لێدانی پێشـمەرگە هاتبوو، پێشـمەرگەش هەمووی خـۆی شـاردبووەوە،تەنیا من و پێشمەرگەیەکی دیکە بەنێوی ئیبراهیم لەکن دۆشکەکە بووین، کە فڕۆکەکە بۆلامان هات، من بەدۆشـکە چەندین جار تەقەم لێکرد و لەکۆتاییدا لێمدا" .

دوای خسـتنە خـوارەوەی فڕۆکەکـە و سووتانی فڕۆکەوانەکە و بەشێکی فڕۆکەکە، وەکو مام مسـتەفا ئامـاژەی پێدا هێزێکی پێشـمەرگە لەمەکتەبی سـەربازی شۆڕش هاتـن و ئەو بەشـە لاشـەی فڕۆکەکە کە لای ئەوان بـووە بەهێسـتر باریانکردووەو بردوویانە "ئێستاش نازانم چییان لێکرد، نازانم ماوە یـان نا، بەڵام کلاشـینکۆفێک و ١٠٠ دیناریان بەدیاری پێدام، گوتیان ئەو دیارییە لەسـەرەوە بۆ تۆیان ناردووە لەبەر ئەوەی لەفڕۆکەت داوە" .

هەروەهـا دەڵێـت "هەر ئـەو کاتی دوو رۆژنامەنووسـی ئەڵمانی هاتبوون وێنەیان دەگرت و قسـەیان لەگەڵ خەڵکی دەکرد، مام وسو پرسـیاری لێکردن کە بۆچوونتان بەرامبەربەکورد چییە،گوتیان (ڤێتنامییەکان لەجیهاندا رەشیدن، کورد لەوانیش رەشیدترن، بەڵام بەداخەوە کورد بێکەسن" .

مام مسـتەفا کـە لەماوەی ٤٤ سـاڵ پێشـمەرگایەتیدا بەشـداری دەیان شەڕی دژ بە رژێمی بەعسـی کردووە، وەکو خۆی باسـیکرد ئەو کاتی بووەتە پێشمەرگە زۆر حەزی لەدۆشکە بووە، بۆیە لەرقی کەسێکی دیکـە کە ئەویش دۆشـکەی پێبووە خۆی فێری دۆشـکە کردووە" کابرایەکی خەڵکی کەرکوک هەبوو، دۆشـکەیەکی پێبوو، ئەو کوڕە شەڕێکی زۆرو عەنتیکەی بەدۆشکەکە دەکـرد، منیش کە ئەوم بینـی زۆرم حەز چووە دۆشـکەی، گوتم شـەرت بێ ئەگەر دۆشـکەیەکمان هەبێ خۆم فێرە دۆشـکە بکەم، وەڵڵاهی لە خۆشـی ئەو کوڕە خۆم فێرە دۆشکە کرد" .

فەرماندەی ئەو هێزەی کە مستەفا تێیدا پێشـمەرگە بووە، ناوی (مام وسـو) بووە کە مام مسـتەفا ئەو بە "کەسێکی زیرەک" ناودەبات، وەکو خۆی باسیکرد هێزەکەیان نزیکەی ١٠٠ پێشـمەرگە بـوون و، تەنیا دۆشـکەیەکیان هەبووە کە هی کەسـێکی دیکە بووەو لەلای ئەوان دانرابوو " دۆشکەکە هی کەسێکی دیکەبوو، هێنابوویە لای ئێمە دایناببوو، شتێکی کەمبوو، مام وسو شتەکەی بۆ پەیدا کردو، منیش خۆم فێرە دۆشـکە کرد، دۆشکەکەیەکی خاوێن بوو" .

مام مستەفا کە ئێستا کەسێکی شارەزای دۆشـکەیە، وەکو خۆی دەڵێ بەبێ ئەوەی لە کەسێکی دیکە فێر ببێت خۆی دەتوانێ دۆشـکەیەک بکاتەوەو بیبەسـتێتەوە"لەو کاتەی ئەو کوڕە کەرکوکیەم بینی لەسـەر ئەو دۆشـکەیە ئێدی مەرەقم بووە دۆشکە، ئێستاش دەسـتکاری دۆشکە دەکەم، زۆرم حەز لێیە" .

گوندی دووکەڵە سەربەناحیەی قوشتەپەیە و، کەوتووەتە باشووری ڕۆژهەڵاتی هەولێرو ٢٠ کیلۆمەتر لێیەوە دوورە . مام مستەفا کە لەدایکبووی ئەو گوندەیە تائێسـتاش هەر لەوێ نیشتەجێیە و، خاوەنی ٢ ژن و ٤ کچ و ٧ کوڕە . ئەو دەمانچەیەکی لەقەدی بەستووە و، بەجلوبەرگێکی کوردی رەنگ رەساسـی لەسەر کورسـیەک بەبێدەنگی دانیشتووە، یەکسـەر دەسـتی کردە نێو گیرفانی و ٦ ناسـنامەی دەرهێناو فرێیدایە پێش خۆی و گوتی "دوای ٣٠-٤٠ ساڵ خەبات مانگانە تەنیا ٩٠ هەزار دینار مووچەم پێدەدرێت" .

ئەو پێشـمەرگە بەتەمەنە کە ئێسـتا موختاری گوندی دووکەڵە و ئەندامی یەکێتی جوتیارانی کوردسـتان و ئەندامی پارتییە، خۆی زۆر بە"مەغدوور" دەزانێ، بەڵام وەکو خۆشـی گوتی "هیچ چارەیەکم نییە، نازانم روو لەکوێ بکەم، تائێستا بەس ئەیلولیان بۆ کردوومە، مانگانە ٩٠ هەزاری وەردەگرم، مەغدوور بم مەغدوور نەبم چارە چییە، بەکێ بڵێـم، پیاو هەیە ڕۆژێک پێشـمەرگایەتی نەکردووە، زۆر زیاتر لەمن بەرزتر کراوەتەوەو زۆر زیاتر وەردەگرێ" .

مام مسـتەفا ماوەیەکی زۆر لەسـەر چیاکان پێشمەرگایەتی کردووە، وەکو خۆی دەڵێ لەسـەر چیا کەموکوڕیان زۆر بـووە "بـەڵام لەبـەر ئـەوەی هەموو بۆ کوردایەتی هاتبوو بیری لەکەموکوڕییەکان نەدەکردەوە، ماندووبوون نەبوو، هەموو رازی بوون، ئێمە هەموو شـتێکمان بەهێستر و وڵاخ دەبردەسەر چیا، نان، ئاوو پێداویستییەکانی دیکە" .

رژێمی عێراق ئەو کاتەی مام مسـتەفا ماڵەوەی بەجێهێشتووەو بووەتە پێشمەرگە، ئازارێکی زۆری کەسوکاری مستەفای داوە "موستەشارو جاشـێکی بەعـس هەبوو بەنێوی حەمە سابیر کە ئێستا کوژراوە، زۆر ئەزیەتی خەڵکی دا، ئەزیەتی کەسـوکاری منیشـی دا، دەخلـی لـێ دەسـتاندن، هەڕەشەی لێدەکردن، تەنانەت زەویەکانیان هەموو لێستاندین" . مستەفا سەعید لەکاتی پێشمەرگایەتیدا دووجار سەرۆکی پارتی و رابەری شۆڕش مەلا مستەفا بارزانی بینووە "جارێکیان لەگوندی دێگەی سەر بەناوچەی پشـدەر، من لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە چوومە پێشـی، نەیاندەهێشت بچینە لای، بەڵام هەر چووین و سڵاویکمان لێکرد" .

کاتێک پرسـیاری ئەوە لەمام مستەفا دەکـرێ چ داوایەکی هەیە دەڵێت "مەرجە شتت بۆ بکەن، ئەگەر بۆت نەکەن بەکەڵک نایێت، ئێستا چۆن ئەو جلوبەرگەم لەبەرە، هەر ئەوە جلوبەرگەیە و زیاتر نییە، پارتی پێشتر کە گوتبای ئەوەی دەکەم دەیکرد، بەڵام بەداخەوە ئێستا وانییە" .



# عومان گلەیی لە کوردستان دەکات

## سەرۆکی لیژنەی ئابووریی پەرلەمانی عومان: دەبوایە بەرپرسانی کورد هەلی وەبەرهێنانمان پێشان بدەن

**تایبەت بە ڕووداو**

سەرۆکی لیژنەی ئابووری لە ئەنجوومەنی شورای عومانی، کە دەکاتە پەرلەمانی ئەو وڵاتە، ڕەخنەی لە بەرپرسانی کورد گرت کە لەکاتی هاتنی شاندی وڵاتانی عەرەبی بۆ بەشداریی لە کۆنگرەی یەکێتی پەرلەمانتارانی عەرەب کە کۆتایی مانگی شوباتی ڕابردوو لەهەولێر بەسترا هیچ بەرنامەیەکیان نەبوو بۆئەوەی هەلی وەبەرهێنان پێشانی نوێنەرانی ئەو وڵاتانە بدەن.

فوئاد سجوانی سەرۆکی لیژنەی ئابووری لە پەرلەمانی عومان لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لەماوەی مانەوەیاندا لەشاری هەولێر تەنیا لەنێوان شوێنی کۆنگرەو شوێنی حەوانەوەدا هاتوچۆیان پێکراوەو داوەتی نان خواردن کراون، بێ ئەوەی ئەو دەرفەتە بقۆزرێتەوە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەوڵەتانی عەرەبی بۆ هەرێمی کوردستان. هەروەها گوتی تەنانەت کۆپییەکی یاسای وەبەرهێنانیش نەدراوەتە شاندی ئەو وڵاتانە کە هانیان بدات بۆ کاری سەرمایەگوزاری ڕوو لە کوردستان بکەن.

سەڵتەنەتی عومان وڵاتێکە لە سەر 309،500هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە و ژمارەی دانیشتوانی 2،509ملیۆن کەسە، بەیەکێک لەو وڵاتە داسقە تازە گەشەسەندووانە دادەنرێ کە توانیویەتی گەشەیەکی ئابووری بەرز وەدەستبێنێ و لەساڵی 200وە بووەتە ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی و چەندین ڕێککەوتننامەی بازرگانی و ئابووری نێودەوڵەوتی هەیە لەگەڵ وڵاتان لەبارەی وەک یەکی باج و ئاسانکاری زۆری بۆ وەبەرهێنان بە یاسا دابین کردوون. وڵاتێکە دەیەوێ سەرچاوەکانی داهاتی زۆر بکات و تەنیا پشت بەداهاتی نەوت نەبەستێ.

یاسای وەبەرهێنان کە ساڵی ڕابردوو پێش پەسەندکردنی لە پەرلەمانی کوردستان، مشتومڕێکی زۆری لەسەر کرا بەهۆی ئەو ئاسانکارییە فراوانەی بۆ سەرمایەگوزارانی بیانی دەکات. دوای ئەوە دەزگایەکی سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بە ناوی (دەستەی وەبەرهێنان) دامەزرا.

سجوانی لەوەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا هاتنی شاندی وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو دەبێتە سەرەتای دروستبوونی پردی پەیوەندی ئابووری لەگەڵ کوردستان، گوتی "ئەوەی ئێستا هەرێمی کوردستان پێویستی پێیەتی ئەوەیە کە دەبێت ڕیکلامێکی زۆر بکەن، زەمینەی ئێرە لەڕووی گەشتوگوزارییەوە یەکجار لەبارەو خوا بەهرەیەکی گەورەی بە خاکی هەرێمی کوردستان بەخشیوە". سجوانی ئاماژەی بەوەکرد کە ژمارەیەکی زۆر لە سەرمایەدارانی عومان دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام ڕوویان لەعێراق کرد، بۆئەوەی دەست بەکاری سەرمایەگوزاری بکەن و زۆربەی ئەو کارانەش لە بەغداو ناوچەکانی باشوورن، هەرچەندە بارودۆخی ئەو ناوچانە ئارامیش نییە. گوتیشی لە کۆنگرەی پەرلەمانتارانی عەرەب لە هەولێر چەند پەرلەمانتارێکی عەرەبی عێراق داوایان لێکرد کە ڕێوشوێنی زیاتریان پێشانبدات بۆ هاتنی سەرمایەگوزارانی عومانی بۆ ناوچەکانیان.

سجوانی لەو چوارچێوەیەدا ڕەخنەی لەدەسەڵاتدارانی کوردستان گرت کە هیچ بەرنامەیەکیان بۆناساندنی زەمینەی ئابووری و سەرمایەگوزاری بەو شاندە عەرەبیانە نەبووەو گوتی "دەبوایە بڵێن فەرموون با گەشتێک بکەین بۆئەوەی ئاشنای هەرێمی کوردستان ببن، بڵێن ئەمە بەرنامەو پلانی ئێمەیەو ئەمە پرۆژەکانمانەو ئێوە دەتوانن لەکام بواردا کاربکەن". هەروەها گوتیشی "من نازانم ئێوە سەنتەرێکتان بۆ پەرەپێدانی سەرمایەگوزاری هەیە یان نا، ئەگەر هەتانە دەبوو بێن سەردانی وڵاتانی کەنداو بکەن و بڵێن ئێمە ئەم پرۆژانەمان هەیە".

ژووری بازرگانی و پیشەسازی عومان، بە ژوورێکی پێشکەوتوو دادەنرێ، بەرژەوەندییە پیشەسازی و بازرگانیەکانی کەرتی تایبەتی ڕێکدەخات و بەشداریی بڕیارە سیاسی و ستراتیژییەکان دەکات لە ڕێگەی بوونی نوێنەرەکانی لە دەزگا حکومی و ئەهلییەکاندا. هەروەها زانیاری دەداتە کۆمپانیا و دەزگا بازرگانییەکان و یاساکانی عومان لە بواری بازرگانی و پیشەسازی و وەبەرهێناندا بڵاودەکاتەوە، پەیوەندی بازرگانی لە گەڵ بازرگانانی دەرەوە دەبەستێ و کێشە و ناکۆکییەکانی دەزگا و کۆمپانیاکان چارەسەر دەکات.

سجوانی باسی لەوەکرد کە کەس وێنەیەکی یاسای وەبەرهێنانی کوردستانی نەداوەتە ئەوان و گوتیشی "یاسا وەک شتێکی نووسراو بەتەنیا بەس نییەو دەبوایە لەماوەی مانەوەماندا لە هەولێر پێمانبڵێن ئەمە هاوینەهەوارو ناوچە گەشتیاریەکانی ئێمەیە، ئەمە چیاو ئاوو تاڤگەو فرۆکەخانەکانی ئێمەیەو وەرن سەرمایەگوزاری تێدا بکەن، بەڵام کەس نەهات ئەوە بەئێمە بڵێت".

هەرچەندە ئەو کۆنگرەیە لەلایەن سەرکردایەتی کوردستان و حکومەت قۆزرایەوە بۆ دروستکردن پەیوەندی سیاسی و کەمکردنەوەی دڵتەنگی عەرەب لە بوونی هەرێمی کوردستان، بەڵام وەک ئەو پەرلەمانتارە دەرفەتەکە لە ڕووی ئابوورییەوە نەقۆزرایەوە.

سجوانی گوتی "دەبوایە حکومەتی کوردستان ئەوە بقۆزێتەوە، کەچی لەدەرەوەی دیدارو کۆبوونەوەکانی تایبەت بە کۆنگرەی پەرلەمانتارانی عەرەب هیچ دیدارێکی ئابووری و بازرگانیمان نەکرد، دەبوایە بەرنامەیەکی باش بۆ ئەوە ئامادە بکەن و بێن بڵێن ئەرێ برایان ئێوە لە لیژنەی ئابووری دەتوانن کاتژمێرێک لە کاتی خۆتانمان بدەنێ بۆئەوەی ئاسۆکانی وەبەرهێنانتان پێشان بدەین، خۆ ئەوە دەکرا لەیەکێک لە هۆڵەکانیشدا بکرێ و لەڕێی شاشەیەکەوە ئەنجامبدرێ، دوای ئەوە پێویستە بەرپرسانی ئێرەش بەشاندێکی گەورە سەردانی وڵاتانی کەنداو بکەن و پیاوانی خاوەنکاری کوردستان لەگەڵ خۆیان بێنن". سجوانی لەوبارەوە نموونەی تورکیای هێنایەوە کە ساڵی ڕابردوو بایی پتر لە یەک ملیار دۆلار سەرمایەگوزاریی لە کوردستاندا هەبووەو، گوتی "من ماوەیەک لەمەوبەر لە تورکیا بووم، لەوکاتەدا سەرۆک کۆماری تورکیا لە قەتەر بوو، لەگەڵ خۆی دەیان سەرمایەداری تورکی بردبوو بۆئەوەی بانگهێشتیان بکەن و هەرلەوێ چەندین پرۆتۆکۆلیان بۆ دەستپێکردنی پرۆژەی زۆر گەورە واژۆ کرد، ئەم وڵاتەی ئێوە بە بەراورد بە تورکیا وڵاتێکی دەست لێنەدراوەو، هەرێمی کوردستان دەتوانێ بەشێوەیەکی بێسنوور سەرمایەی بیانی بۆ لای خۆی بکێشێ".


فوئاد سجوانی (فۆتۆ ڕووداو)

# چەند نوێنەرێکی تورکمان دەیانەوێ کێشەی کەرکوک ببەنە تاران

## "تەزویر لە کەرکوک هەیە، بەڵام شایەتی ئەوە دەدەم کاری لیژنەی 140 لە هەولێر زۆر وردە" تەحسین کەهیە

**ڕووداو -کەرکوک**

تەحسین کەهیە، لەبەر دەرگای لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی 140 لە پارێزگای کەرکوک، لەگەڵ ژنە عەرەبێک دەدوا، وەک هەمیشە ڕەخنەی لە کورد هەبوو لە کەرکوک. ئەو لەگەڵ چەند نوێنەرێکی بەرەی تورکمانی سەردانی ئەنقەرەیان کرد لەبارەی کێشەی کەرکوکەوە، بە (ڕووداو)یشی ڕاگەیاند کە چاوەڕێی وەڵامی ئێرانن بۆ سەردانیکردنی ئەو وەفدە بۆ تاران.

تەحسین کەهیە، کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ئیسلامیی تورکمانیی عێراقە، کە ڕێکخراوێکی دۆستی ئێرانە و پێش ڕووخانی ڕژێمی سەددام بنکەی لە ئێران بوو، بەهۆی شیعە مەزبێتی سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوەوە هاوپەیمانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی باڵایە لە عێراق. کەهیە جگە لەوە لە خولی پێشوو سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا بوو، ئێستاش ئەندامی ئەنجوومەن و لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی 140ە، کەخۆی باوەڕی بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم نییە لە سەر دوارۆژی کەرکوک.

15 مانگ بوو، هەردوو کوتلەی عەرەبی و تورکمانی بەشداریی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوکیان نەدەکرد، بەڵام دوایی کوتلەی عەرەبی گەڕاوە پاش ئەوەی پۆستی جێگری پارێزگاری پێدرا، کوتلەی تورکمانی کە بریتییە لە 9 کەس و زۆربەیان سەر بە بەرەی تورکمانین تا ئێستا بەشداریی کۆبوونەوەکان ناکەن. تەحسین کەهیە لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "چەند جارێک یاداشتی لێک تێگەیشتنمان لەگەڵ کوتلەی کوردی ئاڵوگۆڕکردووە لەسەر چەند ئاستەنگییەک، بەڵام تا ئێستا دانوستانەکانمان تووشی شکست بوون. هەرچەندە کاتێک مام جەلال هاتە کەرکوک، یاداشتێکی حەوت خاڵیمان پێشکێش کرد و بەڵێنی جێبەجێکردنی دا و گوتی منیش لایەنگری ئێوەم، بەمشێوەیە دەستمان بە دانوستانێکی نوێ کرد". هەروەها گوتی ئەوان داوای: جێگری پارێزگار، 32%ی بەشی تورکمان لە هەموو بوار و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی کەرکوک، بوونی زمانی تورکمانی بە زمانی ڕەسمی یەکەم لە شوێنە زۆرینە تورکمانەکان دەکەن، جگە لە چەند خاڵێکی کە ئەوان بە "لێپێچینەوە"یان دادەنێن نەک "داواکاری"، لەوانەش لابردنی زێدەڕۆیی ئاوارە گەڕاوەکان لەسەر زەوییەکانی کەرکوک.

تورکمان دەڵێن لە کۆی 9800پۆلیسی کەرکوک، سێ هەزاریان تورکمانن بەپێی ڕێژەی 29%ی خۆیان، بەڵام گلەیی ئەوە دەکەن کە کەمیان کراونەتە ئەفسەر و ئەفسەرانی کورد زیاترن، لەولاشەوە نەتەوەکانی گلەیی ئەوە دەکەن کە فەرمانبەرانی تورکمان لە زۆر جێگەی دیکە لەوان زیاترن. بەرەی تورکمانی ڕەخنەی ئەوە لە حیزبە کوردستانییەکان دەگرێ کە 600هەزار کوردیان هێناوەتە کەرکوک بێ زۆربەی زۆریان خەڵکی کەرکوک بن، لەبەردەمی پارێزگاش خێوەتێکی ئاوارە گەڕاوە کەرکوکییەکان هەڵدراوە بۆ پرۆتستۆکردنی جێبەجێنەبوونی مادەی 140 لەکاتی خۆیدا و سستی نواندنی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی لە ماوەی 6 مانگە بۆ درێژکراوەکەیدا. ئەو ئاوارە کوردانە دەڵێن ئەوە وایکردووە کە سەتان خێزانی کوردی کەرکوکی تا ئێستا نەگەڕێنەوە کەرکوک.

تەحسین کەهیە دەڵێ تا ئێستا لەبارەی داخوازییەکانیانەوە نەگەیشتووینەتە ڕێککەوتن "گفتوگۆمان لەسەر پۆستە سیادییەکان کرد، گوتمان جێگری پارێزگار، گوتیان ئێمە لەسەر ئەو پۆستە لەگەڵ عەرەب ڕێککەوتووین و ئەوان ڕازی نابن". تەحسین کەهیە دەڵێ "پێمان گوتن عەرەب ناڕازی نابن، ئەگەر وایە نووسراوێکمان لەوانەوە بۆ بێنن، هەروەها پێمانگوتن بەپێی یاسای تازەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان پارێزگار دەبێ دوو جێگری هەبێ، بۆچی کار بەو یاسایە تازەیە ناکەن".

هەروەها دەڵێ لە گەڕ (جولە)ی سێیەمی دانوستانەکانماندا لەسەر بەرەسمیبوونی زمانی تورکمانیش نەگەیشتنە ڕێککەوتن "گوتمان با تورکمانیش زمانی ڕەسمی بێت لە ناوچە زۆرینە تورکمان نشینەکان، گوتیان باشە، بەڵام ئەوە پێویستی بە ڕەزامەندی بەغدایە. گفتوگۆیەکەمان زۆر درێژەی کێشا. گوتمان ئێمە بۆچی ئەو مەسەلەیە ببەینە بەغدا و دادگای دەستووری خۆ ئەو کاتەی ڕژێم ڕووخا ئێوە تابلۆی فەرمانگە حکومییەکانتان کردنە کوردی پەناتان بۆ هیچ دادگایەک نەبرد، بۆچی دەبێ ئێمە ئەوە بکەین. پێویستە هەندێ شت هەر نەبێ لە بواری زماندا وەدەست بێنین بۆ ئەوەی گەلەکەمانی پێ قەناعەت بێنین، ئەگەر بشڵێن تورکمان لە هیچ ناوچەیەک زۆرینە نییە تاوەکو زمانی تورکمانی ببێتە زمانی ڕەسمی ئەو ناوچانە ئەوە ڕاکردنە لە واقیع".

تەحسین کەهیە، بەرپرسانی کوردی بە دوو هەڵوێستی تۆمەتبارکردن و گوتی "بەداخەوە بەرپرسانی کورد لە کەرکوک کاتێک بۆ ڕاگەیاندن قسە دەکەن نەرمی دەنوێنن، بەڵام لە کاتی دانیشتنەکاندا وانین".

یەکێتی ئیسلامیی تورکمان و بەرەی تورکمانی دوو ڕێکخراوی سیاسەت و ئاراستە جیاوازن، بەرەی تورکمانی بە ئاشکرا سەر بە تورکیایە و یەکێتی ئیسلامی تورکمانیش لە ئێران دامەزراوەو لە ئێرانەوە نزیکە و لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی باڵای عێراقن کە عەبدولعەزیز حەکیم سەرۆکایەتی دەکات و لە لیستی ئیئتیلافدان لە پەرلەمان و حکومەتی عێراقدا، جگە لە جیاوازی مەزهەبی و جیاوازی دیکە. کەهیە دەڵێ ئێستاش هەڵوێستی لێک جیاوازمان هەن "بەڵام ئێمە لەسەر بنچینەی داوا تورکمانییەکان لەگەڵ بەرە هاپەیمانین و پێکەوە کاردەکەین، ئەگەرنا ئێستاش بۆچوونی لێک جیاوازمان هەن. هەڵەیە ئەگەر والێکبدرێتەوە کە یەکێتی ئیسلامیی تورکمانی عێراق چووەتە پاڵ بەرەی تورکمانی". کەهیە دەڵێ ئەو کە بەشداری بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی بەرەی تورکمانیش دەکات جیاواز لە هەڵوێستەکانی بەرە قسە دەکات.

بەرەی تورکمانی ئەو تورکمانەی لەسەر لیستی برایەتی کەرکوک بوونەتە ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بە نێوینەری تورکمان دانانێ، بەڵام تەحسین کەهیە بە شێوەیەکی دیکە لەوبارەوە دەدوێ و دەڵێ "ئەو تورکمانانەی لە لیستی برایەتی کەرکوکدان لەگەڵ کورد، من ناڵێم نوێنەرایەتی تورکمان ناکەن، بەڵام هەرکەسێک چووە لیستێکەوە ناتوانێ لە بەرنامەی ئەو لیستە دەربچێ".

تەحسین کەهیە ئەوەی بە بیرهێنایەوە کە ئەوان وەک یەکێتی ئیسلامیی تورکمان بەشدارییان لە نووسینەوەو دەنگدان بە دەستووری هەمیشەیی عێراق دا کرد، بەپێچەوانەی بەرەی تورکمانی کە دژی دەستووری وەستایەوەو گوتیشی" بەرەی تورکمانیش بەکردەوە لەگەڵ جێبەجێکردنی قۆناغی ئاساییکردنەوە بوو، بە بەڵگەی ئەوەی هەرچەندە ئەوان دەنگیان دژی دەستووردا، بەڵام نوێنەریان هەبوو لە لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی 140 دا".

گوتی ئەو وەک ئەندامی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی 140 بەشداریی کرد "ئاساییکردنەوە سودی بۆ هەمووان هەیە. بەڵام ئامانجی سیاسی شتێکی دیکەیە. ئامانجی مێژوویی کورد ئەوەیە کەرکوک بخەنە سەر کوردستان. ئێمە لەو بڕوایەداین کە کێشەیەک هەیە، بەڵام چارەسەرەکردنی دەبێ بە ڕەزامەندی هەموو لایەک بێت".

تەحسین کەهیە ئاماژەی بەوەدا کە "گۆڕینەوەی سنووره ئیدارییەکان لەدەست ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کۆماردایە، ئەوانیش تا ئێستا هیچ وەڵامێکی یاداشتێکی لیژنەی جێبەجیکردنی مادەی 140ی لەوبارەوە نەداوەتەوە".

کەهیە خۆی لە ڕاستیی مادەی 140 لادا و گوتی "مادەی 140ی دەستوور ئاماژەی بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم نەداوە، بەڵکو مادەی 58ی دەستوری کاتی باسیکردبوو. ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیش لەو کاتەدا سەختترین کارە. ئەوە مەسەلەیەکە بۆچوونی جیاوازی لەسەرە و کاتە زەمەنییەکەی باش لێینەکۆڵدراوەتەوە". گوتیشی هەر لەکاتی چەسپاندنی مادەی 140 یش لە دەستووردا پێشبینی دەکرد کە مادەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا کە تاکۆتایی 2007 بوو جێبەجێناکرێ. ئەوەبوو ماوەی جێبەجێکردنەکەی 6 مانگی دیکە درێژکرایەوە.

سەعدەدین ئەرکیجی سەرۆکی بەرەی تورکمانی ڕایگەیاند کە ئەو بە ستیڤان دیمستۆرای نوێنەری UNی لە عێراق ڕاگەیاندووە کە ئەو بەدرێژکردنەوەی ماوەی 140 کارێکی ناسایی کرد و "بێلایەنی خۆی لەدەستدا". هەروەها گوتی تورکیا و ئەمریکا هاوڕان کە کەرکوک نەکەوێتە سەر هیچ هەرێمێک.

تەحسین کەهیە کە گلەیی لە بوونی ساختەکاری لە فۆرم و بەڵگەنامەکانی ئاوارەکان و ساختەکاری کەمتر لە بەڵگەنامەکانی عەرەبە هاوردەکان دەکرد لەو دۆسیانەی لەلایەن خەڵکەوە پێشکێشی نووسینگەی کەرکوکی جێبەجێکردنی مادەی 140 کراون، گوتی "لەو فایلانەدا زۆر بەڵگەنامەی ساختەمان دۆزیونەتەوە، وەک قۆناخێکی ئەو بەڵگەنامانەی کە لە کەرکوکیش دەچن لە هەولێر پێیاندادەچنەوە، بەڕاستیش دەبێ شایەتی ئەوە بدەم کارێکی ورد و باش لە هەولێر دەکرێ و من خۆم کاری ئەوانم بینیوە. لەوێ هەموو زانیارییەکان دەخرێنە سەر کۆمپیوتەر و پشت بەو بانکی زانیارییە دەبەسترێ". بۆ قەرەبووکردنەوەو قۆناخەکانی دیکەش پشت بەو زانیاریانە دەبەسترێ "خەڵک دەبێ بزانن ئێمە مافی خۆیان دەدەینێ و سەدەقە دابەشناکەین".

ڕۆژی 2008/1/20 تەحسین کەهیە لەگەڵ 8 تورکمانی دیکەی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک کە سەر بە بەرەی تورکمانین، چوونە ئەنقەرە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کێشەی کەرکوک. تەحسین کەهیە ئەوە بەشتێکی ئاسایی دەزانێ و دەڵێ تورکیا پەیوەستە بە کێشەی کەرکوکەوە. کەهیە باسی ئەوەیکرد کە لەو سەردانەیاندا چاویان بە وەزیری دەرەوەو دوو ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری تورکیا کەوت "هەڵوێستیان زۆر باش بوو، مەبەستی سەردانەکەشمان ڕاوێژکردن بوو لە گەڵ تورکیا و هیچ ڕێککەوتن و یاداشتێکی هاوبەشمان مۆرنەکرد". ئەوەشی ڕەتکردەوە کە لەگەڵ سوپا و دەزگای میتی تورک دانیشتبن.

هەروەها لەبارەی بایەخی ئەو سەردانەش بۆ خۆیان گوتی" هەر شتێک لە عێراق بخرێتە ڕوو، وای لێهاتووە پێویستی بە پشتیوانی دەوڵەتان هەیە. کوتلە سیاسیەکان لەوکاتانەدا پەنا بۆ دەوڵەتە دۆستەکانیان دەبەن. تورکیاش پرۆژەی چارەسەرکردنی مەسەلەی تورکمانی هەیە. ئەوەش بە دەستتێوەردانی تورکیا دانانرێ لە کێشەی کەرکوک. ئەگەر واش دابندرێ کێ مافی هەیە ئەوە دیاری بکات لە عێراق؟"، ئەو پێیوابوو کە کاری سیاسی لە فراوانبووندایە و دەوڵەتان پەیوەست بوونە بە کێشەکانی یەکترەوە.

تەحسین کەهیە، بۆ یەکەمجار ئەوەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد کە لەو سەردانەیاندا بۆ ئەنقەرە لەگەڵ باڵیۆزی ئێرانیش کۆبوونەوە "سەردانی باڵیۆزی ئێرانمان کرد و داوامانکرد کە سەردانێکی ئێرانیش بکەین لەسەر مەسەلەی کەرکوک و چاوەڕێی وەڵامی ئەوانین و باڵیۆزی ئێران ئەوەی زۆر پێ باش بوو".


چەند عەرەبێک لەبەردەم چادری مانگرتووانی کورد لە بەردەم پارێزگای کەرکوک (فۆتۆ ڕووداو)


تەحسین کەهیە

**بەرپرسانی کورد لە کەرکوک کاتێک بۆ ڕاگەیاندن قسە دەکەن نەرمی دەنوێنن، بەڵام لە کاتی دانیشتنەکاندا وانین**

# بوودجەی ئەمساڵی کوردستان لە ساڵی رابردوو کەمترە



عەلی حەمەساڵح
ali@rudaw.net

**رووداو-هەولێر**

لە بەدواداچوونێکی رۆژنامەڤانیدا (رووداو) ئەوە ئاشکرادەکات کە لە ساڵی رابردوودا 54% ی بوودجە بۆ مووچەی فەرمانبەران بووە، نەک 75%و لەمساڵیشدا ئەو رێژەیە زیادی کردووە، پەرلەمان لەمساڵیشدا گفتوگۆ لەبارەی بوودجەی حیزبەکانەوە ناکات و بوودجەی ئەمساڵ زیاتر لە یەک ترلیۆن کەمترە لە هی ساڵی رابردوو.

کوێستان محەممەد سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز لەپەرلەمانی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند" ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان داوایان کردووە خەرجیی ساڵی 2007 بێتە پەرلەمان و پاشان گفتوگۆی بوودجەی 2008 بکرێت، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان گوتوویانە: وەزارەتی دارایی پێیگوتووین، ئێستا لەتەواوکردنیداین و هەرکاتێک تەواوبوو دەیهێنینە پەرلەمان، بەڵام پەسەندکردنی بوودجەی 2008 لەبەر بودجەی 2007 دواناخەین".

لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان راپۆرتێکی لەبارەی بوودجەوە ئامادەکردووەو بریارە بەم زووانە بیداتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، لەو راپۆرتەشدا داواکراوە کە حکومەت شێوازی خەرجکردنی بوودجەی2007 بۆ پەرلەمان روونبکاتەوەو هەر سێ مانگ جارێکیش راپۆرتێک لەبارەی شێوازی خەرجکردنی بوودجەی 2008 بخاتەروو.

د.دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان ئەوە بۆ (رووداو)دەخاتەروو کە لیژنەی دارایی راپۆرتێکی لەبارەی بوودجەوە ئامادەکردووەو گوتی "لەو راپۆرتەدا، داوامان کردووە وەزارەتی دارایی لەماوەیەکی کەمدا ئەو راپۆرتە کۆتاییە پێشکێشی پەرلەمان بکات کە تایبەتە بەشێوازی خەرجکردنی بوودجەی 2007".

د. دلێر ئاماژە بەوەش دەدات کە چەندین تێبینی دیکەیان لەسەر بوودجە داوە،لەوانە"هەوڵبدرێت بوودجە لەکاتی خۆیدا بێت و ئەو دامودەزگاو وەزارەتانەی هاوشێوەو هاوئەرکن یەکبخرێن و ئەو وەزارەتانەی تائێستا یەکیان نەگرتووە بەزووترین کات یەکبگرن و حکومەتیش سێ مانگ جارێک راپۆرتێک بنێرێتە پەرلەمان سەبارەت بە بارودۆخی دارایی".

### بودجەی حیزبەکان کاری حکومەتە یان پەرلەمان؟

ساڵی رابردوو 56 ئەندام پەرلەمان،لە فراکسیۆنە جیاوازەکاندا یاداشتێکیان دایە سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەبارەی بوودجەی حیزبەکانەوە بکرێ،بەڵام ئەمساڵیش پەرلەمان گفتوگۆ لەبارەی ئەو بابەتەوە ناکات و لەو پرۆژەیەی بوودجەی ئەمساڵیشدا کە حکومەت بۆ پەرلەمانی ناردووە بوودجەی حیزبەکانی تێیدا نەخراوەتەڕوو.

ئەگەرچی کوێستان محەممەد، ئەوەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد کە" تائێستا بوودجەی حیزبەکان دیاری نەکراوەو لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدان داوابکەن و بزانن بوودجەی حیزبەکان چەندە"، بەڵام د.دلێر ئیسماعیل سەرۆکی لیژنەی دارایی دەڵێت "ئەو یارمەتییەی دەدرێتە حیزبەکان، حکومەت و وەزارەتی دارایی دیاری دەکات و پەرلەمان دیاری ناکات، ئەمە کاری حکومەتەو ئەوەندە شتێکی گرنگیش نییە کە ئێمە لەسەری بوەستین، ئێمە کە لەگەڵ وەزارەتی دارایی کۆبووینەتەوە بۆ گفتوگۆکردن بوو لەبارەی بوودجە بەشێویەکی گشتی، نەک ئەو یارمەتییەی دەدرێتە حیزبەکان".

### بوودجەی ئەمساڵ کەمترە لە پار

ئەگەرچی بوودجەی ئەمساڵی عێراق بەگشتیی لەساڵی رابردوو زیاترە و بەرپرسانی عێراقی بە گەورەترین بوودجەی مێژووی عێراقیان،وەسفکرد، بەڵام ئەو برە پارەیەی ئەمساڵ لە بەغداوە وەک بوودجە دراوەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمترە لە هی ساڵی رابردوو.

بەپێی لێدوانی سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی کوردستان" بوودجەی ئەمساڵ،6،472،704000 شەش تریلیۆن و چوارسەدو حەفتاو دوو ملیارو حەوت سەدو چوار ملیۆن دینارە، بەڵام هی ساڵی رابردوو حەوت تریلیۆن و هەشت سەدو چلو حەوت ملیارو شەش سەدو شەست ملیۆن دیناربوو". بەمەش بوودجەی ئەمساڵی کوردستان تریلیۆنێک و چوارسەت ملیار کەمترە لەهی ساڵی رابردوو.

بەرپرسانی حکومەتی کوردستان دەیانگوت، رێژەی تەرخانکراولەبوودجەی ئەمساڵ بۆ مووچە کەمترە لە 2007و لەساڵی رابردوودا وەک راگەێینرا 75% ی بوودجە بۆ مووچە بووە، بەڵام (رووداو) ئەوە ئاشکرا دەکات کە ساڵی رابردوو 54.5%ی بوودجە بۆ مووچەی فەرمانبەران بووە بەڵام ئەمساڵ ئەو رێژەیە زیادی کردووە.

د.دلێر ئیسماعیل ئەو راستییە بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێت" لە بوودجەی ساڵی 2007دا 54.5% بۆ مووچەی فەرمانبەران بووە، بەڵام ئەمساڵ 59.2% ی بوودجە بۆ مووچەی فەرمانبەرانە"، سەرۆکی لیژنەی دارایی ئەمە بەگرفت دەزانێت و دەڵێت"واتە نزیکەی 5% زیادی کردووەو ئەمە یەکێکە لەو تێبینیانەی کە هەمانە، ئێمە پار داوامان کردبوو کە دەبێت ئەو هەڵاوسانەی لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا هەیە نەمێنێت،بەڵام دەبینین نەک کارنەکراوە بۆ ئەوەی کەمبکرێتەوە، بەڵکو خراپتر بووە".

### زۆرترین رێژەی بوودجە بۆ وەزارەتی پەروەردە تەرخانکراوە

بەپێی ئەوزانیارییەی لەسەرچاوەیەکی ئاگادارەوە لە بوودجەی کوردستان دەست (رووداو) کەوتووە، بەپێی پرۆژەی ئامادەکراوی بوودجە زۆرترین رێژە لە بوودجەی ئەمساڵ بۆ وەزارەتی پەروەردەیەو کەمترین رێژەش بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤە.

بەپێی ئەوزانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتووە رێژەی سەدی لە بوودجە کە بۆ چەند وەزارەتێک تەرخانکراوە هی بەشێکیان بەمشێوەیە:" 16% بۆ وەزارەتی پەروەردە، 8.62% بۆ وەزارەتی کارەبا، 10.6% بۆ وەزارەتی دارایی، 9.6% بۆ وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی، 4.87% بۆ وەزارەتی تەندروستی، 1،31% بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، 0.1% بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤ".

ئەگەرچی سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز دەڵێ "زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان بۆچوونیان وایە تاوەکو هەرسێ وەزارەتی دارایی و پێشمەرگەو ناوخۆ یەکنەگرنەوە ئەندامانی پەرلەمان دەنگ بە کابینەی نوێ نادەن"، بەڵام لەپرۆژەی ئامادەکراوی بوودجەی ئەمساڵدا هەریەک لەم وەزارەتانە بوودجەی تایبەتی خۆیان هەیە، د. دلێریش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بوودجەی هەریەک لەو وەزارەتانەی یەکیان نەگرتووەتەوە بەجیا ئامادەکراوەو"وەزارەتی ناوخۆو دارایی هەولێرو سلێمانی هەریەکەیان بودجەی خۆیان هەیە".

جگە لە وەزارەتەکان هەردوو دەزگای ئاسایش لەهەولێرو سلێمانی هەریەکەیان بەجیا بوودجەیان بۆ ئامادەکراوەو سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نین.

سەرۆکی لیژنەی دارایی ئەوە دەدرکێنێ کە" دەزگای ئاسایشی هەولێرو سلێمانی هەریەکەیان بوودجەی خۆیان هەیەو سەر بە هیچ وەزارەتێک نین، هەرچەندە کارو فرمانی لەچوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆدایە، بەڵام بیرۆکەیەک هەیە بۆ ئەوەی وەک دەزگایەکی سەربەخۆ سەیر بکرێت و لەوەزارەتی ناوخۆ جیابکرێتەوە".

ساڵی رابردوو لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیراندا پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر بوودجەی کوردستان کردو چەندین پەرلەمانتاریش دەیانگوت"بەهۆی ئەوەی بوودجە درەنگ گەیشتە کوردستان نەتوانرا گفتوگۆی لەبارەوە بکرێتو بەرێکرا"، کەچی ئەمساڵ ئەگەرچی ماوەی زیاتر لە مانگێکە بوودجەی کوردستان لە بەغداوە دیاریکراوە، بەڵام تائێستا پەرلەمان هیچ دانیشتنێکی فەرمی لەبارەوە نەکردووە.

د. دلێر ئیسماعیل هۆکاری دواکەوتنی بوودجە دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو خاڵ "یەکێکیان پەیوەندی بە بەغداوە هەیە، چونکە بوودجەی عێراق درەنگ بڕیاری لەسەردرا، ئەوی دیکەیان نیشانەیەکە بۆ ئەوەی دەزگاکانی ئێمە وەک پێویست کارناکاتو ئەرک و فرمانی خۆی جێبەجێ نەکردووە".

### بودجەی وەبەرهێنان زیادەکات

لەو رێژەیەی بوودجە کە بۆ کەرتی وەبەرهێنان دیاریکراوە ئەمساڵ زیاترە لە ساڵی رابردوو.سەرۆکی لیژنەی دارایی دەڵێت"ئەمساڵ بایەخی زیاتر دراوە بە کەرتی وەبەرهێنان چونکە لەمساڵدا 37.7% بۆ بوودجەی وەبەرهێنان بووە، خەرجییەکانی بەکارخستن 62.3%یە، بەڵام بوودجەی وەبەرهێنان لەساڵی 2007 دا 29.13% بووە".

# کۆمپانیای (لوک ئۆیل)ی رووسی

## لە کازاخستانەوە بۆ سلێمانی



رەحمان غەریب
rehman@rudaw.net

**رووداو- سلێمانی**

خۆر لە پشت بورجی چاودێری فرۆکەخانە چاوشارکێی بوو لەگەڵ لیژنەی پێشوازی ورۆژنامەنووسان،شەماڵێک لەخۆرئاوای شارەوە بۆگەنی هۆڵی دەواجنەکانی کەنەکەوەی بەسەر فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی بڵاودەکردەوە،خۆر ئاوابوو فرۆکەکەی ئەلکسەندەر سوڵتانۆف، نێردراوی تایبەتی سەرۆکی روسیا لە فرۆکەخانەکە نیشتەوە.

لەگەڵ گەیشتنی بۆ فرۆکەخانەکە،مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سوڵتانۆف کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیان سازکرد و هەردوولا بە زمانێکی دیپلۆماسیانە جەختیان لەسەرگرنگی سەردانەکە کرد بە بێ ئەوەی ئاماژە بە هاتنی وەفدە بازگانییە گەورەکە بکەن کە کۆمپانیای لوک ئۆیل کە یەکێکە لە کۆمپانیا گەورەکانی نەوتی روسیا لەناو وەفدەکەدا،یاوەری سوڵتانۆف بوون لەم سەردانە.

لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەی (رووداو) سەبارەت بە ئامانج لەم سەردانە بە تایبەتیش کە سەرۆک وجێگرو فەرمانبەرە گەورەکانی کۆمپانیای لوک ئۆیل یاوەریان دەکات سوڵتانۆف ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم سەردانە تەنیا ئابووری نییە "بەڵکو بۆ یارمەتیدانی عێراقیەکانە لە سەرکەوتنیان لە پرۆسەی سیاسی و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی دا".

د. خدر مەعسوم سەرۆکی زانکۆی کۆیە ئەو سەردانەی بە گرنگ وەسفکرد بە تایبەتیش لە بواری سیاسیدا.

ئەو وتی " ئارامی ناوچەکەمان وسیستمی بازاڕی ئازادویاسای وەبەرهێنان هاندەرن کە لە ئایندەدا ئەم سەردانانە دووبارە ببنەوە"،هەروەهاوتیشی " لە رووی سیاسیەوە سەردانی لەو شێوەیە دەسکەوتە وپێویستە بە گرنگی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت"

ژمارەیەک لە بازرگانەکانی هەرێمی کوردستان رۆژی سێشەممە بە ئامادەبونی جێگری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەفدەکە کۆبوونەوە پاشان کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بەدوادا هات،ئەلکساندەر سولتانۆف جەختی لەسەر ئامانجی سەردانەکەی کرد بۆ عێراق کە " پتەکردنی پەیوەندی بەهێزی دوقۆڵی هەردولا" و " یارمەتیدانی گەلانی عێراق بۆ سەربەخۆیی و گەڕانەوە ژیانی ئاسایی بۆ خەڵکەکەی" هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە بوارەکانی" نەوت وکارەبا وئاو" تەوەرێکی کۆبوونەوەکانیان بووە. هەروەها فەخری کەریم گەورەی راوێژکارانی تالەبانی کۆبونەوەکەیانی لەگەڵ وەفدە رووسییەکە بە " بەرهەمدار" وەسفکرد.

لە ناوەڕاستی شوباتی 2003 سەمیر عەبدولعەزیز وەزیری نەوتی ئەوکاتی عێراق بە وەکالەت رایگەیاند کە گرێبەستەکانی وەزارەتەکەی لەگەڵ کۆمپانیای لوک ئۆیل هەڵوەشاوەتەوە، هۆکاری ئەم بریارەی رژێمی پێشوو دەرئەنجامی ئەو هەوڵانە بوو کە کۆمپانیای ناوبراو لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراق ئەنجامیدەدا بۆ پشکیان لە نەوتی عێراق لە پاش رووخانی رژێمی سەدام.

ئێستاش ئەم کۆمپانیایە بەمافی خۆی دەزانێت سەرلەنوێ بە گرێبەستە کۆنەکانی لەگەڵ عێراقی سەردەمی سەدام حسێن کار بکات.

عەبدوڵلا حاجی سەعید نوێنەری



ئەلکسەندەر سوڵتانۆف ـ ی نێردراوی سەرۆکی روسیا لە کاتی گەیشتنی بۆ سلێمانی (فۆتۆ:رووداو)

سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ کاروباری بازرگانی بە رۆژنامەی (رووداو)ی راگەیاند رووسیا وعێراق پەیوەندییەکی دێرینیان هەبووەو کوردیش وەک گەل وسەرکردەکانی بەشێکی هەرە گرنگی ئەو پەیوندیانە بووەو گوتی " رووسیا پەیوەندی لەگەڵ رژێم بەهێز بوو، ئێستا هەست بە قەرزی سەرشانی دەکات بەرامبەر گەلی عێراق وکورد".

ئەو ئاماژەی بەوەشکرد کە لەکاتی مانەوە وکۆبوونەوەکانیان لەگەڵ وەفدەکە هیچ گرێبەستێک مۆر نەکراوەو گوتی " بەڵام لە ئایندەدا وا چاوەڕواندەکرێت ئەم پەیوەندییە بەرەو پێشەوە بڕوات".

بەڕای نوێنەری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاتنی نێردراوی سەرۆکی روسیا کە فەرمانبەرە گەورەکانی کۆمپانیای نەوتی روسیایان لەگەڵدایە یەکێک لە ئاماژەکانی ئەوەیە " کە ئەوان ئامادەی وەبەرهێنانن لەبواری پیشەسازی نەوتدا لە هەرێمی کوردستان".

کۆمپانیای نەوتی لوک ئۆیل، کە ئێستا 25 پرۆژەی گەورەی پشکنین ودەرهێنانی نەوت لە ناو خاکی رووسیا بەرێوەدەبات،لە 10 وڵاتی ئاسیا وئەفریقیا وئەمریکا ودەڵەتی عەرەبی لە نێویاندا میسر وسعودیە وعێراق کار دەکات، لە ساڵی 1997 گرێبەستێکیان لەگەڵ وەزارەتی نەوتی ئەوکاتی عێراق مۆر کردبوو بۆ دەرهێنانی کێڵگەی نەوتی قورنەی رۆژئاوا.

د.بایەزید حەسەن عەبدوڵلا ئەندامی لیژنەی نەوت وغاز لە پەرلەمانی عێراقی ئەوەی بە دوور نەزانی کە کۆمپانیای لۆک ئۆیل نیازی وەبەرهێنانی هەبێت لە هەرێمی کوردستان و گوتی" ئەوان لە گەڵ عێراقدا نەگەیشتوونەتە دەرئەنجام ودەیانەوێ وەبەرهێنان لە هەرێمدا بکەن".

هەروها بایەزید ئاماژەی بەوەکرد کە هەرێمی کوردستان 10 گرێبەستی نەوت وغازی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان مۆرکردووە" دەتوانێ گرێبەست لە گەڵ لوک ئۆیل مۆر بکات".

وەک سەرچاوەکانی هەواڵ ئاماژەی پێیدەکەن کۆمپانیای لۆک ئۆیل نیازی وەبەرهێنانی نەوتی کازاخستانی هەیە، وەک ئەلتەرناتیڤێک بۆ نەوتی عێراق.

# رەهەندە ئابوورییەکانی تۆپبارانی ئێران

هەرێم جەمال بەگ*

جەنگ هەمیشە کاریگەری خراپی هەبووەو هەیە لە سەر ئابووری وڵاتەکان.هەر لەو چوارچێوەیەشدا ئاڵۆزبوونی رەوشی سەر سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و کاریگەری خراپی لە سەر ژیانی دانیشتووانی هەردوولا کردووە.

دەروازە سنوورییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان لە دەڤەری پشدەر، کە بریتین لە (قندۆلچ، هێرۆ، کێلێ و قاسمە رەش) و چەند دەروازەیەکی دیکە، دەروازەی گرنگن و کاریگەری گەورە لەسەر ئابووری ئەم ناوچانە دادەنێن،بەڵام بەداخستنی ئەم مەرزانە بەهۆی دروستبوونی بارگرژی لە سەر سنوور دەبێتە هۆی پووکانەوەی ئابووری ئەم ناوچانە لە هەردوو وڵاتدا. کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی 2007وە تۆپخانەی خۆی خستووەتە کار بۆ تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی دەڤەری پشدەر .کە جگە لە ئاوارەبوون و زیانی گیانی، زیانێکی ئابووری گەورەشی بەم ناوچانە گەیاندووە،چوونکە ئەم ناوچەیە پێگەیەکی گرنگی هەیە لە بووژانەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان بە زیندووکردنەوەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.جگە لە تێکچوونی بازرگانی هاوردەکردن و ناردنی کاڵا بیانییەکان لەو دەروازە سنوورییانەدا،کە لەبەرژەوەندی هەدوو لا تەواو دەبوو.ئەوە چەند هەفتەیەکە ئێران دەستی بە تۆپبارانکردن کردووەتەوە، ئەمەش بووە هۆی داخستنی سەرجەم مەرزەکانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا لەدەڤەری پشدەر.

ئەم بۆردوومانەش وەکو بۆردوومانەکەی پێشوو زیانێکی گەورەی بە ژێرخانی ئابووری ئەم ناوچانە گەیاندووە و بووەتە هۆی سووتانی چەند دارستان و باخێک، بە پێی هەندێ ئامار و زانیاری نافەرمی زیانە ئابوورییەکانی ئەم بۆردوومانانەی ئێران لە دەڤەری پشدەر بە چەندان ملیار دینار مەزەندە دەکرێ. ئەمەش زیانێکی گەورە بە ئابووری هەرێمی کوردستان دەگەیێنێ و کاریگەری خراپ لەسەر بژێوی هاووڵاتیان ئەو ناوچانە دروستدەکات.جگە لەوەی دوای ئەو بووردوومانە نرخی کاڵا ئێرانییەکان لە بازاڕەکانی باشووری کوردستان گرانتربوونە.

هەر بەهۆی ئەو بۆردوومانانەوە نرخی زەوی و خانووبەرەو دوکان و دابەزینی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و کاری کردووەتە سەر بازاڕی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە لە قەزای قەڵادزێ.جگە لە سووتان و تێکدانی خانوو و باخەکانی ئەو گوند ئاژەڵداری، جارێکیتر ئاوەدانکردنەوەی ئەم گووندانەو قەرەبووکردنەوەیان لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە کە پێویستی بە بوودجەیەکی تایبەتە،ئەمەش دەبێتە بارگرانی بەسەر حکومەتەوە.

حکومەتی کوردستان لەبەرئەوەی ناتوانێ بەرگری لە سنوورەکانی بکات،دەبێ هاوسەنگی گوزەرانی هاووڵاتیان رابگرێت و بوودجەیەکی تایبەت بۆ رووداو حالەتەکانی لەم جۆرە دابنێت .زۆریش گرنگە ئاسایشی ئابووری کوردستان بە پلانی ئابووری و پیشەسازیانەی گرنگ سفرەی خۆراکی هاووڵاتیانی کوردستان لە دەست هەڕەشی داخرانی سنوورەکانی تورکیا و ئێران و سوریا رزگاربکات.

* بەکالۆریۆس لە ئابووری

# بەرپرسەکان گەندەڵن کورد تف ڕۆ دەکاتە سەر زەوی



د.نامۆ عەزیز

- لە ساڵی 1958 لە هەڵەبجە لە دایکبووە
- لە ساڵی 1980 چووەتە ئەڵمانیا
- لە ساڵی 1991ەوە لە ڕۆژنامە هەرە گەورەکانی ئەڵمانیا و سویسرا دەنووسێ، وەک (دیرشبیگڵ، فۆکس، دیتسایت، شتێرن، دێڤد قۆخە، تویریشە تسایتدنگ) و چەندان فیلمی دوکۆمێنتاری بۆ تەلەڤزیۆنە ئەورووپییەکان لەسەر کورد دروستکردووە.
- دیداری لە گەڵ چەندان سەرۆکی جیهانی وەک (نێلسۆن ماندێللا، گێرهارد شرۆیدەر، حوسنی موبارەک، فیدل کاسترۆ) سازکردووە

من هەرگیز لەم لە دایکبوونەی خۆم خۆش نابم.ئەم لە دایکبوونەی من وەک هۆیەکی هەمیشە شکاندنی یاساکانی خوا دەبینم، ئالودەبوون و هۆگری ئەم لە دایکبوونە سزایەکی قوڵایی ئاسمانە بە سەرمدا سەپێنراوە. ئەوەندە بەشێکی ئەم دنیایەم، سەختییە خەستەکەی پاڵ بە گلێنەکانمەوە بۆ ناوەوەو بۆ دەرەوە دەنێت،ئەگەر تۆوی ناو هێلکەیەکی خواوەندە باڵندەکان بوومایە، بەسەر لوتکەکانی هیمالایاوە لەناو (با) دا لە بێدەنگی سەربەستییەکی بێ سنووردا زۆر بە بەرزییەوە لە دایکبوومایە،سۆندەی ناوکم خۆراکێکی ئەزەلی لە ڕۆحی خۆمەوە پێ ببەخشیمایە،مانەوەیەکی ئەزەلیم دەبوو، پێویستیم بەو پەیوەندییە نەدەکرد ژین پەسەندیم بە هەلاجی ئامادەبوون بۆ ژیان ویستن بدات.من دەبێت هێلکەی خواوەندە باڵندەکانی سەر هیمالایا بم و لە کاتی خۆیدا لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا فریای هاتنە دەرەوە نەکەوتبم، بەربوومەتەوەو لەم کوردستانەدا گیرساومەتەوە، ئەمەش سزای لە دایکبوونمە. لە وڵاتێکدام گرنگترین و بەهادارترین شت ژیان ئاسان کردن نییە.

لە هەموو سنگێکدا مەیدانێکی ئیسپانی بۆ گاکوژی بنیات نراوە. لە دڵە بچووکەکاندا گۆڕستانێکی گەورەو لە دڵە گەورەکاندا گۆڕستانێکی گەورەتر لە هەمیشە ژیانی خواوەندە باڵندەکانی سەر لوتکەکانی هیمالایا کۆنترن.دووکەڵی پیاوە گەورەکان کە خوێن بەسەر خۆڵدا دەکەن، بە سەر درەختەکاندا بە سەر منداڵاندا، بە سەر هیوای ژیاندا دەبارێت. بەرپرسەکان بەڵێنی تیشک و هەتاو بە خەڵک دەدەن، بەڵام ژەنگی گەندەڵییان جێ ڕێڕەوی هەناسەدانی میللەتی تەنگکردووەتەوە.

مرۆڤایەتی لەم وڵاتەدا بە هۆی بێ توانایی زمان و دەربڕینەوە، لە خۆکوژیدا ئاوا دەبێت، بیروبۆچوونەکان خاوەیان لەسەر نەماوە.ڕۆژ بە ڕۆژ ئاوەزو ژیری خەڵک لەگەڵ تواناکانیاندا بەرەو لە ناو چوون مل دەنێن. سەرە مردووی هەڵکەنراوی سەر نێوچاوەکان بوونەتە مۆدە. سێبەرەکان، سێبەرە ڕەنگ مردووەکان، ئەوانەی کورد و زەوییەکەیان لێک جودا دەکەنەوە لە تۆخ بووندان.

نازانم، خەڵکی کورد ڕاهاتنێکی مێژینەی هەیە، یا ڕاهاتنێکی مێژینە خەڵکی کوردی هەیە، ئەوەی ڕوونتر و ئاوەزا ئاشنایە، چۆن شارێکی ڕووخاوی دوای جەنگ خەڵکێکی ماندوو و پڕوازووی هەیە، هەروەها ڕاهاتنێکی مێژینە میللەتی کوردی هەیە. سواری تاکسییەک دەبێت، شۆفێری تاکسییەکە هەتا ئەو شوێنەی بۆی دەچیت باسی گەندەڵی بەرپرسەکان دەکات، بەڵام کرێیەکی دەوێت دوو جار و زۆرتر لە مافی خۆی بەرزترە.

لە هەموو ماڵێکی کورددا، لە هەموو مرۆڤێکی کورددا جۆرێک لە جۆرەکانی گەندەڵی هەیە. میللەت، ژیانی سەختی خۆی بە تاوانی بەرپرسەکان دەست نیشان دەکات، بەرپرسەکان میللەت بەوە تاوانبار دەکەن، پەلەیەتی و ئەوەی ئەو داوای لێدەکات بە چواردە ساڵ تەواو نابێت.

ڕۆژنامەنووسیش ڕۆژێک بەسەرەڕۆیی و گەندەڵی دەسەڵاتدا دەتەقێتەوە، ڕۆژێکی دیکە کاریگەر نەبوونی شۆڕشە ئێکسپایەرەکەی بۆ نەبوونی گەلێکی کوردستان پەروەر دەگێڕێتەوە. ڕاستییەکەشی هەموو لایەنەکان کەم و زۆر بەشداری چاڵی ئەم گوزەرانەن، ئەمڕۆ کوردی تێکەوتووە.

چاخۆرانی چاخانەیەک، خۆشخۆرانی گەرماوێک، گەنجە بێکارەکان، بۆیان هەیە بە زمانی سروشتی خۆیان کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا فێری بوون، وەک سەربەستی تاکی کۆمەڵ، وەک مافی قسەکردن بەرپرسێک بە دز و ئەوی دیکە بە گەندەڵ تۆمەتبار بکەن، بەڵام زمان و بۆچوونی ڕۆژنامەنووس پێویستە زۆرتر ئەکادیمی بێت، تەکنیکێک بێت بۆ بەهێز کردنی ئاوەزی دەوروبەرەکەی.

ئەو ئەرکەی ئەمڕۆ لەسەر شانی ڕۆژنامەنووسی کوردە، لە ئەرکی ڕۆژنامەنووسێکی ئەڵمانی کرنگتر و ئاڵۆزترە. ڕۆژنامەنووسی کورد دەبێت پێش ئەوەی کارەکەی ئەوە بێت پاکسازی گەندەڵی بەرپرسەکان بکات، کۆمەڵەکەی تێ بگەیێنێت:

سروشتی مرۆڤ خۆی پەخشانە وشە دەزانێت، کە هەموو ڕۆژێک قسەی پێدەکات،بەڵام هۆی چییە پەخشانە وشەکەی لە دەستدەدات. هەورە تریشقە کاتێک ڕوودەدات، کە پێشتر چەخماخەیەک ڕوویدابێت. بە پێچەوانەشەوە دەبێت، ئەگەر پێشتر چەخماخەیەک نەبووبێت، دیارە لە دوایشدا هەورەتریشقە ڕوونادات.

کەواتە ڕۆژنامەنووس ئەرکی لەگەل و لە دەسەڵاتیش سەختترە. لەسەرێتی وانە بە گەل و وانە بە دەسەڵاتیش بڵێتەوە. ڕۆژنامەنووس لە ئەمڕۆی کوردستاندا کاتی زۆر کەمە، من وڵاتی کوردان وەک ئەڵمانیای دوای جەنگ 1945 دەبینم.

ڕۆژنامەنووس بۆ ئەوەی پێشەنگ بێت،دیواری ڕامیاری بلەرزێنێت، پێویستی بە گەلێکی پێشکەوتخواز هەیە

لە پشتی بێت، بۆ ئەوەی بەرپرسەکانی پێ بخاتە شۆکەوە. بەرپرسەکان کاتێک بە ئارامی ژیانی گەندەڵی خۆیان دەڕوێنن، کە ڕۆژنامەنووس هێزێکی بێ گەل بێت، گەلێکی نەزانی لە دواوە بێت یاخود پێشمەرگەکانی کۆمەڵێک مردووی زیندوو بن. یەکەم خاڵی شۆڕشی ڕۆژنامەنووس لەوەوە دەست پێدەکات، پێگەی میللەت ڕوون بکاتەوە، لە چ ئاستێکدایە.دەبێت ئازاو باڵادەست بێت، ئەگەر میللەتی بە نەزان بینی، دەبێت دەنگ بەرز بکاتەوە، کە ئەو نەزانە، ئەوجا، دەست بە دروستکردنی بڕوایەک بۆ گەلەکەی بکات، دووربێت لە داستان.

بۆ نموونە لە ڕێی ڕۆژنامەنووسەوە کورد دەبێت تێبگات کە ئەو خۆی دەستی پێ نەکردووە، بەڵکو دەست پێکراوە. کەواتە کورد کاراکتەرێکی خۆ دەست پێکردوو نییە، بەڵام لە هەمانکاتدا قوربانییەکی بەستەزمانیش نییە، لەبەر ئەوەشە بەوە سزا دراوە وەک دەست پێکراوێک دەست پێ بکات.

ڕوونتر ڕۆژنامەنووس دەبێت بۆی ڕوون بکاتەوە کە ئەو تا ئێستا نە ژیاوە، بەڵکو بۆی ژیاون. پەیامی ڕۆژنامەنووسی کورد بۆ میللەت دەبێت ئەوە بێت: کە لەمەولا خۆی دەبێت بڕیاری چەشە کردنی بەخشندەیی و بەهاداری ژیان بدات.

ڕۆژنامەنووس کە دەیەوێت بۆ گەلەکەی لووتی بەرپرسە گەندەڵەکان بشکێنێت،خۆی دەخاتە بەردەم ترسی کابرایەک، کە لەبەر ئەوەی گەندەڵە، چونکە ڕوون بیرنییە، پەروەردەی نەبووەو لە برسێتیدا پەیدا بووە، واتە لەگەڵ بەرەی نەزانیدا بە جەنگ دێت، سڵ لە هیچ ناکاتەوە، ئێستا لەم ڕووبەڕووبوونەوەی بەرەی نەزانینەدا ڕۆژنامەنووس مافی ئەوەی نییە بپرسێت: ئەم تێکۆشانەی، ئەم بەرە جەنگییە، بۆ کێ دەکات، تا چ ڕێژەیەک سەرکەوتووە، ئەنجامەکەی چۆن دەبێت؟

ئایا ئەو دەیەوێت شۆڕش بۆ میللەتێک بکات، کە خۆی سزای لە سێدارەدانی بە سەر خۆیدا سەپاندبێت. بۆ نموونە، کورد هەر لە بەیانی تا ئێوارە چڵم و تف بەسەر زەوی پیرۆزی کوردستاندا ڕۆ دەکات. هۆڕن لێدەرە، ژن کوژە، منداڵەکانی فێری درۆکردن دەکات، توانای ئەوەی تێدایە کچی خۆی یا هی دراوسێکەی بۆ دوژمن بەرێت، پێی چاکە جاش بێت و دژی سەر فرازی نیشتمانی کوردان بێت، شایەنی ڕەنجی جەنگ ویستی ڕۆژنامەنووسە؟ پیاوە گەندەڵەکانی کورد نابێت دڵیان بەوە خۆش بکەن،کە من دەمەوێت دەرگای دزییان بۆ گەورەتر بکەم. مەبەستی من تەنیا ئەوەیە، ڕۆشنبیرکردنی میللەتی کورد نیوەی سەرکەوتنی شۆڕشی ڕۆژنامەنووسە، دژی بەرپرسە گەندەڵەکان.

گەندەڵێک سزاکەی تەنیا ئەوە بێت،لە سەری بنووسرێت، ئەوە هیچ شەرمەزارییەک نابێت بۆ مۆراڵی ئەو،

ڕۆژنامەنووسی کورد ئەرکێتی گەل بگەیێنێتە ئاستێک، کە لەسەر بەرپرسێکی نووسی، ئەو بەرپرسە بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەر تووڕەبوونی دادگای میللەت، خۆی بەندیخانە هەڵبژێرێت و یەک بەیەکی مافەکانی گەل بگێڕێتەوە.

## ڕۆژنامەنووسی چاک چۆن دەبێت؟

جیاوازی ڕەخنە دەربڕینی ئێستای خەڵک و ڕۆژنامەنووس تەنیا ئەوەیە، خەڵکی بە قسە و ڕۆژنامەنووسیش بە نووسین دەریدەبڕێت.پێش بیست ساڵ کورد هەموو شاعیر بوو، ئەمڕۆش ڕۆژنامەنووسە. بۆ نەگبەتی کورد تەنانەت بەرپرسەکانیش حەزیان لە ڕۆژنامەنووسییە و لە پشووەکانیاندا ڕۆژنامەنووسن. لە ڕۆژنامەکاندا وێنە و خوانیان بڵاوە. داوای ئەوە دەکەن وەک نەزان نا، بەڵکو وەک کەڵەشێری سەربارەداری گەل تەماشا بکرێن.

ڕەخنە چەقۆ نییە کە دەستت پیانا بکرێتەوە. دەمانچە نییە بتەقێنرێت، سەگ نییە، بەشیرینی فیکەیەک کلکیت بۆ بلەقێنێت، ڕەخنە پێویست نییە هەموو شت بێت و لە هەموو کاتێکدا بێت، بەتایبەتی ڕەخنەی ڕۆژنامەنووسی دەبێت لە شوێنی خۆیدا بنووسرێت.

تایبەتمەندییەکی تێدا بێت. ڕەخنەی ڕۆژنامەگەری دەبێت جێپێکان بەرەو سەربەستی بدۆزێتەوە. ئەو ڕێگا ونبووانە کاتێک دەدۆزرێنەوە بە نێو زمانی ڕۆژنامەنووس خۆیدا گوزەر بکەن، چۆن وێنەیەک، خاڵێک لە نێو پێستدا هەڵدەکەندرێت، ئاواش دەبێت دوو کاریگەری لە ڕۆژنامەنووسدا هەبێت.

ئەو باسەی ئەو کاری تێدا دەکات، دەبێت لەسەر دیواری مێشکی هەڵکەندرابێت، ئەو زمانەی ئەو قسەی پێدەکات، گرنگە نەک هەر ڕەخنەگرتن بێت، وانە وتنەوەشی تێدابێت. واتە لای ئەو، پێویستە بەسەر نەچوویەکی بەسەرچوو هەبێت، کە بێ وچان دووبارە ببێتەوەو وازی لێ نەهێنێت و لەگەڵیدا لە دایک ببێت.

بەرپرسەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان کۆشکەکانیان بەرز دەکەنەوە. ڕۆژنامەنووس لە سەرێتی بە زمانە دەگمەنەکەی بۆ بەرژەوەندی گەل شارە ڕووخاوەکانی مێشکی خەڵک بنیات بنێتەوە، کە دوێنێ لەلایەن عەرەب و ئەمڕۆش لەلایەن هەندێک نابەرپرسەوە ڕووخێنراون و دەڕووخێندرێن.

کاتێک گیانی ئەم جیهانە لە ڕۆژنامەنووسدا هەناسە دەدات، کە ڕۆڵی مامان بۆ لە دایکبوونی بیرە چاکەکان بگرێتە ئەستۆ. لەسەری پێویستە هەستی سزای لە دایکبوون بە ئۆکۆنۆمی ژیان بۆ مرۆڤایەتی بگێڕێتەوە.

ڕۆژنامەنووس ئەرکی خۆی دەبینێت، بە نەهێشتنی گەندەڵی ژیانێک درووست بکات، بۆنی مرۆڤی لێ بێت، پێویستە بۆ ناشیرین کردنی بەرپرسە گەندەڵەکان، مامانی مێشکی گەلی پێ بکرێت.

تەنیا ئەو کاتە گەل و دەسەڵات ناچار دەبن ڕۆژنامەنووس بە لە دایکبوویەکی یارمەتیدەری لە دایکبوون تەماشا بکەن.

خۆ ئەگەر لە ژێر سایەی ئەم ڕۆژنامانە و ڕۆژنامەنووسانی ئێستادا کە لە کوردستاندا پەیامبەری چرا هەڵگری دیدی گەلیان گرتووەتە دەست، بە دوای واتای ژیاندا بگەڕێین، من یەکەم کەس دەبم، پرۆتێست دژی لە دایکبوونم دەکەم.

# دان بە جینۆسایدی کوردەکاندا بنێن

هاری فان بۆممێڵ و فرێد تێفێین*

**هاری فان بۆممێڵ و فرێد تێفێین دوو ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندان. ئەوەی یەکەمیان کەسی دووەمی ناو پارتی سۆسیالیستە کە لە دوایین هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەدا وەک پارتێکی براوە هاتە نیاسین. دووەمیشیان سەر بە پارتی ئازادیی گەل و دیمۆکراسییە کە نوێنەرایەتیی لیبراڵەکانی هۆڵەندا دەکات و بەوە بەناوبانگە کە سەرکردەکانی پلاندارێژەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئەو وڵاتەن.**

**لەو وتارەیاندا، ئەو دوو پەرلەمانتارە ئەورووپییە شێلگیرانە داکۆکی لە بە جینۆسایدناساندنی کارەساتی ئەنفال لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەن و هۆی ئەو داکۆکیکردنەشیان بە بەڵگەوە ڕووندەکەنەوە.**

هۆڵەندا دەبێ لە ڕیزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەدا بێت کە دان بە جینۆسایدی کوردەکان لە ساڵی 1988 دا دەنێن. ئاخر زۆربەی ماددەپێکهێنەرەکانی گازی ژەهراویی سەددام لێرەوە نێردراون.

ڕۆژی 2008/3/16، بیست ساڵ بەسەر هێرشی سەددام حوسێن بە گازی کیمیاوی بۆ سەر شاری کوردیی هەڵەبجەدا تێپەڕی. ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ دانپیانانێکی نێودەوڵەتی بە جینۆسایدی کوردەکاندا و سازکردنی مۆنۆمێنتێک بۆیان لە هۆڵەندا.

ئەگەر وڵاتی ئێمە دەستپێشخەری بکات، ئەوا وڵاتانی دیکەی ئەورووپی و یەکێتیی ئەورووپاش شوێنپێی دەکەون!

لە ساڵانی هەشتادا ئەورووپا و هۆڵەندا مامەڵەی بازرگانیی مەزنیان لەگەڵ عێراقەکەی سەددام حوسێندا دەکرد. عێراق لە لایەن ڕۆژئاواوە لە دژی ئێرانی فەندەمێنتالیست پشتەڤانیی لێدەکرا و چاو لە هەڵەکانی دەپۆشرا. لێ لە نیوەی دووەمی هەشتاکاندا دەرکەوت کە دانی هەندێ ماددە و کەرەستە بە سەددام، بوونەتە هۆی مەترسیی گەورە.

سەددام حوسێن چەکی کیمیایی دژی دوژمنە ناوخۆ و دەرەکییەکانی بەکارهێنا. ئەوەش وایکرد کە لە 16 ی مارتی 1988 دا تراژێدیاکان بگەنە لوتکە و شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بەو چەکە هێرشیان بکرێتە سەر. لە ئەنجامی ئەو کارەساتەدا پێنج هەزار بە کوژراوی دۆزرانەوە و ئەوەی ڕزگاریشی بوو، تا ئەوڕۆش کێشەی جەستەیی و ڕەوانیی هەیە.

ئەم هێرشە کیمیاوییە پرۆسەیەکی چڕوپڕی پاکتاوی ڕەگەزیشی بەدوای خۆیدا هێنا کە پێیدەگوترێت: شاڵاوی ئەنفال و بە پێی مەزەندەکان 180000 کەس تێیدا کوژراون.

لە بارەی ئەم جینۆسایدەوە زۆر شت ڕوونە و دەزاندرێ. لێ بەداخەوە تا ڕۆژی ئەوڕۆش بە شێوەیەکی نێودەوڵەتییانە دانی پێدانەنراوە!

ماوەیەک پێش ئێستا پشکداریمان لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیدا کرد لە هەولێر، کە ئامانجی دەستوبردکردن لە دانپێدانانی نێودەوڵەتی و پەلکێشکردنی تاوانکارانی کارەساتەکە بۆ بەردەم دادگا .

ئەوەی کە داننانی نێودەوڵەتی بە جینۆسایددا کارێکی ئاسان نییە لەو گفتوگۆ گەرم و پڕلەکێشانەدا دەرکەوت کە لەسەر کوشتاری ساڵی 1915ی ئەرمەنییەکان بە دەستی دەوڵەتی ئەوسای عوسمانییەوە هاتنە ئاراوە. وشەی جینۆساید لە ساڵی 1948ەوە کە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پێشگیریکردن لە جینۆساید بەسترا پێناسەیەکی ڕوونی بۆکرا.

"جینۆساید واتە پاکتاوکردنی سیستماتیکانەی گرووپێکی ئەتنیکی، بە پێی پلانێکی لەپێشدا بۆ داڕێژراو و بە ئاگاداری یان بەشداریی حکومەتێک".

شاڵاوی ئەنفالی سەددام حوسێن هەموو ئەو مەرجانەی تێدایە کە بۆ ناونانی پرۆسەکە بە جینۆساید پێویستن و بۆ ئەو مەبەستەش بەڵگەی بڕواپێهێنەر هەن!

ئێمە بە بڕوای تەواوەوە پێمانوایە کە دەبێت هۆڵەندا دان بە کاراکتەری جینۆسایدییانەی ئەو کوشتارە بە کۆمەڵەی کورداندا بنێت. ئێمە بۆ ئەو مەبەستە بە ڕەسمی داواکاریمان دەدەینە دەوڵەتیش و گفتوگۆیەکی گەرمیش لەو بارەیەوە لە پەرلەماندا سازدەکەین.

دوای هۆڵەندا، بۆ وڵاتانی دیکەی ئەورووپی و یەکێتیی ئەورووپاش کەمێک ئاسانتر دەبێت کە دان بەو جینۆسایدەدا بنێن.

بە هۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە گرنگە بۆ هۆڵەندا کە ئەو دانپیانانە بکات. سەرەتا لەبەرئەوەی لە کەسایەتیی حوکمدراوی هاوڵاتیمان فرانس فان ئانراتدا، پەیوەندیی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان وڵاتەکەمان و ئەو ڕووداوە تراژێدییەدا. دادوەر لە ساڵی 2006دا بۆی سەلما کە فان ئانرات گازی کیمیاویی کە پێویست بوون بۆ چێکردنی چەکی کیمیایی داوەتە عێراق. هەروەتر دادوەر ئەوەشی سەلماندبوو کە تاوانەکانی ئەو ڕژێمە وەکو جینۆساید سەیریان دەکرێت.

حوکمدانی فان ئانرات زۆر کەسی لە هۆڵەندا سەبارەت بە جینۆسایدی کوردەکان وشیارکردەوە. تا ساڵی 1985 یاسا ڕێگەیدەدا کە ئەو کەرەستانەی بۆ سازکردنی چەکی کیمیایی بەکاردێن بفرۆشرێن. بە پێی شارەزایەکی چەکسازیی هۆڵەندی لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا، نزیکەی نیوەی ئەو گازەکیمیاوییانەی کە لەو ساڵانەدا عێراق کڕیونی، سەرچاوەکەیان کەس و کۆمپانیای هۆڵەندی بوون.

وەک بارەگا و نشینگەی زۆربەی دەزگا دادوەرییە نێودەوڵەتییەکان، با هۆڵەندا وەکو وڵاتی ڕێنیشاندەریش سەیری بکرێت بۆ بەدواداگەڕان و دۆزینەوەی تاوانەکانی جەنگ و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤان.

تەنیا ئاماژەکردن بە هەبوونی دادگا نێودەوڵەتییەکان لە هۆڵەندا بەس نییە بۆ ئێمە. ناشبێت هۆڵەندا دوای ناکامییەکی چکۆلە لەو بەدواداگەڕانەیدا نائومێدبێت و وازبێنێت!

جگە لە بە جینوسایدناساندنی شاڵاوی ئەنفال، پێشنیازدەکەین لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە دەرەنجامە تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و دادوەرییەکانی ئەو کارەساتە بکرێت. ئەوە پێویستە تا قوربانییەکان مافەکانیان وەرگرنەوە، ئەوانەی کە ڕۆژانە بە دەست ئازارەکانی ئەو کارەساتەوە دەناڵێنن.

وەک پێنگاڤی یەکەمی دانپێدانانیش بەو ژانەی کورداندا پێشنیازی مۆنۆمێنتێکی بیرهێنانەوەی قوربانیان دەکەین، تا ببێت بە هۆشدارییەک بۆ ئەوەی شتێکی وا کارەساتاوی هەرگیز دووبارە نەبێتەوە.

دانانی بیرخەرەوەیەکی وا بۆ ژانەکانی گرووپێکی دیاریکراو لە وڵاتەکەماندا تازە نییە. پێشتر بۆ ( کوشتاری دێسەمبەر)ی سورینامییەکانیش شتێکی وا لە ئەمستەردام کراوە.

ئێمە پاش گفتوگۆمان لەگەڵ ڕێکخراوە کوردییەکاندا بۆمان دەرکەوتووە کە دەنهاخ وەک شاری ماف و ئاشتی شوێنێکی گونجاوە بۆ ئەو مۆنۆمێنتە. ئەمساڵ لە زۆر شوێن ئەو یادە دەکرێتەوە. هیواخوازین شوێنێک پەیدابێت کە تێیدا بەوپەڕی ڕێزەوە هەم کوردەکان و هەم خەڵکی دیکەش بتوانن هەڵوەستە بکەن لە ئاست ئەو هەموو ئازار و نەهامەتییەی ئەو گەلە بەسەری هاتووە.

ژێدەر: بەشی پۆدیۆمی ماڵپەڕی ڕۆژنامەی (تراو)ی هۆڵەندی

# چۆن ڕۆژنامە خۆشەویست بێت؟



هێمن عەبدوڵڵا - هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان، لەو هەرای هەڵبژاردنی چاکترین و خۆشترین و ناسکترین و سەد ترینی دیکەدا، بە گۆنگەڵترین پیشەی دنیاش هەڵبژێردرا، ڕەنگە پیشەی ڕۆژنامەڤانی کاندیدی یەکەم بێت بۆ ئەو ناولێنانە. ئاخر ڕۆژنامەڤانی ماڵوێران، ئەگەر خەڵکی نیویۆرک بێت یان هەولێر (بە بڕێک جیاوازییەوە) دەبێ داینێت کە لەسەر بڵاوکردنەوەی وتارێک و هەواڵێکی چووکەڵە تووشی گۆنگەڵی گەورە دەبێت و ڕایدەکێشنە دادگا و ئەگەر هەر پێشی نەوێران بە گوللەیەک ساردی دەکەنەوە.

پێموایە جیاوازیی پیشەکارە گۆنگەڵویستە نیویۆرکییەکە دەگەڵ هاوکارە هەولێرییەکەیدا ئەوەیە کە ئەوی یەکەمیان ئەگەر ڕەخنەی گرت ناترسێت خوێنەرەکانی لێیتێنەگەن، بەڵام ئەوی دووەم بۆ گوتنی ڕایەکی بوێرانە سەد شێر و ڕێوی دێنێتەوە وڕوونکردنەوە دەدات، چونکە چاکدەزانێت کە خوێنەرە چاکەکانی هێندەی قامکەی دەستان و فتوادەر و لێتێنەگەیشتووەکانیشی هێندەی سوپای سوورن!

ئەوی یەکەم ئەگەر بانگی دادگاش بکرێت کێشەی نییە، چونکە یاسا هێندە جوان مافەکانی پاراستووە کە سەد لە سەد لە مافنەخورانی دڵنیایە، بەڵام ئەوی دووەم، هێندەی بانگهێشتی دادگای دەکەن، دەست بە دڵیەوە دەگرێت و بیر لەوە دەکاتەوە کە ئاخۆ بە پێی کام بەندی کەلێنداری یاسای ڕۆژنامەنووسی حوکمی نادادپەروەرانەی بەسەردا بدرێت؟!

گۆنگەڵویستی نیویۆرکی چاکدەزانێت کە دیمۆکراسی تەنیا هەڵبژاردنی کەسی بڕواپێکراو بۆ ئیدارەی دەوڵەت و دواییش بێخەمانە دەست خستنە بنسەر نییە. ئەو دەزانێت کە باوەڕپێکراوانی گەلیش ئەگەر چاوێکی کراوەیان لەسەر نەبێت هەڵە دەکەن، بۆیەش چاوێکی دەکاتە چوارچاو و وەک پێش چەند هەفتەیەک پێشانیدا، خۆشەویستترین سەرۆک شارەوانیی شارەکەی لەسەر هەڵەیەکی بچووک ناچاری دەست لەکارکێشانەوە دەکات. بەڵام گۆنگەڵویستی هەولێری هەرچەندە دەزانێت کە دەبێ چاودێریی بەڕێوەبەرانی وڵات بکات، بەڵام تا ئێستا نەبیستراوە کە موختاری گەڕەکێکیش بە هۆی ئەوەوە ناچاری وازهێنان بووبێت!

ڕۆژنامەڤانی نیویۆرکی بۆ مەراسیمی کردنەوەی پڕۆژەیەکی گرنگ بانگهێشت دەکرێت. لەوێ گڵاسێک شەرابی وەک نەریتی میواندارانە پێدەدرێت، بەڵام ئەو قبوڵی ناکات. چونکە دەترسێت دوایێ لە نووسینی چیرۆکە ڕۆژنامەنووسییەکەی لەسەر ئەو پڕۆژەیە، بەو میوانداریيە گەرمە کاریگەر بێت و هەموو شتێک وەک خۆی نەنووسێتەوە، بەڵام هاوپیشە هەولێرییەکەی، ئەگەر بۆ مەراسیمێکی وا داوەتکرا، هەرچی بیدەنێ نایگێڕێتەوە و لە ژێر لێوەوەش دەڵێت: هەر موویەک لە بەراز وەبێت!

تیراژی ڕۆژنامەی گۆنگەڵچییە نیویۆرکییەکە دەگاتە ملیۆنێک، هەرواش بەڕێوەبەرانی لێی نارازین و بە دوای بازاڕی نوێ و خوێنەری تازەدا دەگەڕێن بۆی. بەڵام ئەوەکەی هەولێر تیراژی ناگاتە سەدهەزار و بەڕێوەبەرەکانیشی زۆر سەغڵەت نین پێی!

دەپرسم: چۆن ڕۆژنامەی هەولێرێ دەتوانێت کەمێک لە ئی نیویۆرک بچێت؟ چی پێویستە بیکات، چ ڕێگاگەلێک هەن کە دەبێ بیبڕێت؟

پێموایە پێنگاڤی یەکەم ئەوەیە کە دەبێ ڕۆژنامە لای خەڵک خۆشەویست بکرێت. لە نیویۆرک هەموو کەس دڵی دێت ڕۆژنامە بکڕێت، هەرکەسەو هەواداریی لە گۆشەنووسێکی چاکدەکا و بە ڕێبەری فیکریی خۆی دەزانێت. هەموو کەس پێیوایە کە ڕۆژنامە دەبێ هەبێت. بەڵام لە هەولێر، هەر کەسێک کە ڕۆژنامەیەکی کڕی، لە خۆی دەپرسێت: تۆ بڵێی شتێکی تازەی تێدابێت؟



# لە تورکیا سەرباز واتە دەوڵەت

مستەفا شەفیق*
gare2005@hotmail.de

مێـــژووی ئـەم وڵاتـــە بـــە هەمـــوو وردەکاریەک سەلماندوویەتی کە بەردەوام لەپشت پەردە هێزیک هەبووە هەموو ئەو دەزگایانەی کە بە دەزگای دیموکراســـی دادەنرێن ئاراســـتە دەکات. لە تورکیادا دیموکراسی تەنیا بەرگێکە بۆ شاردنەوەی رووی راستەقینەی دەسەڵاتی سەربازی. لە هەشتا ساڵی تەمەنی کۆماری تورکیادا 59حکومەت لاچوون، واتە هەر ســـال ونیویک جاریک حکومەت گۆڕاوە. ئەمەش نا ســـەقامگیری ئەو وڵاتە نیشاندەدات، بەشێوەیەک کودەتایی تایبەتمەندییەکی تورکیایـــە. بەتایبەتـــی دوای ســـاڵانی 1960 هەر بەئاشـــکرا بووەتە گاڵتەی بەر دەستی جەنەڕاڵەکان.

دوای جەنگی جیهانـــی دووەم هێزو لایەنی تازە پەیدابوون وویستیان بەشداری لە ژیانی سیاســـی ئەم وڵاتـــەدا بکەن، هەر لەم کاتەدا جەنەڕاڵەکان هەســـتیان بەمەترسی کرد. بۆ بەرەنگاربوونەوەشی لـــە ســـاڵی 1960 دا ئەنجوومەنـــی ئاسایشـــی نەتەوەیی لە تورکیا دامەزرا کە زیاتر لـــەوەی ئاسایشـــی نەتەوەی تـــورک بپارێزێت، ئامانجی پاراســـتنی رژێمی کەمالی بوو، بەو جۆرە پاراستنی جەنەرالەکان ئامانجی سەرەکی بوو. لەو کاتدا سێ هێزی تازە لە گۆڕەپانی سیاسی تورکیادا خەریکی دەرکەوتن بوون. رەوتی چەپی دیموکراتخواز، رەوتی ئیسلامی پان تورکیزم، رەوتی عیلمانی کە نوینەرایەتی سیاسی سەربازەکان بوو. هەرسێکیان لە ململانێ گرتنە دەستی دەسەڵاتدابوون، بەڵام هیچیان هێزی راستەقینە نەبوون، چونکە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە لەم ساڵانەدا دەست بەکاربوو، هەروەها دەزگای میت کە درێژکراوەی ئەم دەزگایە بوون، بە هەماهەنگی کۆمەڵێک دەزگای شـــەڕی تایبەت کە لە تورکیا دەســـت بەکاربوون و راســـتەوخۆ لە ژێر فەرمانی جەنەڕاڵەکان کاریان دەکرد، زۆر بە وردی رەوشیان شیکردەوەو بۆ پاراستنی رژیم لە دوو ئاراستەدا کەوتنەکار . یەکەمیان ئاراستەی سەربازی: بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم رەوشە بە کودەتایەکی سەربازی کە هەر لە ساڵی 1960 دا روویدا و بۆ یەکلایی کردنـــەوەی ئەم رەوشـــە ســـەربازەکان راستەوخۆ هاتنە ناوکار. بەڵام ئاراستەی دووەم ئاراستەی سیاسی بوو: کە هەوڵیاندا هەموو ئەم بزاڤە تازانە کۆنترۆڵ بکەن و هەرچی کەسانی شۆرشگیر و بە توانا هەن لە دادگا سەربازییەکاندا لە سێدارەدران. ئەوانەی تەســـلیم بە ویســـتی ئەوانیش بوون هەر هەموویان بە شـــێوازی خۆیان پەروەردەو ئامادەکرد و لە دەزگا جیاجیا ئەمنـــی و ئابووری و ئیـــداری وتەنانەت هونەرییەکانیشـــدا دامەزران، کە ئەمە تا ئێســـتاش وەکو نەخۆشی شیرپەنجە لە جەستەی تورکیادا کاردەکات و لە هەموو شوێنێک نوێنەرایەتی دەزگای سەربازی دەکەن. لەبەر ئەمە کە لە تورکیادا دەڵێن ســـەرباز، هەر ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە بەرگی سەربازیان لەبەرە، بەڵکو نوێنەری عەسکەر لە هەموو دەزگایەکی ئەو وڵاتەدا هەیەو بەکورتی لە تورکیادا سەرباز واتە دەوڵەت. رووداوەکانیش سەلمێنەری ئەم راستییەن.

لـــە ســـاڵانی1980، 1971، 1960، دا ســـێ کودەتای ســـەربازی لە تورکیادا روویانـــدا، حکومەتەکان بە زەبری چەک لادران. بەڵام دوای ســـاڵانی 1990، ئەم کودەتایانە بە شێوەیەکی دیکە لەم وڵاتەدا روودەدەن. گۆڕانی باری جیهان، دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتەی ناچار کرد کە رێ بۆ هەندێک لەو پێشکەوتنانە لە تورکیادا بکەنەوە. سەرەڕای ئەمەش لە ژێـــر کاریگەری ئەم گۆڕانە جیهانیانە دوو رەوتی تازە لە سیاســـەتی تورکیادا پەیدابـــوون، کە لـــە گـــەڵ ئایدۆلۆژیاو ویســـتی رژێم نەدەگونجان. یەکەمیان لە کوردستان دا بزاڤی دیموکراسی و ئازادی نەتەوەیی کورد گەشەی کرد، دووەم باڵی ئیســـلامی کە مێژوویەکی هەبوو دووبارە چالاک بووەوە. لەبەر رەوشـــی جیهانی کـــە جەنەڕاڵەکان نەیانتووانی بە کودەتا بەرامبەر ئەم رەوشـــە تازەیە بوەســـتن ئەوکات شێوازیکی تازەیان لەم ململانێیە گرتە بەر.

بـــە گوێرەی ئـــەم شـــێوازە تازەیە جەنەڕاڵـــەکان ناراســـتەوخۆ کودەتـــا ئەنجامـــدەدەن و دەزگای دادی تورکیـــا جێـــی جەنەڕاڵەکانـــی گرتووەتـــەوە، واتە شـــێوازیکی کودەتای یاســـایی بە خـــۆوە گرتووە، بەڵام لە راســـتیدا هەر ســـەربازەکانن. ئەم شـــێوازە نوێیەش بەگوێرەی مەترسییەکان دەتوانێت نەرمی و توندی بنوێنێت. لەو کاتەی دەوڵەت بە هەموو دەزگا و باڵە سیاسیەکانی ناو دەســـەڵاتیش هاوبیرن لە دژایەتیکردنی بزاڤی دیموکراتخـــوازی کوردیدا، دادگای تورکیاش وەکو پۆلیسی هاتوو چۆ لەسەر رێگا وەســـتاوەو هەر جووڵەیەک بەناوی کورد یان مەیلی کوردی هەبێت، یەکسەر دەرگای دادگای نیشاندەدات. سەرئەنجامی ئەمەش تا ئێستا وێرای داخستنی دەیان کۆمەڵـــەو رێکخراوی مەدەنـــی باکووری کوردستان، تا ئێستا سێ پارتی سیاسی کوردی بەنـــاوی HADEP، DEP، HEلە رێی دادگای دەستووری داخراون، چوارەمیشـــیان کە DTP یە ئێســـتا دراوەتە دادگاو ئەگەری ئەوە هەیە ئەویش بەدەردی سێیەکەی دیکە بچێت.

ئـــەم سیاســـەتەی بەرامبـــەر کورد بەکارهێنراوە لەم بیست ساڵەی کۆتاییدا بەرامبەر هـــەر رێکخراوێکی دیکەش کە لەگەڵ کەمالیزم نەگونجێ بەکارهێنراوە، لەم بوارەدا ئیســـلامییەکانیش بەشـــی خۆیان وەرگرتووە. لە ســـاڵی 1997 دا، کـــە پارتی رەفاە لە ئیئتیلاف دا بوو خاوەنی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بوو، ســـەرۆکی ئەم پارتـــە نەجمەدین ئەربایکان سەرۆک وەزیر بوو بە تۆمەتی ( ئیرتیجـــاع) —ئەمە دەســـتەواژەیەکە بۆ هـــزری ئیســـلامی بەکاریدەهێنـــن- درا دادگاو دواتریش پارتەکەی داخراو کاری سیاســـیش لە ئەربـــەکان قەدەخە کرا. ئەم بڕیارە لە ناوەندی سیاســـی تورکیاو تا راددەیەک لە جیهانیشدا بە کودەتای 28ی شوباتی 1997 ناوزەد دەکرێت. ئەم کارە راستە لەریگای دادگا کرا، بەڵام راستەوخۆ دوای ئەوەی کە ئەنجوومەنی ئاســـاییش پێداگیری لە ســـەر مەترسی ئیســـلامییەکان کـــرد، دادگا بڕیارەکەی دەرکرد و کۆتایی بە حکومەتی ئەرباکان وپارتی رەفاە هێنا.

هەمان رێباز ئێســـتا بەرامبەر پارتی دادو گەشـــە پێـــدان AKP پەیرەوی دەکرێـــت. کـــە ئـــەوەش ململانێی ئەو حیزبەیە لەگـــەڵ جەنەرالەکان. لە دوای مێژوویەکی چل ســـاڵەی ئەم ململانێیە، ئیســـلامیەکان لە رێی ئەم پارتەوە بە زۆرینەی دەنگ دەســـەڵاتیان وەرگرت و دواتریـــش توانیان ســـەرەڕای کۆمەڵێک بەربەست، پۆستی ســـەرۆک کۆماریش بگرنە دەست و تاڕادەیەک هاوسەنگییەک لـــە دەســـەڵاتدا لەگـــەڵ جەنەرالەکان دروســـتکردووە. هەرچەندە AKP، زۆر هەوڵیدا جەنەڕالەکان رازی بکات و بە یەک ئاراستەدا برۆن، بەڵام ئەم بە هێزبوونەی AKP، لە تەحەمولی جەنەڕاڵەکاندا نییە، چونکە هەرچەنـــد AKPزۆریش دژیان نەبێت، بەڵام ئەو دەســـەڵاتەی AKP، بـــە ئاراســـتەیەکدا دەڕوات کە بناغەی کەمالیزم دەلەقێنێت. هەنگاوەکانی ئەم پارتە بۆ ئازادکردنی باڵاپۆشی ئیسلامی لە زانکۆکانداو، هەوڵدانی بۆ دامەزراندنی کادیرانی لە دەزگا هەستیارەکانی دەوڵەت دا بەتایبەتـــی لە کەرتی پـــەروەردەداو، هەندێکجار نیشـــاندانی جۆرە نەرمییەک بەرامبەر کێشـــەی کورد و، کارکردنی بۆ خۆ گونجاندن لەگەل ویســـتی ئەورووپاو ئەمریکاو ســـەرمایەی جیهانی زیاتر لە خۆگونجانـــدن لەگەل پرەنســـیپەکانی کەمالیـــزم، کۆمەڵێک لەو تۆمەتانەن کە عیلمانییەکان و جەنەڕاڵەکان دەیدەنە پاڵ پارتی دادو گەشەپێدان، بەڵام ئەم پارتە ئەم بڕیـــارەی دادگا بۆ هەندێک هۆکاری دیکە دەگەڕێنێتەوە.

بـــەڕای AKP، هۆکاری ســـەرەکی بۆ شـــەڕی ئەم پارتـــە دژی مافیای ناو دەزگاکانی دەوڵەت دەگەڕێتەوە. چونکە هەر لـــەم رۆژانـــەدا گرووپێکی گەورەی مافیا بەناوی گرووپـــی ئەرگەنۆکۆن"E RGENOKON"دەســـتیگیرکرا. ئـــەم گرووپـــە، یەکێکە لـــە گەورەترین گرووپەکانـــی مافیا کە تائێســـتا لەناو دەزگاکانـــی دەوڵەتی تورکیادا ئاشـــکرا ببێ. وەکو دیاریشە ریشەی لەناو دەزگای سەربازی و دەزگاکانی دیکەی دەوڵەتدا داکوتاوەو ئەم لایەنانە دادگای تورکیایان ناچاری ئەم بڕیارە کرد. هەندێک لایەنی دیکەش ئەم بڕیارە بەوە لێکدەدەنەوە کە حکومەتـــی AKP، زۆر بەڵێنی دابوون کە کێشەی تیرۆر بنبڕ بکات، بەڵام لە دوا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی کە شکستی خواردو بەڵێنەکانی بەرامبەر جەنەڕاڵەکان درۆ دەرچـــوون، گوایە جەنەڕاڵەکانی بۆ کارێک پاڵناوە کە سەرئەنجامەکانی خراپ بووەو کاری لەســـومعەی سوپای تورک کردووە، ئەمەش ســـزای ئـــەو هەڵەیەی AKP، یە کە دراوەتە دادگا.

هەرچۆنێـــک بێت لە رۆژەڤی ئەمڕۆی تورکیـــادا کۆمەڵێـــک هـــۆکار هەن کە لێکدانەوەی ئەم بڕیارەی دادگای تورکیا دژ بـــە حکومەتـــی AKP ەی پـــێ لێکدەدرێتـــەوە، بەڵام ئـــەوە تاکە بڕیار نییە کە دادگای تورکیا لەم بارەوە دەری کردبیت، بەڵکو لە چارەنووسی تورکیادا دیارە کـــە هەر دەســـاڵ جاریک لەگەڵ کەڵەکە بوونی کۆمەڵێک کیشەی ناوخۆو دەرەوە، کە بۆیان چارەسەرنەکراون بەم شـــێوەیە حکومەتەکانیان سزا داوە. لە پەنجا ســـاڵدا پێنج کودەتای سەربازی سیانیان راســـتەوخۆ لە رێگای سوپاوەو دووانیان ناراستەوخۆ بە رێگای دادگاوە ئەنجامـــدراون، لـــە ســـاڵانی1960، 1971، 1980، 1997، 2008، کـــە کۆتاییەکەیان ئەمـــەی AKPیە گشتیان رێرەوی گەشەی ئەم سیستەمە دیاردەکـــەن. بەڵام ئەو بڕیـــارەی دژی AKP، لـــە ئاســـتی ناوخـــۆو دەرەوە بەتایبەتی لە ئەورووپاو ئەمریکا ناڕەزایی زۆری دروســـتکردووە وا دیارە ئەم کارە ئیدی وەکو جاران هەروا ئاسانی جێبەجێ ناکرێـــت. ئەگـــەر ئەم ناڕەزاییـــە هەروا بـــەردەوام بێت رەنگـــە دادگا ناچاربێت لەجیاتـــی بریارێکـــی یاســـایی پەنا بۆ دەرکردنـــی بریاریکی سیاســـی ببات و پارتەکە دانەخرێـــت. لە جیاتی ئەمەش ئەگەری ئەوە هەیە هەندێک ســـنوور بۆ AKPدرووست بکات و فشارێکی بخاتە ســـەر کە هەرکاتێک سنووری ببەزێنێت بەم فشـــارانە رێی لێ بگیرێت. بەڵام بە شیوەیەکی گشـــتی ئەم رەوشەی ئێستا لـــە تورکیادا درووســـت بـــووە خاڵێکی وەرچەرخانـــی زۆر گرنگە لە پرۆســـەی دیموکراسی تورکیادا. رەنگە ئەمە ببێتە هۆکارێـــک بۆ ئـــەوەی دیموکراســـی بە رێڕەوی راستەقینەی خۆیدا گەشە بکات و فشـــارە دەرەکییەکانیش زیاتر بکرێن بۆ کەمکردنەوەی دەســـەڵاتی سەربازی لـــە تورکیادا. هەرچەنـــدە AKPش لە ناو ئـــەم گۆڕانانەدا فاکتەرێکی گرنگە و لە هەمووان زیاتر سوودمەند دەبێت لەم گۆڕانانە و هێزێکی ئەوتۆ نییە کە لەواری دیموراســـیدا زۆر ئومێدی لەسەر بنیات بنرێت، بەڵام بەرەو پێشچوونی پرۆسەی دیموکراســـی لەم وڵاتەدا لە بەرژەوەندی کوردو بۆ ئەم دەڤەرەشـــمان گۆڕانێکی باش دەبێـــت. چونکە هـــەر هێزێک لە تورکیادا بتوانێت دەسەڵاتی جەنەرالەکان لاواز بکات لە بەرژەوەندی پێشـــکەوتنی دیموکراسیدا دەبێت.

*شارەزای کاروباری تورکیا.



# نەورۆز و سیاسەتی چەقۆ

فوئاد سیپان – ئەڵمانیا
fuadsipan@yahoo.de

حکومەتـــی رەجەب تەیـــب ئەردۆغان و رژێمی بەشـــار ئەســـەد جارێکیتر جەژنی نەورۆزیان کردە رۆژی کوشـــتن و شـــینی کورد.

نەیارانی کورد لەخوێنی ئێمە تێرنابن،ناڵێن ئـــەوە زارۆکە،یـــان ئـــەوە ژنە، تەماشـــا ناکەن کێ پیرە و کێ گەنجە، ئمســـاڵیش بەشێوازی چاوسۆرانە و شێوازی خوێنڕێژیانە هێرشیان کردە سەر ئاهەنگێڕە ئاشتیخواز و دیموکراسیخوازەکانی نەورۆز.لە ئەنجامدا باکووری کوردســـتان 5 شەهید و رۆژئاوای کوردســـتانیش 3شـــەهیدی دان.جگە لە بریندارکردنی دەیان کەس و دەستگیرکرانی سەدان کەسی دیکە لە باکووری کوردستان و شارەکانی تورکیا.

رژێمەکانی ئەردۆغان و ئەســـەد تیرۆری دەوڵەتیـــان پەیـــڕەو کرد و هەمـــوو بنەما مرۆڤایەتییەکانیان لەپێش چاوی هەموو دنیا پێشێلکردن.هاوکاتلەگەڵئەوپێشێلکاریانەدا تەلەڤزیۆنی رۆژ،لێدوانێکـــی ئەردۆغانی لە نەورۆزی 2006 دا بەبیر جیهان هێنایەوە کە هەڕەشـــەی لـــە رێپێوانکارانی کورد لە ئامەد (دیاربەکر) کرد و گوتی:"ئەگەر ئەوانە منداڵیش بن،ژنیـــش بن،هەرکێ بێت،ئەگەر ئەوانە بەو شێوەیە بوونە بەشێک لە تیرۆر، هێزەئەمنییەکانمان بەهەرشێوەیەکپێویست بێ دەچنە سەریان" .ئەو لێدوانانە کاتی خۆی لە رۆژنامەکانی تورکیاش بڵاوکرانەوە.یەک لەوان لە رۆژنامەی (Radikal).

ئەردۆغان نەورۆزی ئەمساڵیش بەکردەوە رووی راستەقینەی خۆی پێشانی کورد دا و تیرۆری بەرامبەر خەڵک بەڕێوەبرد. سەرەڕای ئەوەش کورد بـــە بیروباوەڕی پتەوی خۆی نەورۆزێکی فراوانی بەڕێوەبرد.

لە نەورۆزی ئەمســـاڵی ئامەد دا،هەست و هەڵوێســـتی کوردایەتـــی و کوردێتـــی لەســـاڵانی پێشـــوو بەرزتر بوو.وتاردان لە ئاهەنگی ئامەددا بە زمانی کوردی،سەرەتای مێژوویەکی نوێیە .جلوبەرگی کوردی نەورۆزی ئەمساڵیان زیاتـــر خەملاند .ئۆسمان بایدەمری سەرۆک شارەوانی ئامەد،بە جلوبەرگە کوردی و وتـــارە کوردییەکەی بـــڕواو متمانەی دوو ملیۆن بەشداری ئاهەنگی نەورۆزی ئامەدی بەهێزتـــر کرد .داخوازی دڵیـــش ئەوەیە کە ئەو و DTP و ســـەرۆک شارەوانییەکانی دیکەشـــیان درێژە بەو هەڵوێســـتە بدەن و بەرەو دواوە نەکشێنەوە.

نەورۆزی ئەمساڵ زۆر شتی نوێی لەگەڵ خۆیدا ئاشکرا کردن.زۆر کورد تا ئێستا لەو بڕوایەدان کە کـــورد گوێ لە زمانی کوردی ناگرن و چاودێری ئەوە ناکەن چ دەڵێن و چ دەنووسن.بەڵام لە دوای وتارەکانی نەورۆزی ئەمســـاڵ چاپەمەنی تورکیا بەشـــێوازێکی پرۆفســـیۆنال هەموو ئـــەو ئاخاوتنانەی بە زمانی کوردی کران وەرگێڕانە زمانی تورکی و بڵاویکردنەوە.

نەیارانی کـــورد ئیدی بـــاش دەزانن،کە بـــە دڕندەیـــی خۆیـــان کوردیـــان لەخۆ دوورخستوونەتەوە،کەچی ئەو نەیارانە هەر سوورن لەسەر سیاســـەتی چەقۆ.ئامانجی ئەوان زیاتر زیان بە هەموو کورد بگەیێنن. شـــەق و پێلەقە بارانکردنـــی ژنانی کورد و شکاندنی دەســـتی منداڵانی کورد بەپێش چاوی هەموو دنیاوە، درێژەی ئەو سیاسەتە بوو.

بەڵام لەبەرامبەریشـــدا ئێمـــەش دەبێ رێگەی گونجاو بدۆزینەوە بۆ رێگە گرتن لەو سیاســـەتەی داگیرکەرانی کوردستان،ئیدی دەبێ میتۆدە نامرۆڤانەکانیان بوەستێنین. لەبەرامبـــەردا دەبێ شـــەڕڤانانی کوردیش لە بەرامبەر کوشـــتنی ژن و منداڵانی کورد جەنەرالەکانیـــان بکـــوژێ نەک ســـەربازە هەژارەکانیان.خۆمان چەواشە نەکەین،تاوەکو مێشـــکی جەنەڕالەکانـــی تورک،عەرەب و فارســـان نە تەقێندرێ کێشەکە چارەسەر نابێ.



ئۆسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی ئامەد بە جلوبەرگی کوردی لە ئاهەنگی نەورۆزی ئەمساڵدا ( فۆتۆ DIHA)

# پەیامی ڕووداو

ئەمــڕۆ لە باشـــووری کوردســـتاندا بە دەیان ڕۆژنامە وبڵاوکــراوەو چاپەمەنی هەن کە دەکرێ بڵێین ڕاگەیاندنی کوردســـتانیش وەک زۆر بواری دیکە، لە بێسەروبەری وزۆری وبۆریدایە . ئەگەرچی دەسەڵاتی کوردســـتان هەندێک جار لێرەو لەوێ تەنگ وچەڵەمەو کێشـــە بۆ ڕۆژنامەوانان دروست دەکا وفشـــاریان بۆ دەهێنێ، بەڵام ناکرێ نکوڵی لەوە بکەین کە لەکوردستاندا پەراوێزێک لەئازادی ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن هەیە .

ڕۆژنامەوانانی کوردســـتان ئێســـتا بەبەراورد لەگەڵ چەند ســـاڵی ڕابردوو دەســـتکراوەترن لە ڕەخنەگرتن وســـەرکۆنەکردنی دەســـەڵاتدارانی کوردستان،بێگومان ئەم ئازادییە ڕۆژنامەوانییەش پتــر بـــارودۆخ ورەوشـــی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ودەرهاوێشتەکانی هێناویەتییە ئارا و ئەورۆ باشووری کوردستان پتر لەژێر چاودێری وزوومی کامێراکانی میدیای جیهانییە .

سەرەڕای ئەو زۆری وبۆریەی لە بواری ڕاگەیاندنی کوردیدا هەیە، میدیای کوردی هێشتاش نەیتوانیوە وەرامی ویست وداخوازی خەڵکی کوردستان بداتەوە وتیراژی پڕفرۆشـــترین ڕۆژنامـــەو یەلاقۆکەکانی کوردســـتان لە چەند هەزارێک تێپەڕ ناکات، لەم نێوەنـــدەدا "ڕووداو" وەک پڕۆژەیەکـــی دیکەی ڕاگەیاندنی ناحزبی، لە پایتەختی کوردســـتانەوە دەیەوێ بەشداری گۆڕەپانی ڕاگەیاندنی کوردستان بێت،ئامانجی ســـەرەکی ئێمە گەیاندنی پەیامی ڕاستینەی ڕۆژنامەوانیی وخستنە ڕووی هەواڵ و ڕووداوەکانی کوردستانە وەکو خۆی، لەم نێوەدا ڕووداو هەوڵدەدات :

– پێبەندی ڕێساو ڕەوشتی ڕۆژنامەوانی بێت .
– داکۆکیکاری ئـــازادی ڕادەربڕیـــن و ئازادی تاکەکەسیی بێت لەکوردستان .
– داکۆکـــی لـــە مافەکانی مرۆڤ بەگشـــتی ومافەکانی ژنـــان بکات بەتایبەتی وهەموو جۆرە توندتیژییەک لەقاوبدات .
– ببێتە دەستگایەکی فشاربەر بۆسەر دەسەڵاتی کوردستان بۆ نەهێشتنی پێشێلکارییەکارییەکانی مافی مرۆڤ وخراپ بەکارهێنانی دەسەڵات .
– بایـــەخ وگرنگی بدات بـــە ژینگەپارێزی کە یەکێک لـــە گرنگترین وزیندووترین پرســـەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانە .

ئیدی هیوادارین لەئاســـت بەڵێن وپلاتفۆرمی خۆمان ومتمانەی خوێنەرەکانماندا بین .

**نوورەدین وەیسی**



# کابینەکانی مووچە پەیداکردن

بەدر ئیسماعیل شێرۆکی
Bader_sheroki@yahoo.com

کابینـــەی شەشـــەمی حکومەتـــی کوردستان،هێشـــتا لـــە گفتوگـــۆ لەسەرکردندایە،ئەگەر ئەمجارە جیاواز لە جاری پێشـــوو بەحەزی بچووکردنەوەی کابینەکە نەک بەپانوپۆرکردنی بەحەزی حیزبـــەکان لەدایکببێ،چاوەڕواندەکرێ لەجیاتی خەریکبـــوون بە ئیدارە کردنی خۆیەوە،زیاتر بە کارەوە مژوول بێ .

ویستی ســـەرۆک وەزیران بۆ هاتنە کایەی کابینەیەکی بچووک و چالاک،دوای تێپەڕاندنی قۆناخی پێکەوە گونجانەوە ئومێدێک بۆ زوو گەیشتن بەکێشە گەورەو ژیانییەکانی خەڵک دێنێتە کایەوە .

ڕاســـتە کابینەی پێنجـــەم کابینەی تاقیکردنەوەی دووبارە پێکەوە کارکردن بوو،کە بەخۆشـــیەوە بە گونجاوی و بێ گرفت بوو،بەڵام بێگومان زۆر لە تەمەنی کابینەکە کە دەکرا کاری ئەرێنی مەزنتر و شـــکۆدارتر ئەنجامبدرێ لـــە دووبارە دروستکردنەوەی متمانە وبڕوا بە یەککردن و یەکخستنەوەی هەندێ لە فەرمانگە و یاســـاکان و دانووستانی سیاسی نێوان پارتەکان بە فیڕۆ چوو. لەمەشـــدا هەم حکومەت و هەم جەماوەریش بە سینگ فراوانـــی هەوڵیاندا لەم واقیعە تێبگەن. بەڵام ئەو قسەو باسانە نابێ بۆ تەمەنی کابینەی شەشـــەم جێی باس و پێوە خەریکبوون بن.

بـــە بڕوا و ڕای شـــارەزایانی ناوخۆ و ئەوانـــەی دەرەوە کـــە ســـەردانی کوردســـتان دەکەن، کوردستان لە دوو ساڵی ڕابردوو هەنگاوی باش و گەورەی لە ڕووی بووژانەوە لە گشت بووارەکاندا هەڵێناوە و بەردەوام بەرەو پێشکەوتن بووە،بەڵام جەماوەری کووردستان ئیدی داخوازییەکانیان سەرەتایی و کاتی نین و چاوەڕوانیەکانی کوردستانیان گەورەتر و نەوعیتر بوونە .

لـــە ڕووی کارگێڕییـــەوە ئـــەم وڵاتە گیروگرفتی جیدی هەیە.دیوانســـالاری و ڕۆتینکارییەکی بێتام و پاشـــکەوتوو لـــەڕووی ئیدارییـــەوە ڕۆژانـــە دەبێتە جێگەی گازندەی خەڵک.پەیڕەو کردنی سیاســـەتی بازاڕی ئـــازاد بووەتە هۆی هاتنە کایـــەی بازاڕێکـــی بەڕەڵڵای بێ سەرپەرشـــت و چاودێـــری کە ئەمەش گرانییەکی سەرســـوڕهێنەری بە تایبەت لەو کالایانەی پێویستی ڕۆژانەی خەڵکن بەدیهێناوە و ئابـــووری خێزانە هەژار و مامناوەندییەکانی کوردستان،کە زۆربەی کۆمەڵگـــەی کوردســـتان پێکدەهێنن، دووچاری بنبەستێکی بەرچاو کردووە .

گەندەڵی ئەو چەمک و وشە ناحەزەیە کـــە ڕۆژانە بە هۆ و بێ هۆ ئاراســـتەی ڕووخساری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێ،سەرچاوەکانی گەندەڵکاری نەک هەر لە ریشـــەوە دەرنەهێندراون، بگرە جەماوەریـــش لەهیچ هـــەوڵ و پلانێک ئاگادار نەکراوەتەوە بۆ بنبڕکردنی .

ڕەوشـــی وڵات لەڕووی پیشەسازی و بەرهەمهێناندا لـــە قەیرانێکی خنکێنەر دایە و،هیچ پلان و سیاسەتێکی تایبەت بۆ ئەو بوارە ڕانەگەیێندراوە،کە کارێکی زۆر پەلە و ژیانییە .

ئازادییـــە مەدەنییەکان هێشـــتا بە ئەندازەیەکـــی دڵخواز،دیار و گرەنتیکراو نین و سنوورەکانی هێشتا تێکەڵی زۆر پێگەی بڤەو لاســـتیکین کـــە زۆر جار دەستدرێژیان دەکرێتە سەر.

ئەمڕۆش زۆرجار نووسەران بە دڵنیایی و بێ ترسان نانووسن، وەڵامی پەیڤ زۆر جاران بە چاوسوور کردنەوە دەدرێتەوە و، نووســـەران و ڕۆژنامەنووســـانی ڕەخنەگریـــش وەکو هاوکار و ڕاوێژکاری دەسەڵات حسابیان بۆ ناکرێ .

نهاژی حکومەت دیوەخانێکی گشتی فراوانە و مووچەی گشتی هیچ هەلێکی بۆ پڕۆژە گشتییەکانی وڵات نەهێشتووەتەوە و بەشێکی زۆری ئەرکی حکومەت بووەتە پارە پەیدا کردن و پارە دابەشکردن،بەم شێوەیە حکومەتی هەرێم هیچ توانایەکی بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە وپلانی ستراتێژی بۆ نەماوەتەوە،ئەگەر هەوڵەکانی هێنانی وەبەرهێنانی دەرەکی نەبووایە .

لاوازی یـــان کەمتەرخەمی حکومەت لە بـــەدوا داچـــوون و چاودێری کردنی بەڕێوەچوونـــی پـــڕۆژەکان و تـــەواو نەبوونیان لە کاتی دیاری کراو،زیانێکی زۆریان هەم بە حکومەت هەم بە خەڵک و وڵات گەیاندووە،بەو ڕەنگە دامەزراندنی سیستەمێکی چاودێری کردنی چالاک و دڵسۆز و بە ویژدان ڕەنگە خاڵێکی هەرە لە پێشـــی کارنامەی کابینە نوێیەکەی نێچیرڤان بارزانی بێت.

کوردســـتان بۆ یەکەمجارە لەمێژوودا ئەو هەموو کابینانە تێدەپەڕێنێ و،مافی خۆیەتـــی چـــاوی لـــە کابینەیەکی بە بەرهەمتربێ.

# جەنگەکانی تورکیاو دۆڕاندنە مەعنەوییەکانی

د. ئازاد ئەحمەد عەلی*
azadali@yahoo.com

ســـوپا کە بڕبڕەی پشـــتی دەوڵەتی تورکیایە، بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخی خۆی نەچووەتە جەنگێکی ڕاستەقینەوە، تاکـــە دەســـتکەوتی مێژوویشـــی تاکو ئێســـتا پەلاماردانی دوورگـــەی بچووک و ئاشـــتیخوازی قوبرس بووە . ســـوپای تورکیا کە حەزی لە بەرپاکردنی شـــەڕو بەدەستهێنانی ســـەرکەوتنەو تائێستاش لـــەو دوژمنە ناوخۆییـــە ( (PKKو ئەو دراوسێ لاوازو تازەگەشەکردووە (هەرێمی کوردستان) باشتری دەست نەکەوتووەو، لەوانەیە دەستیشی نەکەوێت.

حکومەتی ئیسلامیی هەڵبژێردراویش لەپێنـــاوی گێڕانـــی ڕۆڵێکی سیاســـی و ئیقلیمی کە هاوشـــانی ســـەرکەوتنە ئابووری و ئیدارییە سنووردارەکانی بێت هەوڵـــدەدات لەگەڵ ئەم حەزو خولیایەی سوپا هاوئاهەنگ بێت.

تورکیـــا لـــەو ســـاتانەدا کە ســـاتی ئامادەکارییەکانـــی هێرشـــی دەرەوەی سنوورە، یەکگرتوو دێتە پێشچاو، میدیای تورکی بەشێوەیەک لە دەهۆڵ دەدات وەک ئەوەی وڵات لەبـــەردەم دوایین جەنگیدا وەســـتابێت، ئەو جەنگەی کە لەڕێیەوە سنوور دەبەزێنێ و شانازییەکانی ڕابردووی بەدەست دێنێتەوە .

ئۆپەراســـیۆنەکانی تورکیا لەدەرەوەی سنوور درێژکراوەی شـــەڕێکی فیکری و سیاسین دژی واقیعێکی نوێ، جەنگە دژی گۆڕانکارییە جیۆسیاسییەکانی ناوچەکەو لەهەمانکاتدا جەنگیشە دژی ئەنجامەکانی کۆتاییهاتنی جەنگی سارد. تورکیا لەڕێی ئەو ئەو ئۆپەراسیۆنانەوە دەیەوێ ئاگرێک لەوناوچەیەدا بکاتەوە کە لەدوای لێکترازانی یەکێتی سۆڤێت و خۆکێشکردنی پەیمانی باکووری ئەتڵەســـییەوە بـــۆ تخوبەکانی تاڕادەیەکی زۆر کپ و بێدەنگ بووە .

گەیشتنی پەیمانی ناتۆ بەناوچەکانی دراوســـێی تورکیا بەمانای لەکارخستنی ڕۆڵی تورکیا بوو، ڕۆڵێک کە لەم ساڵانەی دواییدا تەنیا لە ســـەرکوتکردنی کوردو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو وڵاتەدا کورت ببووەوە .

ئەو جەنگە عەســـکەری و سیاسییەی تورکیا بەنیازە بەشـــێوەیەکی بەرفراوان بەرپـــای بـــکات هەر لەئێســـتاوە دیارە کە جەنگێکـــی دۆڕاو دەبێـــت، چونکە کەمترین پاساوی بابەتیانەی بەدەستەوە نییەو شـــەرعیەتی لە بنچینـــەوە لەژێر پرسیاردایە، چاودێران وا لێیدەڕوانن کە تەنیا مانۆڕێکی عەســـکەری و سیاسی بێت بۆ دووبارە پێشـــاندانەوەی گرنگیی پێگە ســـتراتیژییەکەی لەسەر نەخشەی ئێستای ناتۆ، بەتایبەتیش کە هێزەکانی ناتۆ ئێستا خۆیان لەناوچەکەدان و کەس لەجیاتی ئەوان ئەرک جێبەجێ ناکات.

یەکەمین ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەیە بـــۆ دەســـەڵاتدارانی تورکیا شـــتێکی چاوەڕواننەکـــراو بـــوو، ئەنجامەکە لەو پشـــتگیرییە بەرفراوانەدا بەرجەســـتە بـــوو کـــە لـــەدۆزی کـــورد بەهەمـــوو تێکهەڵکێشـــییەکانیەوە کـــرا، لـــەو چوارچێوەیـــەدا ژمارەیەکـــی زۆر لـــە سیاسەتڤان و ڕۆژنامەڤان بۆ ئاشکراکردنی نیـــازو مەرامە ســـەربازییەکانی تورکیا کەوتنـــەکار، لەولاشـــەوە هاوســـۆزیی عەرەب لەوە گەورەتر خۆی پێشـــاندا کە دەسەڵاتدارانی تورکیا مەزەندەیان دەکرد، لەناوخۆی عێراقـــدا توێژێکی بەرفراوانی دەستەبژێری ڕۆشنبیران و سیاسەتوانان پشتگیریی خۆیان بۆ ئەزموونی هەرێمی کوردســـتان دەربڕی، ئـــەوەی زیاتریش جێگای ســـەرنج بوو هەندێـــک لە هۆزە عەرەبـــەکان بەئاشـــکرا ڕایانگەیاند کە ئامادەن بەرگری لە کوردســـتان بکەن، ئەمانە نێوەندە تورکییە پەیوەندیدارەکانیان دڵنیاکردەوە کە ئەزموونی کوردســـتان داکوتراوترە لـــەوەی مەزەندەیان دەکرد، ئەو ئەزموونە توانیویەتی پشتگیرییەکی عەرەبی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بۆخۆی کۆبکاتەوەو لەنێوخۆی کوردستانیشـــدا یەکدەنگییـــەک لەســـەر ئـــەوە هەبوو کە بەشـــێوەیەک لەشـــێوەکان بەرگریی لێبکەن، سەرئەنجام ئەزموونەکە وا هاتە پێشچاو کە جیهانی عەرەبی هۆشیارانەو بەحەزی خۆی پشتگیری لێدەکات، بەو ئیعتیبارەی کە عێراق و جیهانی عەرەبی لەهەر لایەکی دیکە زیاتر پەیوەندیدارن بە شەرعیەتپێدان و پاراستنی ئەو ئەزموونە ئیداری و سیاسییە، یان ڕەخنەلێگرتنی.

لەڕاستیدا زیادبوونی جوڵەی کردنەوەی کونســـوڵخانە ئەوروپییەکان لەهەولێرو بەتایبەتیش کردنەوەی نووســـینگەی نەتەوەیەکگرتـــووەکان دەکـــرێ وەک پەیامێکی سیاسیی ڕاشکاوانە بۆ ئەوانە تەماشـــا بکرێ کە دەیانەوێ ئاسایشی کوردســـتانی عێراق بخەنە مەترسییەوە، ئەو هەڵوێستانە ســـەرجەمیان پێکەوە جۆرێک بوون لەپشتگیری بۆ سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی و هەڵوێســـتی ئازایانەی سەرۆکی هەرێم بەتایبەتی.

وێڕای ئەو زەحمەتییـــەی بەرەوڕووی ئۆپەراســـیۆنی بەرفراوانی زستان بووەو کەمبوونەوەی ئەگەری بەرپاکردنەوەشی لە ڕووی لۆجســـتییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هێرشە ئاســـمانییەکانی تورکیا هـــەر بەردەوامن و کۆکردنـــەوەی هێزە ســـەربازییەکان هـــەر ڕوو لەزیادبوونە . چاودێران لەو بڕوایەدان کە تورکیا پێش ئەوەی سەربازییانە ئەو شەڕە بەرپابکات لـــەڕووی سیاســـی و دیپلۆماســـییەوە دۆڕاندوویەتـــی، ئەگـــەر ئامانجی دووری ئەو جەنگە فیدراڵیەتی کوردی بێت ئەوا لەم ماوەیەی ڕابـــردوودا بەتەواوی لەوە دڵنیابـــووەوە کە ئـــەو ئەزموونە خودان حەسانەیەکی جیهانییە، هەر لە UNەوە بگـــرە تا یەکێتی ئەوروپا و دەســـەڵاتی ڤاتیـــکان و ئینجا کۆمـــەکاری عەرەبی، خراپتریش لەوە بەلای تورکیاوە ئەوەیە کە وەسفی پارتی کرێکارانی کوردستان بەڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەچوارچێوەی ئاڵوگۆڕێکی سیاسیدا بووەو بەرەو ئەوە دەچێت مەســـەلەکە بۆ تووندوتیژییەکی دوولایەنـــەی نێوان تورکیـــاو یەکێک لە حیزبە چەکدارەکانی کـــورت بکرێتەوە. مانەوەی دۆســـیەی مافەکانی کوردیش بە لەبیرکراوی لەســـەر ڕەفەی هەندێ لە دەوڵەتانی ناوچەکە مەرج نییە ئاماژەبێت بۆئەوەی کە ئەو بێدەنگییە نێودەوڵەتییە تاهەتایە بەوشـــێوەیە بەردەوام دەبێت، لەڕاستیدا هەمـــوو ئاماژەکان ئەوە دەردەخـــەن کە ئیدی ڕێگـــە لەبەردەم تورکیادا بۆ هێرشکردنە سەر چەکدارانی پارتـــی کرێکاران هـــەروا تەخت نابێت، ئەو جەمـــاوەرەش کە لـــەدەوری پارتی کرێکاران کۆبوونەتەوە ئیدیعاکانی تورکیا بەدرۆدەخەنەوە .

ناوچە کوردنشینەکان دەیان ساڵە باجی توندوتیژی دەدەن، قوربانیانی سەرەکیی ئەو توندوتیژییە کوردن (خەڵکی سڤیلن، چەکدارانی پارتی کرێکارانن، یانیش ئەو کوردانەن کە سەر بە دەوڵەتی تورکیان و گوندەکان دەپارێـــزن) جگە لەوانەش قوربانیانی توندوتیژییەکانی دەوڵەت زۆر زیاترن لەو قوربانیانەی لە شەڕوپێکدادانی PKK و هێزەکانی سوپا دەکەونەوە .

تورکیـــاش لای خۆیـــەوە بـــەو هەڵە مەنهەجیانـــەی کـــە دەیکات لـــەڕووی بابەتییەوە هەلومەرجەکانـــی دۆڕاندنی شەڕ زیاتر بۆخۆی دەڕەخسێنێ، تورکیا بەوەوە ناوەستێ کە مافی ملیۆنان کوردی هاووڵاتی خۆی پـــێ قبوڵ ناکرێ بەڵکو بەشـــێوەیەکی زۆر ئاشکراش دژی مافە سیاسی و کەلتوورییەکانی ئەو کوردانەش دەوەســـتێتەوە کە دەکەونـــە ئەودیوی ســـنووری خۆیەوە، ئەمـــە جگە لەوەی شتێکی بێ پێشینەی شازو مەترسیدارە هـــاوکات بووەتـــە بارقورسییەکیش بەسەرشـــانی تورکیاوەو دەچێتە ســـەر فاتورەی ئەو جەنگە بەردەوام و دۆڕاوەی دژی کورد بەرپای کردووە .

ڕەنگە دۆڕاندنی چاوەڕوانکراوی تورکیا لەو شەڕەدا کە هێشتا بەشێوەیەکی جددی بەرپای نەکردووە ببێتە وانەو عیبرەتێک بۆ جەنەڕاڵەکان و دامەزراوەی سەربازی و هەندێ لە دەستەبژێرە سیاسییەکەشی، لەوانەیـــە ببێتـــە هاندەریـــان بۆئەوەی سەرلەنوێ ئەو واقیعە بەشێوەیەکی نوێ بخوێننەوەو قبوڵی ئەنجامە جیۆسیاسییە نوێیـــەکان بکەن، ســـەرئەنجام لەوەش تێبگەن کە ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی تێری لە توندوتیژی خواردووەو جیهانیش بەشـــێوەیەکی گشـــتی مەیلـــی بەلای چارەسەری سیاسیدا وەرگەڕاوە، ئێستا ئیدی کاتی ئەوە هاتووە دەســـەڵاتدارانی تورکیا خۆیان لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیە ڕابێنن و ئایندە بەشـــێوەیەکی دروستتر بخوێننەوە.

لەم چوارچێوەیەدا واباشترە بۆ تورکیا ئەوە لەبیرخۆی بباتەوە کە ڕۆژێک لەڕۆژان سەنتەری ئیمپراتۆریەتێکی ئایینی بووە، لەڕاستیدا ئەو ئیمپراتۆریەتە بەرهەمی هاریـــکاری و تەوافوقـــی هەموو گەلانی ناوچەکە بـــووە نەک بەتەنیا هی تورک. ئەگەر گرێ و کێشـــەی تورکیا لەوەدایە کـــە دەیەوێت ڕۆڵێکی نـــوێ و کاریگەر لەناوچەکەدا بگێڕێ، خۆ مەرج نییە ئەمە تەنیا لەڕێی گێڕانەوەی ڕابردووی پڕ شکۆو پێشاندانی بازووی سەربازییەوە بکرێ.

تورکیا پێویستی بەوەیە کە جارێکی دیکەو ســـەرلەنوێ هۆشـــیاری سیاسی خۆی لەچوارچێـــوەی ئەو هەلومەرجەی ئێستادا بەرهەم بێنێتەوەو دابڕێژێتەوە، هۆشـــیارییەک کە ئیـــدی بتوانێ مافی گەلانی دراوسێ قبوڵ بکات، بەتایبەتیش ئەو گەلانەی پێشـــتر بەشێک بوونە لە ئیمپراتۆریەت و ئێســـتاش بەشێکن لە پێکهاتـــەی تورکیای نوێ، لـــەو ڕووەوە لەسەر تورکیا پێویستە بۆ چارەسەرێکی بابەتیانەی کێشەی کورد لەچوارچێوەی وڵاتی خۆیدا بگەڕێ، چونکە پێشێلکردنی مافـــی گەورەترین گەلی ئـــەو ناوچەیە بووەتە بارێکی ئەخلاقیی گران بەســـەر شانییەوە.

ئەو جەنگەی کە جەنەڕاڵە تورکەکان بەدرێژایی ســـاڵانی ڕابردوو دۆڕاندوویانەو بەدڵنیاییەوە لەچەند مانگی داهاتووشدا جارێکی دیکـــە دەیدۆڕێنن ڕەنگە ببێتە هاندەرێک بۆ ڕێگەگرتن لە ڕشتنی خوێنی هاووڵاتیانی تورکیا بەشێوەیەکی گشتی، ڕەنگە ببێتە وانەو ئەزموونێکی کردەنی بۆئەوانەی دەیانـــەوێ لەڕێگەی پەلامارو بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە شکۆمەندی بـــۆ تورکیـــا بگێڕنـــەوە، بەپێچەوانەی کاراکردنـــی گیانـــی عەســـکەرتارییەوە دەکرێ تورکیـــا ڕۆڵ و کاریگەری خۆی لەناوچەکـــەدا لەڕێی پێشکەشـــکردنی چارەسەری سیاســـیانەی گونجاوەوە بۆ کێشەکانی و پەیڕەوکردنی دیموکراسی و بەئەنجام گەیاندنی ئاشتەوایی نیشتمانی و باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ گەلانی دراوســـێ نەک بەتەنیا حکومەتەکانیان بسەپێنێ.

پێویســـتە پێش هەر شتێک نەشوەی ڕیتمی لێدانی دەهۆڵی جەنگ لەبیرخۆی بباتـــەوە، چونکە گەلانـــی ناوچەکە لەو توندوتیژی و ململانێ بێمانایە بێزاربوون و ڕووداوەکان ئـــەوە دەســـەلمێنن کـــە لایەنگرانی توندوتیژی بەشێوەیەکی گشتی و توندوتیژیی دەوڵەت بەتایبەتی لەڕیزی دۆڕاوەکانن، هەروەک چۆن چارەنووسی دەســـەڵاتە ســـەرکوتگەرەکان هەمیشە دۆڕان بووە، لانیکەم دۆڕانێکی ئەخلاقی و مەعنەوی.

*سەرنووســـەری گۆڤـــاری (الحوار) لەسوریا

# Rûdaw

Rudaw readers know more

**هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای ڕووداو دەریدەکات**

**خاوەنی ئیمتیاز** - کۆمپانیای ڕووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** - نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر** - ئاکۆ محەممەد ako@rudaw.net

**جێگری سەرنووسەر** - سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**نوێنەری ئەوروپا** - هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نوسینگەی سلێمانی** - شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 00964 066 2558279 ناونیشان: هەولێر ـ بەرامبەر نیوستی


بەپارەی ئەوروپا و بەبەشداریی دوو ئەستێرەی فەرەنسی

## هونەر سەلیم فیلمێکی تازەی کوردی بەرهەمدێنێ

**سلێمانێ ئالیخان**
**ڕووداو – ئەڵمانیا**

دەرهێنەری کورد هونەر سەلیم بەپارەی ئەوروپا و بەبەشداریی هەردوو هونەرمەندی فەرەنسیی (ئیمانوێل بێیار و ئەمیرا کاسار) فیلمێکی تازەی سینەمایی کوردی بەرهەمدەهێنێ.

هونەر سەلیم لەوبارەوە بۆیەکەمجار لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) دروستکردنی ئەو فیلمەی ئاشکرا کرد و گوتیشی "ئەو فیلمە لە سەر کوردە، بۆ کوردانە و لە کوردستان وێنە دەگیرێ، بەڵام بودجەکەی لەلایەن ئەوروپاوە دابین دەکرێ!". هونەر سەلیم بە شێوەیەکێ ناڕاستەوخۆ دیوویست بڵێ بۆچی حکومەتی کوردستان پارەی ئەو فیلمە نەدات.

ئەو دەرهێنەرە کوردە، کە تائێستا چەند فیلمێکی کوردی و فەرەنسی بەرهەم هێناوە، دەڵێ ئەوەی لە فیلمە فەرەنسییەکان بەدەستی دێنم لە فیلمە کوردییەکانی خەرج دەکەمەوە.

هونەر سەلیم کە فیسیڤاڵی هونەری کوردی لە شاری مولهایمی ئەڵمانیا بۆ (ڕووداو) دەدوا گوتی "ل مانگی ئایار دەست بە وێنەگرتنی ئەو فیلمە دەکەم و لە کۆتایی ئەمساڵ تەواو دەبێ".

لەبارەی ناوەڕۆکی فیلمەکەشەوە گوتی" ناوەڕکی فیلمەکە لە سێ چیرۆک پێکدێت و کۆمیدیاشی تێدایە". هونەر سەلیم کە بەردەوام هەوڵیداوە هونەرمەندانی هەموو پارچەکانی کوردستان بەشداریی فیلمەکانی بکەن، لەو فیلمەشدا ژمارەیەکی زۆر ئەکتەری کورد و دوو ئەکتەری نێوداری فەرەنسیش بەشداری فیلمەکەی دەکەن و لەوبارەوەگوتی " دوو ئەستێرەی سینەمای فەرەنسیش، کە بریتین لە ئیمانوێل بێیار و ئەمیرا کاسار ڕۆڵی تێدا دەگێڕن". ئەمیرا کاسار لە1971/7/1 لەبەریتانیا لەدایکبووەو بە ئەکتەرێکی فەرەنسی ناسراوە، باوکی کوردەو هونەرمەندی ئۆپێرای ڕووسیایە، کاسار لە بەریتانیاو ئیرلەندا گەورە بووە، کاری ئەکتەری و مۆدێل دەکات و خوێندکاری بەشی درامای زانکۆیە لەپاریس. یەکەمینجار لە 1989 بەشداری فیلمی سینەمایی کردووەو تائێستا بەشداریی 9 فیلمی سینەمایی کردووە.

لەبەر ئەو سەختییە زۆرانەی بەدەست دەرهێنانی فیلمە کوردییەکانەوە بینیویەتی، لەکاتێکدا کە دەست بەو فیلمە تازەیەی دەکات، دەڵێ"هەر لە ئێستاوە ئەز نەخۆشم، چونکە کارەکە بە زەحمەتە".



ئیمانوێل بێیار و ئەمیرا کاسار



## کۆرنیکۆڤا خەریکە مێرد دەکات

**ڕووداو – ئاژانسەکان**

ئانا کۆرنیکۆڤا کچە یاریزانی بەنێوبانگی یاری تێنیسی سەرزەوی و نمایشکاری جلوبەرگ، ڕایگەیاندووە کە لەمانگی داهاتوودا لەوانەیە شوو بەو کەسە بکات کە خۆشی دەوێت.

ئانا کۆرنیکۆڤا ڕایگەیاند "دوای تەواو بوونی فیلمێکم شوو بەو کەسە دەکەم کە خۆشم دەوێت". بەپێی زانیارییەکان کۆرنیکۆڤا کوڕێکی بەشداربووی فیلمەکەی خۆش دەوێت و لەو کاتەوە بەشداری ئەو فیلمەی کردووە پێکەوەن، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ ژیانی هاوسەرێتی پێک بێنن، ئانا کۆرنیکۆڤا تەمەنی 27 ساڵەو تائێستا سامانی گەیشتووەتە 420 ملیۆن دۆلار.

لەئاسایشی چاودێریدا

## کوردێک دەبێتە یەکەمی سکۆتلەندا

**ئیسماعیل ڕەشید بالیسانی**
**ڕووداو – سکۆتلەندا**

کوردێکی خەڵکی باشوری کوردستان دانیشتووی سکۆتلەنداتوانی پلەی یەکەم بۆ ئاسایشی چاودێری لەسەرتاسەری ئەو وڵاتەدا بەدەستبهێنێ.

عەبدولڕەحمان تاهیر، کە کوردێکی خەڵکی باشووری کوردستانە لە2002وە لەسکۆتلەندا دەژیت، لەپێشبڕکێیەکدا توانی پلەی یەکەم لەبواری کاری ئاسایشی چاودێر (سکیۆرەتی) بەدەستبێنی لەسەر ئاستی هەموو سکوتلەندا، هەروەها توانی ببیتە یەکێک لەو 18 کەسەی کە لەسەر ئاستی هەموو بەریتانیا هەڵبژێردرابوون وەک ڕکابەرەکی بۆ بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لەبواری کارەکەیان.

لەوبارەیەوە عەبدولڕەحمان تاهیر لەسکۆتلەنداوە تایبەت بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی هاتمە سکۆتلەندا، لەسەر حەزو داوای خۆم پیشەی ئاسایشی چاودێری (سکیۆرەتی)م هەڵبژارد، ئەوەش سەرەتاکەی بەوەرگرتنی کۆرسێک بوو سەبارەت بەم کارە، لەدوایدا تاقیکردنەوەیێکی چوار ڕۆژیم ئەنجامدا توانیم سەرکەوتنێکی باش بەدەستبهێنم".

لە دوای ئەو سەرکەوتنەیدا تاقیکردنەوەیەکی دیکە بۆعەبدولڕەحمان یەکەم دەبێت و دوای دوو ساڵ و نیو کە بەردەوامبون لەسەر کارەکەی، کۆمپانیای (تێسکۆ) کە تایبەتە بەبواری ئاسایشی چاودێری داوایان لێکردووە کە کاریان لەگەڵ بکات و لەماوەی کارکردنیشی توانیویەتی500 حاڵەتی دزی ئاشکرا بکات "لەو کاتەوە تائێستا بەلای کەمەوە 500 حاڵەتی دزیم ئاشکرا کردووە".

ئەو کە ساڵانە بەشداری لەپێشبڕکییەکان لەبواری ئەمنیەتدا دەکات، وەکو خۆی دەڵێ "بۆماوەی دوو ساڵ لەسەر یەک من توانیم بە یەکەم دەرچم لەسەر ئاستی هەموو سکوتلەندا، هەروەها توانیم پلەی چوارەمیش بەدەستبێنم لەنێوان 18 کەس کە هەڵبژێردرابوون لەسەر ئاستی وڵاتی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا".



عەبدولڕەحمان تاهیر

## 3 کچی ئەوروپی بەکوردی قسە دەکەن

**ڕووداو – نێتکورد**

لەکاتێکدا گەنجانی ئامەد بەکوردی قسە ناکەن، سێ کچی ئەوروپی کە لەزانکۆی دیجلە دەرس دەخوێنن بەکوردی قسە دەکەن.

ڤیکتۆریا بریج و کاترینا تراچ و ئالیونا کوشچ کە لە وڵاتانی ئوکراینیاو لیتوانیاوە هاتوون و لەزانکۆی دیجلە دەخوێنن و ئەندامی تیمی باڵەی ئەو زانکۆیەن لە زۆرجاراندا بەزمانی کوردی قسە دەکەن و بەقسەی خۆشیان هەست بەبەختەوەری دەکەن.



## گەلی هۆستای کوردستان و سوێد پەیوەندی دەبەستن

**ئاران پەریناس**
**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

دوای ئەوەی پێشانگایەکی وێنەیی لەمانگی ڕابردوو تایبەت بەقەرەجەکانی کوردستان لەسوێد کرایەوە، قەرەجەکانی کوردستان و سوێد پەیوەندییەکانیان توندوتۆڵ دەکەن.

ئامادەکارانی ئەو پێشانگایە کە بەشیر سەبری بۆتانی و ساڵح غازی بوون کە لەلایەن لارس دیمێتری و ئالێکس ئەترووشییەوە سازدرا. بەشیر بۆتانی بەرپرسی پەیوەندییەکانی نێوان قەرەجەکانی کوردستان و سوێد ئاماژەی بەوەدا کە ئێستا ڕەوشی قەرەجان لەگوندی ئالۆکای دهۆک ساڵ بەساڵ باشتر دەبێ "ئەوان خوێندنگایەکیان هەیە بەنێوی دوریانەو سەرنتەرێکی ڕۆشنبیریشیان بەنێوی ئالۆکا هەیە".

بۆتانی داوای لەحکومەتی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیری کرد کە زیاتر یارمەتی قەرەجەکان بدەن "بۆ ئەوەی ئەوانیش لەپێشکەوتنی هەرێمی کوردستان بەشداربن".

پێشانگای "گەلی قەرەجان (هۆستا) لەهەرێمی کوردستان" کە لە 2008/3/1 کرایەوە، باسی لەژیان و گوزەرانی قەرەجەکانی کوردستان دەکرد، ماریا لیسنێر باڵیۆزی دیموکراسی سوێد کە لەپێشانگاکە ئامادەبوو، لەبارەی پێشانگاکە گوتی "ئەو وێنانە بۆ ئامانجی شەخسی بوون و نەک بۆ ئامادەکردنی پێشانگایەکی وا، بەڵام بۆ دۆستایەتی گەلان کارێکی گەلێک گرنگ و پۆزەتیڤە".

**گۆران محەممەد**



goransalih@hotmail.com

## زانستگە

به حەیا بێرە حزوور و بە ئەدەب سوجدە بەرە
خەڵوەتی دولبەرە (سالم) ئێرە مەیخانە نییە

حەزرەتی سالم لە کاتێکدا ئەم دوو دێڕەی فەرمووە کە قورمساغێک لە حزووری شاعیری گەورەدا قسەی بەرز و نزمی کردووە. ئاخر سالم چونکە ڕێزی لە ماریفەتی خۆی گرتووە، بۆیە هەرگیز کەس زاتی نەکردووە لە حزووری ئەودا بێئەدەبی بنوێنێ.

شاعیرانی کورد هەمیشە خەڵکیان بۆ فێربوون و زانست هان داوە. کەسێک لەم زەمانەوە بگەڕێتەوە بۆ لای شاعیرانی ئەو سەردەمە و پێیان بڵێ کورد بووەتە خاوەنی چەند زانستگەیەک، هیچ دوور نییە لە خۆشیا جەڵتە لێیان بدا، خۆ ئەگەر ئەوان زەمانی خۆیان تێپەڕێنن و بێن حاڵی زانستگەکانی کوردستان ببینن، هەر جەڵتە لێیان دەدا، بەڵام لەخۆشییا نا.

لای ئێمە نا، لە وڵاتان، لە سەوربەندی داهێنانی گەورەدا، یان چارەسەریی نەخۆشییەکی کوشندە، یان دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی نوێ بۆ پیسبوونی ژینگە. ئالەو کاتانەدا زانستگەکانیان دێنە گۆڕێ. لە کن مە، لە گەندەڵی و ڕاوە ئیمتیازاتدا، لە دابەشکردنی حیزبیانەی ڕاگر و ماگر، لە پڕوپووچی سیستمی خوێندندا ئەوجا ناوی زانستگەکانمان دێنە پێشەوە. زانستگەی وڵاتان گەنجی پڕ ماریفەت بەرهەم دێنن، زانستگەکانی مە هی سەرلێشێواو و بێکار و بێبەرهەم. ئاخر لەوێ زانا و خەڵکی ماندوو بەدوای زانست وانە دەڵێنەوە، لێرەش هەندێ جار مامۆستای بە واستە دەرچوو.

لە وڵاتاندا جیاوازی لە نێوان نانەوایەک و مامۆستایەکی زانکۆ لە ڕواڵەتدا ناکەیت، ئاخر هیچ دوور نییە هەردووکیان بە سواری پاسکیل بەرەو کار بچن، ئەوە نەبێ ئەمیان لە زانستگە لا دەدات و ئەویان لە سەموونخانە، لەوانەیە لەوێ ڕواڵەت سادە بێت، بەڵام ناخ دەوڵەمەندە، لێرە ناخ پووچە و ڕواڵەتیش درۆ. قاچاغچی ئەنجامدەری کارێکە یاسا یاساغی کردووە، بەڕاست مامۆستایەکی زانستگە کە پێچەوانەی ڕێنمایی و بڕیار ژمارەی ئۆتۆمبیلەکەی بە دزییەوە دەفرۆشێتەوە چی پێدەگوترێت؟.

هیچ زانستگەیەک لە دونیادا بە جارێک سێ ڕاگر ناگۆڕێ، ئەوە چاکسازی نییە، سکانداڵە. زانستگەکانی کوردستان هێندە شکۆڕووشاون، ئەم و ئەو حیزب بە کەیفی هینی خۆیان ڕاوە لاینگری تێدا دەکەن، تەنانەت ئەم و ئەو حزب ڕۆڵیان لە دانانی ئەم و ئەو ڕاگر یان سەرۆک بەشیشدا هەیە، هیچ بە دووری نازانم لەفە فرۆشتنی نێو یانەی کۆلیژیەکانیش حزبایەتی و خزمخزمێنەی تێدا بێ. لە کوێت بێنم حەزرەتی سالم بێت و حاڵی ماریفەت ببینی، لێم زویر مەبە ئەگەر بڵێم:

به فشه بێرە حزوور و بە کەیفی خۆت قسە بکە
فشەخانە و توڕەهاتە عیلم، ئەمە زانستگە نییە


